KURDISTAN



# بەشێک لە وتووێژەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## بەشی: یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- پێشەکی ................................................................................ قادر وریا ..... ٤
٢- لە هەڵوێستە سیاسییەکانم پەشیمان نیم ................................................................................ ٧
٣- "ئێمە لە تاراوگە دەژین"........................................................................ مەجید ئەحمەدی ..... ٣٦
٤- دووپاتبوونەوەی سیناریۆی ئازادیی عێراق، لە ئێران بەدوور دەزانم ........ ئاژانسی دەنگوباسی AKی ئیتالیا ..... ٤٧
٥- لە پەراوێزی سیاسەت دا: وتووێژێکی ئەدەبی .................................................. هومەن مەردانی ..... ٥٣
٦- ئێران حکوومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت .................................................. هیوا سەلیمی ..... ٦٠
٧- ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ ................................ خالید محەمەد زادە - سۆران پاڵانی ..... ٦٥
٨- هەمیشە سەربەخۆیی کوردستانم پێ حەقێکی موسەللەم و سروشتیی نەتەوەیی کو رد بووە ....... عەلی بداغی ..... ٦٨
٩- دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا .................................. شنۆ مێهرپەروەر ..... ٧٥
١٠- سەبارەت بە شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ................. ڕۆژنامەی کوردستان ..... ٨٢
١١- سیاسەتوان و ڕووناکبیری ناوداری کورد .................................................. جەهانگیر غەفاری ..... ٨٦
١٢- هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو .................................................. خالید محەممەدزادە ..... ١٠١
١٣- بەرەی کوردستانی .............................................................................. خالید محەممەدزادە ..... ١٢٧
١٤- وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە .............................................. مێهدی مێهرپەروەر ..... ١٤٠
١٥- دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییەکانی کوردەوە ........ سەلاح عەبدوڵڵا ..... ١٤٥
١٦- وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە ............................................ گۆڤاری ڕێژوان ..... ١٥٠



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

١٧- قاسملوو چۆن ژیا؟ ................................................................. خالید موحەممەدزادە ..... ١٥٨

١٨- "ئەمن" نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونە .......... خالید محەممەدزادە ..... ١٦٧

١٩- تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە ................ کوردستان ..... ١٧١

٢٠- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: باس لەجیابوونەوەکەی حزبی دیموکرات دەکا ........................ هیلال ئیبراهیم ..... ١٧٦

٢١- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ................................................................ هێژا مەنگوڕ ..... ١٨٠


٢٢- کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ............................................................. خالید موحەممەدزادە ..... ١٨٤

٢٣- ململانێی ناڕەوا تائێستا حیزبی دیموکراتی ورد کردووە و ئامجارەش هەر وردی دەکا ........ ڕۆژنامەی میدیا ..... ١٩٦

٢٤- دیمانەیەکی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس ........................................ عومەر عەلی ..... ٢٠٥

٢٥- حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون .................. فەرەیدون بێوار ..... ٢١٠

٢٦- حیزبێک ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە ............................... کاوان عومەر سەلامی ..... ٢١٦






سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

# پێشەکی

## "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین"

### بەرهەمێکی دیکەی شەونخوونییەکانی سەربازی ون، ڕەحمان نەقشی



**قادر وریا**

بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کاک ڕەحمان نەقشی لە ڕێگای بەرهەمی زەحمەتەکانیەوە دەناسم. دیارە پێشتریش دووراودوور ناویم بیستبوو بەڵام بە ڕادەی ئەم ١٠ساڵەی دوایی، ئاشنای زەحمەت و ماندووبوونی خۆبەخشانەی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە نەبووم. من لەم پێشەکییەدا، ناچمە سەر هەوڵ و تێکۆشانی بەحەوسەلە و پشوودرێژانەی لە بوارەکانی دیکەی خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تەنیا باسی لایەنێک یا یەکێک لە بوارەکانی خزمەتەکانی دەکەم کە ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵە هەڤپەیڤینانەی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دوا نموونەی کارەکانی لەم بوارە دایە. ئەویش خۆتەرخانکردنی بۆ کۆکردنەوە و بە ئارشیوکردنی بابەت و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بەشی: یەکەم

کاک ڕەحمان چەندین ساڵە بوڵتەنێکی مانگانەی ڕێکوپێک لە چالاکی و تێکۆشانی جۆراوجۆری دامەزراوە و ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی ئەم حیزبە ئامادە دەکا و دەیخاتە بەر سەرنجی ماڵپەڕەکان و هۆگران. دەتوانم بڵێم ساڵانێکی زۆرە گۆڤارێکی ئەنترنێتی لە ژێر ناوی"یەکبوون" ئامادە دەکا کە هەر ژمارەیەکی بە کۆمەڵێک وتار و بابەتی هەمەڕەنگ ڕازاوەتەوە. لە زۆربەی بۆنەکاندا، بۆ وێنە ٢ی ڕێبەندان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە)، ٢١ی فێوریە (ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)، ٨ی مارس (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ٢٢ی پووشپەڕ و ٢٦ی خەرمانان (یادی تیرۆرکرانی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان) و هتد، کاک رەحمان بێکار و بێخەم دانەنیشتوە و بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی نامیلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەنیدار بەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لە کاتی شەهیدبوون و کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، هەمیسان رەحمان نەقشی، بێ ئەوەی کەس رایسپاردبێ، لە کەمیندا بووە تا چی بابەتی باشی پێوەندیدار بەو ڕووداوە و کەسایەتییە هەیە کۆیان کاتەوە و لە تووێی نامیلکەیەکی ئەنترنێتی دا، بیانخاتە بەرچاوی تینوان و تامەزرۆیانی ئەم بابەتانە.

"کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" زیاتر لە حەفتا وتووێژی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەی گرتووەتە خۆ. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە، کاک رەحمان تەنیا وتووێژەکانی کۆ کردوونەوە و کردوونی بەو نامیلکەیە. واتە لێکۆڵینەوەی نەکردوە، کاری نووسین و وەرگێران و پەراوێز بۆ نووسین و هتدیشی نەکردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بایەخی ئەم کارەی بزانین هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە دوو خاڵ. یەکەم ئەوە کە دەبێ ناوبراو چەند سەد سەعات یا چەندین شەوو ڕۆژ لە کاتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڤپەیڤینانە و کۆکردنەوە و پاراستن و ئامادەکارییەکانی دیکەیان تەرخان کردبێ؟ ئەمە یانی ئەو پەڕی مایەدانان لە کاتی خۆی. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە بەم ئەرک وەخۆگرتنەی چ خزمەتێکی گەورەی بەو کەسانە کردوە کە بە دوای ئەم وتووێژانەدا دەگەڕێن. بۆ خۆم زۆر جار کە بۆ وتار یا کتێب یا وتووێژی کەسایەتییەک داماوم تا لە نووسینێکم دا سوودی لێ وەربگرم، جاری وابووە بە سەعات لەم ماڵپەڕ و ئەو پەیج و... دا بەدوایدا خولاومەتەوە. زۆر جاریش بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووم. جا بزانە کەسێک کە تامەزرۆی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە، یا بۆ کارێکی توێژینەوەیی پێویستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر یەک یا چەند لە وتووێژەکانی ئەو کەسایەتییە، بە هۆی ئەم نامیلکەیەوە و وەدەستهێنانی هاوکاتی دەیان هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەنزادە، کاری چەند هاسان بووەتەوە؟!

من هەڵسەنگاندنی ڕوانگە و بۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادە دەهێڵمەوە بۆ خوێنەرانی ئەم هەڤپەیڤینانە. ئەگەر چی بۆ خۆم نەک هەر لە مەجالی سیاسیدا بەڵکوو لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەبی و بە گشتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییش دا،

بەشی: یەکەم

سوود و چێژ لە نووسین و لێدوان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی بەڕێز حەسەنزادە وەردەگرم. بەم پێیە ڕەحمان نەقشی بەم کارەی لە پێشدا کارئاسانیی بۆ شەخسی خۆشم کردوە.

لەمێژساڵە کاک ڕەحمان نەقشیم بە بۆنەی هەموو ئەو زەحمەت و ماندووبوونە خۆبەخشانەی لە بواری کۆکردنەوە، پۆلێن کردن، بەناملیکەکردن و بەئارشیوکردنی بابەتەکانی پیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەیانکێشێ، بە "سەربازی ون" ناو بردوە. ئەو سەربازە ونە، شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێگرتنە. هەر ئەمرۆ لە نێو ئیمەیلەکانم دا ڕیسێرچێکم کرد بۆ ئەو ئیمەیل و ناملیکانەی کاک رەحمان لە ماوی ١٠ ساڵی رابردوودا ئامادەی کردوون و بۆی ناردووم. تەماشام کرد زیاتر لە ٣٥٠ ئیمەیلم لە کاک ڕەحمانەوە بۆ هاتوون کە هەر نەبێ ٣٠٠ یان هەڵگری ناملکەی ئامادەکراوی ئەو برا زەحمەتکێشە حەق نادیارەم بوون. دەی چۆن خۆم بە قەرزداری نەزانم و مەمنوونی نەبم و دەستی ماندووی نەکوشم؟!

بە بۆنەی ئامادە بوون و بە ئاکام گەیشتنی "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" ماندوو نەبوونی لە کاک ڕەحمان دەکەم و پیرۆزبایی پێ دەڵێم. هیوام ئەوەیە خەمی نان و ژیان لێبگەڕێ کاک رەحمان بەو جۆرەی خۆی ئارەزوو دەکا و بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە لە سەر خزمەتەکانی بە تێکۆشەران و چالاکانی مەیدانی سیاسەت و ڕۆشنبیری بەردەوام بێ.

کۆیە

قەڵای دیموکرات

٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

# لە هەڵوێستە سیاسییەکانم پەشیمان نیم

## منداڵی و سەرەتاکانی قوتابخانە

**پرسیار**: لە منداڵی و قوتابخانەوە دەست پێدەکەین، لەکوێ لە دایک بووی و ساڵی چەند؟

**وەڵام**: لە گوندێک بە ناوی "سیسێر" لە ناوچەی سەردەشتی کوردستانی رۆژهەڵات لەدایک بووم، بەڵام لە بەر ئەوەی دایک و بابم نەخوێندەوار بوون و لە شوێنێکی دوور کەوتوودا ژیاون رۆژو مانگ و ساڵی لەدایکبوونم نەنووسراوە. وەک بۆخۆم لێکم داوەتەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ یان ١٩٣٩دا لە دایک بووم. چونکە واشم پێ باش بووە کە خۆم منداڵ نەکەمەوە وام داناوە کە ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووم.

**پرسیار**: چەندەمین منداڵی خێزانەکەتانی؟

**وەڵام**: نازانم منداڵیان زۆر بووە یان کەم، بەڵام لەوانەی ماون، واتە بەمنداڵی نەمردوون ئەمن دوا منداڵی بنەماڵە بووم، چوار براو خۆشکێکم هەبوون، هەر پێنجیان لە من گەورەتر بوون.

**پرسیار**: باری خێزانیی ئەو کاتەتان چۆن بوو؟

**وەڵام**: ئێمە خەڵکی لادێ بووین و ژیانێکی مام ناوەندیمان هەبوو، بابم کاری جۆلایی کردوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆ گوزەرانی ماڵێ حەیوانیشان راگرتوە و ٣٠ - ٤٠ سەرێک مەڕو بزن و مانگاشیان هەبووە. دیارە ژیانێکی باشیان، نەبووە، بەڵام واش نەبووە کە موحتاجی خەڵک بن.

**پرسیار**: سەردەمی منداڵیت چۆن لەگەڵ هاوڕێکانتدا بردۆتە سەر؟

**وەڵام**: سەردەمی منداڵیی ئێمە لە لادێ شتێک نەبوو بتوانی لەگەڵ ئێستا بەراوردی بکەی. بەتایبەتی ئێمە لە شوێنێک

بووین کە زۆر دوورکەوتوو بوو دواییین ناوچەی سنووری بوو ئەویش لادێ. بۆ نموونە قوتابخانەی ڕەسمیی لێ نەبوو هەر قوتابخانەی ئایینیی لێ هەبوو کە ئەویش چانسێک بوو بۆ گوندەکەی ئێمە، دەنا گوندەکانی دەوروبەر ئەوەشیان لێ نەبوو، گوندەکەمان لە کۆنەوە مەلا و فەقێی لێ بوون کە ئەو چانسەمان هەبوو بخوێنین. ڕەفیقایەتییش لەگەڵ منداڵاندا دیسانەوە هەر لە چوار چێوەیەکی ئەوها بەرتەسکدا بوو. هەندێک یاریی منداڵانە هەبوون کە وەختمان پێ دەگوزەراندن. بەڵام زۆر سەرەتایی بوون. هاتوچۆ بۆ شوێنی دیکە یەکجار کەم بوو. بۆ نموونە ئەمن هەر ئەوەت بۆ باس بکەم: شاری من سەردەشت بوو، ئە من ١٣ساڵان بووم کە بۆ یەکەم جار چاوم بە سەردەشت کەوت. هاتوچۆ ئەوەندە بەرتەسک بوو لە بەر ئەوەی ڕێگاکە ٢ - ٣ کاتژمێر بگرە ٤ کاتژمێر دوور بوو بۆ شارەکە. هاتوچۆیەکی وەهایش نەبوو. بۆیە چاوکراوەیی بەو شێوەیە کە ئێستا بۆ منداڵان هەیە کە ئێستا منداڵ لە ژووری خۆی دادەنیشێ لە ڕێگای تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و تەلەفۆن و ئەوشتانەوە لەگەڵ هەموو جیهان پەیوەندیی هەیە، لەئارادا نەبوو، بەڵام بەو حاڵە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکە و دێیەکانی دیکە خەڵکی ئێمە لە پێشەوە بوون. وەکوو بڵێین بە پێ هەل مەرجی ئەو کاتە شوێنێک بوو بۆ خوێندەواری و فەرهەنگ و تەنانەت بۆ فێکری سیاسی لە چاو دەوروبەرەکەی خۆی لە پێشەوە بوو.

**پرسیار**: **مامۆستا جەنابت فەرمووت کە خوێندنگەی حکوومی نەبووە. لە خوێندنگاکان جەنابەت ڕۆیشتوویتە خوێندگاکانی مەلایەتی ئەگەر بیرت بێت ساڵی چەند چوویتەتە بەر خوێندنی مەلایەتی و یەکەم مامۆستا کە شتی فێری تۆ کرد ناوی چی بوو؟**

**وەڵام**: ڕەنگە بە لێکدانەوەی خۆم بڵێم پێدەچێ لە ساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٨ چووبمە بەر خوێندن، چونکە ئەو کاتە ئەو سیستەمە نەبوو کە بە 6ساڵی منداڵ بڕواتە قوتابخانە، دەبوو منداڵ تۆزێک گەورە ببێ و پێبگرێ تا بتوانێ بچێ بخوێنێ، بەڵام مامۆستاکانم قەت لە بیرم ناچێت و لە جێگەیەکی دیکەشدا باسم کردوە وا نەبوو ئێمە کە لە جێیەک دەمان خوێند مامۆستایەکی بەردەواممان هەبێ، فەقێ بەپێی عادەت دێن و دەڕۆن. ئەمڕۆ یەکێک لێرەیە و سبەی ئەو دەڕوا و کەسێکی دیکە دێتە جێگای. ئێمەیش دەبوو لە لای ئەمانە بخوێنین. سیستەمی خوێندنی مەلاو فەقێیان ئەوە بوو مەلایەک لە لادێ دەرس بە چەند فەقێ دەڵێ کە پێیان دەڵێن "موستەعید". ئەو موستەعیدانەش چەند کەسێکی دیکە لە لایان دەخوێنن کە پێیان دەڵێن "سووختە". زۆرجار ئەو سووختانە دەرسیان بە من دەگوت، یانی ئێمە لەلای مەلا نەمان دەخوێند لای قوتابیی قوتابییەکانی ئەوان دەمان خوێند ،یان لە باشترین حاڵەتدا لەلای قوتابییەکانی مەلا دەمان خوێند، کە ئەمانە، کاتی بوون دە هاتن و دەڕۆیشتن، یان لە ئاوەدانیدا هەندێک کەسی خوێندەوارهە بوون کە بەشی هەرە زۆریان لەو گوندەی ئێمەدا ئاغاکان بوون، گوندەکەمان ئاغا و ڕەعیەتی بوو، ئاغاکان خوێندەوارییان هەبوو تەنیا یەک کەسی تێدا



سەرچاوە
Serchawe

بوو کە ئاغا نەبوو، رەعیەت بوو کەچی خوێندەوار بوو، لە لای ئەویش دەرسمان دەخوێند. ئیدی وا نەبوو کە بەردەوام لەلای کەسێکم
خوێند بێ.

**پرسیار**: ئەگەر بیرت بێت زیاتر حەزت لە چ وانەیەک دەکرد؟

**وەڵام**: باوەڕ دەکەی دەستنیشانکردنی ئەوەیشیان هەر ئاسان نییە، لە شوێنێکی دیکەدا گوتومە زۆر جار کە لە کەسێک دەپرسن، چۆن بوو لەگەڵ ئەو هونەرە ئاشنا بووی چیرۆکێک ساز دەکا کە ئەمرۆ سازی کردوە، مەسەلەن کە دەپرسن چۆن لە بیرو باوەری نیشتمانپەروەری ئاگادار بووی، یەک چیرۆکت بۆ ساز دەکا کە ئینشای ئەمرۆیە، لە هونەرمەندێک دەپرسن چۆن لەگەڵ هونەر ئاشنا بووی، چیرۆکێکت بۆ ساز دەکا کە ئەمرۆ دەینوسێ، ئەمرۆ ئینشای دەکا، ئەو کاتە وا نەبووە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم پاش ئەوەی چاوم کرایەوە هەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ ئەدەبیات، لەگەڵ شیعرو پەخشانی ئەدەبی سەروکارم هەبووە، هەرچەندە سیستمی خوێندنەکە ئەوە بوو کە زۆر ئیزنی بە ئێمە نەدەدا ئەو دەرسانە بخوێنین، چونکە سیستمەکە علومی عەرەبی بوو یان علومی ئایینی، دەبوو ئەوانە بخوێنین. بەڵام لەو بەشەیدا کە ئێمە فارسیمان دەخوێند لەو بەشەدا گرنگیم بە شیعر پتر دەدا تا بەشەکانی دیکە.

**پرسیار**: هاوڕێکانی ئەو سەردەمەت کە پێکەوە خوێندووتانە کەست بیر ماوە یان کەسیان ماوە لە ژیاندا؟

**وەڵام**: ئەوەی لەگەڵم خوێندوون هەموویانم لە بیرماون، ئێمە کە لە دێ دەمان خوێند لە سەردەمی منداڵیی مندا ئێمە (٢١) منداڵ بووین کە بە سەر یەکەوە دەمان خوێند، لە مانە هەندێکیان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون، لە خوێندنیشدا لە پێش منەوە بوون، هەندێکیشیان لە من بچوکتر بوون بەشی زۆری ئەوانە ، بەشی زۆرتریان لەو دەورەیەدا خوێندنیان تەواو نەکرد، بە هۆکاری خۆیان وازیان لە خوێندن هێناو لە خوێندنەوە روویان لە کارو کاسپی کرد، ئەوانە کە خوێندیان، بەشێکی زۆریان بوون بە مەلا، دوو سێیەکیان مردوون هەندێکیان ماون . ئەگەر پەیوەندیی راستەوخۆیشم لە گەڵیان نەمابێ، لانی کەم پەیوەندیی سۆزداریم لە گەڵیان ماوە.

**پرسیار**: ئەم خوێندنەی جەنابت لە فەقێیەتی و لە حوجرەو لای مەلا تاکوو کەی درێژە ئەکێشێت و تۆ کەی دێیتە ناو قۆناغەکانی ترەوە؟

بەشی: یەکەم

**وەڵام**: لەڕاستیدا ئەوەی پێی دەڵێن زانستیە ئایینی یەکان لە ساڵەکانی دواتردا دەستم پێکرد، دەکرێ بڵێم ئەوانەم بۆ ساڵی ١٩٦١ تەواو کرد، واتا ساڵی ١٩٥٣ دەستم پێکرد، و لە ماوەی ٨ ساڵدا ئەو دەرسانەم خوێند. لە ساڵی ١٩٦١ڕا ئیدی ئەو دەورانەی خوێندنم تەواو کرد، دەورانێکی دیکە دەست پێدەکا. دیارە ئەوەی دەرسی مەلایەتی دەخوێنێ چارەنووسەکەی هەر ئەوە دەبێ کە مەلایەتی بکا، تەنانەت دەرفەتی کاسبییش نەبوو، دواتر دەرفەتی ئەوە ڕەخسا کە لە دایرەیەک دابمەزرێم، چونکە شەهادەکەیان دەگۆڕی بە شەهادەیەکی ڕەسمی و بۆ وەرگیران لە دایرەدا بە کەڵک دەهات، بە دیپلۆم حیساب دەبوو تەنانەت بۆ هەندێک ئیدارات بە لیسانس یان بەکالۆریۆسیش حیساب دەبوو.

**پرسیار**: جەنابت لە حوجرەوە دەستت پێکرد، چۆن لە خوێندنی فەقێیەتی ئەڕۆانیت، واتە بۆ ئەو کارە هەستت ئەکرد لە ئاستی فێربوون و لایەنی ڕۆشنبیری ئەو قۆناغەدایە؟

**وەڵام**: بۆ ئەو قۆناغ و هەلومەرجە کە ئێمەی تێدا دەژیاین و ئەو ناوچەیەش کە ئێمە تێیدا دەژیاین دەبێ بڵێم زۆر دڵخواز بوو، چونکە خوێندنم تەواو کرد، چەند ساڵیش لە مەلایەتییەکەم گوزەرا تا بۆ یەکەم جار قوتابخانەی دەوڵەتی هاتە دێیەکەمان، ئەویش چی بوو؟ ئەو لاوانەی بە سەرباز دەگیران هەندێک سوپایان لێ پێک هێنابوون. بۆ نموونە ئەمە سوپای تەندروستی یە، ئەمە سوپای دانیشە. سوپای دانیش ئەوە بوو لە جیاتی ئەوەی ٢ ساڵی سەربازی پێ بکەن، دوو ساڵ بە ئیجبار دەیان نارد بۆ لادێ دەیان کرد بە مامۆستا، بۆ یەکەمجار دوای ئەوەی کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کرد، گوندەکەمان سوپای دانیشی بۆ هات، ئەو دووساڵ مایەوە یان کەمتر. زۆر دواتریش بوو کە بە ڕەسمی قوتابخانەی لی کرایەوەو مامۆستای بۆ هات. کەوا بێ، بۆ هەلومەرجی ئەو وەختە ئەوە دڵخواز بوو، چاومان دەکرایەوە، خوێندەوار دەبووین. بە تایبەت ئەوەشی تێدا بوو کە مەلاو فەقی لە بەر ئەوەی هەم باری خوێندەواریی هەبوو و هەم باری مەزهەبی، خوێندنەکە خوێندنێکی دینی بوو، کەمێکیش لە لای خەڵکی خۆشەویست و بەرێزو پیرۆز بوون. ئەمن بۆخۆم لە دوو سێ ساڵی ئاخری خوێندندا تا ڕادەیەکی زۆر دوچاری یاغی بوون هاتبووم، لەو سیستەمە خوێندنە بێزار بووم. جارێکی دیکەش گێراومەتەوە، مامۆستایەکەم هەبوو زۆر مرۆڤێکی بەڕێز بوو، ڕۆحی شاد بێ نەماوە، زۆریشی خۆش دەویستم، وەکوو ڕەفیق مامەڵەی لە گەڵ دەکردم، جارێک ڕەخنەی لێ گرتم گوتی: ئەتۆ بۆ ناخوێنی، - ئەمن بەراستی کەم سەعیم دەکرد، بە قسەی خۆم نەبێ باسی ئەو کاتە دەکەم، ئێستا وا نییم، زیرەک بووم دەرسەکەم دەخوێند زوو فێری دەبووم، زوو لە بەرم دەکردو وەکوو خەڵکی دیکە کتێبەکەم بە دەستەوە نەدەگرتو سەیرم نەدەکرد-. پێی گوتم بخوێنە، گوتم ئەوە نییە دەخوێنم، فەرمووی نا، دەبێ چاک بخوێنی، ئەتۆ ئەگەر چاک بخوێنی دەبی بە مەلای چاک، گوتم ئەگەر بووم بە مەلای چاک دەبم بە تۆ. خۆ ئەتۆ مەلای چاکی، ئەوە ژیانە هەتە؟ بەراستی ژیانێکی زۆر خراپی هەبوو لە بەر ئەوە پیاو پێی خۆش نەبوو،



سەرچاوە
Serchawe

یان بە قەولی عەرەبی وەزعەکە موشەججیع نەبوو بۆ ئەوەی مرۆڤ بخوێنێ. بەڵام بە هەر حاڵ دێمەوە سەری، نیسبەت بە دەوروبەرو بە زەمان ئەو خۆێندەواری یە یان ئەو خۆێندنە شانازییەک بوو، شتێک نەبوو مرۆڤ شعور بە نەقس بکا.

## ئاشنا بوون بە کتێب و خوێندنەوە

**پرسیار**: دێینە سەر باسی قۆناغی ئەوەی کە جەنابت ئاشنا دەبیت بە کتێب، کتێبی دەرەوەی حوجرە، ئەم مێژووە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: ئەمەیان چیرۆکێکی زۆر تاڵی هەیە، چەند جاری دیکە رەنگە باسی ئەمەم کردبێ، بەڵام بە هەرحاڵ هەلومەرجی ژیانی ئێمەو ئەو شۆێنەی کە لێی دەژیام ئەو هەلومەرجە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی یەش کە هەمبوو شتێکی زۆر تاڵ بوو، ریزە کتێبێک هەبوون کە دەبوو بیان خوینم، دەتوانم بڵێم لەنێوان ئەو کتێبانە کە دەمویست بیان خوێنم، زۆرجارکتێبی دەرسی خۆشم نەبوو، لە یەکێکم وەردەگرت بە ئەمانەت بیخوێنم یان وا بوو هەر لە رەفێقەکانی خۆم یەکێکیان هەیبوو، کتێبەکەی خۆی وێ دەدام و دەم خوێند، ئیمکانی دست راگەیشتن بە کتێبی خاریجی یەکجار کەم بوو، لە بیرمە ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەم جار ئەمن رۆمانێکم دەست کەوت بە زمانی فارسی کە کتێبی خاریجی دەرسی بوو خوێندمەوە. رەنگە ئەگەر ئێستا جارێکی دیکە دەستم پێی ڕابگاو بی خوێنمەوە، پێم شتێکی گەورە نەبێ بەڵام ئەو کاتە پێم شتێکی سەیرو گەورەو مەزن بوو. ناوی (تحصیل کردەها) بوو، نوسەرەکەی کەسێکی ئێرانی بوو بە ناوی موشفیقی هەمەدانی.

ئەگینا ئەوەشمان دەست نەدەکەوت، تەنانەت دیوانی شیعریش هەر بۆ ئێمە بە زەحمەت دەست دەکەوت، ئەوەش کە دەستمان دەکەوت دەبووایە بمان نووسیبایەوە و کۆپییەکمان لێ هەڵگرتبا. خۆئەگەر بێینە سەر شیعر و دیوانی کوردی ئەوە ئیدی هەر بە دەگمەن دەست دەکەوت. جاری وا هەبوو، فەقێ لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەهاتنە باشووری کوردستان لێرە کتێبی کوردی بە تایبەت کتێبی شیعریان دەهێنایەوە بۆ نموونە لە بیرمە یەکەمین دیوانی چاپکراو کە بینیم دیوانی تاهیر بەگی جاف بوو کە یەکێک لە فەقێیەکان هاتبووە گەرمیان، یەکێک لەو دیوانانەی لە گەڵ خۆی هێنا بۆوە. ئەگینا ئەوانە زۆر کەم بوون، رۆژنامە و کتێبت لای کەس نەدەبینی و نەدەهات. بیرم دێ ئاغاکانی گوندی ئیمە خوێندەوار بوون بە تایبەتی برا گەورەکەیان پیاوێکی تەواو خوێندەوار بوو و دەچووە شارو رۆژنامەی لەگەڵ خۆی دێنا. ئاوەها بوو کە جاروبار رۆژنامەمان دەبینی و دەمان توانی رۆژنامە بخوێنینەوە.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: ساڵی چەند دێیتە شارو چۆن لەگەڵ خەڵکی رووناکبیری شارو کتێب و کتێبخانە ئاشنا دەبیت؟

**وەڵام**: لەڕاستیدا وەکوو گوتم بچووکترین و نزیکترین شارم بە ١٣ ساڵی بۆ یەکەمجار بینی لەوێش عبوری پێیدا ڕۆیشتم نەک
ئەوە کە لێی بمێنمەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ یەکەم جار ڕۆیشتمە مەهاباد بۆ خوێندن و لەوێ لەگەڵ موحیتی شارئاشنا بووم، دۆستی شارستانیم دۆزینەوە و لەگەڵیان بووم بە هاوڕێ.

**پرسیار**: کوڕێکی لادێ کە لە حوجرە خوێندوویەتی و دێتە شار، کولتووری لادێ و کولتووری شار جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ئەمە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردیت؟

**وەڵام**: کولتووری شار و لادێ عادەتەن بۆ ئەو کەسانەی لە قوتابخانەی لادێوە دێنە شار یان هەر لە لادێ نەیان خوێندوە دێنە شار بۆ خوێندن ئەوە زۆر پێکەوە دەکەونە بەرەنگاری، بەڵام بۆ من کە دوو شتم هەبوون: یەکێکیان ئەوە بوو کە ئەوکاتەی ڕۆیشتم هەر وەک گوتم لەدایکبووی ١٩٣٨م و ساڵی ١٩٥٩چوومە شار تەمەنم ٢١ ساڵ بوو. لایەکی دیکە ئەوە بوو کە ئەمن لە گەڵ ئەوەی خەڵکی لادێ بووم هاتبوومە شار، ئەوەندەش چاووگوێ بەستراو نەبووم. ئەوە یارمەتیمی دابوو کە کولتووری شار بۆ من ئەوەندە نامۆ نەبێ، هەرچەند ئەمن ئێستاش دەتوانم بڵێم پێی ڕا نەهاتووم لە بەر ئەوەی کە منداڵی شار نیم و تێیدا گەورە نەبووم و دەوریشم تێدا نەبینیوە. ئەوەش دەڵێم کە وەختێک چوومە شار ئیدی بۆ نموونە نەڕۆیشتم دواناوەندی بخوێنم، نەڕۆیشتم بۆ زانکۆ بخوێنم. دیسان هەر قوتابخانەی دینی بوو، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم سەروکارم هەبوو کە لە لادێ لەگەڵیاندا بووم. بۆیە ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن "ئیستیکاک"، ئیستیکاک لەنێو دوو کولتوورەکەدا نەبوو. بە هەرحاڵ، لەنێو خەڵکی ئێمەدا هەیە کەسێکی زۆر ناشارەزا کە دەچێتە شار پێی دەڵێن کۆپە. ئەمن ئەوەندەش کوپە نەبووم.

**پرسیار**: ئەو ماوەیە کە هاتیت بۆ شار لە کوێ دەمایتەوە؟

**وەڵام**: هەر وەک گوتم ئەو ماوەیە کە لە شار خوێندوومە هاوینان پشوو بوو دەگەڕاینەوە بۆ لادێ، بەڵام پاییزو زستانان دەچووینە شار. لە سەر یەک ٣ ساڵ لە مەهاباد بووم.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: یەکەم**

**پرسیار**: لە مەهاباد چۆن دەست دەکەی بە خوێندنەوە، سەرگوزەشتەی ئاشنابوونت بە کتێب و خوێندنەوە و کتێب کڕین چۆن بوو لەو ماوەیەدا؟

**وەڵام**: لەوێ تەنیا شتێک کە جیاوازیی هەبوو ئەوە بوو کە ئێمە لە شار بووین، ئەگەر پارەمان هەبوایە دەستمان بە ڕۆژنامە ڕادەگەیشت کە بیکڕێن. ئەوەش هەر دەبێ بڵێم چونکە دەتەوێ ڕاستیی ژیانی من باس بکەی. بەڵام ئەگەر هەمووشمان نەمان بایە، بۆ خومان ٣٠ - ٤٠ کەسێک بووین هەندێکان هەیان بوو. دەستمان بە ڕۆژنامە ڕادەگەیشت یان دەمان توانی بچین کتێب وەر بگرین ئەگەرچی کتێبخانەی لەو جۆرە کە لە ئێستا شاردا هەیە قەت ئەوشتە نەبوو، بەڵام دەمان توانی بچین لە کتێبفرۆشێک کتێب وەربگرین بە پارەیەکی کەم ئەگەر بە پیاوەتییش نەیدابایە کە وەری- بگرین و بی خوێنینەوە. دیسان لەو سەردەمەدا کتێب لەوێ هەر کتێبی فارسی بوو، کتێبی کوردیی تێدا نەبوو یان بۆ من کە زانستی عەرەبیم دەخوێند کتێبی عەرەبی هەبوو کە دەمتوانی لە کتێبخانە بچکۆلەکەی ئەو مزگەوتە کە لێمان دەخوێند ئەگەر شتێکی تێدا هەبوو وەری گرین و بی خوێنینەوە.

**پرسیار**: حکوومەت هیچ مووچەیکی دیاریکراوی نەدەدانێ؟

**وەڵام**: نەخێر، ئێمە کە لەوێ بووین ئەو سەردەمە لە قوتابخانەیەک دەمان خوێند کە جیاوازیی لەگەڵ قوتابخانەی دیکەی لادێ یان شار هەبوو. پێیان دەگوت "مدرسەی علومی دینی"، دەوڵەت بەڕێی خستبوو پارەیەکیان دەدا بۆ خوێندن، پارەکەیشیم لە بیرە بۆ هەر کەسێک لە مانگدا ٩٠ تمەنیان دەدا، ٩٠ تمەنی ئەو کاتە بەقەد ٩٠ تمەنی ئێستا نەبوو دەتوانین بڵێین بەقەد ٩٠ هەزار تمەنی ئێستاش نەبوو بڕوا ناکەم ئێستا کەس بتوانێت بە ٩٠ هەزار تمەن بژیت. بەڵام ئەو ٩٠ تمەنە بەشی ئەوەی دەکرد ٤ کەس لە ژوورێکدا بووین پێکەوە خەرجمان دەکرد، دەیتوانی هەم نانەکەو و ژیانەکە دابین بکات و هەم بۆ هەرکەسێکیش ١٥ تا ٢٠ تمەن بمێنێتەوە بۆ ئەو پێداویستی یانە کە مرۆڤ دەی بن وەکوو کاغەز و قەڵەم و دەفتەرێک، سابۆنێک و گوێزانێک و ئەم شتانە.

**پرسیار**: ناوی قوتابخانەکەت بیر دێت کە لە شاری مەهاباد تێیدا دەتخوێند؟

**وەڵام**: هەر ناوی "مدرسەی علومی دینی مهاباد" بوو لە مزگەوتی سووری مەهاباد دانرابوو. لە مەهاباد مزگەوتێک هەیە کە پێی دەڵێن مزگەوتی سوور و ئێستاش هەر بەو ناوە بەناوبانگە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد کە زیاتر حەزت لە خوێندنەوەی ئەدەب و هەندێک شیعری شاعیران هەبوو، باسی ئەوەشت کرد کە ئەوکاتە کتێبی کوردی و دیوانی شاعیرە کوردەکان کەم بووە، ئەو شاعیرە فارسانە ئەو دیوانە فارسییانە کامانە بوون ئەگەر بیرت مابێت زیاتر دەتخوێندنەوە؟

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەموو شتێک لانی کەم بۆ من دیوانەکانی دوو شاعیری کۆنی فارسی لە بەردەستدا بوون لە پلەی یەکەم دا "حافز" و دووەمیش "سەعدی"، بەڵام دیسان دیوانی شاعیرانێک هەبوو وەکوو "ملک الشعرای بهار" یان "پەروینی ئیعتیسامی" کە شاعیرەیەکی فارسی نووسی ئازەری (زاراوەیەکی تورکییە) بوو. بۆ خۆی ئازەربایجانی بوو بەڵام بە فارسی شیعری دەنووسی. نازانم شیعری بە تورکی هەیە یان نا، بەڵام دیوانەکەی بە فارسی بوو. دیوانی "خاقانی" و "قائانی" و کەسانی دیکەشمان بەکەمی دەست دەکەوت و دەمان خوێندەوە.

**پرسیار**: کتێبخانەی حکوومی نەبوو لە مەهاباد؟

**وەڵام**: ئەگەر باش لەبیرم بێ ئەو کاتە کتێبخانەیەک نەبوو بە ناوی "کتێبخانەی عموومی".لە مەکتەبەکان بە دڵنیایی-یەوە شتێک بە ناوی کتێبخانە هەبوو، لە مزگەوتی مەلاکانیشدا کتێبخانە هەبوو بەڵام شوێنێک نەبوو بڵێی ئەوە کتێبخانەی گشتییە.

**پرسیار**: خوێندنەوەی کتێب و شاعیرەکان و ئەوانی تریش تەنیا حەزی خۆت بوو یان کاریگەریی هاوڕێکانی دەوروبەریشت لەسەر بوو؟

**وەڵام**: بە سروشتی مرۆڤ کاریگەری لەسەر دەوروبەری دادەنێ و دەوروبەریش بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەری دادەنێن. جاری وا بوو یەکێک لە هاوڕێکانم کە چاوکراوەتر بوو کتێبێکی دەدۆزیەوە بۆمانی باس دەکردو ئێمەش دەمان خوێندەوە.

**پرسیار**: ماوەی خوێندنت لە مەهاباد چەند ساڵی خایاند؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد ٣ ساڵ، ٣دەورە لەوێ بووم بەڵام دەورەی ئاخرم تەواو نەکرد، یەعنی پاییز دەڕۆیشتین و بەهار دەگەڕاینەوە، ٢ ساڵیان کە دەبێتە ساڵەکانی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ و ساڵی ١٩٦١ تەواوم نەکرد.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: بۆچی؟

**وەڵام**: چەند هۆکارێک هاتنە پێش کە هەر مەکتەبم بەجێ هێشت یەعنی هەر خوێندنم بەجێ هێشت و وازم لە خوێندن هێنا، دەستم لە خوێندن هەڵگرت و هاتمەوە. ئەوەش کە لە فەقێیەتیدا پێی دەڵێن ئیجازەنامە، ئیجازەنامەیەکم لە مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حەسەینی یادی بەخێر وەرگرت ، ئیجازەنامەیەکی بۆم نووسی کە هەمبێ، لە پاشان بەهاری دوایین ساڵ لە مانگی جۆزەرداندا ڕۆیشتمەوە لە تاقیکردنەوەکەدا بەشدار بووم بۆ ئەوەی ئەو شە هادەی خوێندنە وەرگرم، بەڵام لە مانگەکانی سەرەتادا بوو، تەنیا ١ - ٢ مانگێک لە ساڵی خوێندن گوزەرا بوو کە وانەکانم بەجێ هێشت و بەیەکجاری گەڕامەوە.

## ئاشنا بوون بە سیاسەت

**پرسیار**: ئاشنابوون بە کتێب و خوێندنەوە چەندە کاریگەریی هەبوو بۆ ئاشنابوونت بە سیاسەت؟

**وەڵام**: دەتوانم بڵێم ٥ساڵیش دەبوو لەگەڵ سیاسەت بە پێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە ئاشنا ببووم هێشتا تەنانەت یەک کتێب جگە لە کتێبەکانی مەکتەبم نەخوێندبۆوە. کە وابێ دواتر لە ڕێگەی سیاسەتەوە بە کتێب ئاشنا بووم نەک لە ڕێگەی کتێبەوە بە سیاسەت ئاشنا بم.

**پرسیار**: سەرگوزەشتەی ئاشنا بوونت لەگەڵ سیاسەتدا چۆن بوو؟

**وەڵام**: لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا کە ئەو سەردەمی کەس باسی کۆماری نەدەکرد لانی کەم لە لادێیەکاندا هەر دەیانگوت دیموکرات. ئێستاش خەڵکی ئێمە کە باسی دەکەن ناڵێن سەردەمی کۆماری کوردستان، خەڵکی عامە و نەخوێندەوار دەڵێن سەردەمی دیموکرات، دێیەکەی ئێمە لەگەڵ دیموکرات پەیوەندییان زۆرباش بوو لە گوندەکەی ئێمە ئاغاکان ٦ برا بوون برا گەورەکەیان پیاوێکی خوێندەوار بوو ئەفسەریکی دیموکرات بوو بە پلەی سەرهەنگی (عەقیدی) با بڵێم ئەو جۆرە پلەیە زیاتر بۆ دڵخۆشکردن بوو کە بەو کەسانەیان دەدا کە دەیانزانی لە شوێنی خۆیان دەستیان دەڕوا. جگە لەوە لە حوجرەی فەقێیەکانیش دیسان لەگەڵ فکری ئازادیخوازانە ئاشنا بووین بەتایبەتی فەقێیەک هەبوو کە خەڵکی دێکەی خۆمان بوو لەرووی تەمەنەوە زۆر لەمن گەورەتر بوو. لە نێوان ١٢- ١٥ ساڵێک جیاوازیی تەمەنمان هەبوو. ئەو بۆ خوی شاعیریکی نیشتمان پەروەر بوو،هەم شیعری دادەنا هەم حەزی لەکۆکردنەوەی ئەو شیعرانە دەکرد. لەو ڕێگایەوە خەڵکی

بەشی: یەکەم

گوندەکەی ئێمە زۆرکەسیان ببوونە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەمن دواتر ئەوانە تێگەیشتم. چونکە بەڕاستی فکرم نەیدەبڕی بەڵام دواتر تێگەیشتم دوو برای گەورەم لە ٥ براکانم هەر دوویان کارتی ئەندامەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان یان هەبوو. بۆیە لەگەڵ سرووده نیشتمانییەکان و فکری نیشتمانی ئاشنا بووم و دواتریش کە کۆمار ڕوخا ڕادیۆیەکی کوردی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتیی ئەوکاتە دانرا کە ڕۆژانە ئێواران بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. ئەویش کاریگەریی زۆری هەبوو. دیارە ڕادیۆ زۆر کەم و دەگمەن بوو. لە گوندەکمان بەس ئاغا ڕادیۆی هەبوو بەڵام دایدەنا لە سەر پەنجەرەو و پەنجەرەی دەکردەوە و خەڵکی گوندەکە لە بەر دەرگا ڕادەوەستان بۆ ئەوەی گوێیان لەو بەرنامە کوردییە بێ. ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبوو لە

سەر بڵاو کردنەوەی ڕۆحی نیشتمانی و بیرو باوەڕی سیاسی.

**پرسیار**: دواتر چۆن داخڵی سیاسەت بوویت؟

**وەڵام**: ئەمن هەر زوو داخلی سیاسەت و حیزبایەتی بووم. چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە دەبێ. هاوڕێیەکی منداڵیم هەبوو کە ڕەنگە ٣ - ٤ ساڵێک لەمن گەورەتر بووبێ. ئەمن دەمخوێندە و ئەو نەیدەخوێند بەڵام گەورەتر لە من بوو. ڕۆژێک لە بەر دەرکی مەزگەوت ڕاوستابووین گوتی داخڵ بووی؟ گوتم داخڵی چی؟ گوتی داخڵی حیزب، گوتم حیزبی چی؟ گوتی حیزبی خومان، گوتم حیزبی خومان چیە؟ گوتی حیزبی کوردان، گوتم باشە حیزبی کوردان چیە؟ گوتی ئەگەر پێت خوشە داخڵ بی دەتبەم بۆ لای کەسێکی دیکە پێت بڵێ. بۆخوی هیچی لێ نەدەزانی. گوتم باشە دوایە بردمی بۆ لای دووکەس کە یەکێکیان لە ئاغاکان بوو، ئاغاکان هەموویان حیزبی بوون یەکێکیشان ئەو پیاوە بوو کە تەنیا خوێندەواری دێیەکە بوولە ڕەعیەتەکان. لەوێ هەندێکیان بۆم باس کرد، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنم کەم بوو بەڵام بەقەد ئێستا باڵام بەرز بوو ناومیان بۆ بوون بەئەندامی حیزب نووسی و ئیدی لەو کاتەوە کەم و زۆر لەگەڵ حیزبایەتی ئاشنا بووم، بەڵام دیارە ئەو ئاشنایەتی یە بە هۆی ئەوەی کە نهێنی بوو و لە لادێ بووین کەمتر چالاک بوو، کەمتر پیاو لەگەڵ بابەتی سیاسی تێکەڵاو دەبوو.

**پرسیار**: ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**وەڵام**: دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٥١ و سەرەتاکانی ١٩٥٢ بوو.

**پرسیار**: لە مەهاباد چۆن چالاکی سیاسیت دەست پێکرد؟



سەرچاوە Serchawe

**وەڵام**: لە مەهاباد هیچ کاتێک چالاکی حیزبی و سیاسیم نەبوو. لەبەر ئەوەی کە حیزبایەتی لەو سەردەمە جۆرێکی دیکە بوو. ئەمن زۆر جار ئەوەم بە نموونە هێناوەتەوە ئەو مەلا ئاوارەی کە ناسراوە یەکێک لە شەهیدە ناودارەکانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکراتی کوردستانە. لەگەڵ مەلا ئاوارە هاوڕێ بووین ٢ - ٣ساڵ لەمن گەورەتر بوو بەڵام زۆر ڕەفیق بووین و پێکەوە دەمان خوێند. پێم وایە هیچ دوو هاوڕێیەک ئەوەندە پێکەوە نزیک نەبوون. هەموو شتێکمان پێکەوە بوو، هەموو قسەیەکیشمان لەلای یەکتردەکرد ئەوەندەی مومکێن بوایەو متمانەمان بەیەک هەبوو. نە ئەمن بەوم دەمگوت حیزبیم و نە ئەو بە منی دەگوت حیزبیم. چەند ساڵ پێکەوە بووین دواتر ئەو قاچاخ بوو بۆ ماوەی چەند ساڵ هاتە باشور و پاشان گەڕایەوە و کادری چالاکی حیزبی بوو. ئەو کاتە ئاشکرا بوو کە ئەمنیش حیزبیم و ئەویش حیزبییە، کە لە مەهاباد بووم ئەو ماوەیە بەس لەگەڵ کەسانێک جێگەی متمانە بوون قسەی گشتیمان دەکرد نەک بڵێی حیزبایەتی بەشێوەی ڕێکخراوەیی. کەسانێک هەبوون کە گومانیان لێ دەکرا حیزبی بن یان نەبن، بەڵام بە دڵنیایی دەمانزانی مرۆڤی چاک و سیاسین و باوەڕمان پێیان هەبوو ،بابەتی سیاسیمان پێکەوە باس دەکرد.

**پرسیار**: ئەو بابەتانەی باستان دەکرد چی بوون؟

**وەڵام**: زیاتر بەدواداچوونی ئەو هەلومەرجە کە لە وڵاتدا هەبوو، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦١ بەم لاوە هەر چەندە ئەوکاتەلە مەهاباد نەبووم و تەنیا هاتوچووم دەکرد قەزایای باشووری کوردستان دەهاتە گۆڕێ. ئەو ستەم و ناحەقییە کە لەخەڵک دەکرا و باسی ڕێژیمی شای ئێران و باسی زیندانی بۆ نموونە ١٩٥٨ کە کۆمەڵێکی زۆرمان گیران ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵێکی زۆرترمان گیران هەندێک لەو هاوڕێیانە کە جێگای باوەڕم بوون تەنانەت ئەوانەیان کە لەگەڵیان یان لە بەردەستیان حیزبایەتیم کردبوو گیران و کەوتنە زیندانەوە. قسەکردن لەوبارەیەوە گشتی بوو لە نێوانماندا.

**پرسیار**: تا ساڵی چەند لەمەهاباد مایتەوە و دواتر چیت کرد؟

**وەڵام**: ساڵی ١٩٦١ لە مەهاباد هاتمە دەرەوەو ئیدی لەدوای ئەوە هاتمە گوندێک و بووم بە مەلا.

**پرسیار**: دوای ئەوە چۆن درێژە بە ژیان ئەدەیت و هەر مەلایەتی یان لە بواری سیاسییشدا دەست دەکەیت بە چالاکی؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**وەڵام**: لە بواری سیاسیدا لەگەڵ ئەوەی ماوەیەک لەبەر ئەوەی زۆر بەرچاو بووم کاری ڕێکخستنم نەدەکرد، بەڵام لەبواری سیاسیدا زۆر چالاکتر بووم بەتایبەتی ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کە بزووتنەوەی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، لەناوچەیکی دیاریکراوی بەر تەسکدا تەنیا بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران (پارێزگای ورمێ)و بەشێک لە پارێزگای سنە (کوردستان)ی دەگرتەوە، ئەمن لەو بەشەدا زۆر تێکەڵاو بووم لەگەڵ تێکوشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕاپەڕینەکان بەرپا کردبوو. ئێستا ئیدی لە باری سیاسییەوە زۆر چالاکتر بووم و چاویشم کراوە بۆوە و ئەوەندەی جاران بێ ئاگا نەبووم، هەتاوای لێ هات سەرەنجامەکەی لە نەتیجەی کاری سیاسیدا کەوتمە بەر دیدی کاربەدەستانی حکومەت، و پەلکێشیان کردم و ٢ - ٣ ڕۆژ گیرام و ئەو کاتە ناچار بووم بە کورتی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بە جێ هێشت.

**پرسیار**: ماوەیەکی زۆر لە زیندان بوویت، ئەی ئازاردان و چاودێری کردن نەبوو لەسەرت؟

**وەڵام**: نەخێر لەڕاستیدا ٢ جاری دیکە بۆ ماوەی زۆر کورت نزیک بە ٢ ڕۆژێک گیرام بەڵام ئەو جارە گیران نەبوو هاتن بە پەلکێش بردیانم. لەبیرمە مانگی ڕەمەزان بوو و خەوتبووم. عادەتەن ئەوانەی بە ڕۆژوو دەبوون بەتایبەت مەلا و فەقێ شەو بەخەبەر دەبوون و بەڕۆژ دەخەوتن، خەوتبووم هاتن و هەڵیان ئەستاندم گوتیان بانگت دەکەن، کە چوومە دەرەوە سەیرم کرد مەئمووری دەوڵەتی بوون، ئەو کاتە هەر تفەنگی "برنۆ"یان پێ بوو هەموویان فیشەک لە بەر تفەنگدا ئامادە بوون ئەگەر پەل ببزێوم لێم بدەن، منیان برد بەڵام کە بردیانم ، بردیانمە شوێنێکی ئیداری، دوایە بۆم دەرکەوت ئەوە ماڵ یان بڵێین شوێنی مانەوەی ئەفسەرێک یان کەسێکی دەرباری شا بوو، کە سەرپەرستیی عەمەلیاتی دژی بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ یان بڵێین ٦٧ - ٦٨ ی بە ئەستۆوەیە، ئەفسەرێکی دەرباری بوو، لەوێ وای دەنواند کە ئەمن نەگیراوم، هەر بۆ ئەوە بانگ کراوم کە دەربارەی ئەم بزوتنەوەیە هەندێک قسەم لە گەڵ بکەن، داخوازی ئەوان چییەو چۆن دەکرێ ئەوان ببینین، قسەیان لە گەڵ بکەین‌و بزانین ئەو ئاژاوەیە کە ئێستا دروست بووە چییە بەڵکوو ئەو ئاژاوەیە لە نێو بچێ، ئەمنیش گوتم قسەتان چیە! بەهەر حاڵ شەوێک مامەوەو بۆ بەیانی بۆ لای نیوەڕۆ ئازادیان کردم کە بچمە ماڵەوە بەڵام داوایان لێکردم کارێک بکەم کە بتوانن مەلا ئاوارە ببینن، چاویان پێی بکەوێ، بەو ناوە کە دەیانەوێ قسەی لە گەڵ بکەن، گوتی بۆ ئەوەی ئەتۆ دڵنیا بی ئەمن بە تاقی تەنیا دێم‌و هیچ کەس لە گەڵ خۆم ناهێنم دێمە ئەو جێگەیەی بۆم دادەنێی، جلی کوردیم دە بەر بکە. لە پاشان لەو جێگەیەوە بمبە جێگەیەکی دیکە بێ ئەوەی کەسم لە گەڵ بێ لەوێش بمبە جێگەیەکی دیکە، چەند جێگەم پێدەکەی با بە دڵی خۆت بێ، لە جێگەیەک لە گەڵ مەلا ئاوارە بەیەکمان بگەیەنە تاکوو بتوانم قسەی لە گەڵ بکەم، بەڵکوو ئاوێک بەم ئاگرەدا بکرێ.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: هەستت کرد نیەتی پاکە لەو بینینە؟

**وەڵام**: لەوێش هەر نیەتی پاک نەبوو، بۆ ئەو کارە نیەتی پاک بوو چونکی ئەو کارە بەو جۆرەی کە بۆ خۆی دەیگوت چیی دەکرد، دێت بە تاقی تەنیا لە گەڵ من و منیش دەگەڵ کەسی باوەر پێکراو دەیبەمە جێگایەکی دیکە. لەو کاتەدا ئەو هیچی پێ نەدەکرا، لەو بارەیەوە راستی دەکرد بەڵام ئاشکرابوو کە ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو کە بزانێ داخوازیەکانی گەلی کورد چینببۆ ئەوەی دابینیان بکا، مەبەستیان ئەوە بوو کە بەڵکوو بتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان فریوان بدەن یان سەرکوتیان بکەن، روون بوو، چونکە دوای هەڵاتنی من مەلا ئاوارەیان خستە داو گرتیانو کوشتیان، بە دڵنیاییەوە مەبەستیان هەر ئەوە نەبوو، دواتر ئەمن هاتمەوە. کەسێکی جێی باوەرم ناردە لای مەلا ئاوارە گوتم ئەم قسانەی بە تەفسیل بۆی باس بکەو لە پاشانیش پێی بڵێ ئەمن دەرۆم ودەمەوێ بی بینم. وا بوو ئەو شەوەی بۆ بەیانییەکەی دەڕۆیشتم ئەوم بینی، لە شوێنێکی
نزیک سنوور بینیم. شەوێک پێکەوە بووینو بەیانی هەڵهاتم و ئیدی قاچاغ بووم.

**پرسیار**: ئەو ماوەیە کە لە شاردا بوون جەنابیشت جۆرێک لە چالاکیی سیاسیت هەبوو، زیاتر ئەو حەرەکەفت سیاسغیانەی کە دەتانکرد چی بوو یان خود ئەوەی لە پشتیەوە بوون؟

**وەڵام**: وەک گوتم ئەو چالاکییە سیاسییانەی کە لە شار هەمانبوو هەر بیروڕاگۆرینەوەو قسە کردن بە شێوەیەکی عام بوو نەک بە شێوەیەکی رێکو پێک ، بەڵام ئەو ماوەیەی کە لە گوند بووم عەکسی ئەوە بوو، دوای خوێندنی شار کە هاتمەوە دێ ئەو کاتەی بە تایبەتی لەو ساڵانەی ١٩٦٧ بۆ ١٩٦٨، وساڵەکانی پێشتلریش کاری رێکخستنی ئەندامەکانی حیزب هەبوو و کاری تەرتیب کردنی کاروباری ئەو بزوتنەوە چەکدارانەیە هەبووکە لەو دوو ساڵەدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بوو. ئەمنیش بەپێی تواناو دەرەتان هاوکاریم دەکرد.

**پرسیار**: ئەی چالاکی لە جۆری بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و رێکخستن و خۆپیشاندان؟

**وەڵام**: ئەوە یەکجار زۆر بەرتەسک بوو لەبەرئەوەی کە خۆپیشاندان و ئەوانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرەتانی نەبوو. لە پاشان بڵاوکراوەش لە کوردستانی ئێران دەرنەدەچوو. جاروبار لە کوردستانی عێراقەوە کە تێکۆشەرانی حیزبی لەوێ بوون بەیانیەیەک زۆر بە کەمی دەردەچوو، رۆژنامە نەدە هات ئەگەریش ببوایە زۆر بەکەمی دە هات کە بەشێوەی نهێنی لە نێوان ئەندامانی حیزبدا بڵاو دەکرایەوە نەک بە ئاشکرابڵاو ببێتەوەو خەڵک بی بینێ.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: لەو ماوەدا هیچ لە هاورێ نزیکەکانت یان ئەو کەسانەی لەگەڵیان ئیشت دەکرد ڕووبەڕووی سزای توند بوونەوە؟

**وەڵام**: ئەوە یەکجار زۆر بوو. بەڵێ ساڵەکانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دوو هێرشی پۆلیس کران. لە هێرشی ساڵی ٥٨ دا خەڵکێکی کەمتر گیرا، بەڵام لە ٥٩ دا نزیک بە ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزب گیران کە لەوانە ٥ کەسیان لە سەرەتادا حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو. نزیک بە دووساڵ لە ژێر حوکمی لە سێدارە دانـدا مـانەوە. سـاڵی ١٩٦١ کە بـزووتنەوەی کـورد لەعێراق (شۆڕشی ئەیلول) هەڵگیرسا حوکمەکەیان گۆڕاو بـوو بە زینـدانی هەتـاهەتـایی. هۆکارەکەشی ئەوە بـوو هێنـدێک لە موستەشارەکانی شای ئێران، کاتێک شا ویستی بە ڕواڵەت لایەنگری لە بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بکا بە شایان گوتبـوو کە مەعقوول نییە ئەتۆ لە لایەکەوە بڵێی دۆستی شۆڕشی کـوردم و لەلایـەکیش لە ئێـران کوردان لە سێدارە بـدەی. کە وایـە دەبێ چاو بەو حوکمەدا بخشێنیەوە. بۆیە حوکمەکەیان گۆڕا بە حەبسی ئەبەد. لەپاشانیش دوای ١٥ - ٢٠ ساڵ هەموویان ئازادکران. بەڵام حوکمی ٥ ساڵ و ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵ لەگەڵ ئەشکەنجە و لێدان و ئازار یەکجار زۆر بوو.

**پرسیار**: ساڵی چەند شار بە جێ دەهێڵێت و روو دەکەیتە شاخ بۆ لای هاوڕێکانت؟

**وەڵام**: لە شارەوە ڕۆیشتم بـۆ دێ. بەڵام سـاڵی ١٩٦٨ بـوو کە وڵاتـم بەجـێ هێشـت و هـاتم بـۆ باشووری کوردسـتان. دیسـان ئەوەش بۆیە نابێ ناوی بنێم شاخ. چونکە دیسان کە هاتمەوە ژیـانی ئـاسـایی یـان ژیـانی ئـاوارەیی لە دێیـەک لەکوردستانی عیراق بووم بە مەلا.

**پرسیار**: ئەمە راسپاردەی شۆڕش و سەرکردایەتیی حیزب بوو یان بۆ خۆت هەستت کرد مەترسی لەسەر ژیانت بوو؟

**وەڵام**: مەترسییەکەم قەتعی بوو لەگەڵ مەلا ئاوارەش کە تـا دوایین کاتـەکـانی شـەو مـاینەوە بـۆم روون کـردەوە ئەگەر بمێنم بەدڵنیـایی دەگیـرێم. چونکەداوای هاوکـاریم لـێ دەکەن و ئـەمنیش هاوکـاری یـان نـاکەم، کەواتە دەگیـرێم، بەڵام کەهـاتمە باشـوور ژیـانی ئـاسـاییم گوزەرانـدو لەڕاستیدا لەسـاڵی ١٩٧٩وە ئـێمە لەڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کەوتینـە خەبـاتی شـاخ کە ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکـان هـەر درێـژەی هەیـە.چونکە خەبـاتی شـاخ لەگەڵ خەبـاتی شـار جیاوازییەکـەی وا دەبیـنم، هەرچـی خەبـاتی شـاخە خەباتێکـە دژی حکـوومەت، خەباتێـک کە نایاسـایی یە، بەڵام خەبـاتی شـار ئەوەیە کە ئێسـتا تێکۆشەرانی کورد لە باشوور حیزبییەکان و ناحیزبییەکان بەڕێوەی دەبەن. ئەو خەباتـە بـۆ ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە و ئەو ئەزموونە کە هەیە بچەسپێنن، خزمەتی بکەن و گەشەی پێ بدەن. بۆخۆیان دەسەڵاتدارن یان بەشێک لە دەسەڵاتن.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: هاتی بۆ باشووری کوردستان لە چ گوندێک نیشتەجێ بوویت؟

**وەڵام**: گوندێک بوو بەناوی مارەدوێ لە ناوچەی سەنگەسەر بوو لەوێ بووم بە مەلا لەوێ دووساڵ مەلا بووم، ئەم دووساڵە وای لێهات من چالاکتر کارم دەکرد لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، ساڵی ١٩٦٩ کۆنفرانسێکمان گرت، ئەمن لەکۆنفرانسەکەدا وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام. دواتر دەورانی پاشی ١١ ئاداری ١٩٧٠ بەسەردا هات. ئیدی ژیانی لادێم بە جێ هێشت و هاتمە قەڵادزێ و دواتر هاتمە هەولێرو سەرئەنجام ڕێم کەوتە بەغدا وەکوو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**پرسیار**: چ ئەرکێکت پێ دەسپێرن کە ئەبیتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟

**وەڵام**: کارەکانی ئەوکاتە جۆرێک بوون کە ئەمن لە دوو بەشیان دا کارم دەکرد یەکێکیان کار لەگەڵ ئەو کوردە ڕۆژهەڵاتی یانە کە لە باشووری کوردستان بوون، ئەوی دیکە کاری نووسین و وەرگێڕان بوو بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤارێک کە دەرمان دەکرد.

### بەیاننامەی ١١ی ئادار و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات

**پرسیار**: ئێوە هەڵوێستتان چی بوو لە بەیاننامەی ١١ی ئادار لە نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حکوومەتی بەعس وەکوو حیزبی دیموکرات؟

**وەڵام**: ئەوە ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو لە ژیانی کورد لە باشور و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بە چاوی ڕووداوێکی گەورە چاوی لێدەکرا. زۆرمان پێ خۆش بوو، بەتایبەتی لە بارێکەوە ئێمە دڵمان پێی خۆش بوو ئەویش ئەوە بوو کە بە حوکمی ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە باشوور پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەبوو ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ هەموو کارێکی سیاسی و ڕێکخستن لە نێوخۆی وڵات دەست و باڵمان بەسترا بوو، بە تایبەتی دوای ئەزموونی ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ کە سەرکوت کرا ئێمە بەجارێک دەنگمان کپ کرابوو. بەو چاوە سەیرمان دەکرد کە ئیدی ئەو کۆت وزنجیرە لەدەستمان بەرەڵا دەبێ زۆرمان هیوا هەبوو کە بەداخەوە دیسان ئەو دەرفەتەمان پێ نەدرا بەڵام بە جۆرێکی دیکە ڕێگەیەکمان بۆ کرایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە لە بەغدا تارادەیەک چالاکیی سیاسیمان هەبوو ڕۆژنامەمان دەردەکرد پەیوەندیی دیپلۆماسیمان لەگەڵ حیزبەکانی وڵاتانی دەوروبەرو دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی سۆسیالیستی دامەزراندبوو.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان چۆن بوو؟

**وەڵام**: لە باشوری کوردستان ئەو سەردەمە کە لەبیرتـان بێت لە ڕاستیدا وەکوو حیزبی سیاسی دوای بەیاننـامەی ١١ی ئـادار دەکرێ بڵێین هەر یەک حیزب هەبوو، ئەویش پارتی دێموکڕاتی کوردستان بوو. پێش ئەو کـاتە پـارتی لەتبـوونی تێکەوت، ئەوەی کە لە مێژوودا نـاوی مەلایـی و جەلالیـی بەسـەردا بـڕا، بەڵام لە دەوروبەری بەیاننـامەی ١١ی ئـاداردا بـاڵی مەکتەبـی سیاسی ناوی خۆیان گۆڕی بە حیزبی شۆڕشگێری کوردستان و دواتر تێکەڵاو بـوونەوەو بـوون بە پـارتی دیموکراتی کوردسـتان. وەک حیزبی کوردستانی لەو کاتەدا حیزبێکی کوردستانیی دیکەمان نەبوو، بەڵام حیزبی شیووعیی عێـراق هەبـوو. دیـارە لقـی کوردستانیشی هەبوو. سکرتێری حیزبی شیووعی ئەو سەردەمە بەڕێز عەزیزمحەممەد بوو کە کـورد بـوو و ئەنـدامانی مەکتەبـی سیاسـی و کـومیتەی ناوەنـدییش زۆریـان کـورد بـوون. بـێ لەبـەرچاوگرتنی ئـەوەی کـورد بـوون یـان عەرەب پەیوەنـدیی دۆستانەمان لەگەڵیان هەبوو و پەیوەندیمان زۆریش باش بوو.

## تێکەڵبوون بە ڕاگەیاندن

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد ئەو ماوەیە کە جەنابت هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکی کـاری ڕێکخستن بووی هاتیتە ناو کاری ڕاگەیاندن و نووسینیش. دەکرێت ئەو سەرگوزەشتەمان بۆ بگێڕیتەوە چۆن بوو و بە چ شێوەیک دەستی پێکرد؟

**وەڵام**: تـاڕادەیەک توانـای خوێنـدن و نووسـین و وەرگێڕانیـان تێـدا دەبینـیم. بـۆیە هەر زوو بـووم بە ئەنـدامی دەسـتەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان بـوو، بەڵام دیـارە ئەوە کـارێکی زۆر نەبوو چونکە ئێمە لەمانگدا یەک ژمارەمان دەردەکرد، هەر ٢ - ٣ مـانگێکیش جارێک بڵاوکراوەیـەکی نێوخـۆیی بەنـاوی" تێکۆشـەر"مان دەردەکـرد کە زیـاتر بـابەتی فکـری و نەزەریـی تێـدا بـوون. بەڵام جگە لەوە ئـەمن لە لایـەکی دیکە کـاری ڕۆژنامەنووسیم دەکرد بە تـایبەت لە ڕۆژنـامەی هاوکـاری لە دەزگـای ڕۆشـنبیری و بڵاوکـردنەوەی کـوردی کـارم دەکـرد وەکـوو موکافەئە دامەزرا بووم ٤ تا ٥ ساڵ لەوێ کارم کرد.

**پرسیار**: دواتر چۆنت درێژە پێ دا؟

**وەڵام**: لەگەڵ کاری حزبیدا ئەو کارەشم دەکرد هەتا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٨ کە بزووتنەوەی ئێران دەستی پێکرد ئێمەش

بەشی: یەکەم

وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیارمان دا لە نێوخۆی وڵات بین و دەورمان هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی عێراق نارەزایی دەربڕی و پێیان گوتین ڕێگەتان پێ نادەین لێرەوە بگەڕێنەوە. ئێمە لەگەڵ ئێران ڕێک کەوتووین و نامانەوێ پەیوەندییەکانمان تێک بچێ و نابێ خەتا لە لای ئێمەوە بێ. پێم وایە ٦ کەس بووین، بڕیارمان دا بوو بگەڕێینەوە و لەنێوخۆی وڵاتدا بژیین. بە سێ شەو - نەک سێ شەوی بەدوای یەکدا - هەر شەوێک دوو کەسمان دەرۆیشتین، ئەو شەش کەسەمان بەو شێوەیە ڕۆیشتینەوە ئێران و لە ڕۆژهەڵات بە نهێنی دەستمان کرد بە کاروباری ڕێکخستن هەتا ئەوەی راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی دا ١٩٧٩ سەرکەوت.

## حیزبی دیموکرات و راپەرینی گەلانی ئێران

**پرسیار**: ئێوە چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەو شۆڕشە کرد؟

**وەڵام**: لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا پێشتر ئەوکاتەی کە ڕاپەڕینەکە سەر نەکەوتبوو شێوەهاوکاری یەکی گشتی هەبوو لە نێوان شارەکانی کوردستاندا لە لایەک و لە نێوان کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران لە لایەکی دیکە. ڕاستگۆیی و دۆستایەتی لە نێوان هەمووandا زۆر بوو بە بێ ئەوەی ڕێکخستنێک هەبووبێ. نارەزایەتی لە سیستەمی حکوومەتیی پاشایەتی ئەوەندە زۆر بوو کە خەڵکەکە بۆ خویان جۆرێک ڕێکخستن لە نێوانیاندا دروست ببوو. هاوکاری و هاوپەیوەندیی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی لە نێو شارەکانی کوردستاندا یەکجا زۆربوو. ئەگەر لە خۆپیشاندانەکاندا کەسێک شەهید بوایە خەڵک لە هەموو شارەکان ڕا دەچوون. ئەوە بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک حیزبی سیاسی کە لە ئارادابوون کەم و زۆر هاوکاریمان هەبوو هەتا دوای شۆڕش یەعنی دوای گەڕانەوەی خومەینی و هەڵاتنی شا و رووخانی ڕێژیمی شا .ئەو سەردەمە هەوڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لەجۆرەکان بە ڕێککەوتنێک بگا کە ئەوەندەی مومکینە نەتەوەی کورد لە مافەکانی بەدەست بێنێ بەبێ ئەوەی کوردستان تووشی خوێنرێژی و ماڵ وێرانی و مردن ببێتەوە، هەوڵێکی زۆریش لەو پێناوەدا درا، چەندین جار هاتو چوو کرا، چەند پەیام بۆ خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نێردرا بەڵام کۆماری ئیسلامی کە جێگرێکی باشی ڕێژیمی پاشایەتی بوو ملی بۆ ئەوانە ڕانەدەکێشا. سەرەنجام ئەوە بوو هێرشیان کردە سەر کوردستان و کوردستان ناچار بوو بەچەک بەرگری لە خۆی بکا.

**پرسیار**: ئێوە گەڕانەوە کوێ دوای ئەوەی حکوومەت گوێی لە پەیام و داخوازییەکانتان نەگرت؟

**وەڵام**: ئێمە کە گەڕانیەوە بە نهێنی گەڕاینەوە. لە سەرەتادا چەند کەسێکمان گەڕانەوە و زۆر کەم بووین. شەش کەس بووین، دوایە بووین بە ٧ کەس و دواتر بووین بە ٨ کەس. زۆر درەنگتر شا ڕووخا جا ئەوکاتە ئەوانەمان کە لە دەرەوە بوون بەشی زۆریان گەڕانەوە، بەڵام کە شا ڕووخا کۆماری ئیسلامی هات ئەوکات لە بەر ئەوەی زەمینەی مێژوویی لە مەهاباد زیاتر ڕەخسا بوو ناوەندێکی حیزبیمان دامەزراند و دواتربارەگامان کردەوە و دەستمان کرد بە تێکۆشانی ئاشکرا. پاشان ڕێکخستنی حیزبی لە هەموو شارەکاندا بووژایەوە و بنکە و بارەگای حیزبیمان دامەزراند.

بەداخەوە تەمەنی ئەو شێوەیە لە کارو تێکۆشان زۆر نەبوو. چونکە هەر لە ١٩٧٩دا ئەو هێرشە کرایە سەرمان، بۆیە ناچار بووین روو لە شاخ بکەین، ئەوەی کە پێی گوترا شەڕی سێ مانگە، ئەو شەرە بوو کە سێ مانگ لە شاخ بووینو شەرمان کرد، لە پاشان خومەینی پەیامێکی دا کە ئەوە بوو داوای لە هەمووان کرد گوتی با لوولەی هەموو تەفنگەکان لە دوژمنی هاوبەش بێتوئەمن دەستور دەدەم کە دەوڵەتی کاتی بۆ چارەسەری کێشەکان وەکوو کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان هەنگاو هەڵێنێتەوە. باسی مافی سیاسی نەکرد، زۆر دەقیق بوو لە قسەکانی خۆیدا، ئیدی گەڕاینەوە نێو شارەکانو لە پاییزێ را تا بەهارێ لە شار ماینەوە.

**پرسیار**: هیچ دانیشتنێک هەبوو لەنێوان ئێوە و ئەواندا؟

**وەڵام**: یەک جار دانیشتن هەبوو لەگەڵیان، دانیشتنی نا رەسمی چەند جارێک هەبوو بەڵام پاش ئەوەی ئێمە هەیئەتێکمان دیاری کرد بە ناوی "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد"، حکوومەتیش هەیئەتێکی دیاری کرد بە ناوی "هەیئەتی دەوڵەت" بۆ موزاکەرە ناردیە کوردستان بۆ بەناو چارەسەری کێشەی کوردستان، یەکجار ئەویش بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک دانیشتینوتەواو بوو. جێی خۆیەتی بڵێم کە ئەمنیش ئەندامی ئەو وەفدە بووم.

**پرسیار**: هیچ گەشبینی یەکت بەدی دەکرد بە لای ئەوانەوە؟

**وەڵام**: نەخێر، بەڵام سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو تەواوی هەوڵی خۆمان بدەین کە بە یەکێک لە دوو دەستکەوت بگەین، یەکەمیان ئەوە بوو ئەگەر بکرێ چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە، بەشێک لە مافەکانی کورد دابین بکرێن بە بێ ئەوەی تووشی شەڕو ماڵ وێرانی ببین، دووهەمەکە ئەوە بوو کە ئەگەر تووشی شەڕ بووین گەلی کورد بزانێ وەکوو حیزبێکی مەسئوول چیمان لە دەست هات کردمان بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە تووشی شەڕو مەرگو ماڵ وێرانی و خەڵک گیران نەبێ، بەڕاستییش وا بوو  پاش ئەو ڕووداوانە چەندین ساڵ ئێمە دوچاری شەڕی چەکدارانە بووین، بە هەزاران شەهیدمان دا، بە

دەیان هەزار شەهیدمان لە خەڵکی بێدیفاع دا، چەندین شار کەوتنە بەر پەلاماری بێ رەحمانە، ماڵ رووخا، ماڵ سووتا، زەوی سووتا،...هتد، بەڵام خەڵکی کوردستان قەت سەرزەنشتی دیموکراتیان نەکرد وەک ئەوەی بڵێن دیموکرات تووشی ئەوەی کردین، چونکی دەیان زانی هەرچی لە دەستمان هات کردمان بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین.

## گەیشتنە مەکتەبی سیاسی

**پرسیار**: دوای ئەوە رۆڵی جەنابت لە ناو حیزبدا بەرەو کوێ دەچێت؟

**وەڵام**: لە راستیدا هەر لە ساڵی ١٩٧١ەوە ئەمن بووم بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوە بەردەوام بوو تا ماوەیەکی زۆر. ساڵی ١٩٨٨ کە کونگرەمان بەست ئەمن خۆم هەڵنەبژارد بۆ کومیتەی مەرکەزی، بەڵام ئەوانی دیکە، هەتا ساڵی ٢٠٠٤ هەر لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دا بووم، تەنانەت چەند دەورەیەک جێگری سکرتێربووم وچەند دەورەیەکیش سکرتێری حیزب بووم.

**پرسیار**: لەو کاتانەی ئێوەش لە شاخ بوون بەتایبەت ساڵانی هەشتاکان کە شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردی یەکان دروست دەبێت، جەنابت و حیزبی دیموکراتیش کە مەوقعێکی دیاریکراوت هەبووە تیایدا، چ رۆڵێکتان هەبوو بۆ رێگرتن لەو شەڕە؟

**وەڵام**: بەداخەوە نەمانتوانی رۆڵ ببینین، کورد دەڵێ: کەچەڵ ئەگەر دەرمانکەر بوایە دەرمانی سەری خۆی دەکرد، بەداخەوە حیزبی دیموکراتیش بەدەر نەبووە لە شەڕی نێوخۆ، چونکە ماوەیەکی زۆر ئێمەش لە نێوخۆماندا لە نێو کوردستان(رۆژهەڵات)، لە گەڵ کومەڵە تووشی شەری براکوژی بووین، کاتێکیش لە گەڵ پارتی تووشی شەری براکوژی بووین، تەنانەت کاتێک بوو لە نێو دیموکرات خۆشیدا شتی وا رووی دا. سپاس بۆ خوا کە ماوەکەی کەم بوو. ئەوەی باست کرد پێم وابێ زیاتر مەبەستت شەری براکوژی لە نێوان هێزەکانی باشووری کوردستاندا بوو، دیارە بۆ ئەوە بەداخ بووین، بەڵام نەمانتۆانی لەوێدا هیچ دەورێک ببینین، هوکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێمە لەو کاتەدا لە گەڵ یەکیک لە لایەنەکانی ئەو شەڕە هیچ پەیوەندیمان نەبوو، لە گەڵ پارتی نێوانمان ناخوش بوو چونکە شەری نێوخۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەینی ئێمەو ئەواندا رووی دابوو. تەنها لە گەڵ یەکیەتیی نیشتمانی کە لایەنی دووهەمی شەرەکە بوو پەیوەندیمان هەبوو، بە هەر حاڵ ئەو شەرە پێم وایە بۆ هیچ ئینسانێک وەکوو مرۆڤ یەک لەوان، رێبەرانی ئەو دوو حیزبەو حیزبەکانی دیکەش دڵخواز نەبووە، بەڵام دەڵێی چی؟ ئەمە چارەنووسی کوردە، جگە لەوە دەبینی میللەتانی دیکەش پێکەوە بە شەر دێن، لە ئەریترە لە نێو خویاندا کەوتنە شەر، فەلەستینی یەکان چەندیان لێک کوشتوە، یەعنی ئەوە چارەنووسی مرۆڤەکانە کە

تووشی دەبن.

**شەهید بوونی قاسملو**

**پرسیار**: ئەو کاتەی د.قاسملوو شەهید دەکرێت، جەنابت لە چ مەوقیعێکی حیزبیدا بوویت؟

**وەڵام**: کاتێک د.قاسملوو شەهید کرا، بەرپرسیارێتی یەکی وەهام نەبوو، وەک باسم کرد لە کۆنگرەی ٨ کە ساڵی ١٩٨٨ گیرا، ئەمن ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیم وەرنەگەرت، د.قاسملوویش ساڵی ١٩٨٩ شەهید بوو، وەکوو بڵێین مەسئوولییەتی مەرکزی لە رێبەرایەتیی حیزبدا، هیچ مەسئوولییەتێکم لە ئەستۆ نەبوو، بەڵام دیارە وەکوو کادرێکی حیزبی ئەوەی پێی دەڵێن شعور بە مەسئوولییەت، شعور بە مەسئوولییەتم فەرقی نەکردبوو، مەرج نییە ئەگەر پیاو پۆستی نەبوو،هەست بە مەسئوولییەتیش نەکا، لە کارو باری حیزبیدا ئەو هەست بە مەسئوولییەتە هەر هەبوو. بۆ نموونە لە سەر گڵکۆی د.قاسملوو ئەوەی کە ئامادە بوو وەکوو نوێنەری حیزبی قسەی کرد ئەمن بووم، لە کاتێکدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییش نەبووم.

**پرسیار**: ئەو رووداوە چ کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر جەنابت وەکوو عەبدوڵڵا حەسەن زادە و حیزبی دیموکرات هەبوو؟

**وەڵام**: دیارە بۆ حیزبو بزوتنەوەی کورد بە گشتی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو،د.قاسملوو رێبەرێکی زۆر شایستەو شارەزا بوو، رەمزێک بوو کاریزمایەک بوو، هەر چەند ئەمن لە سەر کاریزما بۆچوونێکم هەیە دەڵێم کاریزما بۆ ئەو کەسانە بە کار ببرێ باشە کە زۆر شایستەی ئەو پلەیە نین کە هەیانە بەڵام بە حوکمی ئەو جێگەو پێگەیە کە لە نێو کۆمەڵگادا هەیانە ئاوا خۆشەویستو گەورە دەبن.د.قاسملو لە راستیدا  بە هەموو مەعنایەک شیاوی ئەو جێگەو مەکانە بوو کە هەیبوو، نەک هەر بڵێین مەوقیعییەتی کومەڵگا ئەوەی بۆ دروست کردبوو، ئەوە بۆ هەمووان خەسارێکی گەورە بوو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەم نێۆانەدا کاریگەریی پتریشی لە سەر من هەبوو. ئەمن لە گەڵ د.قاسملوو لە مێژ بوو پێکەوە کارمان دەکرد، سێ دورە جێگری بووم، زۆر لە یەک نزیک بووین، زۆر شتی لە سیاسەتدا فێر کردمو لێی فێر بووم، ئەوەی فێری بووم ٨٠%ی لەو فێر بووم، پەیوەندییەکی رۆحیی بەقووەتم پێوەی هەبوو، تەنانەت لە بیرمە کە هەواڵی شەهید بوونەکەی بیسرا، د.شەرەفکەندی جێگری سکرتێر بوو، ئەمن چووم گوتم کاک سەعید خەڵک دەورت دەدەنو کاریان پێت دەبێ. ئەتۆ کارەکانەت بکە ئەمن دەچم بەیاننامە لە سەر شەهید بوونی د.قاسملوو دەنوسم، چووم بەیاننامەکەم نووسی. لە ژوورێ کە دانیشتبووم لە گەڵ هەر دێرێک کە دەمنووسی، ماوەیەک دەبوو قەڵەمەکەم دانێم بۆ ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

فرمێسکەکانم نووسینەکە رەش نەکەنەوە جا دووبارە دەستم دەکردەوە بە نووسین. پاشان رەفێقێکم گوتبووی ئەوە دڵی دەبێ بەرد بێ، چ بێ. چۆن توانی ئەو بەیاننامەیە بنووسێ، پێی وا بوو هەروا بێ ئارەق نووسیومە. دواتر بانگم کرد گوتم ئەمن بەو حاڵەم ئەو بەیاننامەیە نووسیوە، بەڵام ئەوەش یەکێک بوو لە دەرسەکانی د.قاسملوو، وانەکە چی بوو، ساڵی ١٩٧٣ ئەندامێکی کومیتەی ناوەندیمان بۆ کاری حیزبی چوو بۆ بانە، لە نێو شاری بانە کەوتە نێو داو و شەهید بوو، ئەوە ئەوەڵین کارەسات بوو کە لە کومیتەی مەرکەزیدا بە سەرمان هات. ١١ کەس بووین، ١٠ کەسمان دەگریاین زۆر عەجایب دەگریاین. د.قاسملو نەدەگریا، ئایا گریانی نەدەهات یان وەکوو مەسئوول ناچار بوو خۆی ڕابگرێ بۆ ئەوەی مەعنەویاتی ئەوانی دیکە نەشکێ، نازانم . هات لە من تووڕە بوو، گوتی ئەمە ئەوەڵی کارتە، هەستە بچۆ بەیانییەیەک بنووسە، لە خوارێ بووین، خانووەکە دوو نهۆم بوو بردمیە نهۆمی سەرەوە گوتی دانیشە بەیاننامەیەک بنووسە، گوتم دوکتۆر هیچ لە مێشکمدا نییە، گوتی خۆ ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەمەوێ فێر بی، ئەوانە تەحەممول بکەی، بنووسە ئاوا بنووسە، دوو سێ شتی پێ گوتم و بەجێی هێشتم، بەیاننامەکەم لە سەر شەهید بوونی ڕەفیقەکەمان نووسی، پێیگوتم ئەمە ئەوەڵی کارتە رۆژی لەوە تاڵتر دەبینی، جا کە دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو ئەو ئامۆژگارییەم بە بیر هاتەوە، گوتم ئەوە ئامۆژگاریی خۆی بووە کە جێبەجێم کردوە، بۆیە تۆانیومە بەیاننامە لە سەر د.قاسملوو بنووسم.

**پرسیار**: ئەوەندەی لێی نزیک بوویت، چەند گەش بین بوو بەوەی ئەو گفتوگۆیانە ئەنجامی باشی دەبێت؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە د.قاسملوو لە گوماندا نەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو بە حوکمی ئەو مەسئوولییەتە کە هەیبوو، دەیەویست هەوڵی خۆی بدا. ئەو موزاکەراتەی خۆی تێیدا شەهید بوو، لە راستیدا هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی دەرەتانێک بۆ بزوتنەوەی کورد ببینێتەوە. ئەو بارودۆخەی دەبینی کە چۆنە، ماوەیەک بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای قۆناغی ١٩٧٩ بووبوو بە شوێنێک، بە ئومێدێک بۆ کورد لە هەموو بەشەکاندا، بووبوو بە پەناگایەک، دواتر کە ئەو تێک چوو، بزوتنەوە لە باشور سەری هەڵداو ناوچەی ئازادی تیدا هەبوو، ئێمەشی تێدا حەوابووینەوە، بەڵام بە رێکەوتنی ساڵی ١٩٨٨ لە بەینی عێراقو ئێراندا ئیدی هەموو پردەکان رووخابوون، هەموو بورجەکانی ئاوات رووخابوون، کورد نە لە ئێران نە لە عێراق نە لە سوریاو نە لە تورکیا هیچ شوێنێکی نەبوو، د.قاسملو ئەو وتووێژانەی کە دەستی پێکرد زیاتر بە مەبەستی ئەوە بوو ئەگەر دەستکەوتێکی کەمیش دەست کەوتوە جێگا پێیەک بۆ کورد پەیدا بێ، کورد پارچەیەکی ئەمینی هەبێ بۆ ئەوەی ببێتە پەنا بۆ ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان. زیاتر بۆ ئەوە بوو، هەوڵێک بوو بەڵکوو بتوانێ شتێکی ئاوەها بکا کە بەداخەوە ئەوان کە بە دوای د.قاسملودا دەگەڕان، لە مێژ بوو هەوڵی لە نێوبردنیان دەدا، لەو رێگایەوە سەرکەوتن ئەو لە داو بخەنو لە ئاکامدا ئەوە بوو کە توانیان لە بەینی بەرن.

## وەرگێران: ئەرکێکی تر بەتەنیشت سیاسەتەوە

**پرسیار**: ئەمەوێت لە سەر مەسئەلەی وەرگێران لای جەنابت قسە بکەین، ئێمە ئەبینین رۆمانی حەمەدۆک و چەندین رۆمانی ترت وەرگێڕاوە، بیرۆکەی وەرگێرانی ئەو رۆمانانەو وەرکێرانی تریش لای جەنابت چۆن سەری هەڵدا سەرەرای سەرقاڵیت بە کاری سیاسییەوە یان چۆن ئەو دەرفەتانەت دۆزییەوە بۆ ئەوەی وەرگێڕان بکەیت؟

**وەڵام**: گوتم کە هەر لە منداڵییەوە هۆگریم بە ئەدەبیات هەبوو، ئەمەیان کەمێک بە بێ ئاگایی بوو، لاشعوری بوو بەڵام هاتنم بۆ ناو دنیای وەرگێڕان ئەمجارە بە وشیارییەوە بوو. نە بە رێکەوت، ئەمن لە لادێ کوردی فێر بووبووم ، کوردیم باش بوو زمانی فارسییش هەرچەندە لە مەکتەب نەم خوێندبوو، بەڵام دەمزانی. تۆانای ئەوەشم لە خۆمدا شک دەبرد کە شت بکەم بە کوردی، بۆیە پێمخۆش بوو ئەو شتانە کە هەن و بەدڵمن بە تایبەتی ئەمن کوردی ئێران بووم لە عێراق دەژیام. زۆر بەرهەمی جوان بە فارسی هەبوون، بەڵام بە کوردی نەبوون. پێم خۆش بوو ئەوانە بخەمە بەر دەستی خوێنەری کوردیش. ئەگەرلە ئێران دەرەتانی ئەوکارە نەبوو لە عێڕاق دەرەتانی هەبوو، یان بۆ نموونە کتێبێکی باش وەکوو کتێبی (کوردستان و کورد)ی د.قاسملو کە کوردێک نوسیویەتی و لە سەر کوردیش نووسراوە، بە عەرەبی، بە ئینگلیزی، بە چێکی و بە سسلۆڤاکی هەیە، بەڵام بە کوردی نییە، پێمخۆش بوو ئەوانە بکرێن بە کوردی، لە سەرەتا کە دەستم کرد بە کاری وەرگێران کارێکی بچکولە بوو، نامیلکەیەک بوو، ٥٠ بۆ ٦٠ لاپەڕە دەبوو. دووهەم کارم کوردستانو کورد بوو بەڵام لە سەر ئەوە کە چۆن خۆمم دۆزییەوە دەبێ بڵێم دوو سێ شت هەبوون، کاری حیزبی ئێمە ئەو کاتە بە تایبەتی ئەوەندە چالاک نەبوو لە نێوخۆی وڵات نەبوو لێرە بوو. هەر بۆیە من توانیبووم لە رۆژنامەیەک کار بکەم، بۆ دابین کردنی گوزەرانی خۆم لە دەرەوەی کاری حیزبی. شتێکی دیکەش هەبوو کە بە زمانی خۆم تەواو نەبێ، خەڵک هەیە کە شایەدیم بۆ بدا ئەمن بۆ کاری وەرگێران ئازا بووم. بۆ نموونە یەکەم کاری گەورەی وەگێران کە کردم وەکوو بۆم باس کردی کوردستانو کورد بوو. ئەم کتێبەم کە کرد بەکوردی ٣٠٠ لاپەرەی فوڵسکابی دەستی خۆمی گرت، هەفتەی ئەوەڵ ١٠٠ لاپەرەم کرد بە کوردی. وا بوو دەسبەجێ ئەوەی دیکەم وەرنەگێرابووە وە دامان بە چاپ، ئەوەم دا بە چاپخانە، بۆخۆشم سەرپەرستیی چاپەکەیم کرد، ئەوی دیکەش لە گەڵ ئەوەی ئەو کارە حیزبییانەی دەبوو بیانکەم هەموویانم دەکرد سێ چوار هەفتەیەکی خایاند. دواتر کتێبی گیلە پیاوم لەماوەی ٢٨ رۆژدا کرد بە کوردی. بەیانییان سەعات هەشتو نیو دەچوومە سەر کار لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی، سەعات دووو نیو دەهاتمەوە، سەعات چوار دەچوومەوەو سەعات ٩ دهاتمەوە، قەتیش ئەو کتێبەم لە گەڵ خۆم نەدەبرد. زۆر جاریش دەچووم بۆ کاری حیزبی. بەو هەموو سەرقاڵییەوە لە ٢٨ رۆژدا ئەو کتێبەم کرد بە کوردی، جڵدی یەکەمی حەمەدۆکم کە خەڵکی زۆریشیان پێ خوش بوو بە ٦٩ رۆژ کردە کوردی. لەو کاتەدا ئەمن

جێگری سکرتێری حیزب بووم د.قاسملوو لە سەفەر بوو کارەکەی ئەویش دەبوو من بمکردایە. بەیانییان سەعات ٨ دەچوومە سەر کار و زۆر جار سەعات ٨ی شەو دەهاتمەوە. جاری وا بوو سەعات ٩ بۆ ١٠ی شەو دەهاتمەوە، کاتێک دەستم بە وەرگێڕانی کرد بە سەعاتێک ٤ لاپەڕەم دەکرد بەکوردی .بەهەر حاڵ بە ٦٩ رۆژ تەواوم کرد.

**پرسیار**: ئەمە پەیوەندیی بە ئارەزووی خۆت یان ئەو پێشوازە زۆرەی خوێنەرانەوە هەبوو کە خوێنەر دەیکرد؟

**وەڵام**: هەر لە سەرەتاوە بە دەستمەوە دەهات و بێشک پێشوازیی خوێنەرانیش زیاتر مرۆڤ هان دەدا، بۆ نموونە لە بیرمە کە گیلە پیاوم کرد بە کوردی و بڵاوم کردەوە دوای بیست رۆژ، مانگێک، چەند نازانم لە بەغداوە هاتم سەفەرێکی کوردستانم کرد. بە کەرکووکدا رۆیشتم چوومە سلێمانی و چوومە قەڵادزێ، لەو دوو شارە زۆر مامەوە، رەنگە بتوانم بڵێم بە دەیان کەس لە جادە تووشم دەبوون چاکو چۆنی یان لە گەڵ دەرکردم، دەمگوت ببوورە ناتان ناسم، دەیانگوت ئەمنیش تۆ ناناسم بەڵام گێلە پیاوم خوێندۆتەوە. دیارە خوشە خەڵک پێشوازی لە کارەکانت بکا.

**پرسیار**: هەموو کتێبەکانت دەزگای رۆشنبیری بۆتیان چاپ کرد؟

**وەڵام**: نەخێر، گیلە پیاو و بەرگی یەکەمی حەمەدۆک ئەوان چاپیان کرد، بەڵام ئەوانی دیکە بۆخۆم چاپم کردن.

**پرسیار**: وەکوو فەرمانبەرێک لە دەزگای رۆشنبیری کارت دەکرد یان لە بڕی پاداشتێکی دیاریکراو وەرگێرانت بۆ دەکردن؟

**وەڵام**: وەرگێڕانم بۆ ئەوان نەدەکرد، وا هەبوو بۆ خۆم شتێکم وەردەگێرایەوە و لە رۆژنامە بڵاوم دەکردەوە، ئەوە بە بێ موکافەئە بوو، چونکە ئەمن یارمەتیی مانگانەم وەردەگرت یان شتێک کە بۆ خۆیان پێیان باش بوایە داوایان لێ دەکردم بیکەمە کوردی، بەڵام وەرگێرانی کتێبەکان کاری بەوە نەبوو کارێک بوو کە بۆخۆم هەڵم دەبژارد.

**پرسیار**: تائێستا چەند کتێبت وەرگێڕاوە بۆ کوردی؟

**وەڵام**: لەوانەیە بگاتە ١٢ بۆ ١٣ کتێب.

**پرسیار**: کامیانت لە هەموویان خۆشتر دەوێت و پێوەی ماندوو بوویت و زۆرت حەز لە وەرگێڕانی کردووە؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: لەبارەی بایەخەوە رەنگە کتێبی کورد و کوردستان بەلامەوە لە هەموویان پڕ بایەختر بووبێ، چونکە ئەم کتێبە کتێبێکی عیلمی بوو. بەڵام لەنێو ئەوانی دیکەدا حەمە دۆک بەسەرهاتێکی هەیە. ناویم بیستبوو، بەڵام کتێبەکەم نەدیبوو، زۆر ئاواتم بوو دستم بکەوێ و بیخۆێنمەوە، کە دەستم کەوت و کەوتمە خوێندنەوەی ئەوەندەم پێ خۆش بوو بەیانی دەستم پێکرد شەوەکەی نەنوستم تا تەواوم کرد. لە سەر نانی بەیانی، نانی نیوەرۆو نانی شەوێ، بە دەستێک نانم دەخوارد و بە دەستەکەی دیکە کتێبەکەم پێ بوو، ئەوەندەم پێخۆش بوو. وا بوو کە سێ بەرگیم کرد بە کوردی بەرگی سێهەم کرا بە دوو بەرگ، مەراقم بوو چوارەمی بکرێتە فارسی و ئەمنیش بیکەمە کوردی هەر نەکرا، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دۆستێکم لە سوید وەری گێڕاوە بۆ کوردی و ئێستا چاپ کراوە.

**پرسیار**: هاوڕێیانی حیزبی دیموکرات هیچ هاوکارییان دەکردی یان موراعاتی ئەو بارودۆخەیان دەکرد؟

**وەڵام**: هیچ پیویست نەبووە و قەتیش داوام لە کەس نەکردوە کاتم بدەنێ بۆ ئەوەی کاری وەگێڕان بکەم، زۆربەی کاتەکانیش کەس نەیزانیوە خەریکی کاری وەرگێڕانم هەتا بەرهەمەکە کەوتۆتە بازاڕەوە، داوام لە کەس نەکردوە بڵێم ئەمرۆ کاری وەرگێران دەکەم مۆڵەتم بدەنێ، کات لە بەر هەموو شتێک ماوەتەوەو ئەمجا کاری وەرگێرانم کردوە.

**پرسیار**: ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی؟

**وەڵام**: ئێستا نەخێر.

**پرسیار**: لە بەرنامەتدا نییە ئەگەر لە داهاتوودا حەزت لە کتێبێک بوو وەری بگێڕیت؟

**وەڵام**: بۆچی نا. ئەگەر شتێک بخۆێنمەوە و بزانم پێم خوشە بکرێ بە کوردی وەری دەگێڕم، هەموو کتێبەکانیش کە خۆم خۆێندوومنەتەوە و پێمخۆش بوون و پێم وابووە کە باشن، کردوومنە کوردی.

**پرسیار**: ئێستا زۆر وەرگێران دەکرێت بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، جەنابت چۆن لێیان دەڕۆانیت بەتایبەت لەڕووی ئاست و زمانی وەرگێڕانەوە؟

**وەڵام**: ئەمن هەموو کاتێک دیوی روونی مەسەلەکان دەبینم، جارێک گوێم لە موقابەلەیکی رەحەمەتی تاهیر تۆفێق بوو

بەشی: یەکەم

لێیان پرسی گوتیان ڕات لە سەر گۆرانیبێژەکانی ئێستا چییە؟ گوتی "عەرەب دەڵێ "لکل زمان دولة و رجالٌ" هەموویانم پێ باشە و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم"، ئەمنیش پێم خوشە وا بڵێم و لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی ڕاستییەکە بڵێم، تێبینیم هەیە لەسەر وەرگێڕانەکان. زۆر جار دەبینم ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکا ئەو زمانە کە لێیەوە وەردەگێڕێ بەتەواوی نازانێ، بە تایبەتی ئەوانە کە لە فارسییەوە وەردەگێڕن فارسی باش نازانن، چونکە بۆ ئەوەی مرۆڤ شتێک بە زمانی خۆی وەرگێڕێ پێویستە هەم زمانەکەی خۆی باش بزانێ و هەم ئەو زمانە کە لێیەوە تەرجەمە دەکا. وەکوو نموونە لەبیرمە لە ڕۆمانێکدا کەسێک دەڵێت "این سیب زمینی ها را آب کنید" واتە "ئەو پەتاتانە ئاو بکە"،"آب کردن" لە فارسی دا یانی پاڵپێوە نانو قاڵ کردنەوە، کە چی وەرگێڕانەکە دەڵێ "ئەو پەتاتانە ئاو پرژێن بکە" یەعنی ئەو وەرگێڕە نەیزانیوە "ئاب کنید" یەعنی چی، پاشانیش چ لە نووسین چ لە وەرگێڕاندا گلەییم لە کوردیی ئێستا هەیە، ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە کوردییەکەی من گلەیی لە سەر نییە. خەڵکیش مافی خۆیەتی کە لە سەر کوردییەکەی من تێبینیی هەبێ. بەڵام کوردیی داتاشراو هەیە، زۆر زیاد لە پێویست لە ژێر کاریگەریی عەرەبیدایە، زۆر وشەی فارسی بە بێ پێویست دێننە نێو زمانی کوردی و شتی سەیرسەیری لێ سازدەکەن. ئەوانە گلەیین، بەڵام بەوحاڵە ئەمن سەردەمی ئێستا بە سەردەمی زێڕینی چاپەمەنیی کوردی دەزانم.

## عەبدوڵڵای حەسەن زادە: دەورەی سکرتێری

**پرسیار**: لەنێوان ساڵانی چەندا جەنابت سکرتێری حیزبی دیموکرات بوویت؟

**وەڵام**: ساڵی ١٩٩٥ بووم بە سکرتێری حیزبی دیموکرات تا ساڵی ٢٠٠٤، واتە سێ دەورە لە سەر یەک سکرتێری حیزبی دیموکرات بووم.

**پرسیار**: چۆن لە دەورەی سکرتێریی خۆت دەڕوانیت و تاچەند حیزب گەشەی کرد لەڕووی سیاسی و تەنزیمییەوە؟

**وەڵام**: ئەو پرسیارە قەت نابێ لەو کەسە کە خۆی کردوویە بکرێ. دەبێ لە کەسی دیکە بکرێ، بەڵام پێمخوش نییە هیچ پرسیارێک بێ وەڵام بێڵمەوە، بۆیە دەڵێم ئەمن پێم وا نیە لەو ماوەیەدا کارێکی خارق العادەم کردوە ،شتێکی گەورەم کردوە چونکە هەلومەرجی ژیانەکەش ئەوە بووە. ئێمە لە سەردەمێکدا خەباتی سیاسیمان کردووە کە دەرەتانی شتی گەورە نەبووە . بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتی خۆمان هەڵکەندراوین، ئەوە لە زەمانی مندا نییە لە زەمانی سکرتێریی د.قاسملوودایە کە ناچار بووین وڵاتی خۆمان بەجێ بێڵین و بێینە پشتی سنوورەکان. ئەو هەل و مەرجە هەرهاتوە و بەر تەسکتر بۆتەوە. ئێمە لە

کاتێکی ئاوەهادا نەبووین. ئەگەر هەڵسەنگینم کەم و کوڕییەکان بۆ خۆیشم دەیانزانم هاوڕێکانیشم دەیانزانن بەڵام کارنامەی خۆم لەو ماوەیەدا لەسەر یەک بەباش هەڵدەسەنگێنم، هۆیەکانیش ئەمانەن: یەکەم، لەو سەردەمەدا کە ئەمن سکرتێری حیزب بووم، حیزب ناکۆکیی لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی لێ پەیدا نەبووەو هەندێک ناکۆکییش کە لەگەڵ ئەم وئەودا بووە چارەسەر کراون، دووهەم ئەوەیە کە هیچ لەتبوونێک لە حیزبدا نەبوو تەنانەت حیزبێکی لەت بوو لە سەردەمی مندا یەکی گرتوەتەوە کە تەنیا بە کاری خۆمی نازانم، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێرمان هەبووە. ئەو دووانە لە سەردەمی بەرپرسیارەتیی مندا یەکیان گرتەوە. شتێکی دیکە کە ئەمن لە ژیانی ئەو سەردەمەدا بە خاڵێکی بەهێزی دەزانم ئەوەیە کە ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و سەختدا بووین لەلایەک پەیوەندیمان بە حکوومەتی عێراقەوە هەبوو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیمان بە کوردیشەوە هەبوو و لەگەڵ کوردیش دەژیاین. نوێنەرایەتیمان لە نێوحکوومەتی عێراقدا هەبوو ئەو دووانەش پێکەوە لە شەڕدا بوون. بەڵام قەت کارێکمان نەکردوە کە ئێمە تێیدا ڕووزەرد بین، کارێکمان نەکردوە نە بە زەرەری کورد و نە بە زیانی هیچ عێراقییەک، سەربەرز لەم ناوەدا هاتووینەتە دەرەوە. لە لایەکی دیکە ئێمە لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوون و مەقەر و هاتوچوو مان هەبووە و ئەو دووانەش بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە لە شەڕدا بوون، بەڵام باڵانسەکەمان وا ڕاگرتوە کە بەزیانی هیچ لایەک کردەوەمان نەبێ و هیچ گلەیی یەک لە لایەن هیچ یەکێکیانەوە نەیەتە سەرمان. ئەگەر توانیبێتمان کارێک بکەین بۆ ئەوەی نێوانیان نزیک بکەینەوە کردوومانە. بەشتێکی دیکە کورتی دەکەمەوە لە سەردەمی نزیک بە ١٠ ساڵ سکرتێریی مندا ئەم حیزبە نە بابەتێکی وای نووسی نە بەیانیەیەکی وای دەرکردوە و نە هەڵوێستێکی وای گرتوە کە دوایە لێی شەرمەزار بێ و لێی پەشیمان بێ و دۆستمان پێ شەرمەزار بێ و دوژمنمان پێی هەڵپەڕن. کە وابێ لەسەر یەک ئەو کارنامەیە بە باشی هەڵدەسەنگێنم. لەبەر ئەوەی گیروگرفتەکان زۆر بوون کەم و کوڕییەکان زۆر بوون بەڵام سەربەرز هاتووینە دەر.

**پرسیار**: پێت وایە رووبەری دیموکراتییەت لە سەرکردایەتیی حیزبدا لە سەردەمی جەنابتدا فراوان بووە و جۆرە تاکڕەوییەک نەبووە؟

**وەڵام**: ئەمن قەت نەمدەتوانی تاکرەو بم بەڵام ئێستا کە ئەم پرسیارەت لێم کرد، چەند شتێک باس دەکەم: یەکەم کۆنگرەیەک کە ئەمن تێیدا بووم بە سکرتێر بۆ یەکەمجار بڕیارێکی دا کە ئەندامی حیزب لە ٦ مانگ پێش کۆنگرەی ئایندەوە مافی هەیە هەر تێبینی یەک لەسەر سیاسەتی حیزب هەیەتی تەنانەت ئەگەر دژی دروشمەکانی حیزبیش بێ، لە نێو حیزبدا لە کۆبوونەوەکاندا یان لە نووسراوەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکاتەوە، هاوڕێیەک هەبوو لە کۆنگرەدا زۆر دژی من بوو لە بیروبۆچۆنی خۆیدا کە ئەو بڕیارە پەسەند کرا دەستی هەڵێناو گوتی مێژوو ئەوەی بەناوی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

وە دەنووسێ کە بۆ یەکەمجار مافی رای ئازادی هێنایە نێو ئەم حیزبەوە.

**پرسیار**: لەو ١٠ ساڵە کە جەنابت ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانت کردوە تا چەند سوودت لە پەندەکان و ئەزموونەکانی پێشەوا قازی و شەهید د.قاسملوو و شەهید د.شەرەفکەندی و ئەوانی تر گرتوە؟

**وەڵام**: ئەو میراتەی بۆمان بەجێ ماوە ئاشکرایە کە میراتی هەموومانە. پیاو بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ ئەو فکرانە کە هەیەتی لە ژێر کاریگەریی ڕێبەرانی پێشوودایە، بەڵام وەک لەپێشدا گوتم بەتایبەتی لە د.قاسملوو زۆر شت فێر بووم ئەو کاتە و ئێستاو تا ئەو کاتەش کە دەمرم د.قاسملوو لە ژیانی مندا هەیە، زۆر جار لە هیچ و خۆڕایی باسێک دەکەم بە بیرم دێتەوە شتێکی لێ نەقڵ دەکەم، بەداخەوە سەردەمی د.شەرەفکەندی زۆر کورت بوو. شەهید د.شەرەفکەندی دەیتوانی زیاتر پێبگا بەڵام د.شەرەفکەندی هەم لە حیزبدا زۆر نەبوو و هەم لەو پۆستەدا. یادی بەخێر د. مەحموود قسەیەکی خۆشی گێڕایەوە، گوتی ئێرانییەکان لێمیان پرسیوە د.شەرەفکەندی چۆنەو چۆن نییە، گوتوومە هێشتا جێی خۆی گەرم نەکردوە دیسان دەتانەوێ بیکوژن، گوتوویانە بۆ پێت وایە د.قاسملوو ئێمە کوشتوومانە؟ گوتوومە ئەمن نازانم بەڵام بۆ خۆتان دەزانن.

**پرسیار**: چیی پێویست بووە بیکەی و نەت کردوە لەو کاتەدا؟

**وەڵام**: ئەوەی پیویست بووبێ بیکەم و پێم کرابێ بەدڵنیایی یەوە کردوومە، بەڵام زۆرشت پێویست بووە پیاو بیکا و پێی نەکراوە.

**پرسیار**: لەچی پەشیمانی لە ئەزموونی سیاسیی خۆتدا؟

**وەڵام**: لە ئەزموونی سیاسیی خۆم لە هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆم هەست بە پەشیمانی ناکەم، بەڵام ڕەنگە لە تاکتیک و کاروباری ڕۆژانەدا شتی وا بووبێ کە زووتر لێی پەشیمان بووم. ئەگەر دەرفەتێک بووبێ عوزرم هێناوەتەوە، جاری وا بووە ڕەنگە بەناحەق بە گژ هاوڕێیەکمدا چووبم لە نەتیجەی تووڕەیی یان شتێکدا، لێی پەشیمان بووم یان لێ پەشیمانم، دەنا هەڵوێستە سیاسییەکانمان کە لەبەرئەوەی هیچ کات هیچ شتێکم بۆ خۆم بەتەنیا نەکردوە هەموو کاتێک لەگەڵ هاوڕێیان مەشورەتم کردوە بەهی خۆمیان نازانم و بەهی هەمووانی دەزانم، هەڵوێستە سیاسییەکانمان پێم وایە شتی نیشتمانپەروەرانەن، شتێک نین بۆ تەوبە و پەشیمان بوونەوە بن.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: شانازی بە چییەوە دەکەی؟

**وەڵام**: شانازی بەوەوە دەکەم کە تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کوردم.

## هەموو مرۆڤێک چەند یەکەمێک لە ژیانیدا هەیە:

**پرسیار**: کێ بەیەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟

**وەڵام**: لەباری سیاسییەوە هەر وەک ئاماژەم پێ دا شەهید د.قاسملوو.

**پرسیار**: کێ بە یەکەم هاوڕێی خۆت دەزانی؟

**وەڵام**: مەجبور نیم ئەوەیان بڵێم، چونکە هاوڕێم زۆرن، پێم خۆش نییە هیچیان بکەم بە یەکەم.

**پرسیار**: یەکەم چرکەسات زۆر پێی نیگەران بووبی؟

**وەڵام**: ئەو چرکەساتەی هەواڵی شەهیدبوونی د.قاسملویان پێ دام.

**پرسیار**: یەکەم چرکەسات زۆر شانازی پێ بەخشی بیت؟

**وەڵام**: ئەوەیان شتێکی زۆر بچووک بوو. ساڵی ١٩٧٩ لە مەهاباد دەژیام بە نهێنی، ڕۆژێکیان خۆپیشاندانێکمان کرد بەناوی حیزبەوە، یەکەم خۆپیشاندان بوو بە ناوی حیزبەوە خەڵکمان بانگهێشت کردبێ، پێشتر بەناوی خەڵکەوە، بانگهێشتمان دەکرد، بەڵام زەمینە موساعید بوو بە ناوی ڕێکخراوی حیزبەوە بەیاننامەیەکم نووسی داوام لە خەڵک کرد بۆ خۆپیشاندان. کە خۆپیشاندانەکە بەڕێکەوت خۆشم لە مەهاباد بە نهێنی دەژیام هەستام بەجلیکی گۆڕاو و عەینەکێکی ڕەش و دەستسڕۆکەیەکەوە کە بە دەممەوە گرتبوو گوایە زستان و ساردە تاخەڵک نەم ناسن ڕۆیشتمە بەردەم خۆپیشاندانەکە و هێشتا نەگەیشتبوومە نێو خۆپیشاندانەکە گوێم لە دروشمی (مەرگ بۆ شا) بوو. نازانم بڵێم چ هەستێکی پێ دام، لە وڵاتێک کە کەس نەیدەوێرا بڵێ شا لە نوێنەری خوا کەمترە ئێستا لە تەنیشت سەربازگەی مەهاباد خەڵک بە دەنگی بەرز

بەشی: یەکەم

دەڵێن مەرگ بۆ شا ئەوە بچووک بوو یەعنی بەشێک بوو لە رووداوێکی گەورەتر، بەڵام لەو ساتەدا ئەو چێژەی داومەتێ.

**پرسیار**: بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟

**وەڵام**: بیرەوەریی من تەنانەت ئەوەی کە لەگەڵ تۆش باسم کرد ئەوەی کە پەیوەندیی بە ژیانی خۆمەوە هەیە ئەوەندە نرخیان نییە زیاتر شتە سیاسییەکان و بۆچوون بۆ بابەتی سیاسی گرنگن. ئەوانەش بە داخەوە لە ژیانی من و نازانم چەند دوای منیش کاتیان نایەت کە پیاو وەکو دەیان بینێ باسیان بکا بە هۆکاری سیاسیی خۆیەوە، بەڵام ڕەنگە لە دووساڵی ئاییندەدا شتێک لەسەر بیرەوەریی ژیانی من دەرکەوێ. ئەویش بەو جۆرەیە کە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆم وتووێژێکی درێژمان کردووە، بەدەیان کاتژمێر کە ئەو دەیان هێنێتە سەر کاغەز و پێیاندا دەچێتەوە و ڕەنگە لە چاپ بدرێ.

## "ئێمە لە تاراوگە دەژیین"

### دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

**سازدانی: مەجید ئەحمەدی**

**پرسیار:** پێمخۆشە پێش هەر شت لە دۆخی خۆت بزانم، ژیان و گوزەران چلۆن دەڕوات؟ تۆ لەمێژە خەبات دەکەی، ئەم خەباتە کە بۆ تۆ بۆتە ژیانێکی ڕۆژانە، چ کاریگەری یەکی لەسەر باری دەروونی و هەروەها تەندروستیت داناوە؟ ئایا پێی ڕاهاتووی یان هەست بە ماندووبوون دەکەی؟ تکایە لەم بارەیەوە ئەگەر دەکرێ بە درێژی بۆمان بدوێ؟

**وەڵام:** ڕاستی یەکەی ئەوەیە هەر پێمخۆش نەبوو باسی ژیانی خۆم بکەم، چونکە پێموایە بۆ ئەوانەی ئەم وتووێژە دەخوێننەوە شتێکی گرنگ نیە کە ساغم یان نەخۆشم، پیرم یان لاوم. بەڵام ئێستا کە پرسیارتان کردوە، دەڵێم وا تێدەگەم کار و تێکۆشان و خەبات شوێنەوارێکی خراپی لەسەر لەش ساغیم دانەناوە. ئەو کاتەی کارێکم بەدەستەوەیە و تەواوی دەکەم، پێموایە لەنوێ لەدایک بوومەوە و عومرێکی نوێم بۆ نووسراوە. تەمەنم لە شەست وپێنج ساڵ تێپەڕیوە. لەچاو ئەو تەمەنە و ئەو هەلومەرجە کە کوردی تێدا دەژی، بە باوەڕی خۆم باش ماوم. ئەو نەخۆشی یانەی بە پیری میوانی مرۆڤ دەبن وەک تەوژمی خوێن و کۆلسترۆڵ و قەند و چی و چی، هێشتا بەلام دا نەهاتوون. ئەگەر پیریش بووم و ددانم کەل بووە و سەرم بۆتە سەری قەندیلی، منەت لەسەر کەس ناکەم. زۆر کەس زووتر لەم تەمەنەش پیر بوون و خۆشیان لە خەباتی سیاسی نەداوە. بەهەرحاڵ کورد گوتەنی: لە خوای بەزیاد بێ."

**پرسیار:** حەز دەکەم درێژەی قسەکانمان بە مزگێنی یەک یان هەواڵێکی خۆش بۆ گەلی کورد دەست پێبکەین.

**وەڵام:** مزگێنیی من بۆ ئۆگرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروا سەربەرزانە و بە ڕووسووری لە مەیدانی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی دا ڕاوەستاوە و کۆڵی نەداوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش وەک هەمیشە پشتوپەنای ئەم حیزبەن و بە حیزبی خۆیانی دەزانن. ئەوە کە خەڵکی کوردستانی ئێران هیچ کات سەریان بۆ کۆماری ئیسلامی دانەنواندوە و ڕێژیم نەیتوانیوە زۆر لە بڕیار و سیاسەتە پاشکەوتووانەکانی لەو

بەشەی وڵات دا جێبەجێ بکا، بەرهەمی خۆڕاگریی بوێرانەی گەلی کورد و هێزە سیاسی یەکانی و لە پێشەوەی هەمووشیان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم حیزبە لە خەباتی ٥٩ ساڵەی خۆی دا هەم سەرکەوتنی بەرچاوی بوون و هەم تووشی تێشکان و ناکامی هاتوە. هەموو حیزبێکی سیاسییش ئەو بەرەوپێش چوون و پاشەکشەیەی دێتە ڕێ. گرنگ ئەوەیە ئەم حیزبە نە بە سەرکەوتن لە خۆبایی بووە و نە بە تێشکان لە مەیدان دەرچووە. پاش هەموو کەوتنێک هەستاوەتەوە، لە ناکامی یەکانی دەرسی وەرگرتوە و سەرکەوتنەکانی کردوونە پردەبازی پەڕینەوە بەرەو دەسکەوتی تازەتر .

غەیب نازانم، پاشەڕۆژ ناخوێنمەوە و سەرفەسڵ بۆ ئاڵوگۆڕەکان دانانێم. بەو حاڵەش دواڕۆژی خەباتی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بە ڕوون دەبینم. پێموایە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی لەکاردان کە بتوانن ڕەوتی ڕووداوەکان خێراتر بکەن و ئومێدی بەرەوپێش چوونمان پێبدەن. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فاکتەرانە بەرچاوڕوونیی خەڵکی ئێران و یەکڕیزڕاوەستانیان بەرامبەر بە تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبینم کە بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیس دا خۆی نواند.

**پرسیار**: بەڕێز حەسەنزادە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران ئەگەر لە ڕوانگەی خەباتی چەکداری یەوە سەیر بکەین، لە دۆخێکی باش دا نابینرێت. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟:

**وەڵام**: "بۆچوونی حیزبی دیمۆکرات بۆ شێوەکانی خەبات، جۆرێکی دیکەیە. ئەم حیزبە لە سەرەتاوە تا ئێستا خەباتی چەکدارانەی بە شێوەیەکی داسەپاوی خەبات زانیوە و دروشمی (مەسەلەی کوردستان ڕێگاچارەی نیزامیی نیە)ی لە کاتێک دا بەرز کردبۆوە کە هێندێ گرووپی سیاسی بێئەوەی لە مەیدانی کردەوەدا شوێنەوارێکیان لێ دیار بێ، دەیانگوت (ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ)، بەڵام حیزبی دیمۆکرات کە هەزاران پێشمەرگەی لە مەیدانی دیفاع لە ئازادی دا ڕاوەستابوون و هەموو ڕۆژێ قوربانیی دەدا، پێی وابوو ئەم شێوە خەباتە دوژمن بە حاشا لە مافەکانی گەلی کورد، بە ئامادەنەبوون بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە و بە هێرش بۆسەر کوردستان سەپاندوویەتی. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی خەباتی سیاسی یەوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بڕوانین، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەم بزووتنەوەیە لە یەکێک لە قۆناخە هەرە دڵخوازەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆی دایە. زیادم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وشیاریی سیاسی هیچ وەخت هێندەی ئێستا لەنێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان دا لە سەرێ نەبووە و قەت بەقەدەر ئەمڕۆ ڕووناکبیران و توێژی وشیار و خوێندەواری کۆمەڵ لەم بزووتنەوەیەدا بەشدار نەبوون. چونکە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش حیزبێکی قانوونی نیە و بە خەیاڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی "هەڵوەشاوە"یە، ڕەنگە خەڵکی ناشارەزا وا تێبگەن کە ئەم حیزبە لەو ئاڵوگۆڕەدا نەخشێکی نیە و ئەوەی ڕووی داوە هەمووی لە خۆوە و بە ڕێکەوتە. بەڵام بە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

ڕاشکاوی دەڵێم ئەم حیزبە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە فکری و سیاسی یە دەژی، کاری تێدەکا و کاری تێدەکرێ، فێری دەکا و لێی فێر دەبێ، ڕێنوێنیی دەداتێ و ڕێنوێنیی لێ وەردەگرێ. بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بتوانین ئەم باسە پتر بکەینەوە یان دیاردەکە بێپەردە خۆی بە هەمووان نیشان بدا".

**پرسیار**: شەست ساڵ بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی کار و پوختەبوونی پێڕەو، تەمەنێکی درێژە. حیزبی ئێوە خۆی لە شەست ساڵ خەبات نزیک کردۆتەوە. ئایا حیزبەکەتان بە هەبوونی ئەزموونێکی شەست ساڵەوە، لە بیری ئاڵوگۆڕ لە ڕێبازی دا هەیە، یان درێژە بەو ڕێبازە دەدات کە شەست ساڵە گرتوویەتە بەر؟

**وەڵام**: هەر حیزبێک لە خەباتی سیاسیی خۆی دا هێندێ پرەنسیپی هەن کە پێیان وەفادارە و هێندێ دروشمی تاکتیکی یان دروشمی ڕۆژیشی هەن کە بەپێی هەلومەرجی تێکۆشان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێنێ. حیزبی دیمۆکرات لە ڕابردووی نیزیک بە شەست ساڵ تەمەنی خۆی دا زۆر شتی گۆڕیون، تاکتیکی جۆراوجۆری بۆ خەبات گرتۆتە پێش و هەر لەو کاتەش دا هێندێ پرەنسیپی هەبوون کە هەمیشە پێیانەوە پابەند بووە و دڵنیام لەمەودواش پابەندیان دەبێ. بۆ نموونە خەبات بۆ دابین کردنی دیمۆکراسی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد (ئێستا شکڵ و شێوەکەی هەر جۆرێک دەبێ) یان وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئامانجی درێژخایەنن و بە تێپەڕینی ڕۆژگار ناکرێ وازیان لێ بهێنرێ. هەروا هێندێک ئەسڵی وەک سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی و سەربەخۆیی بڕیاردان و لەبەرچاوگرتنی سەربەخۆیی هەموو هێزە سیاسی-یەکانی کورد، بە جۆرێک کە نە دەست لە کاروباری هیچ هێزێکی سیاسی وەربدەین و نە ئیجازەی دەست تێوەردان لە کاروباری حیزبی خۆمان دا بە هیچ هێزێکی دیکە بدەین. لەوانەش گرنگتر ڕێزدانان بۆ سەربەخۆیی بڕیاری هەموو بەشەکانی کوردستان و پێویستیی دەستوەرنەدان لە کاری بەشەکانی کوردستان لە لایەن هیچ هێزێکی بەشێکی دیکەوە، ئەمانە هەموو لە ئەسڵە نەگۆڕەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانن. لەوانە زیاتر، هیچ دروشم و بڕیارێک پیرۆز و هەتاهەتایی نیە و هەر دروشم و سیاسەتێک لەگەڵ هەلومەرجی خەبات ڕێک نەکەوت یان لە خزمەتی بزووتنەوەدا نەبوو، بە ئاسانی دەکرێ وازی لێ بێنین.

**پرسیار**: بە هۆی ڕێبازێک کە حیزبەکەتان گرتوویەتە بەر، توانیوتانە لە گەیشتن بە ئامانجەکانتان نزیکتر ببنەوە؟

**وەڵام**: ئەگەر مەودای نێوان سەرەتا و کۆتایی بۆ نموونە بە هەزار کیلۆمیتر دابنێین، گومانی تێدا نیە کە بە بڕینی هەر کیلۆمیترێک و تەنانەت هەر میترێک لەو مەودایەش ڕێبوار لە شوێنی مەبەست (مقصد) نیزیکتر دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بگۆڕین و بڵێین نیزیک ببنەوە، ئەودەم دەڵێم نیشانەکان پێمان دەڵێن گەلی کورد و بزووتنەوە



سەرچاوە
Serchawe

ڕزگاریخوازانەکەی و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش لە گەیشتن بە ئامانج نیزیک بوونەوە. لە پرسیارەکەت دا ڕوون نیە مەبەست لەو ڕێبازەی گرتوومانە چیە، بەڵام با وای دانێین مەبەست دروشمی خودمختاری یە. باشە، دەکرێ بپرسین ئەگەر دروشمەکە سەربەخۆیی بایە یان فیدرالیزم یان کونفیدرالیزم ئێستا ئامانجەکە وەدی هاتبوو؟ وا بزانم ئەم جۆرە بۆچوونە پشتی بە هیچ بناخەیەکی پتەو نەبەستوە. کورد ماوەیەکی زۆر لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا دروشمی سەربەخۆیی هەڵ گرتوە و کە بۆی وەدی نەهاتوە، گەیشتۆتە ئەو باوەڕ و بڕیارە کە داوای چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتەکان دا بکا. دووپاتیشی دەکەمەوە کە ئەوەی لە لای ئێمە نەگۆڕە، وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کوردە و شکڵ و شێوەکە نەگۆڕ نیە.

**پرسیار**: لەو ماوە درێژەی خەباتتان دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە کە مایەی شانازیی گەل بە حیزبەکەتان بێ؟

**وەڵام**: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ماوەی درێژی خەباتی خۆی دا زۆر دەسکەوتی هەبوون کە شانازی یان پێوە بکا. دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ ـ ١٩٦٧)، خەباتی قارەمانانەی ٢٥ ساڵی ئەم دوایی یە، بڵاوکردنەوەی گیانی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی و ئاگایی سیاسی و لە هەمووان گشتیتر شێلگیربوون و کۆڵنەدان و ڕاست وێژی و واقیع بینی لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم حیزبەن.

**پرسیار**: کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی موحەممەد یەکێکە لەو دەسکەوتانە؟ چۆنە کە درێژەپێدەری ئەو ڕێبازە نین؟ واتە هەڵگری دروشمی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان نین؟

**وەڵام**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا گوتم دامەزراندنی کۆماری کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە. بەڵام داخوا ئێمە درێژەدەری ڕێبازی ئەو کۆمارە هەین یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتن لە ڕێبازی کۆماری کوردستان. ئەمن وای بۆ دەچم کە هەوڵی کۆماری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد لە هەر شێوەیەکی مومکین دا بووە. ئێستاش خەباتی حیزبی دیمۆکرات بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە، دیسان لە هەر شێوەیەکی مومکین دا. لەسەر یەک ئەمە ئامانجی کۆماری کوردستان و پێش ویش حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە، نەک شێوەیەکی دیاریکراو.

وتووێژێکی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران بڵاوکراوەتەوە کە لەوێدا لێی دەپرسن: "ڕاستە ئێوە دەتانەوێ کوردستانێکی

سەربەخۆ دامەزرێنن؟" پێشەوا دەفەرموێ نەخەیر ڕاست نیە، ئێمە خودموختاریمان دەوێ و خودموختاری یەکەشمان دامەزراندوە.

ئێستا بزانین ڕێبازی کۆماری کوردستان چ بووە؟ کەسێک چاو لە ژمارەکانی "کوردستان" ئورگانی حیزبی دیمۆکرات لە ساڵەکانی ٢٥ - ١٣٢٤ دا بکا، شتێکی جێگای سەرنج دەبینی. پاش ڕاگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، "کوردستان" ئورگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە چەند ژمارەدا ڕاپۆرتی ڕێوڕەسمەکەی چاپ کردوە. لە هەموو ژمارەکان دا مانشێت ئەمەیە "جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" بەڵام هەر لە یەکەمین ژمارەی ئەو ڕۆژانەدا وتووێژێکی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران بڵاو کراوەتەوە کە لەوێدا لێی دەپرسن: "ڕاستە ئێوە دەتانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن؟" پێشەوا دەفەرموێ نەخەیر ڕاست نیە، ئێمە خودموختاریمان دەوێ و خودموختاری یەکەشمان دامەزراندوە. پرسیار ئەوەیە کە بڵێی پێشەوای سەرکۆمار شارەزای ڕێبازی کۆمار نەبێ، یان وەک بە گاڵتە لە بارەی خومەینی‌یەوە دەیان گوت: "ئیمام لە خەتی ئیمام لای داوە؟" خوێندنەوەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە دەریدەخا کە لە بارەی ستراتیژیی کۆماری کوردستانەوە هەر کەسە بە جۆرێک دواوە؛ یەکێک باسی سەربەخۆیی کردوە و یەکی دیکە باسی خودموختاری. تەنانەت بەرپرسانی کۆماریش جارێک قسەیان لە سەربەخۆیی کردوە و جارێک لە خودموختاری. لەو پێوەندی یەدا نووسەر و مێژووناسی کورد مامۆستا مەحموود مەلا عێززەت لێکدانەوەیەکی جوانی لە سێ ژمارەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کردبۆوە کە بەداخەوە ژمارەکانیم لەبیر نیە. لەوێدا دەنووسێ ناکرێ ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە دوو جۆر لەسەر ئامانجەکانی کۆمار بدوێن. کە وایە ئەوکاتەی باسی خودموختاری دەکەن مەبەستیان خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دایە و کاتێک قسە لە سەربەخۆیی دەکەن، مەبەستیان سەربەخۆیی لە ئازەربایجانە. چونکە ئەو دەم هەم دەوڵەتی مەرکەزی و هەم حکوومەتی ئازەربایجان هەوڵیان دەدا کوردستان هەروەک بەشێک لە ئازەربایجان سەیر بکرێ و بەجیا شتێکی بۆ بەڕەسمی نەناسرێ. ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم بێجگە لە چوارچێوە گشتی یەکە (هەوڵی وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد)، حیزبی دیمۆکرات بە هیچ جۆر مەجبوور نیە دروشمی کۆماری کوردستان هەتا هەتایە وەک خۆی بێڵێتەوە. بەرنامەی یەکەمی حیزب کە بە دەستی پێشەوا نووسراوە، داوای خودموختاری دەکا. پێشەوا قازی پاش دامەزرانی کۆماریش دەفەرموێ ئێمە خودموختاریمان دەوێ. بەڵام ئەگەر حیزبی دیمۆکرات بۆی دەربکەوێ کە دروشمێکی جگە لە خودموختاری موناسیبتر و عەمەلیترە، نابێ یەک دەقیقە سێ و دووی لێ بکا و دەبێ لە جێی خودموختاریی دابنێ. ئەگەر کۆماری کوردستان دروشمی سەربەخۆییشی بەرز کردبایەوە، حیزبی دیمۆکرات بۆی هەبوو دروشمێکی دیکە، خودموختاری یان هەرچیەکی دیکەی لە جێگا دابنێ. چونکە ئەگەر پێشەوا و ڕێبەرانی کۆماریش زیندوو بان، بەپێی هەلومەرجی خەبات هەر ئەو کارەیان دەکرد.

**بەشی: یەکەم**

**پرسیار**: پێوەندیی حیزبی دیمۆکرات و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی یەکان لە چ ئاستێک دایە؟ ئێوە خۆتان بە کام یەک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانی یەکان نزیکتر دەبینن؟

**وەڵام**: زۆرجارمان گوتوە کە شانازی دەکەین ئەگەریش پێوەندیی زۆر توندوتۆڵمان لەگەڵ ئەم یان ئەو حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی یان ئێرانی نەبێ. لەگەڵ هیچیان پێوەندیی ئاڵۆزمان نیە. تەنانەت "حیزب"ی وا هەیە کاری ڕۆژانەی هێرش بۆسەر حیزبی دیمۆکرات و سیاسەتەکانیەتی. ئێمە هەوڵمان داوە جوابی ئی واش نەدەینەوە. ئەمن دەڵێم پێوەندیمان لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی و ئێرانییە جیددی و وڵات پارێزەکان لە ڕادەی دڵخوازدا نیە و پێویستە هەوڵی زیاتری بۆ بدەین. بەڵام ئێمە هەموو ئەوانەی بە دڵەوە و بە ڕاستی بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا تێدەکۆشن، بە هاوپەیمان و هاوخەباتی خۆمان دەزانین. لەو نێوەش دا پێمان وایە ئەوانەی باوەڕیان بە دیمۆکراسی و پێویستیی دابین کرانی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران هەیە، لە حیزبی دیمۆکرات نزیکترن. هەر بەو پێیە هاوکاری و نزیکی لەگەڵ لایەنە سیاسی یە کوردستانی یەکان و دوایەش ئەو ڕێکخراوانە کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە گەلانی بەشخوراوی ئێران دەکەن بە پێویستی یەکی هەنووکەیی‌تر دەزانین.

**پرسیار**: لە کونگرەی یازدەیەم دا بڕیارتان دا کە سکرتێری گشتیی حیزب تەنیا دوو دەورە مافی خۆپاڵاوتنی بۆ ئەرکی سکرتێری هەبێت. هۆی چی بوو ئەم خاڵەتان هێنایە نێو پێڕەوەکەتان و بە بۆچوونی ئێوە ئەمە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لە ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی دا سەرکەوتوو بێت؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە بۆ هێزەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان زۆر پێویستە ڕێگا نەدەن تەنیا یەک کەس ببێتە جێی متمانە و جێی هومێدی حیزبەکەیان، یان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەم بەندەی پێڕەو بە پێشنیاری من و بە پێداگرتنی من لە کۆنگرەی یازدەیەم دا خراوەتە نێو پێڕەوی حیزب، لەکاتێکدا بۆخۆم سکرتێری گشتیی حیزب بووم. پێشموایە زۆر ئاسان دەتوانێ سەر بکەوێ. چونکە ئەگەر پێمان وابێ خەڵکی بە توانامان زۆر نیە، دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەوەی بۆتە سکرتێریش یەکێکە لەو خەڵکە و لەو حیزبە، و لەو نیشتمانەدا پەروەردە بووە. ڕەنگە لە شتێک دا لە یەکی دیکە هەورازتر بێ و لە شتێک دا لە دواتر. پاشان، خۆ ئەو کەسەی لە سکرتێری دەکەوێ، قەرار نیە فڕی بەسەر حیزبەکەیەوە نەمێنێ. ئەو لە تەنیشتی حیزبەکەیەتی و دەکرێ هەمیشە لە توانا فکری و کردەوەیی‌یەکانی کەڵک وەربگیرێ. نموونەی باش و شەریفی ئەم کارە، حیزبی شیووعیی کوردستانە کە تا ئێستا دوو جار سکرتێری گۆڕیوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە مەبەستی ئەو بەندەی پێڕەو ئەوە نیە کە حەتمەن لە دوو کۆنگرەدا هەڵبژێردرێ (هەروەک

هێندێ کەس وای تێگەیشتوون)، مەبەست دوو جار هەڵبژاردنە، تەنانەت ئەگەر ئەو دوو جارە لە ماوەی شەش مانگیشدا بێ. چونکە وەک دەزانین لە حیزبی دیمۆکراتدا سکرتێر کۆنگرە هەڵینابژێرێ، بەڵکوو لەلایەن کومیتەی ناوەندی یەوە هەڵدەبژێردرێ. کەوایە ئەگەر ڕێکەوت لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کومیتەی ناوەندی چەند جاری سکرتێر هەڵبژارد، یەک نەفەر تەنیا دووجار هەقی هەیە خۆی کاندید بکا و هەڵبژێردرێ.

**پرسیار**: لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ناوی گەلێک کەسایەتی تۆمار کراون کە لە خەباتی سەردەمیش دا ڕۆڵ و کاریگەری یان هەیە و تەنانەت حیزبەکان بە سەرۆک و ڕێبەری جووڵانەوەکەیشیان دادەنێن. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو ڕێکخراوە خەباتگێڕانەیە کە لە ڕادەیەکی بەرچاودا کەسایەتی لە ئاستی ڕێبەرایەتی دا لەدەست داوە. یەکێک لەو ڕێبەرانە ئەحمەد تۆفیقە. ئایا حیزبی ئێوە ئەحمەد تۆفیق بە ئەندام و شەهیدی خۆی دەزانێ؟

**وەڵام**: شەهیدی حیزب و شەهیدی گەل هەموو جارێ یەک نین. بۆ وێنە شێخ عبیدالله شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، شەهیدانی ١٩ی ژوئەن (حوزەیرانی ١٩٤٧) و بە کورتی شەهیدانی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوە سیاسی یەکان شەهیدی گەلی کوردن و هەموو حیزبەکان وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد بەشیان پێوە هەن. بەڵام ڕەنگە لە باری حیزبی یەوە وا نەبێ. بۆ وێنە دوکتور قاسملوو شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و فؤاد مصطفی سلطانی شەهیدی کۆمەڵەیە. ئەگەر گوتمان فلانە شەهید، شەهیدی فیسارە حیزب نیە، شتێکمان لە قەدری وی کەم نەکردۆتەوە. هەر بەو پێیە خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیقیش شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران نیە، چونکە لە کاتی شەهیدبوونی دا ئەندامی حیزبی دیمۆکرات نەبووە. هەر لەو کاتەدا وەک شەهیدێکی دەستی زۆرداری جێگای ڕێزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشە.

**پرسیار**: باشە مامۆستا، چۆنە کە وێنەی مامۆستا هێمنی شاعیر لە ڕیزی شەهیدانی حیزبی دیمۆکرات لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا لە سوید، دێتە پیشاندان؟ وەک دیارە، مامۆستا هێمن نەک هەر ئەندامی حیزبی دیمۆکرات نەبوو، بەڵکوو لایەنێکی دژبەری ئەو حیزبەیشی گرتبوو.

**وەڵام**: ئەوە کە وێنەی خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندانی ڕابردوودا لە سوئێد دانراوە، تەنیا دەکرێ وەک هەڵەیەکی تەکنیکی دابنرێ. چونکە لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا هێمن، ئەو هەر شەهید نەبووە و بە مردنی خۆی مردوە. کەوابێ دانانی وێنەکەی هیچ پاساوێکی نەبووە. ڕاستیشە کە مامۆستا هێمن لە کاتی مردنی دا ئەندامی حیزب نەبووە و کاتی خۆی هەم لە حیزب دەرکراوە و هەم بڕیاری لەوە زیاتریشی لەسەر دراوە. بەڵام هەم پێش وەفاتی هەوڵی لەگەڵ درا

بەشی: یەکەم

شتێک بنووسێ کە ئەو هاودەستی یەی لەگەڵ تاقمی حەوت کەسی کردوویەتی بە خراپ دەزانێ، کە هەرچەند قەولیشی دا نەیکرد، هەم دوای مەرگیشی حیزب لە بڕیارێک دا بە حورمەتی ئەو خزمەتەی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردبوو، بڕیاری دژ بە مامۆستای هەڵوەشاندەوە و وەک دەڵێن "اعاده حیثیت"ی لێکرد.

**پرسیار**: خەباتی ئەمڕۆی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان دا (کوردستانی عێراق) وەک خەباتێک لە تاراوگە دەبینی؟

**وەڵام**: لەگەڵ هەموو نزیکیمان لە کوردستانی ئێران و لەگەڵ ئەوەی بە خۆشی یەوە پێوەندی یەکی پتەومان لەگەڵ نێوخۆی وڵات هەیە، هەروا لەگەڵ ئەوەی کوردستانی عێراق هەر وەک کوردستانی ئێران بەشێکە لە واحیدێکی گەورەتر کە کوردستانە، ڕاستی یەکەی ئەوەیە لە چوارچێوەی وەزعی ئێستادا کە کوردستان لەنێو چوار وڵات دا دابەش کراوە، ئێمە لە تاراوگە دەژیین. ئەوە کە لە باری (احساسی)یەوە ئێمە خۆمان بە میوان و بێگانە نازانین یان کوردی عێراق بەو چاوە سەیرمان ناکەن، بەداخەوە بارە سیاسی یەکە ناگۆڕێ. لە باری قانوونی یەوە ئێمە لە کوردستانی عێراق خاوەنی هیچ مافێکی هاونیشتمانی نیین.

**پرسیار**: حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا زیاتر نیشتەجێیە، چ ڕێگری یان بەربەستێک لە خەباتی خۆی دا لەلایەن ئەو حیزبەوە هەست پێدەکات؟

**وەڵام**: ئێمە لە سێزدە ساڵی ڕابردوودا بە هەموو توانا هەوڵمان داوە هەلومەرجی کوردستانی عێراق و قازانجی ئەزموونی ئەم بەشەی کوردستان لەبەرچاو بگرین و بیپارێزین. سروشتی یە کە ئەوەش چوارچێوەی هەوڵ و خەباتمان بەرتەسک دەکاتەوە.

لەوە دەرچێ، ئێمە نە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانی و نە لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا تووشی ڕێگری و بەربەستێک نەهاتووین. ئێمە سوپاس و پێزانینمان بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق، بۆ هێزە سیاسی یەکانی ئەو بەشەی کوردستان و بە تایبەتی بۆ پارتی و یەکیەتی هەیە، لەسەر ئەو ڕێز و قەدرە کە بۆ ئێمەی دادەنێن. ئەگەریش جاروبار هاوکاریی وان لەگەڵ ئێمە نەگاتە ڕادەی دڵخواز، ئێمە دەزانین لەبەر هێندێ حیسابی سیاسی یە کە ناتوانن لەبەرچاوی نەگرن و بۆیە گلەیی و لۆمەیەکمان لەسەریان نیە. هیواشمان وایە لەمەودوا هەلومەرجەکە و لەگەڵ ویدا پێوەندییەکانی نێوان حیزب و ئەم دوو هێزەش باشتر بن.

**پرسیار**: یەکێک لە هەنگاوە بەنرخەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، گەیشتن بە ئەندامەتی لە ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست دایە. حیزبی ئێوە چ ڕۆڵ یان کارلێکێکی لەو ڕێکخراوەدا هەیە و هەتا ئێستا چ دەستکەوتێکی سیاسی بە هۆی ئەندام بوون لەو ڕێکخراوەدا، بە نسیب گەلی کورد و حیزبی ئێوە بووە؟

**وەڵام**: ئەنتەرناسیونالی سوسیالیست هەر لەو کاتەدا کە ڕێکخراوێکی گرنگ و بەربڵاوی جیهانی یە، ڕێکخراوێکە کە هیچ دەسەڵاتێکی ئیجرایی لەبەر دەستدا نیە. ئەندامەتیی حیزبی دیمۆکرات لەم ڕێکخراوەدا بۆ ئەوە نیە کە دەسکەوتێکی ماددیی لێ بەدەست بێنێ. بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە لە تریبوونێکی گرنگی نێونەتەوەیی‌یەوە ویست و داخواز و نوختەنەزەرەکانی بە بیروڕای گشتی بگەیەنێ و لەو ڕێگایەشەوە بتوانێ پشتیوانیی مەعنەوی لە داخوازەکانی گەلی کورد وەدەست بێنێ.

پێش ئەوە کە ئێمە ببینە ئەندامی ئەنتەرناسیونال سوسیالیست، ئەم ڕێکخراوە زۆری بایەخ بە مەسەلەی کورد داوە و زۆرجار بڕیاری گرنگی لە پشتیوانی لە ماف و ئازادی یەکانی کورددا دەرکردوە. پاش ئەوەش کە حیزبی دیمۆکرات بۆتە ئەندام، بە دەیان بڕیاری بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و مەحکووم کردنی ڕەفتاری دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە دەرچوون کە زۆریان بە پێشنیاری حیزبی ئێمە و هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی حیزب وەدی هاتوون.

**پرسیار**: ئەگەر حیزبی دیمۆکرات پرسی لەیلا زانا لەو ڕێکخراوەدا بێنێتە بەر باس، چ ئاکامێکی دەبێ؟

**وەڵام**: پێش ئێستاش ئەنتەرناسیونالی سوسیالیست لانیکەم جارێک و پێموایە زیاتریش، لەسەر ژنە خەباتگێڕی کورد، لەیلا زانا وەدەنگ هاتوە و دڵنیام ئەگەر جارێکی دیکەش ئەم مەسەلەیە بخرێتە دەستووری کاری کۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆنالەوە، پشتیوانیی لێدەکرێ. بەڵام هەروەک گوتم بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە زەمانەتی ئیجرائی‌یان لە پشت نیە.

**پرسیار**: وەک دەزانین، هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لە ڕێبازی خەباتی خۆیدا هەردەم لە مەترسی و کەندوکۆسپەوە نزیکە. ئایا حیزبی دیمۆکرات لە خەباتی خۆیدا چ مەترسی یەکی گەورە لە ڕێی خۆیدا دەبینێ؟

**وەڵام**: هەموو کاتێک لەسەر ڕێگای خەبات و خەباتگێڕانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کەندوکۆسپ و مەترسی هەست پێ دەکەین. بەڵام هونەری حیزبێکی خەباتگێڕ لەوەدایە کە لە هەڕەشە و مەترسی یەکان نەسڵەمێتەوە، بەرەنگاری



سەرچاوە
Serchawe

یان لەگەڵ بکا و کەندوکۆسپ لەسەر ڕێگا لابەرێ. هەتا ئەو کاتەی تێکۆشەرانی حیزب لە مەیدانی خەبات دان و بە ئیرادەوە بەگژ کەندوکۆسپەکان دا دەچنەوە، هیچ مەترسی یەک ناتوانێ پێشی بەرەوپێش چوونی کاروانی پڕسەروەریی ئەو خەباتە بگرێ".

**پرسیار**: مامۆستا، زۆرجار زاراوەی "ئەدەبیاتی حیزبی" لە ئەندامانی حیزب دەبیسترێت. ئەم دەربڕینە هەڵگری چ واتایەکە؟ ئایا حیزبی ئێوە ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی لە دەربڕینە سیاسی یەکانی دا هەیە؟

**وەڵام**: زاراوەی "ئەدەبیاتی حیزب" شتێک نیە حیزبی دیمۆکرات دای هێنابێ. ئەمە زاراوەیەکی ناسراوە و لەڕاستی دا هەموو حیزبێکیش ئەدەبیاتی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە. لە سروشتە تایبەتی یەکانی ئەدەبیاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەتوانم باسی ئەو شتە بکەم کە پێی دەڵێن "نەزاکەتی کەلام" واتە زمان خاوێنی. ڕەنگە زمان شڕی و جنێودان سروشتی زاڵ بەسەر ئەدەبیاتی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی دا بێ. دیارە نموونەی جیاوازیی ئەدەبیاتی حیزبی دیمۆکرات لەگەڵ ئەدەبیاتی حیزبەکانی دیکە، چ کورد و چ ئێرانی، زۆرن، بەڵام با زەحمەتی ناسینی ئەو نموونانە بدەینە بەر ئەوکەسانەی پێیان خۆشە حیزبی دیمۆکرات و ئەدەبیاتەکەی بناسن.

**پرسیار**: بۆچی ڕێژەی خەباتگێرانی ژن لە ئاست پیاو لە حیزبی دیمۆکرات دا نزمە؟ ئەگەر بە ژمارەیەکی ڕێژەیی داینێین، تەنانەت ٥% و ٩٥% ناگرێتەوە .

**وەڵام**: نازانم بە چ پێوانەیەک ڕێژەی خەباتگێرانی ژن لەنێو حیزبی دیمۆکراتدا بە ٥% لە بەرامبەر ٩٥%دا دادەنێن؟

**پرسیار**: مەبەستم کادر و پێشمەرگەیە!

**وەڵام**: باشە، قبووڵی دەکەم کە ڕێژەی ژنان بەداخەوە ڕەنگە دەوری دە تا پانزدە لەسەد زیاتر نەبێ. بەڵام ئێمە هەموو ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت دۆستانی حیزبیش بە خەباتگێڕ دەزانین و ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دڵنیام ئەو ڕێژەیە دەگاتە دەوری ٣٠% تا ٣٥%. خۆ ئەگەر واقیعبینانە چاو بە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە بەرامبەر پیاوان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بخشێنین، بەداخەوە دەبینین کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیش دا ئەو ڕێژەیە زۆری ماوە بگاتە ڕادەی بەرامبەری. جا لە وڵاتێکی دواکەوتوو یان باشتر بڵێین دواخراوی وەک کوردستان و بەتایبەت لەژێر سێبەری زوڵم و زۆر و چەوسانەوە و لە هەلومەرجی سەختی خەباتی نهێنی دا و سەرباری هەمووانیش بە

بەشی: یەکەم

بوونی هێندێ نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵی کوردەواری، چۆن دەتوانین چاوەڕوان بین ژنان و پیاوان وەک یەک لە چالاکی یە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا بەشدار بن؟ لەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا کەمبوونی بەشداریی ژنان لە کار و تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا ناتەواوی یەکە کە بەشێکی بەرپرسایەتی یەکەی دەگەڕێتەوە سەر حیزب، و بە باوەڕی من هیچ تێکۆشەرێکی حیزبی بە تایبەتی لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری دا نابێ خۆی لەژێر باری ئەو بەرپرسیاری یە بەرێتە دەر.

**پرسیار**: مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەوەی کاتی بەنرخی خۆت بۆ ئەم دیمانەیە بە ئێمە دا. دوایین پرسیارم ئەوەیە: بەپێی ئەزموونێکی درێژ کە لە خەبات دا هەتانە، داوڕۆژی حیزبەکەتان لە دەساڵی داهاتوودا چلۆن دەبینن؟

**وەڵام**: ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم وتووێژەتان ڕەخساند. بۆ وەڵامی پرسیارەکەش دەبێ بڵێم چارەنووسی حیزبی دیمۆکرات لە چارەنووسی خەڵکی کوردستان جیا نیە و لەسەریەک ئاسۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ساڵی تازە و ساڵانی دواتردا بە ڕوونی دەبینم. ئەوەش کە بۆ حیزبی دیمۆکرات دەگەڕێتەوە ئارەزووی من پێش هەموو شتێک کار و چالاکیی زیاتر لە هەموو بوارەکانی کاری سیاسی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی و تەبلیغاتی و هی دیکەدایە. حیزبی سیاسی نابێ چاوەڕوان بێ دەسکەوت و سەرکەوتنی لە ئاسمانەوە بۆ ببارن. بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدا هەقی هەبێ خۆی لە وەدیهێنانی هەر سەرکەوتنێک دا بە بەشدار و کاریگەر بزانێ.

سازدانی: مەجید ئەحمەدی پێش کۆنگرەی ١٣ی حیزب



سەرچاوە Serchawe

# دووپاتبوونەوەی سیناریۆی ئازادیی عێراق، لە ئێران بەدوور دەزانم

**وتووێژی ئاژانسی دەنگوباسی AKI ی ئیتالیا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە, سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

کۆیە ـ کوردستانی عێراق (٢ی مای) ئێران ئەمڕۆ بۆتە ناوەندی باس و بایەخ پێدانی نێونەتەوەیی. بۆ روون بوونەوەی وەزعی ئەم وڵاتە و وەرگرتنی بیروبۆچوونە سیاسی‌یەکان لە سەرچاوە ئەسڵی‌یەکانیان دەربارەی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات دا دەگوزەرێ و روونکردنەوەی دیمەنی ئێستای هەلومەرج لە ئێراندا، وتووێژێکمان لەگەڵ یەکێک لە بەرچاوترین کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێک هێنا. ئەو کەسایەتی‌یە، عەبدوڵڵا حەسەن زادە, یەکێک لە رێبەرانی کورد و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە ساڵەکانی پەنجای سەدەی رابردووەوە دژی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا لە ئێراندا خەبات دەکا. حیزبەکەی رێبەرایەتیی یەکەمین حکوومەتی کۆماریی مێژووی کوردی کردوە کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کوردنشینی مەهاباد لە ئێران دامەزرا. ئەو کۆمارە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی شووڕەوی لە ئێران بە ساتوسەودایەکی گومانلێکراو لە نێوان شا و ستالین دا, رووخا.

**پرسیار:** سەرنجەکان ئەمڕۆ بە شێوەیەکی چڕوپڕ روویان لە ئێرانە و تین- هێنان (فشار) بۆ رێژیمەکەش لە زیادبوون دایە. دەنگوباسێکیش هەیە کە قسە لە گیروگرفتی نێوخۆیی و زیادبوونی ناڕەزایەتیی خەڵک دەکا. ئێوە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کوێی رووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران دان؟

**وەڵام:** ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نوێنەری بەشێک لە گەلانی ئێرانین, نەک هەموو ئێرانی‌یەکان. بەو حاڵەش ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بکەین, حیزبی ئێمە لەمێژینەترین و ریشەدارترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی شا و رێژیمی ئێستایە و لە مەیدانی کردەوەش دا یەکێک لە چالاکترین حیزبە ئێرانی‌یەکانە. لەگەڵ ئەوەش کە نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆری ئێرانی‌یەکان ناکا, پێگەو قورسایی‌یەکی گەورەی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌یەکانی ئێراندا هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە حیزب نەخشێکی کاریگەری لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێ. ئێمە پێشوازی لەو فشارە نێونەتەوەیی‌یە دەکەین کە دەخرێتە سەر رێژیم, چونکە لەم هەلومەرجەدا بە پشتیوانی‌یەکی مەعنەوی لە ئێرانی‌یەکانی دەزانین. بەڵام لەوە گرنگتر بۆ ئێمە ئەو یەکیەتیی بیروبۆچوونەیە کە ئەمڕۆ لە نێو گەلانی ئێراندا بەر چاو

دەکەوێ, دیارە مەبەستم یەکیەتی‌یەکی ڕێکخراوەیی لە کاری سیاسی‌دا نیە, بەڵکوو یەکیەتی‌یەکی گەلی‌یە کە ویستی ڕاستەقینەی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ و یەکیەتیی چارەنووس نیشان دەدا. لە ساڵەکانی پێشتردا خەڵکی ئێران بەسەر دوو دەستەی پاوانخواز و ڕیفۆرمخوازی نێو ڕێژیم دا دابەش ببوون, بەڵام ئەمڕۆ هەموویان گەیشتوونەتە باوەڕی تەواو بەوەی کە لە سێبەری ڕێژیمی ئێستادا هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی جیددی لەم وڵاتەدا بەدی نایە. بۆیە ئێرانی‌یەکان ئەمڕۆ بە یەکدەست کەوتوونەتە بەربەرەکانیی ڕێژیم و بوێرانە تەنانەت داوا لە ڕێبەری ڕێژیمیش دەکەن کە واز لە دەسەڵات بێنێ. ئەمە بەڵگەی باوەڕی هاوبەشی هەموو ئێرانی‌یەکان بە پێویستی‌یەکانی قۆناغی تازەیە. بۆیە دەتوانم بڵێم لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستادا دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ ئێرانی‌یەکان بەدی دەکەم.

**پرسیار**: باسی هەڵوێستی وەک یەکی ئێرانی‌یەکان بەرامبەر بە ڕێژیمت کرد. لەلای دیکەوە فشارێکی نێونەتەوەیی گەورەش بۆ سەر ئێران هەیە. ئێوە وەک هێزێکی لەمێژینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەوڵتان داوە بە کەلک وەرگرتن لەم هەلومەرجە لەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە جموجۆڵێک بۆ ڕێبەرایەتی‌کردنی ئەم قۆناغە وەڕێ بخەن؟

**وەڵام**: وەک دەزانین لە نێوخۆی ئێراندا هیچ دەرەتانێک بۆ کاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن نیە. دیکتاتۆریی فەرمانڕەوا ڕێگا بە تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن نادا بیروبۆچوون و دروشمەکانی هەرچی‌یەک بن. ئۆپۆزیسیۆنیش بە نۆرەی خۆی پەرش و بڵاوە و ڕێبەرایەتی‌یەکەشی لە دەرەوەی وڵاتە. بمانەوێ نەمانەوێ نەبوونی پێوەندیی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەنێوان ئەو هێزانە و کۆمەڵانی خەڵکدا شوێنەواری نالەباری دەبێ. دەبێ قبووڵ بکەین کە نەبوونی ئەو پێوەندی‌یە ڕاستەوخۆیە زیاتریش بۆتە هۆی پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانم بڵێم کە لە سایەی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ئێستادا هەوڵێکی جیددی بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەستی پێ‌کردوە بۆئەوەی لە ژێر چەتری هاوپەیمانی (ائتلاف)یەکدا کۆ ببنەوە کە بتوانێ جڵەوی کاروبار لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی ئێراندا بە دەستەوە بگرێ.

پێمخۆشە وەبیر بێنمەوە کە حیزبی ئێمە هەر ساڵێک دوای ئەوەی ئاخوندەکان هاتنە سەرکار, بانگەوازی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین کرد کە لە قۆناغی یەکەم - دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدینی خەڵق و چریکە فیدایی‌یەکان بگرێتە خۆی و دواتر هەمووان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام ئەو لەتلەت - بوونە کە کەوتە نێو ڕیزەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە, بەتایبەتی چریکەکانەوە هەوڵەکانی ئێمەی بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە پووچەڵ کردەوە. ئەمە بێجگە لەو هەموو زەبروزەنگ و ڕاونانەش کە لەلایەن ڕێژیمەوە خرایە سەر هەموو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان. بۆیە حیزبەکەمان بەو ئاکامە گەیشت کە لەو قۆناخەدا پێکهێنانی بەرە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: لە سێبەری ئاڵوگۆڕە تازەکاندا پێت وایە وەختی دامەزراندنی بەرەیەکی وا هاتوە؟

**وەڵام**: دیارە دەرەتانێکی باش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێک هاتوە و لە سێ لاوە ئێمە هەوڵەکانی خۆمان دەست پێکردوە: یەکەم, یەکخستنی ریزی هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان, دوایە هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسی‌یانە کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن, وەک ئازەری‌یەکان, بەلووچەکان, تورکمەنەکان و عەرەبەکان, سەرەنجامیش پێک - هێنانی هاوپەیمانی‌یەکی بەرینتر لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانییەکان. هەر ئێستاش هێندێ هەوڵ و پێوەندیمان لەگەڵ بەشێک لەو لایەنانە هەیە, کە هیوادارم لەمەودوا بەربڵاوتر بێت و بمان گەیەنێتە ئامانج.

**پرسیار**: پێش بینی دەکەن سیناریۆی ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لە وڵاتی ئێوەش دا دووپات بێتەوە و ئایا ئامادەن لەگەڵ پشتیوانیی دەرەکی لەو پێوەندی‌یەدا هاوکاری بکەن؟

**وەڵام**: هەر وڵاتێک تایبەتمەندی و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە ناکرێ یەک سیناریۆ لە هەموو دەوڵەتاندا بەڕێوە بچێ. ئێران و عێراق زۆر شتیان لێک جیایە. ڕێژیمی عێراق هەڵەیەکی سیاسیی گەورەی کرد بەوە کە کووەیتی داگیر کرد و وەک دیتمان گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیمی بەدوادا هات. ئەمریکاش بە نۆرەی خۆی بە هەڵە چوو کە بە بیانووی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ هێرشی کردە سەر ڕێژیمی عێراق و دوایەش نەی‌توانی بوونی ئەو جۆرە چەکە سابیت بکا. هەر ئەمە دەتوانێ دووپاتبوونەوەی ئەو سیناریۆیە دوور بخاتەوە. ئەمریکا توانی ڕێژیم برووخێنێ و دەستیشی خۆش بێ, بەڵام نەی‌توانی هۆیەکانی ئەو هێرشە بە دنیا سابیت بکا. ئەگەر ئەمریکا هێرش بۆ سەر ڕێژیمی عێراقی بە هێندێ شتی دیکە وەک پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی پاساو بدایە, سەرکەوتوو دەبوو. چونکە ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە کە هەموو ڕۆژێ لە سەرتاسەری عێراقدا دەدۆزرێنەوە, بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەو تۆمەتەن. بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو کێشەوهەرایە کە ئێستا لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە ئارادایە, پێم وانیە ئەمریکا بەو بیانووە هێرش بکاتە سەر ئێران.

**وەڵام**: ئێستا کە ئەو سیناریۆیە بە دوور دەزانن, ڕێگاچارە چیە؟ ئێوە ئامادەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیمی ئێراندا هاوکاری و بەشداری بکەن؟

**وەڵام**: ئێمە داوای دووپات بوونەوەی ئەو مەرگ و ماڵوێرانییەی لە عێراقدا رووی دا. لە وڵاتی خۆماندا ناکەین. ئەو وێرانییەی تووشی عێراق بووە بە کەمتر لە ٢٠ ساڵ قەرەبوو ناکرێتەوە, کەوابێ چۆن ئێمە بانگەواز بۆ دووپات بوونەوەی

لە وڵاتی خۆماندا دەکەین؟ پێموایە هیچ پێویستیش نیە لە دەرەوەڕا هێرش بکرێتە سەر ئێران. دەکرێ لە جیاتیی ئەوە، پشتیوانی لە ڕێژیمی فەرمانڕەوا رابگیرێو پشتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بگیرێ تا ئەوان بە پشت بەستن بە هێزی گەل لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەنگاری ڕێژیم ببنەوە. لەو حاڵەدا گومانم نیە کە لە ئێراندا ئاڵوگۆڕ پێک دێ بێ ئەوەی وڵاتەکە تووشی وێرانی ببێ.

**پرسیار**: بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێ بەرەنگاری ڕێژیمی سەددام ببێتەوە. داخوا ئێوە ئەوە توانایەتان هەیە کە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکەونە شەڕەوە؟

**وەڵام**: ئەگەر هێزە کوردییەکانی لێدەرکەین، ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز نەبوو. ئێمەش لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا کە داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی دەکەین بۆ ئەوەیە کە بتوانین هێزەکانی خۆمان ڕێک بخەینەوە و بۆ قۆناخی دواتر ئامادەیان بکەین. لە بیرت نەچێ سەددام حوسێن کە لە شەڕی ٨ ساڵەدا بەسەر ئێراندا زاڵ بوو، پشتی بە پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی نێونەتەوەیی قایم بوو, ئەگینا هێزەکانی ئێران و عێراق نابەرامبەر بوون. دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دابین ببێ، هیچ پێویستییەک بە شەڕ نابێ. ڕەنگە ئەمە چەند ساڵێک وەخت بگرێ، بەڵام ئەمە بۆ گەلانی ئێران لە وێران بوونی وڵاتەکەیان باشترە.

**پرسیار**: پێتوایە ئەگەر ئەم پشتیوانییە دابین ببێ، ئێرانییەکان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ ئامادەن؟

**وەڵام**: پێموایە ئێستا زەمینە بۆ خەباتی چەکدارانە دژی ڕێژیم ئامادە نیە. بەڵام ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە ڕێژیم رابگیرێ، دەکرێ لە ڕێگای نارەزایەتیی گەلییەوە (نافرمانی مدنی) ئەم ڕێژیمە بڕووخێندرێ، ڕەنگە ئەوە وەخت زۆر بگرێ, بەڵام گرنگ نیە.

**پرسیار**: ئەتۆ وەک سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموونی ئێرانی پێتوایە ڕێژیمی ئێستا خاوەنی چەکی ئەتۆمییە؟

**وەڵام**: ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکە بچین، بە تایبەتی کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ڕێژیمێکی ئایینییە، پێموایە ئەم ڕێژیمە بۆ بەرهەمهێنان و وەدەستهێنانی هیچ جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ و یەک لەوانە چەکی ئەتۆمی تەنەخی ناکا. چونکە قورئان کە بۆ ئەوان قانوونی ئەساسییە لە ئایەتی "وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة"دا داوای ئەوە دەکا. ئەمانە پاشەکشە لە بەرنامەی ئامادەکردنی هێز ناکەن و دڵنیام هەرکاتێک بۆیان بکرێ لێی ڕاناوەستن.

دیارە ئەمانە هەوڵ دەدەن بە گۆڕینی شوێنی دامودەزگا ئەتۆمییەکانیان سەر لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بشێوێنن. ئەوانیش هەروەک سەددام حوسێن بەشێک لە دامودەزگاکانیان گەڕۆکن و بەسەر ناوچەی جۆراوجۆریش دا دابەش کراون.

**پرسیار**: ئەتۆ بەدوور دەزانی کە ئێران پەروەندەی ئەتۆمیی خۆی ئاشکرا بکا و بیخاتە بەرچاوی پشکنەرە نێونەتەوەیی‌یەکان؟

**وەڵام**: هەرکەس پێی وابێ ڕێژیمی ئێران بەڕاستی مل بۆ داخوازە نێونەتەوەیی‌یەکان رادەکێشێ، بەهەڵە چووە. بەڵێ بۆ ئەوەی مەترسیی زەبرێکی سەربازی لەسەر خۆی لابەرێ سەر بۆ هێندێک لەو داخوازانە نەوی دەکا بۆ ئەوەی تووشی چارەنووسی سەددام نەبێ. هەربۆیەشە دەڵێ ئامادەیە هەموو زانیارییەکان لەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمەوە ئاشکرا بکا. بەڵام هیچ شتێک لەبارەی نیازی راستەقینە و بەرنامەی خۆیەوە نادرکێنێ. کاربەدەستانی ئێران شیعەن. ئێمەش دەزانین کە (تەقیە) یەکێک لە پایەکانی مەزهەبی شیعەیە کە ڕێگا دەدا ئەوان شتێک بڵێن و پێچەوانەی رەفتار بکەن. پاشان ئەوان ئەزموونی (صدام حسین)یشیان لەبەر چاوە. لە بیریانە کە سەددام بەرنامەکانیشی ئاشکرا کرد و هەر لێشی درا. راستە ئەوان هێندێ مل بۆ فشاری نێونەتەوەیی رادەکێشن و دەڵێن بەرنامە ئەتۆمییەکانیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام لەسەر یەک، مومکین نیە واز لەو بەرنامانە بێنن.

**پرسیار**: لەو قەیرانەدا کە ئێرانی پێدا دەڕوا، ئایا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا داوای لە ئێوە کردوە لەگەڵی بکەونە وتووێژ بۆ ئەوەی پێش بەرەنگاربوونەوەی دەرەوە، نێوماڵی خۆی ڕێک خاتەوە؟

**وەڵام**: لە وتووێژە چاپەمەنیی‌یەکانی رابردوودا زۆرجار گوتوومە کە راسپاردەکانی ڕێژیم لەبارەی وتووێژەوە قەت رانەوەستاون. هەموو جاریش ئێمە رەتمان کردۆتەوە. چونکە پێمانوایە ئەم ڕێژیمە بە هیچ جۆر غەیری خۆی قبووڵ ناکا و هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ئەو غەیرە لەنێو بەرێ. بڕوانە حکوومەتەکەیان. ئەوان دەست لە هەموو کاروبارێکی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان وەردەدەن، چ دەخۆن، چ دەخۆنەوە، چ دەبەر دەکەن؟ جا ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێژیمێکی وا چۆن ڕێ تێ دەچێ؟ پاشان سەرکەوتنی هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕێژیمێکی وا پێویستیی بە دێموکراسی و ئازادی هەیە، دێموکراسییش لە نێوەرۆکی فکری ئەم ڕێژیمەدا جێگای نیە. کەوایە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمێکی وا بۆ نەجات دانی لە قەیران چ مانایەکی دەتوانێ هەبێ؟

**پرسیار**: ئێوە ئامادەی قبووڵی پشتیوانیی ئەمریکا یان هێزی نێونەتەوەیی دیکە بۆ گۆڕین لە ئێران دان؟

بەشی: یەکەم

**وەڵام**: ئێمە داوا لە هەموو دەوڵەتانی دنیا دەکەین پشتگیریی خۆیان لە ڕێژیمی ئێران رابگرن و لە جیاتی ئەوە پشتیوانی لە بەرێوەچوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکەن, پشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لە ئێراندا بگرنو فشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر رێژیم زیاتر بکەن. دیارە مەبەست فشاری ئابووری بۆ برسیکردنی گەلانی ئێران نیە، بەڵکوو راگرتنی پشتیوانیی سیاسی و نیزامی بۆ ئەو رێژیمەیە، تا ئێرانییەکان رێگای خۆیان بەرەو رزگاری بگرنە بەر.

ئێمە بە نۆرەی خۆمان پێشوازی لە هەر پشتیوانی‌یەک بە قازانجی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا دەکەین و ئامادەی هاوکاری و هەنگاورێکخستنی سیاسی و دیپلۆماسی لەو بوارەداین. بەڵام خوازیاری وێرانیی وڵاتەکەمان نیین و پێمانوایە گۆڕانی ئێران دەبێ بە دەستی ئێرانی‌یەکان بێ. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین, تەنیا پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ چالاکترکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی‌یە.

تێبینی: ئەم وتووێژە بە سێ زمانی ئیتالیایی, ئینگلیسی و عەرەبی لە AKI دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤١٣



سەرچاوە
Serchawe

## لەپەراوێزی سیاسەتدا، وتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### سازدانی، هومەن مەردانی

عەبدوڵڵا حەسەنزادە جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی کوردە و زۆرتر سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، لە بواری ئەدەبییشەوە کەسایەتییەکی ناسراوە و زۆربەی کەسایەتی و ناوەندە ئەدەبییەکان، بەرهەم و وەرگێڕدراوەکانی بە بەرهەمی سەرکەوتوو وەسف دەکەن و پێیان وایە زمانێکی ساکار، شیرین و رەوان بەکار دێنێ و بگرە زۆر لە نووسەر و وەرگێڕەکان خوازیای ئەوە دەخوازن کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەرهەمی زیاتری ئەدەبی هەبووایە. وەرگێڕانی رۆمانی "گێلە پیاو"، "دان چەرموو" کۆمەڵە چیرۆکی "هەتاو"، کتێبی " کوردستان و کورد" نموونەیەکن لە وەرگێڕانەکانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە. هەروەها هەندێک چاودێری ئەدەبی پێیان وایە کە کتێبی "نزا بۆ ئارمێن" یش کە بەناوی خوازراوەوە بڵاو بۆتەوە، لەلایەن ئەوەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. لە پەراوێزی سیاسەت و لە وتووێژێکی ئەدەبیدا، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی رێنێسانسی دایەوە.

**هومەن مەردانی: با لەوەوە دەست پێبکەین کە ئێوە چۆن هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە؟**

بەباوەڕی من بەشی زۆری ئەو هۆیانە کە نووسەران و هونەرمەندان لە وەڵامی پرسیارێکی لەو بابەتەدا باسیان دەکەن چەندین ساڵ دوای هاتنیان بۆ نێو دنیای ئەدەب و هونەر بەمێشکی ئەو ئازیزانەدا هاتووە و لەراستیدا رۆژنامەنووسەکان ناچاریان دەکەن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەگینا هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک لەسەرەتای کاردا بیر لەوە ناکاتەوە کە بۆچی روو دەکاتە ئەو مەیدانە. مەسەلە هەر ئەوەیە کە ئەوکاتەی بەهرەیەک لە هەناوی مرۆڤێکدا هەیە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەرەو ئەو بوارە کە پتر ئۆگرییەتی دەکشێ و زۆر دواتر هەستی وەخەبەر دێ و ئەمجار بە وشیارییەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی دەکەوێتە کار.

کەوایە ئەمنیش زۆر پێش ئەوەی بۆ خۆم بزانم و بەپێی هێزێکی سروشتی کە پێموایە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە بەرەو هونەری شێعر و گۆرانی و مووزیک و بەگشتی جوانییەکان کشاوم و لەو بوارانەدا کە هەم حەزم لێیان بووە و هەم دەرەتانم بۆ ڕەخساوە، چوومە پێش. ئێستا گەیشتوومە کوێ؟ بۆخۆم نە هەستی پێدەکەم و نەهەقم هەیە قسەی لێبکەم.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**هومەن مەردانی:** هەتا ئەو جێیەی بزانم پسپۆریی جەنابتان بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕان و زمانەوانیدایە. دەکرێ بڵێن ئەو هۆیانە چی بوون کە ئێوەیان هان دا بۆ وەرگێڕان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێشدا پێمخۆشە ئەوە روون بکەمەوە کە ئەمن لە بوواری زمانەوانیدا نەک هەر پسپۆر نیم، بگرە شارەزاییەکی جێی باسیشم نیە و قەتیش حەز ناکەم زیاد لەوەی هەم بۆخۆم ئیددیعا بکەم یان خەڵکی دیکە مایەم بۆ دانێن. بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش وا تێدەگەم پێش هەموو شتێک ئەو ئۆگرییە سروشتییە کە گوتم لە ئینسانەکاندا هەیە هاندەرم بووە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ وەرگێڕاندا هاندەر و پاڵنەرێکم هەبووە. بۆ نموونە لە یەکەمین کاری بەرچاوی وەرگێڕانمدا کە وەرگێڕانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بوو، هاندەرەکەم ئەوە بوو کە بەغەدرم دەزانی کتێبێک لەسەر کورد بە دەستی کورد نووسرابێ، بەڵام بە زۆر زمانی بیگانە هەبێ و بەزمانی کوردی نەبێ و بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێخەبەر بن. لە بەشیکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هۆیەکە ئەوە بووە کە بۆخۆم هەرچەند ئەوکاتەی هاتمە نێو دنیای وەرگێڕان لە عێراق دەژیام، بەڵام بەرهەمەکانم بە فارسی دەخوێندنەوە و چونکە دەمزانی زۆربەی خوێنەرانی کوردی باشوور - هەرنەبێ ئەودەم - فارسی نازانن پێم حەیف بوو ئەو شتانە کە بۆخۆم پێم جوان بوون و چێژم لێوەردەگرتن نەکەونە بەرچاوی خوێنەرانی کوردی باشوور. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەودەم لە ڕۆژهەڵات ژیابام لەوانە بوو بیر لە وەرگێڕانی ڕۆمان و کورتەچیرۆک نەکەمەوە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەمن زۆر پێش ئەوەی دەست بەکاری وەرگێڕان بکەم لە مەیدانی نووسیندا چالاک بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر لەسەدی نەوەدی نووسینەکانم بەبێ ناو یان بەناوی خوازراو بڵاو بوونەوە زیاتر وەک وەرگێڕ ناسراوم.

**هومەن مەردانی:** بەڕای زۆربەی خوێنەران و ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی کوردین ئێوە زمانخۆشترین وەرگێڕی کوردی بوون لە بوواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا جا چ ڕۆمان بێت یا کورتە چیرۆک. ئەگەر دەکرێ هۆی سەرکەوتنتمان هێندێ بۆ ڕوون بکەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن قەت نەمگوتوە سەرکەوتووم تا هۆیەکانی سەرکەوتنم ڕوون بکەمەوە. ئەگەر شارەزایانێک پێیان وابێ ئەمن سەرکەوتووم - کە دیارە زۆری پێ سەربەرز دەبم - هەق وایە لەوان بپرسرێ. بەڵام ئەوە کە زمانی نووسین و وەرگێڕانم خۆشە - کەوا بزانم هەقیقەتێکی تێدایە - بۆخۆم هۆیەکەی لەوەدا دەبینم کە ئەمن بەزمانی خەڵکی ساکار و تەنانەت نەخوێندەورای کوردەواری دەنووسم، ئەوانە کە لەنێو هەموو گەلاندا بەسەرچاوەی زمانی پوختوپاراو و ڕەسەن

دەناسرێن. جا چونکە ئەو زمانەش دەگەڵ "میزاجی کوردەواری" سازگارترە هەستم کردوە هەموو ئەوانەی میزاجە کوردی-یەکەیان تێک نەچووە حەزی پێدەکەن.

**هومەن مەردانی**: ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەیان بەرەو وەرگێڕانی ڕۆمانی "ئینجە مەمەد" برد کە شاکاری گەورە نووسەری کوردستانی باکوور "یەشار کەماڵ"ە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا گوتم لێرەشدا ڕاستە، نووسەرێکی کورد ڕۆمانێکی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە کە هەم لە نێو کارەکانی خۆیدا بە شاکار دەناسرێ و هەم بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانییە، کەچی بەشێکی یەکجار زۆر لە خوێنەرە کوردەکان لێی بێبەشن. بۆیە ئەمە هاندەرێکی گەورە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم. بەڵام جگە لەوەش هێندێ پاڵنەری دیکە بۆ ئەم کارەم لەئارادا بوون. ڕۆمانی "ئینجە مەمەد" یان " حەمەدۆک"ەکەی خۆمان، جگە لەو پانوراما وەستایانە و شیرینە کە لە کۆمەڵی کوردەواری کێشاوەتەوە، هەر لە بەرگی یەکەمدا - کە ئەودەم پێم وانەبوو بەرگی دیکەی بەدوادا دێن- باسی قوناخێکی تایبەتی لە ژیان و بەسەرهات و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری دەکا و بڕگەیەک لە بڕگەکانی خەباتی چەوساوەکان بەدژی زۆرداران "ئەویش لەو تابلۆ جوان و دڵگرەدا" دەخاتە بەرچاو. لە بەرگەکانی دیکەدا هەنگاوێکی گەورەتریش بەرەوپێش هەڵ دێنێتەوە و تابلۆیەکی ڕەنگین لە هاودڵی و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریمان بۆ دەکێشێتەوە کە بە باوەڕی من بۆیە دەبێ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لێی فێربن و دەرسی لێوەرگرن.

ئەمانە و هێندێ شتی دیکەش و لە هەمووان پتر شیرینیی دەربڕین و داڕشتنی ئەو شاکارە مەزنە منیان هان دا تا ئەو بەرهەمە بکەمە دیاری بۆ خوێنەرە کوردە هاوزمانەکانم. بەداخەوە چونکە تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی نەکراوەتە فارسی بۆم نەڕەخسا کارەکە تەواو بکەم. بەڵام وەک مزگێنییەک بۆ دۆستانی "حەمەدۆک" پێمخۆشە ئاشکرای بکەم کە هەرئێستا دۆستیکی بەڕێزم کە کوردی جوان دەنووسێ خەریکە لە زمانێکی ئورووپاییەوە بیکاتە کوردی. با ئەم ئاشکراکردنە هاندەرێک بێ بۆ ئەوەی ئەو دۆستەشمان زیاتر لە غەمی تەواوکردنی وەرگێڕانەکەیدا بێ.

**هومەن مەردانی**: پێشتر هێندێ لە کتێبەکانی یەشار کەماڵ لەلایەن شوکور مستەفاوە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی کوردی، ئاستی زمانی وەرگێڕان چۆن دەبینن لەم بەرهەمانەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مامۆستای نەمر شوکور مستەفا هەم پێش من و هەم دوای من هێندێک بەرهەمی یەشار کەماڵی کردوونە

کوردی و جگە لەوانەش ئەو نەمرە بەرهەمێکی بەنرخی لە نووسین و وەرگێڕان لە پاش خۆی بەجێ هێشتوە. مامۆستا شوکور هەم کوردیزانێکی بەتوانا بوو، و هەم تورکی‌یەکی باشی دەزانی، بەداخەوە ئەو نووسەر و وەرگێڕە بەدەسەڵاتە زۆر پێش-وەخت ماڵاوایی لەگەل و وڵاتەکەی کرد، ئەگینا دەبوو داوا لەو بکرێ کە کارەکانی من لەو بووارە دا بخاتە بەر سەرنج و هەڵیانسەنگێنێ، نەک بە پێچەوانە.

**هومەن مەردانی**: یەکێ لە بەرهەمەکانی تری ئێوە ڕۆمانی "دان چەرمووو" لە نووسینی گەورە - نووسەری ئەمریکایی "جەک لەندەن"ە. چۆن بوو بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کەوتە ناو زەینتان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دوو شت یکجار زۆر سەرنجیان ڕاکێشام: یەکەمیان توانای ئەو نووسەرە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و تەنانەت کێشانەوە و نیشاندانی هەستی هەموو ئەو گیانلەبەرانە بوو کە لەم ڕۆمانەدا نەخشی پێ سپاردوون. خوێنەری وردبین لەکاتی خوێندەوەی "دان چەرموو" دا هەست دەکا نووسەر چۆتە نێو هەناوی یەک بەیەکی ئەو گیانلەبەرانە و هەموو هەستە حەیوانی‌یەکانیانی بە کامێرا وێنە کێشاوە و بەرێکوردەر تۆماری کردوە، تەنانەت هەست دەکا نووسەر بۆخۆی بە نۆرە چووتە کەوڵی هەرکام لە" قارەمانەکانیەوە و بۆتە یەکێک لەوان.

دووەمین شت کە بەڕاستی سەرسامی کردم زەقکردنەوەی زۆر وەستایانەی ڕۆڵی پەروەردە و بارهێنان بوو. جەک لەندەن لە دووتویی ڕۆمانێکدا کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو بە دووای خۆیدا بەکێش دەکا بێ ئەوەی ماندووی بکا، پیمان نیشان دەدا کە پەروەردەیەکی دروست و بە تایبەتی پەروەردەیەکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و مێهرەبانی چۆن دەتوانی حەیوانێک بکاتە بوونەوەرێکی شەریف و تەنانەت پیرۆز و بە پێچەوانەش پەروەردە و ڕاهێنانێکی نادروست چۆن دەتوانی مرۆڤێک بکاتە پیسترین و خەراپترین درندە. ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران تێگەیشتنی منیان لەو ڕۆمانە هەبێ و بەشێکی دیکە دەگەڵم نەبن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو خوێندنەوەیە هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانی ئەو شاکارەی "جەک لەندەن".

**هومەن مەردانی**: ئێوە بارودۆخی ئێستای وەرگێڕان لە باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کامانەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەرچی بەداخەوە بە زۆر هۆ ئاگاداری‌یەکی تەواوم لەسەر بارودۆخی وەرگێڕان لەم بەشەی کوردستان-دا نیە، بەڵام هەر ئەوەندە کە لێی ئاگادارم بەسە بۆئەوەی بڵێم جموجۆڵێکی جێی دڵخۆشی لەو مەیدانەدا هەیە. بێجگە لە دەزگای وەرگێڕان (لە هەولێر) و خانەی وەرگێڕان (لە سلێمانی) زۆربەی دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چ دەوڵەتی و چ

بەشی: یەکەم

تایبەتی ئاوڕیان لەم بووارە داوەتەوە و زۆر کەسیش لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی وەرگێڕاویان بڵاو کردۆتەوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ئێستا هەر ساڵێک بە ئەندازەی دەساڵی جاران بەرهەمی وەرگێڕراو چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کە دیارە ئەمە خاڵی بەهێز و جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە.

ئەگەر بمەوێ لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاماژە بەخاڵە لاوازەکانی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێستای باشووری کوردستانیش بکەم، ئەم چەند خاڵەم لەلا زەق دەبنەوە: یەکەم لە وەرگێڕانیشدا هەر وەک نووسین بێسەرەوبەرەیی لە زمان و ڕێنووس و ڕێزماندا بەرچاو دەکەوێ کە ئارەزوو دەکەم مشووری لێبخورێ. دووەم: وام دێتە بەرچاو کە بەشێک لەوانەی لە زمانی فارسییەوە تەرجەمە دەکەن، بەپەلەن و پێش ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بەسەر زمانی فارسیدا پەیدا بکەن، ئەسپی خۆیان لە مەیدانی وەرگێڕاندا تاو دەدەن، کەپێموایە زیان لە زمانیش و ڕووحی بەرهەمەکەش دەدا. سێیەم: تا ئێستا جێی زۆر لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە. چوارەمیش ئەوەیە کە وادیارە ئەو پاداشەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەیدەن بە نووسەران و وەرگێڕان کەمە و هانی قەڵەمبەدەستان نادا کە خۆیان لە قەرەی کاری گەورە بدەن.

**هومەن مەردانی:** ئێوە تاچەندە سەرسامن بەکارەکانی ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشڕەف دەرویشیان دوو کەس لەناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئێران؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە بەشێک لە نەهامەتییەکانی نەتەوەی کوردە کە لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی هەر وەک نموونە زەهاوی، بێتوشی، محەممەدی قازی، ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشڕەفی دەرویشیان ناچار بوون هەموو، یان بەشی هەرە زۆری بەرهەمە فکری و ئەدەبییەکانیان - دانان یان وەرگێڕان - بەزمانێک غەیری زمانی خۆیان بدەنە دەرەوە. ئەو دوو کەسەی ناوتان بردن هەر دووکیان جێگای شانازیی ئەدەبیاتی فارسی و لەباری نێوەرۆکەوە مایەی شانازیی کوردیشن، بەڵام هیچ بەگوناحی نازانم ئەگەر بڵێم ئارەزووم دەکرد ناویان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشابایەوە و کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە فکرییەکانیان ڕازابایەوە.

**هومەن مەردانی:** ئەدەبی کوردی هەنووکە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە. دەکرێ لەسەر ئەم تەوەرە کورتە باسێکمان بۆ بکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی کە ئەدەبی کوردی پێویستیی بەدەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە نابێ وا لێک

بدرێتەوە کە کورد بۆخۆی هیچی نیە و هەردەبێ لە خەڵکی دیکە بخوازێتەوە، بەپێچەوانە کورد لە کۆنەوە خاوەنی بەرهەمی بەنرخی فکری و ئەدەبی بووە و بەباوەڕی من یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگ و هەنووکەیی‌یەکانی ئەدیبان و ڕووناکبیرە بەتواناکانمان ئەوەیە کە تێبکۆشن بەرەبەرە بەرهەمە فکری‌یەکانی کورد وەرگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە تا خەڵکی دنیا بزانن کوردیش قسەی خۆی هەیە و هەر چاولەدەستی گەلانی دیکە نیە.

بەڵام پێداویستیی شارستانەتیی مرۆڤ حوکم دەکا کە هەموو نەتەوەکان لە کانیاوی فکرو ئەندیشەی گەلانی دیکە جۆگە هەڵبەستن و مەزرای بیرو هۆشی خۆیانی پێ تێرئاو بکەن. هیچ نەتەوەیەک بێنیاز لە گەلانی دیکە نیە و هیچ نەتەوەیەکیش نیە کە شتێکی بەکەلکی بۆ بازاری فکر و کەلتووری جیهانی پێ نەبێ. لەو نێوەدا سروشتی‌یە کە نەتەوەی کورد بەحوکمی ئەو بەجێمانە کە لەلایەن بیگانەوە بەسەری‌دا سەپاوە پێویستیی بە هەڵێنجان لە دەریای ئەدەبی جیهانی پترە. هەر بۆیە لە وەڵامی یەکی دیکە لە پرسیارەکان دا ئاماژەم بە جێگای بەتاڵی هێندێ شاکاری ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردی‌دا کرد.

**هومەن مەردانی**: وەرگێڕی باش کێیەو بەرهەمی وەرگێڕراوی باش کامەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو کەسەی دەست بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبا بۆ سەرکەوتن لە کارەکەی-دا پێویستە هەر دوو زمانەکە باش بزانی. باش فێربوونی زمانیش بە باوەڕی من تەنیا بەدەرسی قوتابخانە و خوێندنەوەی فەرهەنگی زمان بەدەست نایە. بۆئەوەی شارەزای وەردکاری و کەلێن و قوژبنی زمانێک بین دەبێ لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆری ئەو نەتەوەیەدا کە قسەی پێ دەکەن ژیابین، یان هەر نەبی لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی تێرو تەسەلی بووارە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیەوە شارەزایی‌یەکی باشمان لە ئەدەبی گەلی و مەجاز و کینایە و تەوسوپلار و تیروتوانجی نێو زمانەکە پەیدا کردبێ.

پاش ئەو دوو مەرجە دەبێ پیاو هونەری وەرگێڕانیش بزانی و تەنانەت زەوق و سەلیقەی وەرگێڕانیشی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستی‌یە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دوو زمان و زیاتر دەزانن و باشیشیان دەزانن چەند هێندەیَ وەرگێڕەکانە ئەودەم بەئاسانی تێدەگەین کە وەرگێڕان هونەرێکی جیا لە زمانزانینە، بە واتەیەکی دیکە، هەموو وەرگێڕێکی بەڕاستی زمانزانە بەڵام هەموو زمانزانێک وەرگێڕ نیە.

بۆ ئەوەی وەرگێڕێک سەرکەوتوو، یان بڵێین سەرکەوتووتر بێ ئەو مەرجەش هەیە کە ئەگەر بۆ نموونە ڕۆمانێک وەردەگێڕێ



سەرچاوە
Serchawe

بتوانێ بەزمانی هەرکام لە قارەمانەکانی بدوێ. قسەکردن لە زمان زانایەکەوە بە زمانی کەسێکی ساویلکە و نەزان چەندە ناشیرینە، قسەکردن لە زمانی بابایەکی ساویلکەوە بە زمانێکی فەیلەسووفانەش ئەوەندە و بگرە زیاتریش ناحەزە.

چونکە وەرگێران بەرهەمی کاری وەرگێڕە، ڕەنگە بۆ قسەکردن لەسەر وەرگێڕراوێکی باش ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدا بێ و ڕەچاویشی کردبن. بەڵام پێمخۆشە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە وەرگێڕراوێکی باش ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکە هەست بەوە نەکا کە وەرگێڕانە. دیارە ئەوانەی باس کران بەشێک لەو مەرجانەن کە بۆ وەرگێڕان پێویستن و شارەزایان زۆر شتی دیکەیان هەیە لێی زیاد بکەن.

**هومەن مەردانی**: ڕەوتی ئێستای ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەگەڵ ئەوەی بەداخێکی گرانەوە ئاگاداری تەواوم بەسەر بزووتنەوەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە، لە قووڵایی دڵەوە شانازی بەو ڕەوتە پڕسەرەوەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێیان خستوە و بەرەو پێشی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هەموو کەندوکۆسپە کە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەخرێتە سەر ڕێگایان و ئەو هەموو بێ ئیمکاناتییە و لەوانەش گرنگتر ئەو پاڵەپەستۆیە لەبەرچاو بگرین کە دەزگا پۆلیسییەکان دەیخەنە سەریان تێدەگەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئازێزانە چەندە بەنرخە. لەڕاستیدا ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەقیمەتی گیان بە بەخشینی سەروماڵ ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییەیان لەسەر پێ ڕاگرتوە.

زۆرجار ئەمن دەڵێم ئەوەی ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵات هەیانە ئازادییەک نیە کۆماری ئیسلامی پێی بەخشیبن، بەڵکوو ئازاییەکە کە بەسەر کۆماری ئیسلامییاندا سەپاندوە. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە هێشتا لاپەڕەکانی بەشی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانیان پەڵەی شەرمی پێبهەڵاگوتنی کاربەدەستانی ڕێژیمیان پێوە دیار نیە، باشتر گەورەیی ڕووحی ئەو ڕووناکبیرانەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیشیان هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند ئەزموونێکی کەمیان هەیە و هەمووی بیستساڵێکە دەستیان پێکردوە، بە باوەڕی من تێکڕای کارەکانیان لەکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەیان لە پشتە نامێنێتەوە.

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕێنێساس

بەشی: یەکەم

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێران حکوومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت

دیمانە هیوا سەلیمی

**هیوا سەلیمی**: هەروەک خۆشتان ئاگادارن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەکانی رابردوودا خاوەنی هێز و نفووزێکی زۆر لە ناوچەکەدا و هەروەها خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی بەهێزی مەعنەوی لەلانی کەم بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی بووە. کەچی ئێستاکە بە پێچەوانە باس لەوە دەکرێت کە ئەم کاریگەری و نفووزە روو لە کزبوونە. رای ئێوە لەم بارەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئاواتمان ئەوە بێ کە نفووزی کۆماری ئیسلامی لەلای وڵاتانی دراوسێ روو لەکزی بێ، بەڵام پێموایە ئەمەیان زیاتر لەنێوخۆی وڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە لەبەرئەوەی لە نێوخۆی وڵات، خەڵک تەنیا دروشمەکانی حکوومەتی ئێران نابیستێ، بەڵکوو رەفتار و کردەوەی ئەو سیستەمە دەرحەق بەخۆی دەبینن و بەهەمموو وجوودیانەوە ئەو زوڵم و زۆرە دەچێژن، بۆیە بەبێ گومان نفووز و خۆشەویستیی ئەو رێژیمە لەپێش چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بەهەموو حیزبە سیاسییەکانیەوە، بەهەموو بیروباوەرە ئایینی و مەزهەبییەکانەوە زۆر زۆر دابەزیوە. بەڵام لەنێو خەڵکی وڵاتەکانی دەوربەر و رای گشتیی ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی ئەوانەی لەباری مەزهەبییەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکن، یانی شیعە مەزهەبن، باوەڕ ناکەم ئەوە لە کەمیی دابێ، لەبەرئەوەی ئەوان دروشم و قسەکانی ڕێبەرانی ئەو نیزامە دەبیستن، بەڵام ئاگایان لە کردەوەکانی نیە، کردەوەکانی روویان لەوان نیە و تەنانەت پێچەوانەی ئەو بابەتەشە. لە رووبەروبوونەوە لەگەڵ حەماسی فەلەستین، لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبناندا نەک هەر زوڵموزۆری بۆیان نیە بەڵکوو پشتیوانییشیان لێدەکاو لەباری مادییەوە و لە باری سەربازییەوە، بەهێزیان دەکا. بۆیە وێ ناچێ لە نێو ئەواندا نفووزی هاتبێتە خوار. بە شێوازێکی دیکە، بڵێین، ڕەنگە لەلای دەوڵەتەکانی دراوسێ دیسانەکە ئەو نفووزە هاتبێتە خوارێ بە هۆکاری ئەوەی ئەو دەیهەوێ دەست لە کاروباریان وەردا، دەیهەوێ خەڵکیان لێ هان بدا، ئەمە ڕاستە بەڵام لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەو وڵاتانەی دراوسێ، ئەمن لەو بڕوایەدا نیم کە نفووزی هاتبێتە خوار.

**هیوا سەلیمی**: بەردەوام ئەم مەسەلە دووبارە دەبێتەوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، حکوومەتی ئێران یەکێک لە کارەکتێرە چالاکەکانی ساحەی سیاسیی عێراق بووە و هەیە. وەک ئێوە ئاگادار بن ئەو دەستتێوەردانە لە چ ڕێگاگەلێکەوە ئەنجام دەدرێ و ئامانجەکان و ستراتژییەتی ئەم سیاسەتە کامانەن؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە هیچمان لە تەواوی چەندوچوونی دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق یان وڵاتانی دیکەی دراوسێ یان لە وڵاتانی دوورتر ئاگادار نین. بەڵام، لە نەوعییەتەکەی ئێمەش و خەڵکی وڵاتانی دراوسێش ئاگادارین. ئەم دەست - تێوەردانە لە کاروباری وڵاتان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێگای جۆراوجۆری هەیە، پێش هەمووشتێک هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد ئەو نفووزە مەزهەبی‌یە کە حکوومتی ئێران هەیەتی و هەروەها ئەو پڕوپاگەندە زۆر فریودەرانەی کە حکوومەتی ئێران بەناوی دین و خواو ئەڵڵاوە دەیکا توانیویەتی لەسەر خەڵکی بەبیرو باوەڕی مەزهەبی لەگەڵ ڕێژمدا بۆ هەموویان کاریگەر بێ. بەڵام هەوڵ دەدا نفووز لەسەر ئەوانە دابنێ و بتوانێ بەلای خۆیدا رایانبکێشێ و بەدژی دەوڵەتەکان هانیان بدا، یا دەوڵەتەکان رەفتارەکەشیان جۆرێک نەبێ کە بڵێین خەڵکەکەیان هەمووی لێی رازین. دەست- تێوەردانەکە دەگەیەنێتە ئەوەی کە هەندێک گرووپی وابەستە بەخۆی دروست بکا، پارەیان بداتێ و بیهەوێ لە وڵاتەکەی خۆیاندا ئاژاوەیان پێ ساز بکا، ئەم سیاسەتە بەرەو ئاستێک بەرێ کە ئەم گرووپ و ئەو گرووپ و ئەم حیزب و ئەو حیزب و تەنانەت دەوڵەتەکان لە دژی یەکتر بوەستنەوە. جگە لەوەش ئێستا ئیتر بۆ کەس شاراوە نیە کە بە ڕێگای جۆراوجۆردا تەنانەت چەک بۆ هەندێک وڵاتان دەنێرێ، نەک هەر بۆ وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکوو بۆ وڵاتانی دوورێش، بۆ نموونە ئێمە تەنانەت دەبینین و دەبیستین کە لە هوڵەندا کەشتی دەگیرێ کە مووشەکی ئێرانیی پێیە. بە گشتی ئەم سیاسەتە جۆراوجۆرە و هەموو لایەنە مەعنەوی و ئابووری و دارایی سەربازی‌یەکان دەگرێتەوە.

**هیوا سەلیمی**: ئەم سیاسەتە لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆنە؟ بۆ وێنە دەبینەدری ئەمڕۆ ڕێکەوتنێک لە نێوان حکوومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی دەکرێ و کەچی سبەینێ ناوچە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لە سیغەی ئەو ڕێکەوتننامانە کە لە نێوان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستاندا ئیمزا دەکرێن ئاگادار نیم و نازانم چۆنن، بەڵام بەداخەوە پێم‌وایە ئیستاشی لەگەڵ بێ، کۆماری ئیسلامی بە هەموو سیاسەتی فریودەرانە و دووڕووانەی خۆیەوە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەرەف نیە، بەلکوو بەناوی حیزبەکانەوە هەندێک ڕێککەوتن ئیمزا دەکا، لەگەڵ پارتی لەگەڵ یەکیەتی لەگەڵ حیزبێکی دیکەو ئوسوولەن دان بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نانێ هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاسایی‌یە و شتێکی دەستووری‌یەو دەوڵەتەکەی خۆی بەرەسمی ناسیویەتی و لە گرنگترین قانوونەکانی وڵاتی عێراقدا کە بریتی‌یە لە دەستوور یان وەکوو لە ئێراندا دەڵێن یاسای بنەڕەتی، ئەمە دەکا. دواتریش بۆ هەمووان دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو کەس فرتوفێڵی هەیە بەڵام لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە روانگەیەکی دەسەڵاتدارانە و خۆبەزلزانی‌یەوە رەفتار دەکا. زۆر جار دەبینین نوێنەری حکوومەتی ئێران لە هەرێمی کوردستانە و هەر لەو کاتەدا تۆپخانەکانی حکوومەتی ئێران، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن. یان



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

بەپێچەوانە دەبینین نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم بانگهێشتنی ئێران کراون و نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە تارانن و بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێرە تۆپباران دەکرێ. گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، ئەو وەختەی کە دۆستایەتییشی دەکا بۆ ئەوەیەتی لە رێگای دۆستایەتیەوە زەربەیەکی لێبدا. قەت نایەوێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر ببێ و لەجیگەی خۆیدا راوستێ چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران دژی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردن لە هەر جێگایەکی کوردستان بێ.

**هیوا سەلیمی**: ئێوە باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی ئێران چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، بەبڕوای ئێوە هەبوونی کیانێکی سیاسیی کوردی لە عێراق تا چەند توانیویەتی و یان دەتوانێ کارێگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەت لەسەر ڕۆژهەڵات دابنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر ئاڵوگۆڕێک لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا پێکبێ، بەباش و بەخراپ بە دەستکەوت و بە نوشستیهێنان تەئسیرێکی ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە. ئاشکرایە بەشەکانی کوردستان هەموویان بەشی یەک وڵاتن. بەشی یەک میللەتن کە بەخۆشی و ناخۆشیی یەکتر بەدڵنیاییەوە دڵخۆش یان دڵگران دەبن. بە سەرکەوتنی یەکتر خۆشحاڵن و بە نوشوستییەک کە بەسەریان بێ، تێک دەچن و نارەحەت دەبن. دەتوانن لە ئەزموونەکانی یەکتر دەرس وەربگرن، سەرکەوتنی لایەکیان دەتوانێ ئومێدێک بە سەرکەوتنی لایەکی دیکە فەراهەم بکا. بەڵام هەر وەکوو باست کرد شوێندانانی ئەو دوو بەشەی کوردستان واتە باشوور و ڕۆژهەڵات لەسەر یەکتر ، بەرچاوترە لە شوێندانانی ناوچەکانی دیکە لەسەر یەکتر، بە هۆکاری ئەوەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی بەرینتر و پتەوتر لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەبووە. ڕەنگە زۆر هۆکار هەبن، یەکێکیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچەیەدا بووە کە هەم پێکەوە هاوسنوورن، ئەو سنوورە دەستکردە کە دروست بووە، هەم لەباری لەهجەی زمانییەوە و هەم لەباری مەزهەبییەوە یەکن. هەر دووکیان ئەوەی بەشێوەی عام دەڵێن سۆرانی زمانن، هەردووکیان کەوتوونەتە ناوەندی کوردستانەوە. پاشان لەوەختی تەنگانەدا لە کوردستانی ئێران کە فشارێک هاتوە خەڵک پەنای بۆ ئەم بەشەی کوردستان هێناوە. لە باشووریش بەپێچەوانە کە فشاریان بۆ هاتوە روویان کردوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دووانە کارگەرییان لەسەر یەکتری زیاترە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئەوەی زیاتریش بێ هەر ناڕاستەوخۆیە. ئاڵوگۆڕ لە تاران تەئسیری ڕاستەوخۆی لەسەر کرماشان و سنە و ورمێ و نەغەدە هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ لە سلێمانی لەسەر مەهاباد شوێنەوارەکەی ناڕاستەوخۆیە، لەبەرئەوەی کە بەشێک لە وڵاتێک نین بەشێوەی رەسمی، بەس بەهەرحاڵ تەئسیری هەر دەبێ.

بەشی: یەکەم

**هیوا سەلیمی**: وەک خۆشتان ئاگادارن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق نزیک دەبینەوە و هەڵمەتی ئیعلانی ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردوە. نەبوونی هاوەدەنگی‌یەکی تۆکمە لە نێوان لیست و قەوارە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەگەرەکانی لاوازبوونی پێگەی کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردانی عێراقی زیاد کردوە. لە ئەگەری ڕوودانی ئەم حاڵەتەدا چ کاریگەری‌یەک لەسەر پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیی نیشتەجێ لە کوردستانی باشوور دادەنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هاودەنگنەبوونی کوردەکان لە پارلمانی عێراقدا - هیوادارم قەت شتی وا نەیەتە پێشێ -، زیان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ کە ئەو زیانە ئەگەر بەشێوەی ناڕاستەوخۆشە، زیانە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. دیارە ئەمن لەو بڕوایەدام لە پارلمانی عێراق کوردەکان هەرچەند بەچەند لیستیش بچنە نێو هەڵبژاردنەوە، لەوێدا لەسەر پرسی نەتەوەیی لێک جیا نابنەوە بەڵام، لەهەر حاڵدا و بە باوەڕی من ئەگەر بەیەک لیست ببوونایە وەزنێک و قورسایی‌یەکی دیکەیان دەبوو، قووەتێکی دیکەیان دەبوو، نەک بۆ دژایەتیی نێوخۆ، ئەوان بۆ دوژمنایەتی ناچن، بۆ هاوکاری دەچن. نوێنەرانی کورد دەچن لەگەل نوێنەرانی عەرەب و تورکمان و بەشەکانی دیکە پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ درووستکردنەوەی عێراقێکی نوێ. مەسەلەکە بەرامبەرکێ نیە. بەڵام ئەگەر هاودەنگ بن زۆر زۆر باشترە یانی بە هەموو لایەنەکان لانی‌کەم فراکسیۆنێک پێک بێنن، وەکوو بڵێین کارەکتەری کورد لانیکەم هەوڵبدەن بەیەک دەنگ بچنە نێو قەزایای ئەو قانوونانەی لە پارلماندا تەرح دەکرێن. بەڵام ئەوە کە لەسەر کوردی ڕۆژهەلات یان کوردی بەشەکانی دیکە شوێنەواری دەبێ یان نایبێ، پێم‌وایە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە پەیوەندی‌یان بێرەوە هەیە یان تێکۆشەرانیان لێرە هەن نابێ حیسابی خۆیان لەسەر ئەوە بنیاد بنێن کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەزعییەتی چۆنە چونکە بەهەرحاڵ کوردی بەشەکانی دیکە لە عێراق بەشێک نین لەو مەسەلەیە، کوردستان لە نێو چوار وڵاتدا دابەش کراوە و ئەو بەشە پێوەندیی بەو کوردانەوە هەیە کە دانیشتووی باشووری کوردستانن. بەو حاڵەش مەعلوومە بەهێزبوونی کورد لە کوردستانی عێراقدا، یان لە پارلمانی عێراقدا دیسانەکە با تەئسیرەکە ناڕاستەوخۆش بێ، بە قازانجی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە. بەتایبەتی لەسەر ئەو هێزە سیاسی‌یە کوردانە کە لەسەر عەرزی هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ ئەووەی کە گوتم ڕاستەوخۆ نە لەسەر هەموو کورد تەئسیر دادەنێ و نە لەسەر ئەو هێزە سیاسی‌یانەی کە لێرەدان یان بنکەیان هەیە یان تێکۆشەرانیان لەم بەشەی کوردستاندا ژیان بەسەر دەبەن.

**هیوا سەلیمی**: بەڵام نیگەرانی‌یەکە لەوێوە دێت کە هەر ماوەیەک لەوەپێش لەسەر دەستی حکوومەتی عێراقی هێرش کرایە سەر موجاهیدنی خەڵقی ئێران؟ دیارە لەژێر کاریگەری شیعەکان کە بە ئێران نزیکن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بە هیچ شێوەیەک نامەوێ پێشبینی‌یەکی وا بکەم کە حکوومەتی عێراق ڕەفتارێکی ئاوا لەگەڵ

بەشی: یەکەم

هێزە سیاسیـیە کوردیـیەکان بکا. لەسەر یەک پێموایە ئەوەی لەسەر موجاهیدین کرا شتێکی باش نەبوو بە قازنجی عێراق و دەوڵەتی عێراق و یەک لەوان خودی دەوڵەتی مالیکییش نەبوو، چونکە لانیکەم هەیمەنەی وەکوو وڵاتێک کە خەڵکی تێدایە بەناوی پەنابەر هەیمەنەی دێنێتە خوارەوە و شتێکی باش نیە. بەڵام بەنیسبەت هێزە کوردیـیەکانەوە ئەمن ئەوە نابینم و هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی ئەو رەفتارە لەگەل ئەوان بکرێ، چونکە نەلێکدانێکیان دەگەڵ عێراق هەبووە، نە کارێکیان کردوە بە دژی حکوومەتی ئێستای عێراق بێ، بەڵکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خۆشحاڵ بوون بە ئاڵوگۆڕێکی کە لە عێراق دێتە پێشەوە و بەچاوی هیوا و ئومێدەوە سەیری دەکەن. راستە تەئسیری دەوڵەتی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، بە تایبەت کە تا ئیستا وایە و رەنگە لە ئایندەشدا هەر وابێ، جگەوی حاکمییەت زیاتر بەدەست شیعە مەزهەبەکانەوەیە، بەڵام پێموانیە ئەوە هۆکارێک بێ بۆ ئەوەی کە فشار بۆ هێزە کوردستانیـیەکان بهێنن و هۆکارێک بۆ دوژمنایەتی دەگەڵ ئەوان نیە، چونکە ئەوانەی لەسەر خاکی عێراق دەژین بەوانەشەوە کە لەسەر بیرو باوەر دەربەدەر بوون، دەیانەوێ لەم وڵاتە بحاوێنەوە تا رۆژێک دەرفەتی گەڕانەوە و ژیانێکی ئازادانە و سەربەرزانەیان لە وڵاتی خۆیان بۆ دەرەخسێ. بەهەرحاڵ هۆکارێکی ئاوا نابینم. جگە لەوەش، وابزانم دەورانی سەوداکردن بە مرۆڤەکان بەسەر چووە. بۆ موجاهیدینیش رەنگە لە ژێرەوە جاروبار شتێکی ئاوا بکرێ بەڵام لەو بارەیەشەوە پێموایە دەوڵەتی عێراق ناتوانێ سات-وسەودا بکا و موجاهیدین بە ئاسانی تەسلیمی ئێران بکاتەوە. چونکە دەورانی ئەو شتانە بەسەر چووە.

سەرچاوە: ماڵپەری رەوا

## ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ بۆچی دەبێ هەر لە کوردستانی عێراق دا بێ؟

**هەڤپەیڤین: خالید موحەممەد زادە - سۆران پاڵانی**

**پرسیار: ڕۆژی ٣٠ی ژانوەریی ئەم ساڵ کوردەکانی عێراق تێکرا بەشداری یەکی چالاکانەیان لە هەڵبژاردنەکان دا کرد، واتە دەنگیان بەوەدا کە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە. هەمان ڕۆژیش کوردەکان ڕوویان لە سندووقەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کرد و ٩٨%ی کوردەکان دەنگیان بەجیابوونەوە دا. جەنابتان لەم نێوانەدا جۆرێک نا تەبایی نابینن؟**

**وەڵام:** لەو بارەیەوە دەبێ دەستخۆشی لە کوردەکانی عێراق بەگشتی و بە تایبەتی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی بکەم, چونکە نموونەیەکی باشیان لە کورد بەدەستەوە دا هەروەها ئەو سەرکەوتنانەش کە بەدەستیان هێنا سەرکەوتنێکی بەرچاو بوون لەگەڵ ئەوەی ئەمن پێموایە لە وەزعیەتی ئێستادا دەکرا سەرکەوتنی کورد بەتایبەتی لە پەرلەمانی عێراقدا زیاتر بێ, نە لە بەرئەوەی وابیر بکەمەوە کە کورد سەنگی لەوە زیاترە, لە بەرئەوەی کە بەشێک لە عیراقی یەکان بەتایبەت سوننی مەزهەبەکان بەشدار نەبوون, بەڵام ئەوەی کە لەبارەی ڕیفراندۆمەوە کرا, خودی حەرەکەتەکە هەستی خۆمی لە سەر دەردەبڕم, حەرەکەتەکە بوونی باشە, یەعنی خەڵک ئەو دەنگە ببیستێ, بەڵام وا فکر دەکەمەوە کە حەرەکەتی ڕیفراندۆم زیاتر لەوەی کە لەسەر ئەوە دەنگ بدا دەبێ ڕووی لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردەر لە دنیادا بێ و هانیان بدا بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە کورد ڕیفراندۆم بکا بۆحەقی خۆی, یا هەر بڵێین ئازادیمان دەوێ, سەربەخۆییمان دەوێ, کورد هەمووددەم گوتوویەتی ئازادیمان دەوێ, بەڵام کەس جوابی نەداوەتەوە. ئەو ڕیفراندۆمە وەختێک دەتوانێ تەئسیری هەبێ کە لە پێشەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پاشانیش دەسەڵات بەدەستەکان,بڵێن بەڵێ ئێمە ڕیفراندۆم لە نێو کورددا پێک دێنین, ئەگەر سەربەخۆییتان ویست سەربەخۆییتان بۆ دابین دەکەین. ئەوەیە دەتوانێ زامن بێ, ئەو وەختەش مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆ تەنیا بۆ کوردستانی عێراق؟ بۆ هەموو کوردستان نا؟ ئەگەر قەرارە چارەنووسی کورد دیاری بکرێ بۆچی دەبێ هەر لە کوردستانی عێراقدا بێ.

ئەگەر چارەنووسی کورد وەکوو فیدرالیزم وەکوو خودموختاری لە چوارچێوەی یەک لە بەشەکان دا دیاری دەکرێ, بەجێیە ڕەنگە لە عێراقدا ئۆتۆنۆمی بدرێ یان ببێتە فیدراڵی, لە تورکیە نەبێ, لە تورکیە هەبێ لە ئێران وانەبێ ئەمە مومکینە,

بەڵام ئەگەر قەرارە قسە لە سەربەخۆیی کوردان بکرێ بۆ تەنها بەشێکی کوردستان؟ حەق وایە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە دنیا بەوە رازی بێ لە کوردەکان بپرسن چیان دەوێ, دیفاعی لێ بکەن کە تا ئێستا بەداخەوە لەوبارە یەوە نەک هەر سەرکەوتن بەدەست نەهاتوە بە باوەڕی من هەوڵی پێویستیش بۆ ئەوە نەدراوە, بەڵام ئایا ناتەبایی هەیە یان نا؟ بەبڕوای من ناتەبایی نیە. لە بەردوو دەلیل : یەکەم ئەم دوو حەرەکەتە یەکێکیان نوێنگەی واقیعییەتە, یەکێکیشیان نوێنگەی ئارەزووەکانە. ئەوەی کەخەڵک لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا بەشدار دەبن, نوێنگەی واقیعییەتە و بەشێکە لە عیراق کە ئیمکانی جیابوونەوەی نیە, کەوابێ دەبێ هەوڵ بدا لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا فەعالیەتی زیاتری هەبێ و نەخشی زیاتری پێ بدرێ. ئەوی دیکەیان نوێنگەی ئارەزووەکانە. فارس گوتەنی: " آرزو بر نو جوانان عیب نیست". لە لایەکی دیکەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عیراق نوێنگەی سیاسەت و بیروبۆچون و هەڵوێستی هێزە سیاسی یەکانی کوردە کە ئەوان بەرپرسن. ئەوەی دیکە ئارەزوو و بیروبۆچوونی خەڵکی ئازادە کە دەتوانن. چونکە قسەی کەسی عادی باج و گومرگی نیە, بەڵام قسەی مام جەلال و کاک مەسعوود باری سیاسیی هەیە و گومرگی سیاسیی هەیە و دەبێ باجی سیاسیی بۆ بدەن, بۆیە پێموایە ئەم دوو هەڵبژاردنە ناتەبایی یان نیە و هەر یەکەی لە جیهەتێکەوە بیری لێکراوەتەوە.

**پرسیار**: یەکی دیکە لە ئامانجەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان, پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەشە, بە سەرنجدان بەوەی کوردستانی عیراق بە درێژایی ساڵانی رابردوو پشتی جبهەی بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە, بوونی حکوومەتێکی یەکدەست و بوونی پەرلمانێکی کوردی یەکدەست چ تەئسیرێکی لەسەر رێبەرایەتیی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا بۆ داهاتوو دەبێ؟

**وەڵام**: ئەگەر بمانەوێ لێرەدا زۆر واقیعبینانە بیر بکەینەوە یان قسە بکەین دەبێ بڵێین بوونی حکوومەتێکی یەکگرتوو ئارەزووی هەموو کوردێکی موخلیسە لە هەموو پارچەیەکی کوردستان و لە هەموو دنیادا. بەڵام بوونی حکوومەتێکی یەکدەستی کورد نابێ بەو جۆرە تەماشا بکەین کە دەبێتە پێگەیەک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێراندا کە ببێتە پشتی جەبهەیەک و ئەوەی لە فارسی دا پێی دەڵێن "سکوی پرتاب" و لێرەڕا ئێمە هێرش بکەینە سەر وڵاتی خۆمان. بەڵام بەهەرحاڵ بەئاکام گەیشتنی خەباتی هەر بەشێکی کوردستان سەرکەوتنە, جێی ئومێدە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان. لە عەینی حاڵ دا نموونەیەک دەداتە دەست کە ئەزموونی بەنرخی تێدایە. پاشانیش ئەگەر ئەم حکوومەتە یەک بگرێتەوەو ببێتە حکوومەتێکی رەسمی لە بەر زۆر هۆو دەلیل مەجبوور نابێ هێندە نازی دراوسێکانی بکێشێ. کە نازکێشانی دراوسێکان زۆر جار مەیدانی کار و تێکۆشانی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی بەرتەسک کردۆتەوە. جارێکی رێبەرێکی کورد بە ئێمەی گوت کە ئێران پێی گوتووین؛ ئەگەر لە کرماشان نارنجۆکێک بتەقێتەوە ئێوە مەسئوولن, چونکە سەری فیتنەکە لە لای ئێوەیە! ئێستاش ئیحتیاجی پێی هەبێ مەجبوورە ئەوە قبووڵ بکا، بەڵام ئەگەر ئیحتیاجی پێی نەبێ بە هیچ جۆر مەجبوور



سەرچاوە
Serchawe

نیە ئەوەی لێ قبووڵ بکا.

**پرسیار**: چەند مانگێکی‌تر دەورەی سەرۆک کۆماریی خاتەمی لە ئێراندا بەسەر دەچێ, دوای دووی جۆزەردان کوردەکانی ئێران بە شەوق و عیلاقەیەکی زۆرەوە بەشداری یان کرد لە هەڵبژاردنەکان دا. پێتان وایە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە سەرنجدان بە شکستی پرۆژەی ریفورمخوازی لە ئێراندا کوردەکان وەک ساڵانی پێشوو پێشوازی لەم هەڵبژاردنانە دەکەن؟

**وەڵام**: پێموایێ پرسیارەکەت باش هێنایە گۆڕێ. لەجێ دا کە کوردەکان بەشدار بوون حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داوای لە خەڵک کرد بەشدار بن. لەو جۆرە داوایانە حیزبی دێمۆکرات دوچاری گومان نەبوو کە گوایە ئەو حەرەکەتەی پێی دەڵێن ریفورمخوازی دەتوانێ حەرەکەتێکی کاریگەر بێ و رێفورمخوازان ئەوەندە فەرقیان لە گەڵ کاربەدەستانی دیکەدا هەبێ، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوە بوو کە حیزبی دێمۆکرات وای دەبینی کە مەجالێک هەیە بۆ دەنگدان کە لە بچووکترین دەرەتانیش دەبێ کەڵک وەربگیرێ، بۆیە داوای لە خەڵک کرد کە بەشدار بن و دوور بن لە دەستەبەندی‌یەکانی نێو دەسەڵات. دوای رێفورمخوازان یان پاوانخوازان نەکەون و بۆ خۆیان دەنگ بەو کەسانە بدەن کە پێیان باشە بچنە مەجلیس یان شووراکانەوە. بە تایبەت لە سەر شووراکان پێمان وابوو کە شووراکان ئەندامێکی زۆریان هەیە لە هەموو ئێراندا کە بیست تا بیست وپێنج هەزار کەس دەبوون و رژێم ناتوانێ هەمووی کونترۆڵ بکا. لە بەر ئەوە داوامان لە خەڵک کرد کە بەشدار بن. بەڵام پاشان هەموو خەڵکی ئێران و لە هەمووان زیاتریش خەڵکی کوردستان تێگەیشتن کە یەکەم ئەوەی کە هەروەک ئێمە دەمانگوت فەرقی بەینی ریفورمخوازان و پاوانخوازان لە شتی بنچینەیی دا نیە و تەنیا لە شێوەی کاردا جیاوازی یان هەیە. لە پاشان رێفورمخوازان ئەوەندەشیان پێ جێبەجێ ناکرێ. ئێستا خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی نائومید بوون لەوەی کە رێفورمخوازان بتوانن شتێک بە شتێک بکەن. بۆیە هەروەک دیتمان لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم دا خەڵکی کەمتر بەشدار بوون. ئەمن ئەمجارەش وا بیر دەکەمەوە نەک لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو ئێراندا خەڵکێکی کەمتر بەشدار دەبن و ئاکامەکەشی هەر لە ئێستاوە دیارە کە کێ سەردەکەوێ و کێ سەرناکەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژنامەی ئاسۆ - رێکەوتی : مارسی ٢٠٠٥

بەشی: یەکەم

## هەمیشە سەربەخۆیی کوردستانم پێ حەقێکی موسەللەم و سروشتیی نەتەوەی کورد بووە

کوردستانی باشوور بە قوناخێکی هەستیاردا دەگوزەرێت و گۆڕانکارییەکان بە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و کوردستاندا خێرا و چارەنووسسازن. لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا چەند رووداوی گرنگی وەک سەفەری چاوەڕواننەکراوی عەمر موسا بۆ عێراق و کوردستان، سەفەری دیپلۆماسی بەڕێز (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و ئوروووپا، سەرفەری سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) بۆ ئیتالیاو نەمسا، کونفرانسی سەربەخۆیی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی بەڕێوە چوون، لەڕێدابوونی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی نوێی عێراق، جیا لەوەی ئاراستەیەکی نوێیان بەرەوتی گۆڕانکارییەکانی هەنووکەیی عێراق بەخشیوە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکارییەکانەوە دیارو ئاشکرایە. بۆ ئەم مەبەستە بەباشمان زانی روو بکەینە لای بەڕێز (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە خاوەنی ئەزموونێکی دووردرێژە لە سیاسەتدا و هەم رۆشنبیرێکی دیاری میللەتەکەمانە کە جێپەنجەی لەو بوارانەدا ئاشکرا و دیارە بە رادەیەک پێویست بە دووبارە شوناسایی ناکات.

**ئا: عەلی بداغی**

**عەلی بداغی:** دەکرێت لە یەکەم وەستاندا ئەو جموجۆڵ و هەوڵانەی کۆمکاری عەرەبی وەک مەترسییەک بۆ داهاتووی عێراق لەژێر تیشکی ئەم گۆڕانکارییانەدا ببینین؟ ئەو گۆڕانکارییانە کە زۆر بە ویستی وڵاتانی عەرەب نین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێموانیە پێویست بێ بەو چاوە تەماشای هەوڵ و تەقەلاکانی عەمر مووسا و جامیعەی عەرەبی بکەین. بۆ ئەوەی لە عیراقدا کاری نوێ بکەن. بەشبەحاڵی ئەوە بە مەترسی نابینم لەسەر عێراق، بەڵکوو بە پێچەوانەوە وا سەیر دەکەم کە جامیعەی عەرەبی پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆری داوە وەزعی عێراق بگۆڕێ، ئەورەوتەی لەعێراق دەستی پێکردوە، بێوەستێنێ بەڵام سەرنەکەوت، تەسلیمی واقیعیات بووە. ئەوە کە عەمر مووسا لەو دواییانەدا هەنگاوی بۆ نا، لە واقیعدا رزگارکردنی ئیعتیباری جامیعەی عەرەبە و بە قەولی خۆیان قوتارکردنی ئەو شتەیە کە بەبەرژەوەندی و سوودی وڵاتانی عەرەبی و تەواویەتی جامیعەی عەرەبی دەزانن. کەوابێ پێموایە نابێ بە چاوی مەترسی-یەوە چاوی لێبکەین، بەڵکوو وەک دانپێدانانێک بەو واقیعیاتەی تەماشا بکەین کە لە عێراق و کوردستاندا رووی داوە. هاتنی عەمر مووسا وەک سکرتێری گشتیی جامیعەی عەرەبی بۆ کوردستان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕێبەرانی کوردو تەنانەت

بەشی: یەکەم

تکاوڕەجای لەڕێبەرانی کورد بۆ ئەوەی بەشداری کونفرانسێکی لەو بابەتە بن، نیشانەی ئەو قورسایی و سەنگەیە کە بزووتنەوەی کورد ئەمڕۆ لە عێراقدا پەیدای کردوە و نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان وەک پارامیترێک لە لێکدانەوە ناوچەیی‌یەکاندا هاتۆتە گۆڕێ و ئەوان ناچارن حیسابی بۆ بکەن. عەمر مووسا لە پارلەمانی کوردستان گوتی: بوونم لێرە ڕووداوێکی مێژوویی و جیاکەرەوەیە، دواتر لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا لێیان پرسی مەبەستت لە جیاکەرەوە چیە؟ گوتی: جیاکەرەوەی عیراقێک کە ڕۆیشتوە وعێراقێک کە دروست دەکرێتەوە، ئەمە خۆی نیشانی دەدا کە ئەوان لە وەزعی عێراق تێگەیشتوون و دەیانەوێ خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. بۆیە پێم‌خۆشە بە گەشبینی‌یەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین، نەک ئەوەی بە ڕەشبینی‌یەوە لێی بڕوانین.

**عەلی بداغی:** عەمر مووسا هات تا بەڵێنی بەشداریی کوردان لە کۆنگرەی نیشتمانیی پێکەوە گونجانی لایەنەکانی عێراق لە وڵاتی میسر وەربگرێ و وەریشی گرت. بەشداریی کورد لەو کۆنگرەیەدا چ ئاکامێک و دەستکەوتێکی بۆ کورد لێ‌دەکەوێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەش بەحاڵی خۆم وا دەبینم، کە ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی بڕیاردەر نیە و نابێ. بڕیارەکانی وەک فارسەکان دەڵێن (ئیلزام‌ئاوەر)نین، وانیە کە دەبێ حەتمەن جێبەجێ بکرێن، بەڵام بەشداریی کورد لەو کۆنفرانسەدا بە قازانجیەتی، دیارە هەر ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەوانەی ناچار کردوە کە دەرک بە قەوارە و سەنگی کورد بکەن و داوا بکەن کورد لەوێدا بەشدار بن لە دیاریکردنی ئەو خەتەی کە کۆنفرانسەکە دەی‌باتە پێشێ. ئەوە دەستکەوتێکە بۆ گەلی کورد. لە پاشان چ باشترە کە ئەو بڕیارانەی لەبارەی وڵاتێکەوە دەدرێن، کە کوردی تێدایە بەحزووری کورد بدرێن و کورد ڕۆڵی هەبێ لە نەخشەکێشانی ئەو سیاسەتەدا کە لەبارەی ئەو وڵاتەوە دەکێشرێ. بەباوەڕی من حزووری کورد لەوێدا وەرگرتنی ئیعتیرافی عەرەبەکانە بە بارودۆخی نوێی عێراق و لە هەموویان گرنگتر بە وەزعییەتی کورد و کوردستان لە چوارچێوەی عێراق و لەئاکامدا لە چوارچێوەی وڵاتانی عەرەبیدا وەدەستیان هێناوە. بۆیە ئەمن ئەوەشیان بە شتێکی موسبەت (پۆزەتیڤ) و بە دەستکەوت بۆ گەلی کورد لە عیراقی دەزانم.

**عەلی بداغی:** بەڕێزتان سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لەچی‌دا دەبینن؟ مەبەستەکانی کۆمکاری عەرەبی و لایەنەکانی بەشداربوو، تەنانەت دژبەر لەو کۆنگرەیەدا لە کوێدا یەک دەگرنەوە؟ بەتایبەت هەرکام بە شوێن بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا دەگەڕێن، لە سەرووی هەمووانیش بەرژەوەندیی کۆمکاری عەرەب لەگۆڕێ‌دایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بێگومان دژە ئاراستەیەکی زۆر لەنێوان بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو گرووپانەدا هەیەو ناتەبایی‌یەکی زۆر لە روانگەو بۆچوونەکانیان سەبارەت بە کێشەی عێراق هەیە. هەر کەس یان لایەنێک بچێتە ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەوەی بیرو

بۆچوون و دیدگاکانی وی وەک هەن بسەپێن و بچنە پێشێ، باشتر ئەوەیە لە بنیڕا هەر نەچێ. چونکی لە کۆبوونەوەیەکی ئاوادا کە خەڵکی جۆراوجۆر و بە ئامانجی جۆراوجۆر و بە نوفتەنەزەر و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە تێیدا بەشدار دەبن، شتی وا مومکین نیە. بەڵام ئەوان ئەگەر بە بۆچوونێکی کراوەوە، بەچاوێکی ئاوەڵا و وردبینەوە بۆ کێشەکان بچن، دەتوانن لەسەر ئەوە پێکبێن کە داخوازیەکانی هەمووان، هەر کەسێک بە رادەی مومکین لەوێدا لەبەرچاو بگیرێن. ئەو خەتەی وا رێبەرایەتیی کوردو رێبەرایەتیی عێراق بە گشتی گرتوویانەتە پێش، لەگەڵ ئەوەی موخالەفەتی زۆری لەگەڵ دەکرێ، هەم لە لایەن خەڵکی نێوخۆی عێراقەوە و هەم لە وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتانەی بەتایبەت کوردیان تێدا دەژی، ئەو رەوتە رەوتێکی دروستە. یانی ئەوەی تێگەیشتوە کە وەزعی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق و پێکهاتن بێ، بە دابەشکردنی دەسەڵات بێ، بە دابەشکردنی سەڵاحیەت بێ. بۆ ئەوەی کۆنفرانسێکی سەرکەوتوویان هەبی، دەبێ هەر بەو مەسیرەدا بڕۆنە پێش. یانی هەوڵ بدەن پێکبێن لەسەر ئەو شتانەی دەتوانن، لەسەریەک قازانج و بەرژەوەندیەکانی هەمووان دابین بکەن. بەهەرحاڵ وەک دەزانین ئەو کۆنفرانسە زیاتر بۆ ئەوە پێکهاتوە کە کۆنفرانسێکی دیکە لە عێراق ئامادە بکا و وەک لە پێشەوە گوتمان بڕیاردەر نیە.

**عەلی بداغی:** رۆژی ١٠ - ١١ - ٢٠٠٥ کۆنفرانسی سەربەخۆیی کورد لە هەولێر و درێژەی ئەم کۆنفرانسە لە رۆژی ١٣ - ١١ - ٢٠٠٥ لەشاری سلێمانی بە بەشداریی زۆر لایەن و کەسایەتیی سیاسی بەسترا. زۆر لایەنی سیاسی بە ستراکتۆر و پێکهاتەی جیاواز و ئایدیای تەنانەت دژ بە یەک لەم کۆنفرانسەدا بەشداریان کردبوو، ئەمجۆرە کۆنفرانسانە چەندە دەتوانێ گوتارێکی هاوبەش بۆ کورد و کێشەکەی لێبکەوێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەم کۆنفرانسە زیاتر دەبێ وەک هەنگاوێک چاو لێبکەین، نەک هەر بۆچوونەکانی بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە لێکجودان، لەجێدا مەسەلەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، بۆخۆی ریزە خسووسیات و ریزە سروشتێکی تایبەتیی هەیە کە لەگەڵ ئەوانی دیکە لێکجیان. دۆستەکانیان، دوژمنەکانیان، هەلومەرجی حاکم بەسەر وڵاتەکانداو سیستمەکان، هەموو جیاوازن. بۆیە گەیشتن بە ستراتیژییەکی هاوبەش یان بە نوفتەنەزەرێکی هاوبەش لە کۆنفرانسێکی ئاوادا چاوەڕوانییەکی واقیعبینانە نابێ، ئەگەر ئێمە چاوەڕێی بین. بەڵام ئەمە هەرچەندە یەکەمین هەنگاو نیە بەڵام یەکەمین هەنگاو لە جۆری خۆیدایە و شتێکی باشە بۆ لێکنزیکبوونەوەی بیرو بۆچوون و روانگەکان بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن واقیعیاتی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و واقیعیاتی ناوچەکە و ئەو واقیعیاتەی دەوری کێشەی کوردیان داوە، دەرک بکەن، واقیعبینانە ئەو نوختەنەزەرە هاوبەشانە هەم پێیبگەن و هەم لە داهاتوودا بە کەڵک بن، بیدۆزنەوە و لەسەری رێکبکەون. پێمۆایە وەک هەنگاوی یەکەم دەبێ سەیری بکەین، دەنا چاوەروانی موعجیزەم لێی نیە و رەنگبێ دەریش بکەوێ کە نەیتوانیوە ئەو موعجیزەیە بکا.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

عەلی بداغی: پێشتر لایەنێکی سیاسیی گەورەی کورد بانگەشەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کرد کە سێ حیزبی سەرەکیی کوردستان واتە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەڵامی(نا)یان بەو بانگەشەیە دایەوەو بەمجۆرەش پرۆژەکە سەرنەکەوت. دەکرێ ئەم کۆنفرانسە وەک یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی وەها کۆنگرەیەک لە داهاتوودا ببینین بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی سەربەخۆیی کوردستانی دا بڕێژرێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: با ڕوونتر بیڵێین پارتی کرێکارانی کوردستان وەختی خۆی بانگەوازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکرد و پاشان کۆنگرەی نەتەوەیییان پێکهێنا. ئەوە شانسی سەرکەوتنی نەبوو. کاتی خۆی ئێمەشیان داوەت کرد، ئێمە حازر نەبووین بچین و بۆچوونمان هەر ئەوە بوو کە یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی ناوێکی گەورەیە و نابێ ئەو ناوەی لێبنرێ. دەتوانین ناوی دیکە بۆ ئەو تەوافوق و پێکهاتنەی هێزە سیاسییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دابنێین کە لەسەری ڕێککەوین، بەڵام هیچ شتێکی لەو بابەتە مومکین نەبوو. لەحاڵێکدا ٣ حیزب لە ٤ حیزب کە کۆمەڵگەی کوردی بێئەوەی خۆیان بیڵێن و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا پێیان خۆشە یان نا، بە چوار حیزبی سەرەکی ناسراون، پێکەوە لە حاڵی شەڕدان، چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ پێکبێ و ئەگەر پێکبێ چۆن دەتوانێ بە تەوافوق بگا و چۆن دەتوانێ کاریگەریی هەبێ. بەڵام ئایا ئەمە دەتوانێ هەنگاوێک بێ بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی یان نا؟ ئەمن دیسانەوە حەز ناکەم ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی پێشوەخت لەسەر شتێکی وا دابنێم، چونکی ئەو ناوانە وەک دروشمی ڕۆژ تەماشا دەکرێن. هەر ناوێک بۆ ئەو شتانەی دادەنێی، پێویستە مەسئوولانە دایبنێی کە هەڵگری هەموو ئەو مانایە بێ کە وشەکە دەیبەخشێ. کۆنگرەی نەتەوەیی کەمێک بەشبەحاڵی خۆم بە زیادی دەزانم، کە جەمعێک لە ڕیبەرانی سیاسی کۆوە بن لە جیاتی نەتەوەیەک بڕیار بدەن و ناوی لەسەر دابنێن. ئەو وەختە دەتوانی شتی وا ناوی لێ بنێنی کە بەڕاستی هیچ نەبێ ئەو داخوازانە، ئەو پرۆژانە یان ئەو بەرنامانە کە ئەو ڕێبەرە سیاسییانە لەسەری پێکدەگەن، بەریفراندۆم دابنرێ لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، ئەوکات دروستە پێی بڵێی کۆنگرەی نەتەوەیی. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە دەتوانێ بە باوەری من یەکەم هەنگاو بێ بۆ تەوافوقێکی گشتی لە نێو هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. جا ئێستا ناوی چی لەسەر دادەنرێ ئەوە دەمێنێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو کات.

عەلی بداغی:: بەڕێزتان ماوەی پتر لە ٣٠ ساڵ سەرکردایەتیی حیزبێکی سیاسیتان کردوە کە ستراتیژییەکەی خودموختاری بۆ بەشێک لە نیشتمانی کوردستان بووە. ئیستا چۆن دەڕوانە سەربەخۆیی بۆ کوردستان؟ وەک خەونێکی لێکدەدەنەوە یان واقیعێکی سیاسی بێ ئەملاوئەولا لە داهاتوودا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: جارێ با لەپێشدا پرسیارەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە، ئەمن هەرگیز سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتم

نەکـردوە، هەرچەنـدە ئوسـوولەن وشـەی سـەرکردەم بـۆ ڕێبەرانـی سیاسـی پـێ شیاو نیە. سـەرکردە وشـەیەکە زیـاتر بـۆ فەرمانـدەرانی نیزامـی بەکـار دەبـرێ. پـێم باشـترە بڵێین ڕێبەرایەتـی. ئەمن بەشێک لە ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێموکراتی کوردستان بووم، نەک بڵێین ڕێبەر یان سەرکردەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەڕوانم، پێم‌وابێ ئێستام لەگەڵ ئەو کـاتەی بەرپرسیارێتیم لە ڕێبەریـی حیزبـی دێمـوکراتدا هەبـووە، فەرقێکـی نەکـردووە، هەمیشـە سـەربەخۆیی کوردسـتانم پـێ حەقێکـی موسـەللەم و سروشـتیی نەتەوەیـی کـورد بـووەو ئەوە کە حیزبەکـانی سەر گۆڕەپـانی سیاسیی خەبـاتی کـورد دروشمی دیکەیـان وەک خودموختـاری و دێموکراسی هەڵگرتـوە یـان جاری وایە بەپێـی هەلـومەرج بە کەمتر لەوەنـدەش ڕازی بـوون لە هێنـدێک بەشی کوردسـتاندا، ئەوە خۆگونجاندنە لەگەڵ واقیعیاتی مەوجوود کە لەوە زیاتری هەڵنەگرتوە و ئیمکانی دروشمی لەوە زیاتری تێدا نەبـووە، ئەگەر واقیع‌بینانە و وەک حیزبێکی واقیع‌بین سەیری هەلومەرجەکەمان کردبێ، ئەگینا پێم‌وایە ئەوە شتێکی زۆر نیە بـۆ نەتەوەی کـورد وەکـوو هەمـوو نەتەوەکـانی دیکە، نەتەوەی زۆر بچـووکتر بەرێـژە و بە خـاک لە میللەتـی کـورد، سـەربەخۆیی وڵاتی خۆیـان هەیە، بۆ کورد نەیبێ؟ ئەوکات وام دیوە و ئێستاش وای دەبینم و لە داهاتووشدا هەر وای دەبینم.

**عەلی بداغی:** بەبڕوای ئێوە پرۆسەی دێموکراسی لە عێراق و گۆڕینی دیکتـاتۆری بە دەسـەڵاتێکی خەڵکی هەلـێکە بـۆ گەلانـی عێراق هەڵکەوتوە یـان پێویستی‌یەکی حەتمی‌یە کە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دادەگرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** پێموانیە ئەو دووانە زۆر لە یەک جیاواز بن، واتە لە بەرامبەر یەک وەسـتاون. بە بـاوەڕی من ئەوەی لێرە ڕووی دا هەم هەلێکە بۆ گەلی کورد و گەلانی ئێراق ڕەخسـاوە، هەم لە عەینـی حاڵـدا وا وێـدەچێ پرۆسـەیەک بـێ کە دەیەوێ هەمـوو ناوچەکەمـان دابگـرێ، ئەمن هیـوادارم ئەو پرۆسـەیە لە مەبەسـتەکان و ئامانجەکـانی‌دا بەردەوام بـێ بەڵام ئـارەزوو نـاکەم لە وەسیلە و ئامرازەکـان بەردەوام بێ. چونکە ئەو وەسیلەیەی تـا ئێسـتا لە نـاوچەکەدا بەکـار هێنـراوە بـۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەداخەوە ئەزیەت و ئازار و خوێن و فرمێسکێکی زۆری بو ئەو گەلانەی دەبـێ ئـازادی‌یان بەدیـاری بـۆ بـێ، بە دواوە بـووە و ئەمـن ئـارەزوو نـاکەم ئەوە بەردەوام بـێ، بەڵام ئـارەزوو دەکەم ئەو ڕەوتە لە هەمـوو وڵاتـانی نـاوچەکە و تەنـانەت لە هەمـوو دنیـادا بەردەوام بـێ و سـەربکەوێ بـۆ دابـین‌بـوونی ئـازادی و دێموکراسـی و یەکسـانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**عەلی بداغی:** بەڕێزتـان دەنگی ئەرێنی کوردی باشوور بە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق چۆن لێکدەدەنەوە لەحاڵێک-دا ڕێبەرایەتیی کوردی ئەم پارچەیە هەمیشە کوردستانی باشووریان بە بەشێکی بەزۆرلکێنراو بە عێراق باس کردوە و ئێستا بە پێی ئەم دەستوورە کورد بۆ خۆی و بەدەنگ و ئیرادەی خۆی کوردستانی بە فەرمی بە عێراقەوە لکاند؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە کە کوردستانی عێراق بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە، رستە یان عیبارەتێک نەبووە لەلایەن بەرپرسانی پلە یەکی کوردەوە بەکار برابێ، زیاتر ئەوان عیبارەتی وەزیننترو سەنگینتریان بەکار هێناوە. کە وەختی خۆی عێراق دروست بووە لەپێکهاتنی عێراقداو لکاندنی کوردستان پێیەوە پرسێک بەنەتەوەی کورد نەکراوە، یانی ئەوان قسەکانیان وردتر بووە لە رووناکبیرێک کە بە ئازادی دەنووسێ، بەڵام بە باوەڕی من ئەوە هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ ئەو داوایە نیە. بەڵێ کورد زوڵمی لێکراوە، کورد پرسی پێنەکراوە بۆ ئەوەی دابەش بکرێ، لەگەڵ ئێران بێ، لەگەڵ عێراق بێ، لەعەینی حاڵێشدا بەوە رازی دەبێ کە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەشێوەی فیدرالیکردنی وڵاتەکە مافەکانی وەدەست بێ، چونکی ئەمەش دیسان نیشانەی گەشە و چوونەسەری ئاستی فیکری و سیاسیی رێبەرایەتیی کوردە، کە هەلومەرجەکە هەڵدەسەنگێنێ، هاوکێشە و تەرازووی هێز لەنێوان خۆی و دەوڵەتەکەیدا، لەنێوان هێزە نێونەتەوەییەکاندا هەڵ-دەسەنگێنێ و تەماشا دەکا ئەوەی کە ئیمکانی پێکهێنانی هەیە ئەمەیانە. جارێکی دیکە ئەوەم گوتوە: بە باوەڕی من ئەگەر قەرار بێ مەسەلەی کورد بە شێوەی دیکە چارەسەر ببێ، نابێ ئێمە چوار کوردستانمان هەبێ. ئەگەر وا بڕیارە کوردستان مافی خۆی وەدەست بێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێکبێنێ بۆ کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و ئەوی دیکە و ئەوی دیکە؟ بۆ کوردستان نا؟ کەوابی ئەوەیان دەکەوێتە قۆناغێکی دیکە، ڕەنگبێ باشترین رێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەگەر هەموو لایەنەکانی بەرژەوەندیدار لە مەسەلەی کورد مەسئوولانە تێیدا بەشدار بن، لەو قوناغەدا ئەوە بێ کە کوردەکان لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا مافەکانی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا وەدەست بێنن، مافە رەواکانی خۆیان، جا ئەوە دەمێنێتەوە بۆ قوناغێکی دواتر کە ئەو پرۆسەیەی باسمان کرد لە ناوچەکەدا تەواو جێبەجێ بوو، ڕەنگە ئەو کات یەکگرتنێکی وا لەو وڵاتانەدا پێک بێ کە ئەوەی هێندێک بە خەیاڵ باسی دەکەن، کۆنفیدراسیۆنێک لە ناوچەدا پێک بێ کە کورد هەمووی بەسەر یەکەوە بەشێکی ئەو کۆنفیدراسیۆنە بێ، عەرەب بەشیک بێ، تورک بەشێکی بێ، فارس بەهەمان شێوە، تەنانەت ئازەربایجانی و بلووچیش و ئەوی دیکە ئەوی دیکە چەند بەشێکی دیکەی بن. ڕەنگبی لە هەلومەرجێکی ئاوادا نە بۆ کورد پێویست بێ حەتمەن وڵاتێکی بەجیای هەبێ، نە بۆ ئەو لایەنانەی دیکەی کە بەرژەوندیان هەیە لە کێشەی کورد، گرنگ بێ کە کورد واقیعیەتێکی مەوجوود و یەکپارچەی هەبێ، دیارە بەداخەوە ئەوە وەک ئامانجێکی دوورەدەست دێتە بەرچاو، بەڵام لەحاڵەتێکی ئاوادا بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئینسانەکان دەگۆڕێ، بە تایبەتی ئەوە بۆیە دەڵێم هەر ئێستا سەردەمی ئەو یەکە بچووکانە بەسەر چووە، پێشکەوتنی زانست و تەکنیک و بازاڕی ئابووریی دنیا و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی لە داهاتوودا زۆر زەحمەتە بەرگەی ئەم یەکە چکۆلە چکۆلانە بگرێ. دەبێ یەکەی گەورە و گەورەتر دروست بن، هەر ئەوەی ئێستا دەیبینن وڵاتانی ئوروپایی لەگەڵ ئەوەی هەموویان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، هەموویان ئەندامن لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڵام هەوڵ دەدەن یەکبگرن چونکە لە فەزای بچووکدا ناتوانن ببزوون، ناتوانن گەشە بکەن، جا ڕەنگە ئەوەی ئێستا هەیە لەبەر ئەوە بێ کە واقیعیاتەکە ئەوە هەڵ دەگرێ، ئەوە لەوپەڕی ئاگایی سیاسیی رێبەرانی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەلی بداغی**: بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە سوپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە دا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سوپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە ڕۆژنامەی سەکۆی جەماوەر ژمارە: ١٥٣ - ڕێکەوتی: ٢٨ی نوڤەمبەری ٢٠٠٥



سەرچاوە
Serchawe

# دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

## وتوویژ لە گەڵ سیاسەتمەداری تێکۆشەری کورد بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### دیمانە: شنۆ میهرپەروەر

**پرسیار**: یەکێک لە دەسکەوتە هەرەگرینگەکانی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ دا، بە بڕوای بەرێزتان ژنان تا چەند توانیویانە لەو دەسکەوتە گرینگ و پڕ بایەخە کەڵک وەرگرن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێش دا ئیجازە دەخوازم بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی لە تێکۆشەرانی نێو ریزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەم. لە جوابی پرسیارەکەدا، ئەمن پێموایە ئەگەر بە پێوانەی ئەمڕۆکە هەڵیسەنگێنین، رەنگە پێمان وابی کە ژنان نەیان توانیوە لەو دەسکەوتە بەو شێوەیەی کە پێویستە کەڵک وەربگرن. بەڵام وا باشە پیاو لە هەر مەسەلەیەکی وادا بۆ هەڵسەنگاندنی بگەڕێتەوە وەختی خۆی، بگەڕێینەوە بۆ شەست ساڵ لەمەوبەر، بۆ کۆمەڵی ئەو وەختی کوردەواری کە ژنان بە ئینسانی ئەگەر بڵێم پلە دوو خاترم گرتوون دەنا بە ئینسانی پلەسێش دەناسران، دەرکەوتنی ژنان بۆخۆی عەیبێک بوو، ژن حەقی نەبوو حەتتا لەنێو خانەوادەش دا، بێتە ئەوجێیە کە میوانی لێدانیشتوە، لە مەجلیسان دا بەشدار بێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا رووناکبیرێکی گەورە هەڵ دەکەوێ (مەبەستم پێشەوا قازی موحەممەدە) کە لەگەڵ ئەفکاری تازەی نەک کۆمەڵی کوردەواری، نەک ئێران و تەنانەت نەک هەر رۆژهەڵاتی نێوەراستیش، بەڵکوو دەگەڵ ئەفکاری تازەی دنیای پێشکەوتوو دەژی. ئەو هەوڵ دەدا رێگایەک بۆوەی بکاتەوە کە ژنان وەکوو ئینسانی پلە یەک سەیر بکرێن، لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن، نەقشی خۆیان بەو جۆرە کە پێویستە، (ئەوەندەی دەکرێ)، بازی بکەن، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین دیارە حیزبی دێموکرات رەنگە کەسی دیکەی وەکوو قازی موحەممەدی تێدا نەبووبێ، بەڵام هیچ نەبێ قوتابیی باشی هەبوون کە حازر بوون فیکرەکانی وی، ئیدە پێشکەوتووەکانی وی وەربگرن. ئەوە بۆخۆی زۆرە. حیزبی دێموکراتیش دیارە باوەڕی بەو شتانە هێناوە. لە فورسەتێکی ئاوادایە کە رێگە دەدرێ بە دروستبوونی رێکخراوێکی تایبەتی بۆ ژنان کە ئێستاش رەنگە بەتەواوی مەعلووم نەبێ،ناوی چیە؟. ئەگەر تەماشای رۆژنامەی "کوردستان" دەکەین، رەنگە دەقاودەق نەبێ، بەڵام شتێکی لەو بابەتە



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: یەکەم**

دەڵێ "حیزبی دێموکراتی ژنان"، ئەوانەی کە وەبیریان دێ دەڵێن، ناوی یەکیەتیی "یایانی" کوردستان بووە، کەلیمەی "یا"ی لە کوردستان بۆ ئیحترام لەجیاتی خانم بەکار دەبرێ، بە هەرحاڵ ڕێکخراوێک بۆ ژنان پێک دێ، ژنان لەو بارەیەوە ئەگەر تەماشای هەلومەرجی ئەو وەختی بکەین دەتوانم بڵێم بە باشترین شێوە ئیستیفادەیان لە وەزعەکە کرد. پێش هەموو شتێک بەوەی کە هاتنە نێو کۆمەڵ. ئەوەش دیسان دەستپێشخەریی شوجاعانەی شەخسی پێشەوا قازی موحەممەد و دوایەش هێندێک لە ڕێبەرانی حیزب کۆمەکی کردوە کە مەسەلەن وەک هەموو کەس دەزانێ، مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا قازی موحەممەد، نەفەری یەکەمی ئەو ڕێکخراوەی ژنان بووە، لە پاشان هێندێک لە ژنەکانی دیکە ئەوانەن کە لە دەوروبەری حیزب بوون، مەسەلەن خانمی شاسولتان خانمی فەتاحی قازی، هەر لە بنەماڵەی قازییە، خانمی ڕەعنا فرووهەر، خانمی خەدیجەی حەیدەری، ئەوانە لە ژنانێکن کە لە خانەوادەکانی نێزیک لە ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمارن.

دەستپێشخەری یان کردوە، ئەوانەیان هێناوە لە تێکۆشانی سینفیی ژناندا بەشداریان کردوون، ئەگەر حیسابی وەی بکەین ئەوان باشیان توانی ئیستیفادە بکەن، ئەوەڵەن هاتنەنێوجامیعە، ڕێکخراویان پێک هێنا، حوزووری خۆیان و تواناکانی خۆیانیان نیشان دا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی جمهووری، تەماشا دەکەین لەزۆر موناسەبەت دا ژنێک هەستاوە هاتوە پەیامی خوێندۆتەوە، ئەو وەختی ژن حەقی نەبوو لە مەجلیسێکی خسووسیدا قسان بکا، وەجەواب بێ، باوەڕ کەن ئێستاش بەقایای ماوە کە ئەگەر ژن دێتە نێو قسان لە خانەوادەدا، دەڵێن ئەتۆ قسان مەکە، حەقی تۆ نیە قسەی لێبکەی، ئەو وەختی هەر کفر بوو، بەڵام دێ لەپشتی میکرۆفۆن بێ ئەوەی دەستی بلەرزێ، زاری تێکەڵ پێکەڵ بێ، وتار دەخوێنێتەوە، شێعر دەخوێنێتەوە، ئەوە شتێکی یەکجار زۆر بوو، خۆیان نیشان دا خۆیان ڕێکخست، تواناکانیان نیشان دا. ئەمن پێموایە ئەمە ئەگەر بە پێوانەکانی ئێستاش حیساب بکەین بە دەسکەوتی گەورە حیساب دەکرێن، جگە لەوەش شاراوە نیە کە ئەوەی ئێستاش هەمانە، لەواقیع دا درێژە و ئیمتیدادی ئەوەیە کە لەو وەختەدا دەستی پێکردوە، ئەوەی کە مەشهوورە، دەڵێن ڕێگەی هەزاران فرسەق، بە هەنگاوێک دەست پێدەکا. ئەمە هەنگاوێک بوو هەنگاوێکی بڵێندیش بوو، نەک هەنگاوێکی بچووک. کەوابێ دەبێ هەم بەرێزەوە یادی ئیقدامی پێشەوا و کۆماری کردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەینەوە، هەم تەقدیر لە بەشداریی چالاکانەی پێشەنگانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین کە ڕچەکەیان شکاند، ئەو کەندوکۆسپەیان لابرد. لە پاشان بناغەیەکیان دانا کە هەتا ئێستاش یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەری دەڕوا.

**پرسیار: پێتانوایە ژنان، مەبەستمان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆئەوەی چالاکانەتر و بە ئینسیجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتی کورددا بەشداری بکا؟**

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە ژنان چ وەکوو ژن وەکوو یەک عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان و وەکوو رێکخراوێک دوو ئەرکیان لە پێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بە بێ‌شک کۆمەک دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... تا نەتەوەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیروگرفتانەی دیکە کە بە دەرەجە دوو و دەرەجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لە وەڵامی پرسیارەکەدا، پێموایە ژنان هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن. ئەمن بەو عەینەکە رەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێمخۆشە شتەکان لە چوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەن ژنان لە خەباتی نەتە وایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەڕێوە بۆ تاریخی ئەو بیست و حەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێ‌دەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەش دا، (کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بە دەیان و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتی یان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون و تەنانەت شەهیدیش بوون و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لە ژنانن، کەوابی ئەوان هەر ئێستا لە ئیدارەی وڵاتدا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی وڵاتدا لە تێکۆشانی سینفی یان سیاسی بەڕاستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسی یان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان لە پیاوان پتر نەبێ، بە بێ‌شک لە پیاوانیش کەمتر نین لە باری ئیستعداد و لێوەشاوەیی‌یەوە،لە پاشان بە جورئەت و بەشەهامەتەوە هاتوونە مەیدان، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندوون. رەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێک سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەوەاری‌دا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوەنەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیان یان ژنەکانیان زۆر واریدی فەعالییەتی سیاسی و ئیجتماعی ببن، بەڵام بەو حاڵە ئەو لەمپەرانەیان پەڕاندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان نەتەوایەتی‌دا بەشدارن. ئەوە جێی شانازی‌یە و ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان و بڵێین فەعالییەتی سیاسی . رێکخراوەییش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندام هەن، لەنێو کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە خۆشی یەوە کەسانی وامان هەن کە جێگای شانازین و فەعالییەتیان زۆرە و ئەگەر تەماشای کاری خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بە باشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی لە حەوت، هەشت ساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتی یە، هەنگاوێکی تازەی بەرەوپێش ناوە: گوڤارێکی هەیە، پیاو بەرێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکا و بینێرێتە نێو گوڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە رەنگە قەت لە رابردوودا شتی ئاوای نەبووبێ، بەرنامەی رادیۆیی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە، لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەوری کورتخایەنیش بن، بەڵام سەعی بکا لە بواری جۆراوجۆردا ژنان و کچانێک کە یەکیەتیی ژنان دەستی وێیان رادەگا فێری شتی تازەیان بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیش

دا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێشک)، بەڵام پێوەندیی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی خاریجی کوردستان بڵێین ڕێکخراوی ژنان لە ئێران یان لە هێندێ جێگای دیکە. هێندێک پێوەندیی دامەزراندوون، ڕێگای لەبەردەم ئاوەڵایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشان درا کە یەکیەتیی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دا، وەرگیراوە، نەخەیر دەکرێ بڵێین فەعال بوو، دەنا هەر ئەو ڕۆژەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بووینە عوزوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست، هەر لەو ڕۆژەدا کورسی‌یەک بۆ یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان لەنێو یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دانراوە، هەر لەو ڕۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام لەو یەکیەتی یانەدا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکیی کردوە.

**پرسیار**: پێتان وایە بە فەعالییەت دەتوانن ئەم کارە بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ، کورسی یەکە هەیە، بەڵام دەبێ عەناسیری چالاکت هەبێ، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆرم هەوڵ دا کە لانی کەم یەک ژنی وا هەبی هەم زمان بزانێ هەم بتوانێ وەخت دابنێ، مایە لەخۆی دابنێ بۆ ئەوەی بچێ کورسی یەکە بگرێتەوە لە پاشان لە موناسەباتی جۆراوجۆردا، مەسەلەن هەیئەتێک دەچێ بۆ سیمینارێک، بۆ فستیڤاڵێکی ژنان، بۆ کۆنگرەیەکی ئەنتێرناسیونالی ژنان، هەئیەتەکە ئەو وەختی مەجبوور نیە حەتمەن هەر ئەو کەسە بێ یان بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات بێ، لە دەرەوەی وڵات دەبێ ئەڵقەیەکت هەبێ کە فەعال بێ، بەڵام بۆ ئەو موناسەبەتانە باشترە یەک، دوو، سێ، چوار، چەندی مومکین بێ لە داخیلی وڵاتەوە بچن، ئەوزاعی وڵات چاتر بزانن، لە پاشان وەکوو نموونەی ژنی کورد کە لە کۆمەڵی کوردەواری یەوە چووە نیشانی هاوکار و هاودەردەکانی خۆیانیان بدەن " بەڵام بۆ ئەوەی لەم قوناغەدا باشتر گەشە بکا. ئەمن پێموایە یەکیەتیی ژنان ئەمڕۆکە مەیدانێکی بەرتەسکی هەیە، یەکیەتیی ژنان ناتوانێ لەنێوخۆی وڵاتدا بە ئاشکرایی فەعالییەتی هەبێ، یەکیەتیی ژنان حیزبی سیاسی نیە کە بچێ کاری تەشکیلاتیی نهێنی بکا، ئەگەر وای لێهات ئەوەی بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی بیگرن لە واقیعدا، ئەوە فایدەیەکی نیە ئەوە حیزبی سیاسی هەن ئەوەی دەکەن، بەڵام یەکیەتیی ژنان ڕێگەی دیکەی هەیە، هەم ئێستا ڕەچاوی بکا و هەم لەعەینی حاڵدا بۆ ئاینده بناغەیەکی باش دارێژێ. یەکێک لەو کارانە کە دەتوانن لەو بارەیەوە بیکەن، ئەوەیە کە گۆڤارەکە سەعی بکەن بە ڕێگای جۆراوجۆردا بەدەستی ژنانی داخیلی کوردستان بگا. لە داخیلی کوردستان و سەرتاسەری ئێران و لەو جێگایانەی کە ژنی فەعال و ژنی هوشیار و ئاگاهی کورد هەن پێیان بگا، لەپاشان چەندی بکرێ سایتی یەکیەتیی ژنان فەعالتر بکرێ. جەزابتر بکرێ بۆوەی ژنان بۆی ڕاکێشرێن. شتێکی دیکە کە ئەمن پێموایە بۆ ئایەندە دەبێ ئێستا کاری بۆ بکرێ، پەروەردەکردنی ئەو ژنانەیە کە ئێستا یەکیەتیی ژنان لێرە یان لە ئورووپا دەستی وێیان رادەگا، یانی سەعی بکا

کادرسازی بکا بۆ ئایندەیەکی کە ئارەزوومان ئەوەیە زۆر دوور نەبێ، ئێمە بتوانین لە وڵاتی خۆماندا یەکیەتیی ژنان وەکوو ڕێکخراوێکی ئیجتماعی بە بەربڵاوی ببینین کە ئەو وەختی دەبێ کادرت هەبێ، بە تایبەتی کادری تەشکیلاتی، دیارە بمانەوێ‌و نەمانەوێ، دەگەڵ ئەوەی بەخوشی و شانازی یەوە ئێستا ژنانێکی زۆر هەن لە داخیلی وڵاتدا کە پلەی وشیاریی سیاسی یان رەنگە لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لێرە، تەنانەت لە ئەندامانی ڕێبەرییش لەسەرەوەتر بێ (شانازی بە وانەوە دەکەین) بەڵام کە رۆژێکی ئەوا هاتە گۆڕێ، ئەو ژنانە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن، گەرانەوە بۆ وڵات ژنان ئینتزاریان لەوان هەیە، کە بۆ زۆرشت سەرچاوە بن، لێیان فێربن، رێنوێنی یان بکەن، سازمانیان بدەن و بۆ ئەوە یەکیەتیی ژنان دەبێ لەفیکردا بێ کادر پێبگەیەنێ، چەندی بکرێ زیاتر دەورە بکاتەوە، لەباری سیاسی یەوە، لە باری رابردووی خەباتی رزگاریخوازانەی ژنانەوە و لە هەمووی موهیمتر لە باری کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی یەوە، پێموایە ئەوە دەتوانێ کۆمەکێکی زۆر بێ بۆ ئایندەی یەکیەتیی ژنان، بۆ ئەو رۆژەی هەمووماں ئارەزوو دەکەین، یەکیەتیی ژنان لەو جێیە بێ کە دەبێ لێی بێ، ئێستا ئەمە ئەوانەی کە هەمانە ئەو ڕێکخراوانە زیاتر فەعالییەتەکەیان لە نێو ئەوانەدایە کە دەربەدەرن، بەڵام ئەو وەختی لەنێو جامیعەی کوردەواریدا، دەتوانن پتر فەعال بن.

**پرسیار**: بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا، بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان تەمەنێکی دووروردرێژ لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا خەریکی تێکۆشان بوون و ماوەی نزیک بە یەک دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، پێم باشە رای بەرێزیشتان وەربگرم سەبارەت بە رۆڵی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بۆچی تا ئێستا کەم ژن چوونەتە ئاستی رێبەری، بەرپرسایەتی یان کەمتر پێ ئەسپێردراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئەمە زیاتر لە هۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێک سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین ئێستاش دەگەڵ بێ دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەک یەک لەنێوان پیاو و ژن دا لەو مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتی یانەدا دروست نەبوو، ئەوە کە داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خۆی دێنێ، ئەوە کە بەهەرحاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەرحاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن و خوێندەواربوونیان کەمتر لەبەر ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستایش دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵک کوڕەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو رادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە. کە ئەو قابلیەتانە لە ژنان دا پەروەردە نەبن. بە بێشک هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بۆوەی ژنان بەو جۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش رێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لە فەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی

نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێی ناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت و خوێن و ڕەگو پێستەوە هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتێ ڕەنگە چوار و پێنج و شەش کوڕ بێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە دەلیلی ئەو قەید و بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێک لە هۆیەکان دابنێین. شتی دیکە سەختیی هەلومەرجی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆمان نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەین و ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسیدا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتییەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکیلاتی دیکەیان هەیە کە پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەممولی هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیش دا، بۆخۆی عادەتێکیوا هەیە دەبێ وردە وردە بەشدار بێ لە خەباتەکەدا و لە فەعالییەتەکەدا و کەم کەم پلەکانی پێشکەوتن و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لە شتەکان. شتێکی دیکە کەمێک بەعوزرەوە لە خۆشکەکان، بێ ئیعتمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موبارەزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵک بی بیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوانە کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن، حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتماد بە نەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیان ڕا نابینن، لەحالێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەواری یەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسی یەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێدەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆینایەتە پێشی، ئەمن پێموایە تەنیا ڕاحەت تەلەبی نیە، ڕەنگە ڕاحەت تەلەبی بۆ هەموومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێی خۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتمادبەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێک خۆ لە کاری جیددی و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێموایە تەقسیری حیزب دێموکراتی کوردستانە و لەپێش هەموانیش دا بە خۆم دەڵێم، پێموایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بی بینین، چونکە ئەگەر نەی بینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیەکە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێموایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، ڕۆحی شاد بێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەک کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو ڕێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژنو پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لەعەمەل دا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئیدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێش دا بەخۆم دەڵێم، جا دوایە بە هەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشارێتەوە، چونکە ئەگەر بشارێتەوە، عەیبەکە نابینین قەت هەوڵی

بەشی: یەکەم

چارەسەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لە هەمووشی موهمتیر ئارەزووم ئەوەیە کە شەرایەتێکی وا بخوڵقێ کە موشارەکەتی ژنان لە کاروباری سیاسی و لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە ئەوا حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مارسی ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

# وتووێژی سەبارەت بە شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## وتووێژی "کوردستان"

**کوردستان: بەڕێز مامۆستا! یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆ ئەوەی چالاکانەتر و بە ئینبسجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە ژنان چ وەکوو ژن، وەکوو یەک عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان و وەکوو ڕێکخراوێک دوو ئەرکیان لە پێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامی کۆمەڵ لەخەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بەبێ شک کۆمەگ دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەنی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... تا نەتەوەیەک چارەنووسی خۆی بەدەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیروگرفتانەی دیکە کە بەدەرجە دوو و دەرجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لەوەڵامی پرسیارەکەدا، پێموایە ژنان و هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن، ئەمن بەو عەینەکە ڕەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێمخۆشە شتەکان لەچوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین ژنان لەخەباتی نەتەوایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەڕێوە بۆ تاریخی ئەو بیستوحەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێدەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەشدا،(کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بەدەیان و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتی‌یان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون و تەنانەت شەهیدیش بوون و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لەژنانن، کەوابێ ئەوان هەرئێستا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی وڵاتدا لە تێکۆشانی سینفی‌دا بەراستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسییان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان پتر نەبێ، لە پیاوان بە بێ‌شک لە پیاوانیش کەمتر نین. لەباری ئیستعداد و لێوەشاوەیی‌یەوە، لە پاشان بە جورئەت و بە شەهامەتەوە هاتوونە مەیدانێ، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندوە. ڕەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێک سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوە نەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیانیان ژنەکانیان زورواریدی فەعالییەتی سیاسی و ئیجتماعی ببن، بەڵام بەوحاڵە ئەو لەمپەرانەیان پەڕاندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان نەتەوایەتی‌دا بەشدارن. ئەوە جێی شانازییە و ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان و



سەرچاوە
Serchawe

بلێین فەعالییەتی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەخۆشییەوە کەسانی وایان هەن کە جێگای شانازین و فەعالییەتیان زۆرە و ئەگەر تەماشای خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بەباشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی لە حەوت، هەشتساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتی‌یە، هەنگاوێکی تازەی بەرەوپێش ناوە گۆڤارێکی هەیە، پیاو بەڕێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکاو بینێرێتە نێو گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە ڕەنگە قەت لە ڕابردوو دا شتی ئاوای نەبوویی، بەرنامەی رادیۆیی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە، لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراوجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەورەی کورتخایەنیش بێ، بەڵام سەعی بکا لە بواری جۆراوجۆردا ژنان و کچانێک کەیەکیەتیی ژنان دەستی وێیان رادەگا فێری شتی تازە بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیشدا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێ شک)، بەڵام پێوەندیی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستان، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی خاریجی کوردستان بلێین ڕێکخراوی ژنان لە ئێران یان لە هێندێ جێگای دیکە. هێندێک پێوەندیی دامەزراندوون، ڕێگای لەبەردەم ئاوەڵایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشان درا کە یەکیەتیی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەر بە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستدا، وەرگیراوە، نەخەیر دەکرێ بلێین فەعال بوو، دەنا هەرئەو ڕۆژەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بووینە عوزوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست، هەر لەو ڕۆژەدا کورسی‌یەک بۆ یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان لە نێو یەکیەتی‌یەکانی ژنان و لاوانی سەر بە ئینتێرناسیونالی سوسیالیست دانراون، هەر لەو ڕۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام لەو یەکیەیانەدا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکی کردوە.

**کوردستان**: بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا، بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان تەمەنێکی دووروودرێژ خەریکی موبارێزە و تێکۆشان بوون و ماوەی نزیک بە یەک دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لێم پرسی: بۆچی تا ئێستا کەم ژن چوونەتە ئاستی ڕێبەری، بەرپرسایەتی‌یان کەمتر پێ‌ئەسپێردراوە؟ بەرێزیان لە وەڵامدا گوتی:

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە ئەمە زیاتر لەهۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێک سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەتا ئێستاش دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەک یەک لەنێوان پیاو و ژندا لەو مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانەدا دروست نەبووە، ئەوە کە دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خوی دێنێ، ئەوە کە بەهەر حاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەر حاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن و خوێندەواربوونیان کەمتر لەبەردەم ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵک

کوڕەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو رادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە کە ئەو قابلیەتانە لەژناندا پەروەردە نەبن. بەبێ‌شک هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بەوەی ژنان بەوجۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش رێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لەفەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت و خوێن و رەگ و پێستەوە هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتیێ رەنگە چوار و پێنج و شەش کوڕ بێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە بەدەلیلی ئەو قەید و بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێک لە هۆیەکان دابنێن. شتی دیکە سەختیی هەل مەرجی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەین‌و ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسیدا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتی‌یەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکیلاتی دیکەیان هەیە کە پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکیلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەممولی هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیشدا، بۆخۆی عادەتێکی وا هەیە دەبێ وردەوردە بەشدار بێ لە خەبات و فەعالییەتەکەدا و کەمکەم پلەکانی پێشکەوتن و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لەشتەکان. شتێکی دیکە کەمێک بەعوزرەوە لە خۆشکەکان بێ‌ئیعتیمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موبارەزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵک بیبیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوانەی کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن، حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتیماد بەنەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیان‌ڕا نابینن، لەحالێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەواری‌یەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسی‌یەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێدەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆی‌نایەتە پێشی، ئەمن پێموایە تەنیا راحەتتەلەبی نیە، رەنگە راحەتتەلەبی بۆ هەموومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێی‌خۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتمادبەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێک خۆ لە کاری جیددی و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێموایە تەقسیری حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە پێش هەمووانیشدا بە خۆم دەڵێم، پێموایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە. نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بی‌بینین، چونکە ئەگەر نەی‌بینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیە کە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێم‌وایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، رۆحی شاد بێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەک کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە



سەرچاوە
Serchawe

دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو ڕێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژنو پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لە عەمەلدا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئیدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێشدا بەخۆم دەڵێم، جا دوایە بەهەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشاردرێتەوە، چونکە ئەگەر بشاردرێتەوە، عەیبەکە نابینین و قەت هەوڵی چارەسەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لەهەمووشی موهیمتر ئارەزووم ئەوەیە کەشەرایتێکی وابخوڵقێ کە موشارەکەتی ژنان لەکاروباری سیاسی و لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٣٤ - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## کاتی گۆڕینی "ئەی ڕەقیب "نەهاتوە

### هەڤپەیڤین: جەهانگیر غەفاری " ئاگرین"

تێبینی: ئەم دیدارەم بۆ رۆژنامەی کوردستان راپۆرت ئەنجام دابوو، بەڵام!!..

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! جەنابتان زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەسەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی میللەتی کوردن لە کوردستانی ئێران. پێمانخۆشە، روانگەی جەنابتان لە دۆخی ئێستادا بەرامبەر، دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە دەورانی ئێستامان هەر چەند ئەگەر تەماشای باری تەبلیغاتی و دیوی دەرەوەی مەسەلەکە بکەین، بە دەورانێکی کپ و بێدەنگ دەناسرێ، چونکە نە مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە لایەن دسەڵاتەوە ئەو ئەهەمییەتەی پێ دەدرێ کە دەبێ پێی بدرێ، نە خەباتی سیاسیی میللەتی کورد ئەوەندە زەق و بەرچاو و دیارە کە دنیای دەرەوە هەستی پێ بکا، بە باوەڕی من ئێستێ مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی کورد لە ئێران لە حاڵەتی گەشەکردن دایە. کەم وەخت هەڵکەوتوە لە بزووتنەوەی کورددا کە بیرو هەستی نەتەوەیی لەنێو خەڵکی کوردستانی خۆمان دا ئاوا بە قووڵی و لە عەینی حاڵدا بە بەرینی ریشەی داکوتابێ.

ئەمن شتێکم خوێندەوە، ئەوانە کە یان موغریزن بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد یان نائاگاهن، شتێکی وا باس دەکەن کە گۆیا بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەر نیە یان ئەگەر هەیە دەبێ ناوی چەند بزووتنەوەی لێ بنرێ چونکە پێیان وایە میللەتی کورد چەند پارچەیە. مەسەلەن شیعە و سوننیی هەیە ئەم مەنتیقە و ئەو مەنتیقەی هەیە و زۆر جۆراوجۆریی دیکە. لەحاڵێکدا راست بەپێچەوانە، ئێستا دەورانێکە کە بزووتنەوەی کورد لە ئێران یەکپارچە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە هەموو جۆراوجۆری یەکانیەوە . جۆراوجۆریی عەشیرەیی، جۆراوجۆریی مەنتیقەیی، جۆراوجۆریی مەزهەبی، تەنانەت جۆراوجۆریی ئایینی . هەموو جۆراوجۆری یەکانی بەسەر یەکەوە لەسەر ئامانجێکی هاوبەش خڕ کردۆتەوە کە خزمەت بە بوون و سابیت کردنی بوونی میللەتی کورد دەکا. لە یەک قسەدا ئەم دەورانە بە دەورانی گەشەکردن و لووتکەی بیری نەتەوایەتی دەناسم کە هەمیشە لە پەرەگرتن دایە، هەم لە باری ئاسۆیییەوە، ئاسۆیەکی یەکجار بەرفرەوانی گرتوە، هەم لە باری عومقی قەزیەکەوە. ئەو کەسەی ئێستێ لە تێکۆشانی بزووتنەوەی کورددا بەشدارە بە قووڵی دەروانێتە



سەرچاوە
Serchawe

مەسەلەکە، ئاگاهیی زیاتری پێوە دیارە و ئیحساسات و کە فوکوڵ نیە کە ئەوی راکێشاوەتە ئەو مەیدانە، بەڵکوو وشیاریی نەتەوەیی پاڵی پێوە ناوە.

**ئاگرین**: **جەنابی مامۆستا حەسەن زادە بەڕای جەنابتان ئەزموونی ١٥ ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لە باشوور چ کاریگەری و چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر گەشەکردنی بیری نەتەوەیی، لەسەر گەشەکردنی شعووری سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە بێ شک ئەم کاریگەرییە کاریگەری یەکی زۆر بەرچاوە. راستە لەبەر ئەوەی کوردستان لە بەینی چەند وڵاتدا دابەش کراوە، ئەو شوێن دانانە کە رووداوەکانی بەشێک لەسەر بەشێکی دیکە دایدەنێن، ناڕاستەوخۆیە، بۆ وێنە ئێستا کوردستانی عێراق لەواقیعدا ئازادە. یەعنی زیاتر لەوەی کە لە قانوون دا هەیە یان لە دەستووردا پەسند کراوە، کورد لە عەمەل دا مافەکانی خۆی جێبەجێ دەکا. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین رەسمەن موستەقیل نیە بەڵام بەکردەوە سەربەخۆیە چونکی هەموو شتێکی بەدەست خۆیەتی. بەڵام تەماشا دەکەی ئێستا لە کوردستانی ئێران کورد تەنانەت ئەوەندەی بەدەست نەهێناوە کە بە زمانی خۆی دەرس بخوێنێ. کەوابێ ئەو شوێندانانە راستەوخۆ نیە، ناڕاستەوخۆیە. بەڵام ئەو شوێندانانە ناڕاستەوخۆیە زۆر کاریگەرە. خەڵکی کوردستانی ئێران یان کوردستانی تورکیە یان کوردستانی سووریە لە لایەکەوە خۆشحاڵن، زۆریش خۆشحاڵن بەوەی کە بەشێک لە میللەتەکەیان بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە و لە هەمووی گرنگتر خەریکە ئەو بەماف گەیشتنە دەبێتە شتێکی قانوونی و رەسمی و پەسندکراو هەم لە چوارچێوەی عێراقدا و هەم لە چوارچێوەی قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەم وەزعەی کوردستانی عێراق ئومێدێکیان دەداتێ، چونکە دەبینن کورد لە کوردستانی عێراق با بڵێین بە شەش میلیۆن حەشیمەتەوە بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە. باشە کوردی ئێران لە ١٠ میلیۆن کەس زیاترە، حەشیمەتی کورد لە تورکیەی رەنگە لە بیست میلیۆن زیاتر بێ. وەختێکی ئەم بەشە بە ماف و ئازادییەکانی گەیشتوە، بۆچی دەبێ ئەو بەشانەی دیکە ماف و ئازادییەکانیان لێ سەلب بکرێ؟ کەوابێ کوردەکان هان دەدرێن کە وەختێک ئەمان بە خەباتی خۆیان ئەم دەسکەوتەیان بووە، با ئەوانیش خەبات بکەن، تێبکۆشن لە ئەزموونەکانی ئەمان فێر بن، دەرسیان لێوەربگرن لە عەینی حاڵدا کەم یان زۆر ئەگەر هەر تەنیا ئەزموون دانیش بێ، دەتوانن لە دەسکەوتەکانی ئەم بەشەی کوردستان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی خۆیان ئیستیفادە بکەن.

کەوابێ بە بێ شک ئەم تەئسیرە زۆر بووە، رەنگە لە داهاتوودا زۆرتریش بێ. ئارەزووم ئەوەیە کە بەرهەمی باشیشی بۆ خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ کوردستانی ئێران زیاتر بێ. چونکە شاراوە نیە کە دەگەڵ

بەشی: یەکەم

ئەوەی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەموو بەشەکان پێوەندی و سەروکاری هەیە، ئەو تێکەڵاوییەی لە بەینی هێزەکانی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کوردی ئێران و عێراقدا هەیە، شتێکی زۆر بەرچاوترە. لەکۆنەوە تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە وەختی تەنگانەدا روویان کردۆتە کوردستانی عێراق و ئی عێراقیش روویان کردۆتە کوردستانی ئێران، ئەم دوو بەشە تێکەڵاوی یەک و تەئسیردانانێکی زیاتریان لە سەر یەکتر هەیە. جا بۆیە ئارەزووم هەیە کە بەتایبەتی کورد لە کوردستانی ئێران بتوانێ لە ئەزموونەکان، تەنانەت لە یارمەتی یە مەعنەوی یەکان و ئەگەر بکرێ حەتا یارمەتیی ماددی و تەکنیکیی کوردەکانی عێراقیش بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی رەوای خۆی کەلک وەر بگرێ.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! ئێستا رۆژهەڵاتی ناوین بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە ئیدی دیکتاتۆریەت رەت دەکاتەوە، رژێمە سەرەڕۆکان رەت دەکاتەوە و کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە پێشێ کورد بەشێکە لەو پرۆژەیە. لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین وەکوو واقیعییەت لێرە بەرەی کوردستانی پێک هات لە پێشان ئەو بەرەیە بە هۆی هێندێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییش تێکچوو. بەڵام ئێستا خۆشبەختانە دیسان هەمگەرایی‌یەک، یەکبوونێک، یەکریزی یەک هاتۆتەوە نێو هێزە کوردستانی‌یەکانی ئێرە. ئایا ئێوە وەکوو ئۆپۆزیسیۆن، بیرتان لە بەرەیەکی کوردستانی کردۆتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە بێ شک. دیارە لە پێش دا دەمەوێ بڵێم نامەوێ وەکوو وتەبێژی حیزبی دێمۆکرات قسە بکەم چونکە ئەگەر بمانەوێ بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە قسە بکەین دەبێ کەسانێک قسە بکەن کە بەرپرسایەتیی ئەو کارەیان لە ئەستۆیە.

**ئاگرین**: وەکوو سیاسەتوانێک

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵام بە بێ شک بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا ئیحتیاجی بە هاوکاری لە گەڵ یەکتر هەیە. لە عەینی حاڵدا پێویستیی بە هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەی وڵاتی خۆشی هەیە. یانی ئەوانەی راستەوخۆ دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن تا تەئسیر دابنێن، بە دەرەجەی یەکەم هێزە کوردی یەکانی ئەو بەشەی کوردستانن، بە دەرەجەی دووەم هێزە سیاسی‌یە کوردەکان دەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەی داخڵی ئەو وڵاتەن. جا ئەوجار بەشێوەی ناڕاستەوخۆ رەنگە بتوانن هاوکاری و هاوفکری دەگەڵ کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن.

کەوابێ ئەوە زەروورەتێکی موتڵەقی هەیە. ئەمن لە جێیەکی دیکە بە درێژەی باسی ئەو مەسەلەیەم کردوە. رەنگە مەسەلەی بەرە بە مەعنای جەبهەی کوردستان زۆر مەسەلەیەکی عەمەلی و حاد بۆ ئەمڕۆ نەبێ بەڵام بۆ کارپێکەوەکردنی هێزە



سەرچاوە Serchawe

سیاسی‌یەکان مەجبوور نیە حەتمەن ناوی "جەبهە"ی لەسەر دابنرێ، یان ناوی "بەرە". دەتوانێ بە هەر ناوێکی دیکە بێ. زەروورەتی هەیە کە هێزە سیاسی‌یەکانی کورد پێکەوە کار بکەن، بەرنامەیان هەبێ هەم بۆ خەبات بۆ گۆڕینی وەزع لە وڵاتدا، بۆیە دەڵێم گۆڕینی وەزع بۆ وەی نەڵێم حەتمەن رووخانی رێژیم، چونکە رووخاندنی رێژیم کاری تەنیا کورد نیە، کاری هەموو ئێرانی‌یەکانە، کاری هەموو عێراقی‌یەکانە، کاری هەموو مەسەلەن ئێکوادۆری‌یەکانە، دەبێ بە هەمووانیان بیگۆڕن، ناوچەیەک ناتوانێ وڵاتەکە بگۆڕێ . کار بکەن بۆ گۆڕینی وەزع لە وڵاتدا، لە عەینی حاڵیش دا دەبێ بەرنامەیان هەبێ بۆ ئەوەی بزانن دوای گۆڕانی وەزع وڵاتەکەیان ئەوەندەی مەربووتە بە وان چۆن دەبێ ئیدارە دەکەن.

ئەوە هیچ گوناح نیە، هەموو حیزبێکی سیاسی کە خەبات دەکا، بۆ بەدەستهێنانی نەوعێک دەسەڵاتی سیاسی دەیکا. ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ بۆ چیە؟ ئەو خەباتە هەموو بۆ ئەوەیە بکوژی و بکوژرێی؟ خۆ بۆ ئەوە نیە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە سبەینێ وڵاتەکەی خۆت بەدەستی نوێنەرانی نەتەوەی خۆت ئیدارە بکەی. کەوابێ دەبێ بەرنامەت بۆی هەبێ. جا زەروورەتی هەیە کە هێزە سیاسی یەکان پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی پێش گۆڕانی وەزعیش پێکەوە ئەو وڵاتە ئیدارە بکەن، دوچاری دووبەرەکی و تەفرەقە و بلێین چەند نەوعی و چەند حکوومەتی نەبن. ئەوەی کە تەنانەت لەم بەشەی کوردستاندا لە ماوەیەکی دیاریکراودا تووشی بووین، یەکێک حکوومەتێکی هەیە، یەکێک حکوومەتێکی دیکەی هەیە، لەم لا قانوونێکە، لەولا قانوونێک. ئەوە بە باوەڕی من یەکێکە لە شەرتە هەرە گرنگەکان و هەرە پێویست و پیرۆزەکان کە هێزە سیاسی‌یەکانی کورد پێکەوە کار بکەن، هەم بۆ ئێستا، هەم بۆ دوارۆژ.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! لە ئێراندا بێجگە لە کورد نەتەوەی دیکەش هەن، وەکوو تورک، وەکوو بەلووچ، وەکوو عەرەب، وەکوو تورکمەن. دەوری ئەمان لە خەبات بۆ چەسپاندنی سیستمێکی دێموکراسی، دێمۆکراتی واقیعی لە ئێراندا، ئێوە چۆن دەبینن. ئوسوولەن هاوکاریی ئەوان لە گەڵ ئوپۆزیسیۆنی کوردی دا لە چ ئاستێک دا دەبینن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من پاش زەروورەتی یەکیەتی و هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە ئێراندا، نۆرە دەگاتە یەکیەتیی کردەوەی ئەو هێزە سیاسی یانە کە هەرکامەیان پێوەندی‌یان بە یەکێک لە میللەتانی زۆرلێکراوی ئێرانەوە هەیە. کەوابێ ئەوە زەروورەتێکی موتڵەقی هەیە چونکە مەسەلەن ئێستا حیزبی دێمۆکرات شوعاری فیدرالیزمی هەڵگرتووە هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەش وان. فیدرالیزم لە ئێراندا تەنیا دوو تەرەفی نیە. لە عێراقدا دوو تەرەفی هەبوو. کورد هەبوو، عەرەب هەبوو کە حاکم بوو. کوردیش داوای بەشداری لە حکوومەتی دا دەکرد و هەقی هەبوو بە تەنێ بەرنامەی هەبێ بۆ ئەوە. بەڵام لە ئێرانی ئێمە دەسەڵات بە موتڵەقی بەدەست نەتەوەی فارسەوە نیە. چونکە ئازەربایجانی یەکانیش تارادەیەکی زۆر لە دەسەڵات دا بەشدارن، بەڵام وەکوو نەتەوەی حاکم فارس دەناسن. باشە لە ئێران بێجگە لە نەتەوەی

بەشی: یەکەم

حاکم پێنج نەتەوەی ژێرستەممان هەن، پێنج نەتەوەی مەحروومان هەن، کەوابێ دەبێ هەر حقووقێک کە بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەدەست دێ هەم بە خەباتی موشتەرەکی وان بێ، هەم نەخشەکێشانەکەی و رەنگ ڕشتنەکەشی بە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی هاوبەشی هەموو لایەکیان بێ.

کەوابێ زەروورەتی موتڵەقی هەیە کە هێزە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە زۆرلێکراوەکان پێکەوە هاوکاری بکەن، چەندی مومکینە بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ، جا ئەوجار بگەینە قۆناخی سێهەم کە هاوکاری لە بەینی هێزە سیاسییەکانی کورد و میللەتە بەشخوراوەکانی ئێران لەگەڵ ئەو هێزە سەرتاسەرییانەی ئێران دایە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و بە عەداڵەتی ئیجتیماعی و بە زەروورەتی دابین کردنی حقووقی گەلان، حقووقی چینە هەژار و زەحمەتکێشەکان، حقووقی سینفە مەحروومەکانی وەکوو ژنان، وەکوو لاوان، وەکوو مامۆستایان، هەموو ئەو جۆراوجۆری یانە هەیە کە لە کۆمەڵدا هەن، ئەو هێزانەی باوەڕیان بە تەئمینی حقووقی ئەو توێژانە هەیە، هەموویان دەبێ پێکەوە کار بکەن.

بە باوەڕی من پاش زەروورەتی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد بەسەر یەکەوە، زەروورەتی دووەم هاوکاریی ئەو هێزە سیاسی یانەیە کە هەر کامیان لە پێناوی وەدیهێنانی ماف و ئازادی یەکانی یەکێک لە میللەتانی دیکەی ئێراندا تێدەکۆشن.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە، ماوەیەکە دەبیسین ئەمریکا بۆ دابەزاندن و پراکتیزەکردنی پرۆگرامەکانی لە پێناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بانگهێشتنی هێندێک لایەنی ئوپۆزیسیۆن دەکا. لەوانە ماوەیەک لەمەوبەر کۆنگرێس، کۆنگرێسی ئەمریکی ئوپۆزیسیۆنی کوردی سوریای لە واقیعدا کۆ کردەوە. تا ئێستا ئایا ئەمریکا تا ئەو جێگایەی کە جەنابتان شارەزای قەزیەکە بن، وەکوو سیاسەتمەدارێک بەرەوپیری ئوپۆزیسیۆنی کورد چ بە تاک یان بە تێکڕا بانگهێشتنی کردوون؟ ئایا تا ئێستا راوێژی پێکردوون؟ ئایا تا ئێستا بە رەسمی بانگی کردوون و لەگەڵیان کۆ بۆتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی ئەمن بزانم هێزە سیاسییەکانی کورد لە ئێران و یەک لەوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەوڵیان هەبووە کە پێوەندی یان دەگەڵ دەسەڵاتەکان و دەوڵەتان و ئەحزابی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان هەبێ کە ئەوڕۆکە دەسەڵاتدارترین و موفتەدیرترین لە دنیادا ئەمریکایە. وەکوو حیزبی دێمۆکرات وابزانم دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ١٠ ساڵ کە بەجۆرێک لە جۆران پێوەندیمان دەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا هەیە. هەرچەندە لە رادەیەکی وا بەرچاودا نیە بەڵام ئەو پێوەندییە هەر هەیە.

ئەوەی لەبارەی سووریەشەوە کراوە وا نیە کە رەسمەن بڵێین وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی کرد بێ، غەیرە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

موستەفیم لە رێگەی هێندێک موئەسەساتی دیکەوە ئەوەی سووریەی کرد، ئەمما ئەوەی دەگەڕێتەوە و سەر کوردی ئێران تا ئێستا لانی کەم ئەمن ئاگام لەوە نیە کە دەعوەتێک کرابێ بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد بچن و دابنیشن و لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێرانەوە قسە بکەن.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! وەک بینیمان دوای ڕاپەڕین لێرە کۆمەڵێک حیزبی بونیادگەرا یا فەندەمانتالیست بە زمانی ئەمڕۆ یانی توندوتیژی خواز و ئیفراتی دەرکەوتن کە بەڕاستی خەسارەتێکی زۆریان تووشی ئەو ئەزموونە ساوایە کرد. ئایا لە دوارۆژی گەیشتنەوەی بزووتنەوەی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە گۆڕانی سیستم لە تاراندا، ئەگەری دەرکەوتنی وەها گرووپگەلێکی ئیفراتی لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەپێش دا با ئەوە بڵێم کە بزووتنەوەی کورد هەر ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و پێویستیی بە "گەیشتنەوە" نیە. سەبارەت بە پرسیارەکەشت دەبێ بڵێم: ئەو جۆرە بزووتنەوانە نە لە کوردستانی عێراق و نە لە کوردستانی ئێران تازە نین، رەنگە دەرکەوتن و تەئسیراتەکەیان تازە بێ، دەنا ئەو جۆرە فکرانە لە هەر دووکیان دا بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا پێشتر هەبوون. بەڵام داخوا لە کوردستانی ئێران چۆن دەبێ؟ ئەمن بە هیچ جۆر مەترسیی ئەوەی کە لەوێش ئەو حەرەکەتە دروست ببێ بە ناواریدی نازانم. پێم وایە ئیمکانی هەیە لەوێش سەر هەڵ بدا و هەر ئێستاش ئەو جۆرە بزووتنەوانە لە کوردستانی ئێران دێنە بەرچاو کە عادەتەن ئەوانەی لێرەش دەیان بینین زۆرجار لەوە تەغزیە دەکەن.

بەڵام ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئەو بزووتنەوەیە لەوێ کەمتر دەتوانێ کاریگەر بێ تا لە کوردستانی عێراق. دەلیلەکەشم ئەوەیە کە پێموایە کۆماری ئیسلامی نەخشی باشی هەبووە، یەعنی کورد لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی تورکیە، هەروا میللەتانی دیکەی ناوچە، کە ڕوویان کردۆتە ئەو سازمانە ئیفراتی یە ئیسلامی یانە، لەبەر ئەوە بووە کە لە حکوومەتەکان ناڕازای بوون. سیستمی سەرمایەداری یان تەجرەبە کردوە باش نەبووە، سیستمی سوسیالیستی یان تەجرەبە کردوە ناتەواو بووە، موشکیلاتی بۆ حەل نەکردوون، سیستمی حکوومەتی ئیسلامی یان تەجرەبە نەکردوە. وەعدی زۆریشیان پێ دەدەن. عادەتەن ئەوانە هەم لەم دنیا بەڵێنی خۆشبەختی دەدەن، هەم لەو دنیا. ئەگەر لێرەش نەبوو لەویەریان خۆشبەختی پێدەدەن، قەولی خۆشبەختی یان پێ دەدەن، بۆیە خەڵکیان وەدوا کەوتوە.

بەڵام لە ئێران کە "جمهوری اسلامی"مان هەبووە، کۆماری ئیسلامییش ئەوەی بەسەر ئێران و ئێرانییەکان هێناوە کە هەموو لە ئێمە چاتری هەست پێدەکەن چونکە ئێمە لێی دوورین خەڵک کە لە ژوورەوەیە چاتری هەست پێدەکا، پێموانیە خەڵک

ئیدی بەو جۆرەی لە جێی دیکە ئیمکانی هەیە روویان تێبکەن، ئیمکانی سەرکەوتنی وان لە کوردستانی رۆژهەڵات زەعیفتر دەبینم لە سەرکەوتنیان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیە و ئوسوولەن بەشەکانی دیکەی مەنتیقەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. فکر ناکەمەوە لە لای خۆمان ئەوەندە بتوانن ئاسیب بگەیەنن. بەڵام بڵێی خەتەرەکە "منتفی"یە بە باوەڕی من مونتەفی نیە. چونکە هەر ئێستا هەمانن.

**ئاگرین**: مامۆستا! پێمخۆشە جەنابت وەکوو هاوسەنگەرێکی دێرینی د. قاسملووی نەمر ئەوەڵەن زۆر بەکورتی چۆن د. قاسملووتان بینیوە، چۆنی بۆ دەڕوانن وەکوو شەخسییەت؟ پێشان جوانترین و جاودانەترین بیرەوەریی خۆتان لە گەڵ د. قاسملوو بۆ خوێنەرانی "کوردستان راپۆرت" باس بکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوو شتیان رەنگە زۆر ئاسان نەبن. یەکێکیان ئەوە کە چۆن بوو ئەمن لە خزمەت د. قاسملوودا ئاشنایەتیم پەیدا کردوە و چۆنی لە گەڵ ژیاوم یان لە خزمەتی ویدا خەباتم کردوە، ئەمە داستانێکی دووروودرێژە. یەکێکیشیان ئەوە کە بڵێین جوانترین خاتیرە یان شیرینترین خاتیرە لە دورانی هاوخەباتی لەگەڵ د. قاسملوودا چیە؟ ئەوەش کارێکی ئاسان نیە. بەڵام ئەوەی کە لەسەر شەخسییەت و نەخشی سیاسیی د. قاسملوو دەکرێ بڵێین هەرچەندە لە مەجالێکی کورتدا رەنگە نەکرێ پیاو بەوجۆرەی هەیە هەقی خۆی بداتێ، ئەمن تا ئێستا رەنگە ئەگەر وەسەریەکی بخەمەوە، دووسەد سێسەد لاپەڕەم لەسەر د. قاسملووی نووسیبێ یان قسەم کردبێ و پیادە کرابێ. بەو حاڵە پێموایە زۆر کەمم هەقی خۆی پێداوە. جا لە مەجالێکی کورتدا رەنگە لەوەش کەمتر بگوترێ.

ئەمن پێموایە د. قاسملوو نەخشێکی تایبەتیی هەبووە لە نێو رێبەرانی بزووتنەوەی کورددا کە هەقە پێی بگوترێ نەخشێکی مومتاز. د. قاسملوو، جاناتان رەندال شتێکی لەسەر نووسیوە زۆر جوانە. دەڵێ: د. قاسملوو تەنیا - راست دەنووسێ تەنیا - رێبەری کورد بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتێک و لەگەڵ هەموو هێزێکی سیاسی، بەرخورد بکا - کەلیماتەکان رەنگە دەقاودەق نەبن - و نەزەری خۆی پێ بڵێ، بێ ئەوەی ئیستیقلالی سیاسیی خۆشی بدۆڕێنێ. بێ ئەوەی ئەو ئیمتیازە بدا کە واز لە ئیستیقلالی سیاسیی خۆی بێنێ.

د. قاسملوو بەڕاستی رێبەرێکی سەردەمیانە بوو. لەگەڵ تازەترین بیروباوەڕەکان و ئەفکاری عەسری خۆی دەژیا. شتی زۆر تازەی هێنایە نێو بزووتنەوەی کوردەوە. کەسێک بوو کە زۆر بە ئاسانی، زۆر بە خێرایی خۆی بەسەر ئەوەی پێی دەڵێین موخاتەب دا تەحمیل دەکرد، یانی خۆی پێ دەقەبووڵاند. زۆر زوو تەئسیری لەسەر خەڵکی دادەنا. ئەوە رەنگە بۆ کەسانی وەک من و تۆ ئاسان بێ بەڵام تەئسیردانان لەسەر گەورەترین سیاسەتمەداران لە دنیای دەرەوە دا، لە ئورووپایە کارێکی

ئاسان نیە و کاری هەموو کەس نیە. مەسەلەن هەر بەبۆنەی شەهیدبوونیەوە، زۆر لە گەورەپیاوانی ئورووپایە ئەم رستەیەیان بەکار دێنا کە د. قاسملوو هەر وەختێکی ئەوان دەیاندی شتی تازەی پێ بوو، شتی تازەی لێ فێر دەبوون. خەبەرنیگار و رۆژنامەنووسی زۆر زیرەک، سیاسەتمەداری زۆر زیرەک و زۆر بەئەزموون ئەو شاهیدییەیان بۆ د. قاسملوو داوە.

لەنێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا ئەگەر بڵێین، د. قاسملوو ئەوەی پێی دەڵێن رۆنیسانس، رۆنیسانسی وەرێ خستوە، زیادمان نەگوتوە. ئەو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە پەیکەرێکی تەقریبەن بێ گیانەوە زیندوو کردەوە، رووحێکی تازەی بە بەردا کردەوە. وای لێکرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا و لە هەلومەرجێکی یەکجار زۆر خراپیش دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ببێتە حیزبێک کە بچێتە ریزی حیزبە گەورەکانی ئێران و کوردستانەوە. نەخشی د. قاسملوو هەر ئەو وەختە نیە کە لە کوردستانی ئێرانە و بە سەدان هەزار خەڵکی لە دەورەیە و بە دەیان هەزار کەس ئەندامی هەیە و تەنانەت بە هەزاران پێشمەرگەی ئامادەی خەباتی هەیەو دەیان هەزار هێزی بەرگریی لە پشتە. د. قاسملوو رۆژگارێک حیزبی دێمۆکراتی کردە حیزبێک کە لە دنیادا بناسرێ، کە لە ئاوارەیی دا دەژیاین، لە عێراقێ دەژیاین. تەواوی مەوجوودییەتی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوە و لەبەرچاوی خەڵک، نەدەگەیشتە سەد کەس. ئەوانەی بەرچاو بوون نەدەگەیشتنە ٢٠ کەسیش. بەڵام بە سیاسەتی ئوسوولی، بەپێوەندی یەکی زۆر بەربڵاوی ناوچەیی و کوردستانی و ئێرانی و نێونەتەوەیی کە هەیبوو، وای کرد کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بچێتە ریزی ئەو حیزبە گەورانەوە کە لە مەنتیقەدا هەن و ببێتە حیزبێکی بە پرەنسیپ. ئەمن بە منەتی د. قاسملووی دەزانم کە چەند جارم لە ئورووپایییان بیستوە کە بە کوردی سەر بە حیزبی دێمۆکراتیان دەگوت کوردی تایبەتی. تەنانەت لەنێو زۆر لە کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌یەکان دا ئیعتیبارێکی وایان بۆ حیزبی دێمۆکرات دادەنا کە جاروبار لە هەموو حیزبە سیاسییەکانی کورد جودایان دەکردەوە. ئەو لێکدانەوەیە کە ئەوان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان هەبوو و ئەو بیروبۆچوونەی کە لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەیان بوو، لە بەشی هەرە زۆری دا قەرزداری د. قاسملوویە.

**ئاگرین**: ئەوکات بیرەوەری یەکانی خۆتان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە!

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەرزم کردی، زۆر ئاسان نیە بیرەوەری یەک لە د. قاسملوویەک هەڵبژێرم کە ئەمن نزیک بە ٢٠ ساڵ لە خزمەتی دا بووم. بەڵام لە خەسڵەتەکانی دا پیاو دەتوانێ بیرەوەرییەکانی ببینێتەوە. دەنا بیرەوەریی شیرین و تاڵ و هەموو شتێکمان پێکەوە هەبووە. ئەمن زیاتر لەو خەسڵەتانەدا دەمەوێ د. قاسملووی بەرجەستە بکەمەوە نە لە بیرەوەرییەک دا کە پێکەوە هەمان بووە. بە هەرحاڵ رۆژانی زۆر تاڵمان پێکەوە دیون، بەتایبەتی ئەمن ئەوەم زۆر پێ

جالیب بوو کە لە ڕۆژانی نائومێدی دا ئومێدی دەدا. لەو ڕۆژانەدا کە حیزبی دێمۆکرات زۆر چووک دەهاتە بەرچاو، ئەو ئەم حیزبەی بە گەورە دەدی. ئومێدی ئەوەی پێ دەداین کە تەماشای ئێستا نەکەین. دەیگوت حیزبێک بە گەورەیی و چووکەیی و بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵناسەنگێندرێ بەڵکە بە بەرنامەکانی و بیروباوەڕەکانی، دەبێ حیساب لەسەر حیزبێک بکەی. بەڕاستیش ئەوە وەدیهات. وەختێکی لە وڵاتی عێراق بووین، خەڵکی دەرەوە ئاوا بە چووکی دەیدیتین، بەڵام وەختێک کە هەلومەرج خوڵقا و نەک پاش ئینقلاب، لە دەورانی ئینقلاب دا گەڕاینەوە وڵات، لە ماوەیەکی زۆر کورتی زەمانی دا ـ بڵێین لە ماوەی دوو مانگان دا ـ حیزبی دێمۆکرات لە حیزبێکی چەند دە نەفەری یەوە، بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار ئەندامی و چەند سەد هەزار لایەنگری و پێشبینییەکەی د. قاسملوو هاتە دی.

تایبەمەندیی دیکەی ئەو ئەوە بوو کە بەڕاستی ڕووداوی عەجایب دەدیتن. مەسەلەن وەختێکی ڕاپەڕینی ئێران دەستی پێکرد ئەو لە ئورووپا بوو. خۆ لە ئێراندا ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی و شتی وا جاری دیکەش تەقیبۆوە، بەڵام کە د. قاسملوو لە دنیای دەرەوەڕا گەڕایەوە ئێمە لە عێراق بووین. قسەیەکی کرد کە ئەو وەختە قسەی وا بۆ خەڵکی دیکە ئاسان نەبوو. گوتی "ئەم جارە جاری ئاخیرە" ئەم جارە دەڕوا هەتا شا دەڕووخێ و بەڕاستییش وابوو.

**ئاگرین**: مامۆستا حەسەن زادە سیاسەتمەداری ناوداری کورد! ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئێستا بەگشتی ئەحزاب، حیزبە کوردستانی یەکان بەگشتی و بەتایبەتی حیزبە کوردستانی یەکانی کوردستانی بن دەستی ئێران تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان لە وشیارکردنەوە و لە ئاگاکردنەوەی خەڵکی نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من هەم لە وڵاتی مە و هەم لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دامەزرانی حیزبی سیاسی بۆخۆی بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی‌یە، واتە ئەوە وشیاریی نەتەوەیییە کە حیزبی نەتەوەیی دروست دەکا. بەڵام ئەو وشیاری یە نەتەوەیی‌یە کە حیزبی نەتەوەیی دروست دەکا، لە نوخبەیەکی یەکجار مەعدوود و مەحدووددایە. یانی چەند کەس لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەورانی خۆیدا، لە هەر وڵاتێکی کوردنشین دا، فکری نەتەوایەتی‌یان تێدا بەهێز بووە و هاتوون حیزبی نەتەوەیی‌یان بۆ کورد دروست کردوە. کەوابێ ئوسوولەن پێکهاتنی حیزبی نەتەوەیی بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی‌یە بەڵام لە دایرەیەکی زۆر بچووک دا. یانی بژاردەکانی میللەتی کورد بوون کە ئەوەندە دایرەی فکری یان بەرین بووە دەرک بکەن کە کورد وەکوو نەتەوەیەک هەیە، نەتەوەیەک کە جیایە لە نەتەوەکانی دیکە، مەزلوومییەتی هەیە و دەبێ بە ماف و ئازادی یەکانی خۆی بگا. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نەخشی حیزبە سیاسی یەکانی کورد، بە باوەڕی من ئێستێ حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا تا ڕادەیەک دوچاری جەفا بوون. ئەمن ناڵێم حیزبە سیاسی‌یەکان نەخشی خۆیان بەو جۆرەی پێویستە توانیوە جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەوە جەفا و



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

ئەمەگنەناسـی‌یەکی زۆری تێدایـە کـە نەخشـی حیزبـە سیاسـی یـەکان لـە وشـیارکردنەوەی کۆمـەڵانی گـەلی کـورددا و لـە ئاشناکردنیان بە مەساییلی نەتەوایەتی دا کەم بکەینەوە یان لەوەش خراپتر ئینکاری بکەین. ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەوەی لە فارسی دا پێی دەڵێن "حزب ستیزی" ئەمن بە شتێکی خەتەرناکی دەزانم.

راستە لەنێو رووناکبیرانی سەربەخۆدا رووناکبیری زۆر گەورە هەن، کەسـانی بـەفکر و بـە ئیدە هـەن، کە دەتـوانن خزمـەتی زۆر گەورە بکەن کە رەنگە تێکۆشەرێکی نێو حیزبێکی سیاسی ئـەو توانایـەی تێدا نـەبێ. بـەڵام ئەوانـە هـەر خۆیـان ئەگـەر فەردن تەنیا فەردن بۆخۆیان، ناتوانن کارێک بـەرەوپێش بـەرن. ئەگـەر ئەوانـە هـەموویان بـەدژی حیزبـەکان بۆخۆیـان رێک دەکەون و پێکەوە کار دەکەن، بۆ ئەوەی ببنە سازمان، بۆ ئەوەی فکرەکانیان پەرە پێبدەن، ئەوە دەبێتە حیزب.

بە بێ حیزبی سیاسی، خزمەت بە ئامانجێک و ئیدەیەکی سیاسی بەتـایبەتی لەباری نەتەوایەتـی‌یەوە ناڵێم نـاکرێ ـ دەکرێ ـ بـەڵام نـاتوانێ زۆر بەهەمدار بـێ. حیزبـە سیاسییەکان چ لـەباری وشیباریی نەتەوەیـی‌یـەوە، چ لـەبـاری ـ بڵێین ـ فکری سیاسییەوە، تەنانەت چ لەبـاری خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە نەخشی زۆر گەورەیان هـەبووە. کـێ بـوون ئەوانـەی یەکەم جار وشەی کوردی‌یان هێناوەتە سەر کاغەز؟ مەسـەلەن لـە کوردسـتانی خۆمـان دا. ئەگـەر حیزبـی سیاسـی نـەی‌کردوە، ئەدی کێ کردوویەتی؟ ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەمن زۆرجار دەڵێم لە واقیعدا ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ هەیـە و ئـەوەش کـە رێگەی پێـدراوە بەرەسمی ئـەوەش بەرهـەمی خـوێن و خـەباتی رۆڵـەکانی میللـەتی کـوردە کـە بەشـی هـەرە زۆری‌ـان لـەنێو حیزبـە سیاسی‌یەکان دا بوون. ئەوان بوون کە داوایان کردوە و بە عەمەلیش پیادەیان کردوە. بەتایبەتی ئەگەر نەبێتە تەعەسـسوب حیزبی دێمۆکراتی کوردستان شاهیدیی بۆ دراوە. گەورە رووناکبیرێکی وەک موحەممـەدی مەلاکـەریم لەسـەری نووسیوە، دەڵـێ: تەنیا حیزبی سیاسی کە خزمەت بە زمانی کوردی دەکـا هـەر بـۆ خزمـەت بـە زمـانی کـوردی، حیزبـی دێمۆکراتـە. حیزبـەکانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتی ئامانجەکانی خۆیانیـان کـردوە. بـەڵام حیزبـی دێمۆکرات خزمەتی زمـانی کـوردی دەکـا وەکـوو خزمەتی زمانی کوردی. چونکە ئەوکات ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتێکی زۆر کەممان هەبوو، بەڵام دەچووین کتێبـی کوردیمـان چـاپ دەکرد. تەرجەمەمان دەکرد بـۆ سـەر زمـانی کـوردی و بـە ئیمکانـاتێکی زۆر کـەم کـە هـەمان بـوو چاپمـان دەکـرد. لـەو بارەیـەوە ئـەمن پێموایـە حیزبـە سیاسـی‌یەکان نەخشـی زۆر گـەورەیان هـەبووە لـە پەرەپێـدانی فکـری نەتـەوەیی و وشـیاریی نەتەوەیی‌دا. ئەگەر خەڵکی دیکەش هەیە، کە سەربەخۆن و ئەوەیان کردوە سەر سەر و سەر چاو و هـەزارجار دەستخۆشـیان پێ دەڵێین، بەڵام ئینکاری نەخشی حیزبە سیاسی یەکان بەتایبەتی لە کوردستانی ئێرانـدا غـەدرێکی زۆر گەورەیـە، ئەگـەر رووناکبیرێک ئێستا دەنووسێ و تەنیا بە نووسین کردوویـەتی، حیزبـە سیاسییەکان بـە بـەخت کردنـی گیـان، ئـەو وشیارییە نەتەوەیی‌یەیان بەخشیوە. ئەتۆ بڵێی بڵاو کردنەوەی وتارێک لەسەر وشیارکردنەوەی نەتـەوەیی کـە عادەتـەن ئەگـەر کەسێک لە حیزبی سیاسی‌دا نیە، کەمێکیش مەجبووره خۆی سانسۆر بکـا، بڵێـی ئـەوە پتـر تـەئسیری هـەبێ لـەو تێکۆشـەرانەی کە

بەشی: یەکەم

دەچنە بن داری سێدارە یان لەوانەی جەنازەکانیان بە پشتی ماشێنەکان دا رادەکێشرێ؟ یانی ئەوە کەمتر وشیاریی نەتەوەیی دەدا تا وتارێکی سیاسی؟ بە باوەڕی من ئەوە غەدرێکی تاریخی یە. بە قەولی مەشهوور جەفایەکە کە لە حیزبە سیاسییەکان دەکرێ.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ. ئەو پرسیارە وەکوو پرسیارێک لە جەنابت دەکەم کە پێموایە لەگەڵ ئەمامی حیزبی دێمۆکرات ڕا خزمەتی ئەو حیزبە دەکەی و لە گەڵ خەباتی شانبەشان و خەباتی شاخ بە شاخ و خەباتی شار بەشار هەرگیز خزمەت بە وشەی کوردی و خزمەت بە قامووسی کوردی و خزمەت بە زمانی کوردیت فەرامۆش نەکردوە. ئێستا ئەمن پرسیارێک دەکەم،... حیزب جێژنی ٦٠ ساڵەی بوونی خۆی بەڕێوە برد و منیش خۆم بەشدارێک بووم لەم جێژنەدا، ئەو ئەقڵانیەتەی کە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر حیزبی لە سەر دروست بوو، ئێستا کە نەوەی تر هاتوون دەتوانین بڵێین دوو نەسڵی دیکە هاتوون تا چ حەد گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵانیەتی ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات دا هاتوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بۆ کەسێکی کە لەگەڵ جەریانێکی سیاسی دەڕواتە پێش زۆر ئاسان نیە ئەو قەزاوەتە بکا. بەڵام بەتایبەتی ئەگەر کەسێک لێی دوورە بێنێ ئەدەبیاتەکەی بخوێنێتەوە، ئەگەر مەرحەلە تاریخییەکانی بخوێنێتەوە، ئەو وەختە دەزانێ کە حیزبێکی سیاسی یان کۆمەڵێک چەندە پێش کەوتوە. ئاوا بە ئاسانی لەمس ناکرێ. مولاحەزە بفەرموو لە ماڵە خۆتدا منداڵێک هەیە، ئەسڵەن پێی نازانی ئەو منداڵە گەورە بووە. کەچی کەسێک کە ١٠ ساڵە منداڵەکەی نەدیوە کە چاوی پێکەوت دەڵێ: ماشەڵڵا بۆتە پیاوێک یان بۆتە گەورە کچێک. مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە پیاو لە گەڵی دەڕوا، نای بینێ. ئەگینا ئەمن پێموایە حیزبی دێمۆکرات یان هەر حیزبێکی سیاسیی دیکە نەک هەر ئەگەر ئەوەی ٦٠ ساڵ لەوەپێش بێ مردوە، ئەگەر ئەوەی ٥ ساڵ لەوە پێشیش بێ هەر مردوە. حیزبی سیاسی مەوجوودێکی زیندوویە دەبێ دایمە لە نوێ بوونەوەو خۆنوێ کردنەوەدا بێ. جا ڕەنگە ئەوە زۆر بەرچاو نەبێ بەتایبەتی هەلومەرجی خەبات لە دەرکەوتن و خۆنواندنی ئەحزابی سیاسی دا تەئسیرێکی زۆری هەیە.

بۆ نموونە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قەت نەمردوە، بەڵام ئەو خۆنواندنە بەرچاوەی کە لە ساڵی ١٣٥٧و بەتایبەتی ٥٨ دا هەی بوو، ئەوە جارێکی دیکە تێکرار نەبۆوە و تا ئێستاش تیکرار نەبۆتەوە. ئێستا دەورانێکە کە حیزبی دێمۆکرات لانی کەم لە زاهیرەکەیدا، دەورانی ئینزیوایەتی و دەورانی بێدەنگی و کپ بوونیەتی. کە بەخۆشی یەوە واش نیە. ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە کوردستانی ئێراندا هەن و ئەو فکرە نەتەوایەتی یانە کە لە کوردستانی ئێراندا هەن ، لە حیزبی دێمۆکرات و لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بە دوور نیە. مەسەلەن ئەتۆ باسی رووناکبیرە سەربەخۆکان بکە، ئەوانەی کە

بەشی: یەکەم

باسی فکری سیاسی دەکەن، باسی وشیاریی نەتەوەیی دەکەن، ئەرێ بیرو بۆچوونەکانیان چەند لەو ئەفکارە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەرنامە و ئەساسنامە و ئەدەبیاتی خۆی دا هەیەتی جودایە؟ دەتوانم زۆر بە مەسئوولییەتەوە بڵێم لەسەدا ٩٥ی ئەوەی حیزبی دێمۆکرات باوەڕی پێی هەیە، لە بیروباوەڕ و نووسینی ئەو رووناکبیرانەدا کە خۆیان بە موستەقیل دەزانن رەنگ دەداتەوە، بە ڕاستییش سەربەخۆن. چونکە نەک هەر رەنگە ئەندامی حیزبی دێمۆکرات نەبن، رەنگە هیچ پێوەندییەکیشیان لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبێ. ئەوە تەئسیری ئەو وشیاری یە نەتەوەیی‌یەیە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆمەڵەکەدا بڵاوی کردۆتەوە و ئەوانیش بەو ئەفکارە پەروەردە بوون. بەڵام نەخشی رووناکبیرانی سەربەخۆ بە هیچ جۆر نابێ بە کەم بگیرێ، دەبێ تەقدیریان لێ بکرێ. بەشبەحاڵی خۆم تەعبیرێک بەکار دێنم و دەڵێم: ئەوەی خزمەتی ئەو ئامانجانە دەکا، با ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی نەزانیبێ، هەر نەشی بیستبێ، هەر دێموکراتە.

**ئاگرین**: مامۆستا! پرسیارێکی ئینتیقادیی تریش کە ئێستا رووناکبیرانی سکۆلار و دێمۆکرات لە حیزبی دەگرن دەڵێن حیزب لە ئەساسدا بەتایبەت پێش کۆنگرەی شەش جەوهەرێکی چەپی بووە، یانی ناوەرۆکێکی چەپی بووە و بەپێی راپۆرتەکانی خودی کۆنگرەش ئەوە حاشای لێ ناکرێ. چ ئەوانەی بە قەڵەمی جەنابت نووسراون و چ ئەوانەی بە قەڵەمی د. قاسملووی شەهید نووسراون، ئەمە واقعییەتێکە. لەلایەکەوە ئێستا هەڵگری ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی و ئەدەبیاتێکی ناسیۆنالیستانەیە. بانگەشەی کۆمەڵگەی سکۆلار و دێمۆکرات و جامیعەی مەدەنی دەکا. لە هەمبەری، ئێمە رۆژانە لە "دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە گوێمان لە دەنگی قورئان دەبێ، ئەمە نەقدێکە کە نەوەی نوێ راشکاوانە ئاراستەی ئەو حیزبەی دەکا. جەنابت وەکوو سیاسەتوانێک، وەکوو کەسێک کە نیزیکەی ١٠ ساڵ سکرتێری ئەو حیزبە بووی چ وەڵامێکت بۆ ئەو رەخنەگرانە هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێمخۆشە لە پێشەوە ئەوە بڵێم، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئێستاش چەپە. ئەگەر د. قاسملوو و قازی موحەممەدیش مابانایە ئێستاش هەر چەپ دەبوون.

**ئاگرین**: چەپڕەو دەبوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەک چەپڕەو، چونکە چەپڕەوی لە ئەدەبیاتی چەپەکان- دا بە نەخۆشی‌یەکی منداڵانە ناو براوە. چەپڕەوی و چەپ بوون فەرقی هەیە. هێزە سیاسی‌یە چەپەکان بەو هێزە سیاسی‌یە چەپانە دەڵێن کە باوەڕیان بە حقووقی تەبەقاتی خوارەوەی کۆمەڵ، بە زەرووڕەتی تەئمینی ماف و ئازادی یەکانی وان هەیە. راستەکانیش بەوانە دەڵێن کە زیاتر

نمایندەی تەبەقاتی سەرەوە و سەرمایەداران و دەسەڵات بەدەستانن و زیاتر مەنافیعی وان دەپارێزن. راست و چەپ لە عالەمی سیاسەت دا بە وانە دەڵێن. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستاش هەر چەپە و هەر مودافیعی حقووقی زەحمەتکێشان و کرێکاران و جووتیاران و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و ئەو چین و توێژانەیە کە بە چین و توێژە گەلیەکان دەناسرێن. کەوابێ لەو بارەیەوە ئیبام نیە.

بەڵام ئەوە کە بۆچی قورئان دادەنێ، بە باوەڕی من ئەوە دیسان لە واقیع - بینیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. - رنگە جەنابت وا نەبی . بەڵام ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆمەڵی کوردەواری لە سەدا ٩٠ی موسوڵمانە. دەی باشە بەرنامەی رادیۆیەکی کە دەیەوێ ئەو خەڵکەی جەزب بکا نابێ لە رۆژێ دا ٣ دەقیقەی بۆ ئەفکاری گشتیی ئەو خەڵکە تێدا بێ؟

**ئاگرین**: مامۆستا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، قورئان نمادی ئەقڵانیەتی دینیە، کەوایە حیزبێک کە پەرە بەو ئەقڵانییەتە دەدات، پەرە بە هێمای ئەو ئەقڵانیەتە ئەدات، ئایا ئەمە پارادۆکس نیە بۆ حیزبێکی چەپ کە لە عەینی حاڵدا بۆ جەزب کردن و راکێشانی خەڵک قورئان لێ دەدا، و لە هەمان حاڵێش دا چەپ و دێمۆکرات و سکۆلارە و بڕوای بە جیایی دین لە سیاسەت هەیە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئەوەی دەیڵێم بە زەرەری حیزبی دێمۆکرات بێ، بەڵام ئەوە کە رۆژانە چەند ئایەت قورئان بڵاو دەکرێتەوە کە عەرەبییە و کەس تێی ناگا کوێی تەبلیغ بۆ ئایینە؟ کەنگێ حیزبی دێمۆکرات چۆتە سەر مینبەر مەوعیزە بۆ خەڵکی بدا. لە حاڵێکدا ئەگەر رۆژێک مەوعیزەش لە رادیۆ بڵاو بکرێتەوە لە گەڵ سکۆلار بوون ناتەبایی نیە.

**ئاگرین**: جەنابی مامۆستا حەسەن زادە! ساڵەهای ساڵە لاوانی کورد بە بیستنی سرووودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" هەست بە غرووورێک ئەکەن، هەست بە حەماسەتێک دەکەن، هەست بە هاتنەمەیدانێ دەکەن، ئێستا لەملا و لەولاوە دەبیسرێت، کۆمەڵێک قەڵەم، کۆمەڵێک شەخسییەت . . هەندێ رەخنەیان لەسەر سرووودی "ئەی رەقیب" هەیە. جەنابت وەکوو ئەدیبێک سەرەتا پێشان وەکوو سیاسییەک چۆن بۆ "ئەی رەقیب" دەڕوانن؟ ئایا زەروورەتێک بۆ گۆڕانکاری هەیە یان نا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئیشکالی کاری من ئەوەیە کە زۆر سەریحم. ئەمن پێموایە دەقی سرووودی "ئەی رەقیب" باشترین شێعری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی نیە. بۆ وێنە ئێستاش نازانم "نای شکێنێ دانەیی تۆپی زەمان" یان جارجار دەڵێن: "دانەری تۆپی زەمان" مانای چیە؟ بەڵام هەر وەکوو باست کرد ئەو سرووودە بۆی هاتوە کە بۆتە مارشی نەتەوەیی میللەتی کورد. بە

بەشی: یەکەم

باوەڕی من لە بایەخ کەمکردنەوەی کارێکی باش نیە. بەش بەحاڵی خۆم هیچ دژی ئەوەش نیم لە ئاییندەدا سروودی میللیی میللەتی کورد بگۆڕدرێ. لە عەینی حاڵیش دا دیسان بە ئاهەنگێکی شۆڕشگێڕانە و حەماسییەوە لێ بدرێ. ئەو وەختی سروودی "ئەی رەقیب" بە هەموو قودسیەت و حورمەتێکی کە هەیەتی لەجێی خۆی دادەنرێ، ئەوەی دیکەیان دەبێتە سروودی میللیی میللەتی کورد. بەڵام ئەوە کە بە نەقدێکی بزانن، بە کەمبوودێکی بزانن لەسەر حیزبە سیاسییەکان یان لەسەر میللەتی کورد، پێموایە ئەوە لەخۆبێگانەبوونە. دیارە میللەتان سروود دەگۆڕن، ئاڵای وڵاتەکەیان دەگۆڕن، ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە و کوردیش دەتوانێ بیگۆڕێ بەڵام تا ماوە بە باوەڕی من موقەدەسە. حەتا زۆرم پێناخۆشە کە جاروبار حیزبێکی سیاسی حەزفی دەکا.

**ئاگرین**: مامۆستا یەکێک لەو رەخنانەی لەسەر "ئەی رەقیب" هەیە تەنیا سروودێکی نەتەوەیییە کە ناوی نیشتمانەکە کە کوردستانە تێیدا نیە. رای جەنابتان بەرامبەر بەوە چییە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: باشە، شاعیر ٦٠ ساڵ، شەست و چەند ساڵ لەوەپێش شێعرێکی داناوە . . چونکە لە زەمانی جمهوریی کوردستان دا ئەو سروودە هەر هەبووە، ناکرێ نە نەقدی لێبگری و نە جوابی نەقدەکە بدەیەوە. ئەودەم بە باوەڕی من رەنگە زیاتر لەبەر ئەوە رەنگی نەدابێتەوە کە ئەوەڵەن وڵاتێکمان نەبووە سەربەخۆ کە ناوی کوردستان بێ. لە پاشان ئەو وەکوو کورد روانیویەتە مەسەلەکە. کورد هەر لە کوردستاندا نیە. چ لە ئێرانێ، چ لە عێراقێ، چ لە تورکیەی، چ لە سووریەی و چ لە وڵاتانی دەرەوە. کورد لەجێی دیکەش هەیە بۆ وی کورد موهیمتر بووە لە کوردستان. ئاخر ئەو خاکە بە کوردەوە دەبێتە کوردستان. دەنا میللەتێکی دیکەی تێدابایە، بەویان دەکوت "ئەوستان"، مەسەلەن "تورکستان"، "فارسستان"، هەرچی ناوێکی دیکەی لێ دەبوو. کەوابێ ئەوە بۆخۆی لە خۆی دا موهیممە.

لە پاشانیش مەسەلەکە ئەوەیە کە فکرەکە فکری ژیاندنەوەی میللەتی کوردە. چ پێویستە حەتمەن "کوردستان" لە هەموو جێیەکی دا هەبێ. بە هەرحاڵ شاعیرە و لەو وەختەیدا ئەوەی بۆ هاتوە و پێموابێ ئەوەش ئیرادێکی کەمێک زاڵمانەیە، کە ناوی "کوردستان"ی تێدا نیە. جاری واش هەیە شێعرێک ناوی کوردستانی تێدایە و ناوی کوردی تێدا نیە. شتی دیکەشمان هەیە، بەڕاستی سروودی دیکەشمان هەیە، شێعری نیشتمانیی دیکەشمان هەیە کە ناوی کوردستانی تێدا نیە. خۆ شەرت نیە لە هەموو جێگایەک دا هەر هەبێ.

**ئاگرین**: ئەوان مارشی نەتەوەیی نین.

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: باشە ئەوە، ئەو وەختە مارشی نەتەوەییمان بووە، راست ئەوەیە مارشی نیشتمانی نیە، نەتەوەیی هەیە. وایە؟ ناوی کوردستانی تێدا نیە، خۆ ناوی کوردی تێدا هەیە.

لەپاشان هێندێک ئیرادی دیکە لەوی دەگرن کە پێموایە ئەوەش هەر زاڵمانەیە کە مەسەلەن خۆ ناڵێ "نەتەوە" دەڵێ "قەوم" بەڵام ئەوەش هەر نیزاعێکی لەفزییە کە لەخۆڕا دروستیان کردوە. "قەوم" لە واقیعدا کەلیمەیەکی عەرەبیە، راست "نەتەوە" لە زمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن "قەوم". مەسەلەن ئێستێ عەرەبەکان کە دەڵێن حقووقی قەومی، مەسڵەحەتی قەومی، ئەمنی قەومی، مەبەستیان حقووقی نەتەوەیی هەموو عەرەبە. مەسڵەحەتی نەتەوەیی هەموو عەرەب یان ئەمنییەتی نەتەوەیی هەموو عەرەب. کەوابێ قەومیش هەر بە مانای نەتەوە بووە. نەک مەبەستی شاعیر ئەوە بووبێ کە لە نەخشی میللەتی کورد وەکوو میللەت کەم بکاتەوە. ئاخر لە هێندێک تەفسیردا دەڵێن " قەوم" قۆناخێکی پێشتر و کۆنتر لە قۆناخی وشیاریی نەتەوەیی‌یە. یەعنی بڵێین لە بنەماڵەوە دەچێتە تایفە و عێل و عەشیرەت و قەبیلە و دەبێتە قەوم و جا پاشان نەتەوە. بە هیچ جۆر مەبەستی شاعیر ئەوە نیە، کە دەڵێ قەوم، بەڵکوو مەبەستی نەتەوەی کوردە.

**ئاگرین**: مامۆستا! پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە، بەڕای جەنابتان وەکوو کەسایەتی یەکی خاوەن ئەزموونی کورد، شتێکی زۆر جوانتان بەراشکاوانە و کامڵەنیش مەنتیقی ئاماژە پێ دا کە ئەم سرووده هی قۆناخێکە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر و ئیشارەشتان بەوە دا ئەگەر حیزبێک نەک بە نیسبەتی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر بە نیسبەتی ٥ ساڵیش لەمەوبەر نەجووڵابێ، نەگۆڕابێ، مردوە. سروودی "ئەی رەقیب"یش ئێستا واریدی فازێکی دیکە بووە. بە بڕوای جەنابتان ئێستا سروودی نەتەوەیی کورد دەبێ هەڵگری چ مۆرک و هێماگەلێک بێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر لێم قەڵس نەبن ئەمن پێموایە سروودی نەتەوەیی کورد وەختی گۆڕینی نەهاتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ئەپریلی ٢٠٠٦

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو

دیمانە: خالید محەممەدزادە

بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیرە شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادەلە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باس نەکراوی لەسەر هێمن هێنایە گۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.

**خالید موحەممەدزادە**: دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمنتان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی بی بینم لەگەڵی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ ببووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەمجار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام ئەمن ساڵی ١٣٤٣ یان ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێک لە مەهاباد بەشدار بووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم بەڵام "مخاطب"ی وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیززەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاطبی یەک نەبووین. ئەمن لە ساڵی ١٣٤٧ەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ ببووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەڵ یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

**خالید موحەممەدزادە**: دواتر کەی هێمنتان بینیەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا

بەشی: یەکەم

بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چۆوە مەرکەزی پارتی - دیارە هەموومان لە ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگە بووین و لەگەڵ مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ببوون بە هاومەنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیان دا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی دواتر، واتە لە ١٩٧٠ بەدواوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە مامۆستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

**خالید موحەممەدزادە**: باسی مامۆستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە مامۆستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مامۆستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو- نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوری دا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێ دەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە:

"بۆ هەژارپەروەری یوو عەدڵ و داد
بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین"

یان دەڵێ:

"ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەوی
سۆرمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزڵوومەکان
تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ"

بەشی: یەکەم

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی مامۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیان-بژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوون کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێ دابوو مامۆستا هەژار بوو، گوتبووی "قسەیەکی لابەلایە، ئەمن خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم." بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسک خەیاڵ لە حیزبی دێموکرات دا زۆر زوو ئەو پلە سیاسی یانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی یا کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەگۆڕێ دان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نیە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نیە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێی دا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتی یە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەک دا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتی یەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵ-وەشابوو، دەبوو تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتی یەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

**خالید موحەممەدزادە:** بەڕێز، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسی دا دەبێ، ئایا جێ پەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسی یەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی بڕیارات و سیاسەتەکان دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانی کەم دەنگی هەیە. بەڵام ئەمن زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسی یەوە وەک شاعیری یەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆی دا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆی دا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسی یەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندی دا.

**خالید موحەممەدزادە**: هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسی یەکانی دا وەک "بژی دێموکرات" و... بێزاریی دەربڕیوە. تو پێتوایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر فشاری حیزبی دا نووسیون یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتوە بۆ دانانی ئەم شیعرانە، و پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یا بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمان بوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە یان هی هێمن نیە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ یان هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم فشار) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات یان بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوودا) شیعری نیشتمانیی گوتوە. یان شیعری بۆ حیزب گوتوە یان شیعری سیاسیی گوتوە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستم دایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتوە، یەک شیعر. "بژی دێموکرات"ی ساڵی ١٣٢٤ گوتوە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی، و دوارۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسک خەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خوشەویست نیە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردوە، عەکسی ئەوەیە. یەکێک لە شانازیەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:

"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"

باشە هەر "بژی دێموکرات"ی لە زەمانی جمهوری دا گوتوە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتوە، هەر بۆخۆی دەڵێ:

"پێکیان هێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
ئۆمێدم وایە لاوانی خوێن پاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک"

یان دەڵێ:

"پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر، نە پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ"

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتوە، ئەویش نەک بۆ حیزب بەڵکوو بۆ شەهیدان. کە شیعری "گەرمەشین"ـە. ئەمن تماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ١٣٤٧، بەڵام وا نیە. ئێمە ساڵی ١٣٤٩ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦ - ٤٧ دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵلا نەهاتوە. پاش چەند ڕۆژێک هات شیعری "گەرمەشین"ی هێنا:

"بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم
بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم"

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ٣ی کوردستان، تایبەت بە خاکەلێوەی ١٣٥٠ چاپ کرا. پێمخۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧. هات گوتی ئەمن عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر باش بوو دوایە شێعری دیکەم بۆ نایە. یەک شێعرم گوتوە و وەستاوە. گوتم چیە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

بەشی: یەکەم

"زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سوور
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کوور"

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردوە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

"کە سۆمایی لە چاو باوکان ڕژاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادڕاوە" و... هتد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یان نا بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتوە. شیعرە نیشتمانی یەکانی پێشتر گوتوون. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازی یەکانی خۆی سڕیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لەواقیعدا هەددەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێموایە ئەگەر ئەم قسەیەشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازی یەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی موحەممەد ئەوە نەبوو فشار بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی موحەممەد گوتوە بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن فشار دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتوە.

**خالید موحەممەدزادە**: واتە ئێوەیش دوای قازی موحەممەد فشارتان بۆ هێمن نەهێناوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستیدلال بکەین کە فشارمان بۆ هێناوە یان نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتوە تا بڵێین لەژێر فشاردا بووە.

**خالید موحەممەدزادە**: بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیعری گەرمە شین، بەڵێ، بەڵام لەژێر فشاردا نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە:** ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

"در بیان و در فصاحت چون بود یکسان سخن
گرچه گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی
در کلام ایزد بیچون که وحی منزل است
کی بود تبت یدا مانند یا أرض ابلعی"

لە هەموو نووسینێک دا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێموایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خودایی یەوەیە کە لە ئاخرەکەی دا دەڵێ:

"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی
کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"

کە دانیشتبووین پێم گوت "ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵڵاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نیە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەی خوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتوە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکار برد) غیرەتی ئەوەیشی نیە بڵێ ئەمن تێی ناگەم، هەر دەڵێ بەه بەه ماچی خودایی! عەزەمەتە!" بەڵام ئەمن بە هیچ شیعرێکی نائێم شیعر نیە و هەموویان جوانن.

بەشی: یەکەم

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، ئەو "سانسۆرە خۆماڵی یە" چیە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێک دا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێتوایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکرات دا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبووە و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆێشتان ئەوکات لەگەڵ هێمن دا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ڕۆژنامەی کوردستان دا زۆر شیعری هێمن چاپ کراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەی دا واتە "تاریک و ڕوون"، حیزب نا، بەڵکوو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم دەردەبڕی. تەنانەت شیعری لابردوە لەسەر پێشنیاری من. لەوێ دا بۆخۆێشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردوە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وابوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نیە بی خوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتوە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن شیعرێکی دوورو درێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایان بەرێ و لای بردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەی دا بۆخۆێشی شیعری سانسۆر کردوە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە "تۆم هەر لە بیرە":

"لە شایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشی دا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"
لە یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو کە دەڵێ:
"لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم
لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم
کە هەڵ دێنم لەبۆ نیبەت دوو دەستم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشە بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمان بوون نیشانەی نەزانی یە، دەباشە ئەتۆ وا نیشان بدە کە پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (بە پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. لە پاشان هێندێک

بەشی: یەکەم

شتی دیکەی هەبوون لە شیعرەکانی دا کە بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دووروودرێـژی هەیـە بـە نـاوی یادگـاری شیرن.

ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، لەحالێک دا کە یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:

"چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی "وەک سەنانی دوژمنە"، بەڵام دوایە کردبوویە "نووکە ڕمبی دوژمنە")
سا بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە، زووبە سا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافە)
بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە" (کاتی خۆی دەڵێ بیخە ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنە) کە دەستکاریی کرد. پاشان هاتوە لێی زیاد کردوە بەڵام دەبینین شیعرێکی لە دیوانەکەی چاپ نەکردوە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بدە هەر ئەو شیعرە بخوێنمەوە.

دیارە شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

"دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێ بگە ناگاتە دەریایە زنە"

بەڵام ئەوەی کە لەوێ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵێ:

"خۆ دەپارێزێ هەمیشە کیژی زانا و خوێندەوار
دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخوێندەوارە بێ بنە"

ئەمەی لە دیوانەکەی دا حەزف کردوە. بۆخۆیشی لای بردوە. کەس لای نەبردوە. نموونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بـارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیویە. لە باسی ڕەنگەکان دا گوتوویە:

بەشی: یەکەم

"سپی یەکەی یەعنی کەسێکە ڕووسپی
هەر کەسێ بمخا بکا فەوری خپی
کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو
تا کەسک بێ باسک و دەستوو هەموو
ڕۆژەکەی یەعنی لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن دوژمن بکا لێتان سواڵ
پێو دەڵێ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر چاکتر دەپارێزێ عەلەم"
کەچی لە تاریک و ڕووندا ئاوای گۆڕیون:
"سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی
هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
سەوزەکەی دێنێتە بەر چاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم"

پاشان بۆ ئەوەی بزانی فشاری لەسەر نەبووە، کافی یە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دان یەک شیعریشی نیە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕوون دا هێندێ شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لای بردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتبێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

بەشی: یەکەم

**خالید موحەممەدزادە:** واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانی دا کرابێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانی کەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردوە تا ئەمن نەم دیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانی کەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دای دەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من. دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو یان ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە.

لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر"

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەوەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێموایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر"

گوتم ئەو گوریسە چیە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم ئەو میسرەعە درێژە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵڵاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێ نەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردن دا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکوو حیزب و نە بەتایبەتی وەکوو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو فشاری لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

**خالید موحەممەدزادە:** ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە داڕشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، یا هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەڵام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەسکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەت ڕا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ یان ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆنریئالی کانادا، ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یاری یەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئاڵامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر نارەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە سەر سەکۆ و میداڵیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...، گوتم لەواقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتوە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چیە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها!

چوارینەیەکی پێ نیشان دام کە دوایە گۆڕیویەتی بەڵام ئاوا بوو:

"بزەی هاتێ و گوتی جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
پەتت بۆ من نیشانی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

ئەمن گوتم جوانە بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی "میداڵی دەرەجە یەک" و لە بڵاوکراوەی "تێکۆشەر"دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕوباعی یە بەتەنیا بووایە باشتر بوو.

مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من

بەشی: یەکەم

برۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من"

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یا یەک دوو جار شیعری وای گوتوە کە تەماشام کردوە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتوە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان،

لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:

"دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن"

باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:

"لە دەوروبەری چوارچرا هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە، دای لە خم لکی کۆڵوانە
شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین، ئەویش سۆرانیی کردە شین"

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت.

دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کڕییەوە کە دەڵێ:

"پیرە پیاو بانگ دێڵێ ڕۆڵە!
لە بیر نەکەن تۆڵە، تۆڵە"

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێ بینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی ١٩٧٤ ئەمن مەئمووریەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لە نێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپ بوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: "ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لەحاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نیە. ئەتۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نیە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و ئەمن فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

**خالید موحەممەدزادە**: باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکی دا کەریمی حیسامیش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی ١٩٧٤ دای نابوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەی دا وای کردوە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەی بینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابڕووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدی یە چیە؟

کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنی کە دەڵێ:

"گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە
گوتی نا نا دوور بنوارە، دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە"

یانی ئەو تێبینی یەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لە باری ئەدەبی یەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەبارێ. بەڵام بەو دوو دێرە نەجاتی بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: بووە مامۆستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: (بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نیە پێمگوت ئەو شیعرە دابنێ، دای نەنا.

**خالید موحەممەدزادە**: باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەژار هەیبوو، وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە یان نا، هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆری یە کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ۱۹۷۰ لە ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئازاردا بڵاو کرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێ نا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای مامۆستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتوە و نایڵێم.

چووبوونە لای مامۆستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند
مێشکی زووحاکی کورد کوژی پرژاند
گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵاَ
چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵاَ
شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر
ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر"
ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:
"بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو
جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو
نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی
هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی"

ئەوجار دەڵێ:

بەشی: یەکەم

"ڕاپەڕی کاوەییێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی وریاتر
مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی
ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری
کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک
کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دا چەک
لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت
لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت
ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو
ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو"

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی "شەهیدان" لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

"ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی
نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران
لە دڵێ گەرمی میللەتا نێژران
خوێنە داشتوویە داری ئازادی
هات بە دووی شینی ئێوە دا شادی"
ئێستا کردوویەتی بە:
"دێ بە دووی شینی ئێوە دا شادی"

بەڵام ئەو وەختە "هات"بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لە دایکبوونی ئەو شیعرە بووم.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**خالید موحەممەدزادە**: جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی وتوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەست کەوتوە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ

"وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من"

یان لەشیعرێکی دا دەڵێ:

"هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی
ئاڵای خەباتی میللەتی کوردت نەکرد نەوی"

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نیە و بەرپرسیاری یەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕوون دا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپیان بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپ کرانەوە جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

**خالید موحەممەدزادە**: بۆ نەی هێنان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: (بە پێکەنینەوە) ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

**خالید موحەممەدزادە**: دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەڕاستی دا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ەوە کە دەورەی ئێستای "کوردستان"مان دەست پێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابووینەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک ئەوە بڵێم باشە کە لەواقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ، بڕیارمان دا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی

دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێ دا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ." مامۆستا هێمنیش گوتی "باشە بۆ ئەمن هەتا ئێستایش مەسئوول نەبووم؟" دوکتۆر گوتی "با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا (بە پێکەنینەوە) لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ." ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەیە کە ڕووی دا.

**خالید موحەممەدزادە**: قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە زۆرتر شتی ئەدەبیی دەنووسی. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبوایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەیبووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبی یان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

**خالید موحەممەدزادە**: "تاریک و ڕوون"ی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "بنکەی پێشەوا"وە بڵاو کراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەت دا هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: "بنکەی پێشەوا" وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی دێموکرات دابووی کە کۆمەگ بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێ نرابوو. خۆ بنکە مەرج نیە خەڵک کۆ بێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتیبی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران" لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتیبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک موحەممەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسی یە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردوە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردوە. مەسەلەن تاریک و ڕوون یان پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

بەشی: یەکەم

**خالید موحەممەدزادە**: چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نیە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردوە بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاو دەبنەوە، بۆیە پێخۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتێبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکان دا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتێبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵ دا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

**خالید موحەممەدزادە**: کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاو دەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چی دایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین. بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

"گوارەکەی زێڕت بە کار نایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە"

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانی دا ناوی نالی هەیە یان حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

**خالید موحەممەدزادە**: مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاو کراونەتەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپ کران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیری دیکە، پێموایە ناویان بە جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەی دا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

**خالید موحەممەدزادە**: تۆ پێتوایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانیٚ؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: پێموانیە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمن دا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەمووман لێی بەرپرسین. نە شانازی یەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێنەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

**خالید موحەممەدزادە**: هێمن بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیای بووە. دەکریٚ بڵێن کە چۆن وەرگیراوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: لە ساڵی دوای دامەزرانیەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشوستیی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێک دا ڕازی ببوو بە دروست کردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چۆوە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبی دا.

**خالید موحەممەدزادە**: جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕە دا بەشدار بوون؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوون. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو یان نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی "هێمن" لە نووسینی عوسمان دەشتی دا دەنووسن: "هێمن کە لە باری ئەدەبی و شیعری یەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لە باری سیاسی یەوە کەم توانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی "بێ توانای سیاسی" ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی

دێموکرات ئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد. یەکەم، هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ. دووەم، هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستی دا هەن. ئێمە مەجمووعەیەک بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیاری یەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نیە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسی یەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبی یەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردوە کە بابە لێی گەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندەوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی دا هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نیە کە بڵێی بەقەدد شاعیری یەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو (بە پێکەنینەوە). هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**خالید موحەممەدزادە**: باشە تۆ پێت وانیە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بی قۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟!

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەرزم کردی، ئەو کەسایەتی یەکەی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرنگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**خالید موحەممەدزادە**: باشە مامۆستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە "تاقمی حەوت کەسی" نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەگەر بۆنەیەک ڕێک کەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حوزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردوە. هەر بە خۆیم گوتوە. وەنەبێ ئەمن غەیبەتی هێمن بکەم یان لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە باری سیاسی یەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەدد ئەوە لە باری شیعری یەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام

گوت؟ هێمن سیاسی یەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو (بە پێکەنینەوە). تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم ئەگەر گوتم هێمن سیاسی یەکی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو مامۆستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکی یەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکی یەت نەنووسی و ئەم پێشەکی یە چۆن نووسرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیات دا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازی یەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتە دا نەبووم کە کتێبی مامۆستا هێمن بە پێشەکیی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبی دا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لە باری ئەدەبی یەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسی یەوە.

**خالید موحەممەدزادە:** ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بووایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکیی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نیە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دوکتۆر قاسملوو وتاری لەسەر گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکی یەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەسەر نووسیوە.

**خالید موحەممەدزادە:** مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵک دا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نیە. نە بۆ ئەوەی تاسەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تاسەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نیە کە لە ژیان دا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵە دا دەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر

بەشی: یەکەم

بیروباوەری خۆی ماوە. ئینسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبووڵ کردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی دیکە وەک یەک نەبوو. لەڕاستی دا ئەوە هەلسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردوە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یان بە پێچەوانەوە. شتی وا نیە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵک دا لەبەر شیعرەکانی. یان خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆش دەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان ڕێ دەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکوو دەبێ شەخس بە کار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ (پێکەنین). یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی"فڵان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد."

**خالید موحەممەدزادە**: کێ ویسکی پێ دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جا بۆ بیڵێین؟!

**خالید موحەممەدزادە**: پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێتوایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوای چل ساڵیش پێموایە هیمن نەدەبووا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب یان میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو. هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویان دایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:

سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ"

لە بارەی خومەینی یەوە دەڵێ:

"بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ"

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندی یەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێ دەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیان نووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمن دا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فڵان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانەویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفی مان نارده لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمنیش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە "تعهد"ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسێ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەت دەمێ. بەیانی کە چووبۆوە کە پێمخۆش نیە هۆیەکەی باس بکەم - پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

**خالید موحەممەدزادە**: دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن، ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن، ئیعادەی کەسایەتی لەسەر هێمن بڵاو دەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیش دا بڵاومان کردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر "اعادە حیثیت" لەو نەبوو. اعادە حیثیتەکەمان بە کردەوە لێ کردبوو. زۆر جار لە بۆنەکان دا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک (بە پێکەنینیەوە) بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەری دا سەپا بوو. جا پیری بووبێ یان هەرچی بێ. لەڕاستی دا مامە غەنیش هەروەها بوو. لە خۆیان ڕا نەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

**خالید موحەممەدزادە**: مامۆستا، ئەو ئیعادەی حەیسیەتە کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو یان بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردوە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر فشاری خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزب دا پێمان وابوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمان گرتبوو ئەو تەحریمە بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەت دا دەخوێنیتەوە.

**خالید موحەممەدزادە**: من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت، بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیش دا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی ئەوان دا توند بووم و نای شارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری "چشم انداز" دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردوە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردوە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە (پێکەنین) بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

**خالید موحەممەدزادە**: من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن شتێکم نیە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ!

**خالید موحەممەدزادە**: سپاس بۆ تۆ و سپاس بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە بیستەمینساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.

بەشی: یەکەم

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە چەند دێڕێکدا بە قەڵەمی خۆی

ساڵی ١٣١٧ لەدایک بووم.

ساڵی ١٣٣٠ وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات ناونووسیم کردوە.

لە ساڵی ١٣٤٨ەوە بوومە ئەندامی ڕێبەری.

جگە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دا هەڵ-بژێردراوم.

نیزیک دە ساڵ سکرتێر بووم. چوار دەورە جێگری سکرتێر بووم.

لە ساڵی ١٣٥٠ەوە ئەندام دەفتەری سیاسی بووم.

دەکرێ بڵێم ٨ ساڵی تەواو لەگەڵ هێمن بووم.

چاکم لەبیر نیە، ڕەنگە بە ورد و درشتیەوە ١٥ کتێبم چاپ کردبن.

نیزیکەی ١٠ کتێبم وەرگێڕاوە کە جگە لە دوانیان هەموویان ئەدەبی بوون.

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## بەرەی کوردستانی" لە چاوپێکەوتنێک لە گەل بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە

### وتووێژی: خالید موحەممەدزادە

**پرسیار**: مامۆستا پێشەکی سپاست دەکەم بۆ ئامادەبوونت لەم چاوپێکەوتنەدا، دەکرێ باس لە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی کوردی یا داواکردنی ئەم ئیئتیلافە کوردی یە لە کوردستانی ئیران دا بکەن و بڵێن بۆ چ تاریخ و سەردەمێک دەگەرێتەوە لە نێوان ئەحزابی سیاسیی کوردستان دا؟

**وەڵام**: بە خێر بێن و سپاس بۆ هاتنتان. ئەوەندەی لە بیرم بێ بە ناوی بەرەی کوردی یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٧ دا پێک هاتوە. ١٩٧٧ ئەو شتەی کە وەک "بەرە" هاتە گۆرێ، شتێک نەبوو تایبەت بە کوردستانی ئێران، بەڵکوو هەولێک بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێو هێزە کوردستانییەکاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەگەر هەڵە نەکەم راست لە مانگی ١٢ی ١٩٧٧ دا بوو، لە بەیرووت هاورێیان کۆ ببوونەوە، لە حیزبی دێموکرات شەخسی دوکتور قاسملوو بەشدار ببوو. پاشان بۆ نوێنەرایەتی کردنی حیزب کاک ئەمیری قازی بەشدار بوو. ئەوەندەی لە بیرم مابێ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دوو ساڵ بوو دامەزرابوو،لیژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان ــ عێراق، کە دوکتور مەحموود عوسمان و هاوبیرەکانی بەشدار ببوون، پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریەی تێدا بەشدار بوون. پارتی دێموکراتی کوردی سووریە، حیزبی دێموکراتی دەستی چەپی کوردی سووریە، یەک دوو حیزبی کوردستانی تورکیەش هەر لەوێدا بریار درابوو کە قسەیان لەگەڵ بکرێ چونکە بۆیان نەکرابوو بێنە کۆبوونەوەکە. ئەوە هەر وەکوو لە ئەسنادەکەی دا نووسرابوو بەشی هەرە گەورەی بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو پێک هات. تەنانەت گەڵاڵە و بەرنامەیەک کە دانرابوو حیزبی دێموکرات ئامادەی کردبوو. مەبەستەکە ئەوە بوو کە هێزە سیاسی یەکانی سەر مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئیستراتیژی یەکی هاوبەشیان هەبێ، کە بریار درا سەرەتا شتەکانیان نهێنی بێ و پاشان ئاشکرا کران. دیارە هەوڵەکە زۆر سەرنەکەوت، بریاریان دابووکە ئەو حیزبانە کار بکەن بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە دنیای دەرەوە. بە پێی توانا لە هەر بەشێکی کوردستان بزووتنەوەیەک لە ئارادا بوو ئەوانی دیکە هاوکاریی بکەن. تەنانەت قسە لەوە کرابوو کە لە کام بەشی کوردستان وەڕێخستنی حەرەکەتێکی فەعال پتر ئیمکانی هەبوو، لەو بەشەدا وەرێی بخەن. لەبیرمە ئەوە (کە پاش نوشوستی - یەکەی ١٩٧٥بوو) نووسرابوو کە کوردستانی عێراق هەر چەندە لە باری سیاسی یەوە بوارەکەی لە بارە، بەلام لە باری نێونەتەوەیی یەوە لە بار نیە، کوردستانی



سەرچاوە Serchawe

ئێـران موناسـبترە، هۆیەکـەش ئـەوە بـوو کـە ئـەوکات هـەموو روانگـەکان روو لـە ولاتـانی سوسیالیسـتی بـوون، ولاتـانی سوسیالیسـتییش لەگـەڵ دەوڵـەتی عێـراق هاوپـەیمان بـوون، بـەڵام لەگـەڵ ئێـران نێوانیـان خـۆش نـەبوو، هەرچەنـد بازرگانییشیان لەگەل ئێران هەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژیمی ئێران گلۆڵەی کەوتبووە لێژی.

لە پاشان هەوڵی دیکە کە درابێ دیارە نەک بۆ "بەرەی کوردستان"، بەڵام هاوکـاریی کوردسـتانی کرابێ دەتـوانین ئـامـاژە بـە دوای ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە کوردستانی ئێران بکەین. لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەلە، شـاخەی کوردسـتانی چریکـی فیـدائی و مامۆسـتا مەلاشـێخ عیـززەدین وەک کەسـایەتی یـەک هەیئـەتێکیان پێـک هێنـا کـە نـاوی نـرا "دەسـتەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" ئەوەش هەم بە پێشنیار و هەوڵی حیزبی دێموکرات بووء هەم ڕۆڵی ئەساسییش لـەوێ درابـوو بـە حیزبـی دێـموکرات. چونکـە ڕاسـتە مامۆسـتا بـە حـوکمی ئـەوەی کـە لەگـەل حکوومـەتێکی دینـی بـەرەوروو بـووین و ئـەویش شەخسییەتێکی دینی بوو کرابوو بە بەرپرسی هەیئەتەکە بەڵام بەرپرسێکی ئیفتیخاری بوو. چونکە ئەو ڕۆڵی هەر ئەوە بـوو کە سەرۆکایەتیی دانیشـتنەکان بکـا و دەروازەی قسـە لەگـەڵ هەیئـەتی دەوڵـەت بکاتـەوە. وتـەبێژی هەیئەتەکـەش حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین ڕۆلی بەربڵاو هـەم لـەکارکردن و هـەم لـە بەڕێوەبەریـدا هـەر بە حیزبی دێموکرات بـوو (دیـارە بـە داخـەوە ئـەویش زۆری نەخایانـد و بەرهـەمێکی دڵخـوازی لـێ بـە دەست نـەهات). پـاش ئەوەش هەوڵ و تەقەلایەکە هەر بەردەوام بووە.

**پرسیار**: ئەو ئیئتیلافەی کە بە بەشداریی حیزبی دێموکرات و ئـەحزابی دیکـەی کـورد لـە بـەیرووت پێـک هـات بـە سـەرنجدان بەوەی کە دووساڵ دوای ئەوە، شۆڕشی سەرانسەریی ئێران دێتە گۆڕێ چ ڕۆڵێکی هەبووە لەو قۆناغەی تێکۆشـانی کوردەکـانی ئێراندا؟

**وەڵام**: بە داخەوە ئەو پێکهاتەیە پێکهاتەیەکی ناکام بوو. ئاڵوگۆڕەکان وایان کرد کە ئەم بەرەیە بە کـردەوە دروسـت نـەبێ. ئەوەش لە واقێعدا هەوڵێک بوو بۆ پێکهینانی "بەرە"، ئەوان یەکەم کۆبوونەوەیـان کردبـوو، بڕیاریـان دابـوو کـە لـە مـانگی ٧ی ساڵی داهاتووی زایینی دا کۆبوونەوەیەکی دیکە بکەن، لە بیرمە گۆترابوو کە دەبێ لـە کوردسـتانی عێـراق ئـەو کۆبوونەوەیـە بکەین، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە هەر پێک نەهات، چونکە هەلومەرجەکە،ڕێگای نـەدا، پاشـان کۆمەلێـک ڕووداو لـە پێوەنـدیی حیزبەکاندا پێک هات، کە ئیدی پێکهاتنی ئەو بەرەیەی بە کردەوە ناموکین کرد.

**پرسیار**: بەلام باس لە کۆمەلێک هەوڵی دیکەش پێش ئەم دانیشتنەی بەیرووت لە نێوان حیزبـی دێمـوکراتی کورسـتانی ئێـران و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەدا دەکری؟

بەشی: یەکەم

**وەڵام**: دیارە حەتمەن بووە و هەرچەند ئەسنادی تاریخی بە داخەوە پێشانی نادا. بەڵام گۆیا پێشتر لە نێوان حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق و خۆیبوون لە کوردستانی تورکیە و ژێ - کاف لە کوردستانی ئێران جۆرێک یەکتردیتن و رێککەوتنامەمۆرکردن هەبووە، هەرچەند ئەوانە شەفاهی بوون تا ئەو جێگەیەی من بزانم لە بەڵگە مێژوویی یەکان دا شتێکی وا دەست نەکەوتوە کە ئیسبات بکا. تەنانەت ئەوەی کە لە سەر ئاڵای کوردستان باسی لێوە دەکرێ وا بە ناوبانگە کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی" سێ سنوور" یان کۆبوونەوەی داڵانپەڕ کە سنووری ئێران و عێراق و تورکیە بووە، قسە لە سەر ئەو ئاڵایە کراوە کە لە کۆماری کوردستان هەڵ کراوە. گوایەلە سەر ئەوە رێککەوتن کراوە کە لە هەر جێگایەکی کوردستان مەجال هەبوو ئاڵای کوردستان هەڵبکرێ ئەو ئاڵایە بێ.

دیارە ئەمن ئەمەم لەبیر نیە بەڵام دانیشتنی بەیرووتم لە بیرە و تەنانەت سەنەدی ئەو یەکگرتنە لە بەر کوردەکانی سووریە بە عەرەبی نووسرابوو کە هاتەوە ئەمن کردم بە کوردی.

**پرسیار**: کەواتە لە قسەکانی ئێوەدا وا دەردەکەوێ کە هەوڵدان بۆ ئیئتیلافێکی کوردی یا بەرەیەکی کوردستانی لە نێو کوردەکانی ئێران دەگەرێتەوە بۆ پاش شۆرشی ١٩٧٩؟

**وەڵام**: ئەوەی ئەمن بزانم پێش ئەو رێککەوتە شتێک نەبووە. چونکە ئەوەی راستی بێ رێکخراوی کوردی ئێرانی تا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی جیددی و لە پراکتیک دا لە کوردستانی ئێران نەبوو جگە لە حیزبی دێموکرات . لە جەریانی راپەرین دا هێندێک رێکخراو دروست بوون وەک کۆمەڵە کە ناوی مەحەللی یان لە خۆ نابوو. رەنگە ئەمە تاکتیکێکی باشیش بووبێ، بۆیە ئەوان لەبەهاری ٥٨ دا ئیعلامی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد. پاشتر ئەوان نووسییان کە ساڵی ٤٨ دروست بوون، دیارە ئەگەر ئەو تاریخەش دروست بووبن خەڵک ئەوەی نەدیوە، هەرچەند وەک رێکخراوێکی نهێنی دەتوانن بووبن، بەڵام رێکخراوێک نەبوو کە حیزبی دێموکرات بیناسێ و پێوەندیی لە گەڵ دا هەبێ. مەسەلەن حیزبی رزگاریی کوردستان سەری هەڵ دا کە بۆ ماوەیەکی کەم ژیا لە ساڵەکانی ٤٤ و ٤٥ی هەتاوی دا بوو کە کاک سەلاحی موهتەدی و مەرحووم کاک موحەممەدی ئیلخانی زادە بوون، و پاشان نەما. بۆیە تا شۆرشی ئێران لە کوردستانی ئێران جگە لە حیزبی دێموکرات لە کردەوەدا رێکخراوێکی سیاسیی کوردی نەدەبینرا.

**پرسیار**: مامۆستا حیزبی دێموکرات لە دەیەی ٢٠ی هەتاوی (خەزەڵوەری ١٣٢٥) لە بەرەیەکی ئێرانی دژی ئیستیعماری دا بە ناوی"بەرەی یەکگرتووی ئازادیخواز" بەشداریی کرد کە حیزبەکانی وەک: حیزبی ئێران ، حیزبی سوسیالیست، حیزبی توودە، فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان، حیزبی جەنگەل، تێیدا بەشدار بوون؟ رۆڵی ئەو یەکگرتنە دژی ئیستیعماری یە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

لە جووڵانەوەی کوردەکانی ئێراندا چ بوو؟

**وەڵام**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەم یەکگرتنە لە پراکتیک دا هیچی نەکرد. لەو حیزبانەش تەنیا لە دوا کاتەکانی کۆماری کوردستان جۆرێک هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکرات و فیرقەی دێموکراتی ئازربایجان دروست دەبێ، بەڵام ئەوانی دیکە لە گۆرەپانەکە نەبوون، هەر چەند رەنگە حیزبی توودە لە پشت پەردەوە بە تایبەتی شوینی لە سەر فیرقەی دێموکراتی ئازبایجان بووبێ، چونکە ئەم فیرقەیە پێشتر کومیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە ئازەربایجان بوو. تەنانەت لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ کونگرەی ٣ دا بە ئاشکرا ئەوە هاتوە کە جەبهەی یەکگرتووی گەلانی ئێران لەو کاتەدا هیچ حەرەکەتێکی لە خۆ پێشان نەدا و بەکردەوە ئازەربایجان و کوردستان لە بەرانبەر کۆنەپەرستی دا تەنیا مانەوە. تەنانەت تاریخ باسی کۆبوونەوەیەکی ئەو جەبهەیەشمان بۆ ناکا، ئەویش لە نوتفەدا خنکاوە.

**پرسیار**: حیزبی دێموکرات بۆ خۆی مێژوویەکی هەیە لە چوونەنێوئیئتیلافە سەرتاسەری یەکانی ئێران، تۆ پێتوایە حیزبی دێموکرات لە هەوڵدان بۆ چوونەنێو ئەم ئیئتیلاف و بازنە سەرتاسەری یانە توانیویەتی هەنگاوێک بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لەم ئیئتیلافانە هەڵبهاوێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستی یەش کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠دا لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری دەردەکرێ، لە لایەکی دیکەشەوە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا لە "یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی" بەشدار بووە، تو پێتوایە ئەم بەشداریکردنە چ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا بووە؟

**وەڵام**: هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف و جۆرەجەبهەیەک تەنیا بە مانای هاوکاری لە کارێکی جەبهەیی تا شەرێکی چەکدارانەدا نیە. بەڵکوو زیاتر بۆ کاری سیاسی یە. بۆ هاوکاری یە و بۆ روونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە و بۆ فشارخستنەسەر حاکمییەتە بە مەبەستی ناچارکردنی بە قبووڵ کردنی داخوازەکانی خەڵک. ئەمن بە چاوێکی ئاوهاوە تەماشای ئەو هەوڵانە دەکەم. پێموایە ئەو هەوڵانە نە کارێکی گەورەیان لە دەست هاتووە نە بێ بەرهەم بوون. مەسەلەن هەوڵی ئێمە یان بوونمان لە "شورای ملی مقاومت"دا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەڵ گەورەترین رێکخراوی سەرتاسەریی ئێران ئێمە ئیئتیلافمان هەبووە جگە لە هێندێ رێکخراوی دیکە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەورەترین رێکخراوی سەرتاسەریی ئێران نەک هەر خودموختاریی قبوول کرد، بەڵکوو لە چوارچێوەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری دا گەڵاڵەیەکیشی بۆ خودموختاری پەسەند کرد. هەرچەند ئەوە قەت بەدی نەهات ، چونکە ئەوان نەگەیشتنە دەسەڵات. رەنگە کامل نەبێ بەڵام ئەوە کە هێزێکی سەرتاسەری قبووڵ دەکا مەسەلەی کورد لە ئێران هەیە،شتێکی گرنگە. بە تایبەت ئەوکاتە سازمانی موجاهیدین زۆر لە برەودا بوو و یەکێک لە گەورەترین رێکخراوەکانی ئێران لەوقۆناغەدا بوو. ئەوکات دوو هێزی گەورە هەبوون: یەکێکیان چریکەکان بوون و ئەوی دیکەیان موجاهیدین بوون. چریکەکان هەر زوو لێک بڵاو بوون و بە کردەوە لە مەیدانی

تێکۆشان دا نەمان. بەلام سازمانی موجاهیدین وەک خۆی مایەوە. لە پاشان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک مەسەلەی کوردی لە گەڵ هێزە ئێرانی یەکان هێناوەتە گۆڕێ یان پێویستیی هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی هێناوەتە گۆڕێ و دەرفەتی هاوکاریی فۆزتۆتەوە، بەڕای من دەسکەوتێکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ خەباتی سیاسیی میللەتی کورد. بە تایبەت لەو روانگەیەوە کە هەتاکوو ئێستاش میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی بە جیایی خوازیی تاوانبار دەکرێن و ئەوەش بە تاوانی گەورە لە قەلەم دەدرێ، ئەوە دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات وەک گەورەترین هێزی مەیدانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان، دەیەوێ کارەکانی و ئامانجەکانی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسی یە نیشتمانپەروەکانی ئێران بباتە پێش. کەواتە ئەمە دەسکەوتی سیاسی یە، شەرت نیە حەتمەن دەسکەوتێکی ماددیی مەلمووسی هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا بێینە سەر کوردستان. حیزبە کوردی یەکانی ئێران مێژوویەکی دووردرێژیان لە پێکەوەکارنەکردن هەیە. پێتوایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئەم هێزانە تا ئێستا نەیان توانیوە لە ژێر چەترێک دا و لە کۆمەڵێک کاری هاوبەشدا بەشدار بن؟

**وەڵام**: پێموایە ئاوا موتلەقی نەکەینەوە باشە. مێژووی حیزبە سیاسی یە کوردی یەکانی ئێران قۆناغی جۆراوجۆری تێدایە.

تێیدا هەیە کە پێکەوە هاوکاری یان کردوە، تێیدا هەیە کە هەر کەس لە ماڵی خۆی بووە. تەنانەت تێیدا هەیە کە بەرانبەر بە یەک وەستاون. بەڵام ئەوە کە ئەو هێزە سیاسی یانە نەگەیشتوونەتە شتێکی بە کردەوە، لە هاوکاری و پێکەوەکارکردن بە باوەڕی من دەتوانێ چەند هۆیەکی هەبن کە لێرەدا رەنگە یەک دوانێکیان باس بکەم.

پێش هەموو شتێک و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەوە کە ناکۆکیی سیاسی و ئایدئۆلۆژیکی هەبوو. هەرچەند حیزبی دێموکرات قەت ئیدئۆلۆژیی تایبەتیی نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی نەتەوەیی کۆمەڵێک ئایدئۆلۆژیای لەخۆدا جێ کردوتەوە.

یەکێکی دیکەیان ئەوە بووە کە ماوەیەکی کەم وڵاتمان بە دەستەوە بووو لە ناوچەدا دەسەڵاتدار بووین. ئەو هێزە سیاسی یانە کە لە گۆڕەپانەکەدا پەیدا بوون بۆ خۆیان منسجم نەبوون. جارێ ئەزموونی سیاسیی پێکەوەکارکردنیان نەبوو. لە پاشانیش لە پێش چاوی ئەوانە کە لە جەریانی ئینقلاب دا دروست ببوون و لە داخلی کوردستانی ئێراندا دروست ببوون ، تا ڕادەیەک حیزبی دێموکرات ناپەیدا بوو. چونکە حیزبی دێموکڕات حیزبێکی قەدەغەکراو بوو، رێبەری یەکەی لە دەرەوەی وڵات بوو، زیاتر پێیان وابوو دەبێ حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەر وەدەر بنرێ. ئەوە شتێک

نەبوو کە هەر بە قسە بێ یان هەر لە خەیاڵ دا بمێنێ. شتێک بوو کە دەهاتە سەر کاغەزیش. تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە لە مەهاباد گیرا، زۆر لەو برادەرانە کە لەوێدا بەشدار بوون داوای دەرکردنی دوکتۆر قاسملوو لەو کۆبوونەوەیە(١٣٥٧)یان کردبوو. گوتبوویان دوکتۆر دەبێ لەو کۆبوونەوەیەدا نەبێ، چونکە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتە. دوکتۆر قاسملووش گوتبووی بەڵێ هەر لە بەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دێموکراتم بەشداری دەکەم. ئێوە خراپ حاڵین، حیزبی دێموکرات بەشی گەورەی لە تێکۆشان و خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا هەیە.

ئەوەی دیکە کە دەتوانێ قۆناغێکی درێژتر بگرێتە خۆ، لە واقێع دا لە ساڵەکانی ١٣٦٠ەوە تا ئێرە حیسابی بکەین هی ئەوەیە کە بە کردەوە بە تایبەتی لە ٦١ەوە رێبەریی ئەم حیزبانە لە وڵاتدا نیە، کە لە وڵاتدا نەبوون، ئەو هەستی بەرپرسیارەتی یە ئەو پێویستی یە کە هێزە سیاسی یەکان وادار بە هاوکاری و لێک نیزیکبوونەوە دەکا کەم رەنگ دەبێتەوە. چونکە ئێمە ئێستا لە رواڵەتدا کێشەیەکمان نیە بە بێ پێکەوەبوون نەتوانین چارەسەری بکەین. بۆیە ئەو تامەزرۆیی یە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان هاوکاری یەک هەست پێ ناکەین. بەڵام ئەگەر لە نێو خەڵکدا بین و لە وڵاتدا بین و کێشەکانی وڵاتمان هەبێ ئەو پێویستی یە پتر تێدەگەین. بۆ بەهێزکردنی ئەو بۆچوونە ئیستیدلالێک بکەم. وەکوو ئەمەگناسی یەکیشە، دەتوانم بڵێم یەکەم ئیشارەکانی پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە واقێع دا بە پێشنیار و بە فشاری خەڵک بوو لە نێو شارەکان. ئەوکات ئێمە لە شاخ بووین، هاتن بۆ لای حیزبی دێموکرات و ئەوانی دیکەش کە ئێوە دەبێ پێکەوە کار بکەن. دیارە ئەو فشارە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات یان ئەوانی دیکە نەتوانن وەڵامی نەدەنەوە، هەستی بەرپرسیارەتی بوو کە وەڵامیان بە داخوازی خەڵک. دایەوە جا قسە لە وەیە کە ئەگەر لە نێو ولاتدا بن ئەو فشارە دەبێ بە هۆیەک بۆ لێک نیزیک بوونەوەی زیاتر.

**پرسیار**: مامۆستا تۆ کۆمەلێک هۆکارت باس کرد وەک کۆسپەکانی سەر رێگای لێک نیزیک بوونەوەی ئەم هێزانە. پرسیار ئەمەیە ئایا ئێستاش ئەو هۆکارانە هەست پێدەکرێ یا نا؟ هەر چەند ئێستا کۆمەلێک روانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ پێکهێنانی ئەم ئیئتیلافە کوردی یە، بەڵام ئەو هۆکارانەی باست کردن ئێستاش پێتوایە ماون؟

**وەڵام**: لە باری شتە ئایدئۆلۆژی یەکانەوە قسەیەکی خۆمم وەبیر هاتەوە کە کاتی خۆی کردبووم و خەڵکەکە پێیان خۆش بوو. ساڵێکیان لە سوئید لە گەڵ کاک سەید برایمی عەلیزادە کۆبوونەوەیەکی دووقۆلیمان بۆ خەڵک ساز کرد (ئەوکات کۆمەڵە یەکدەست بوو) کە ٦٠٠ - ٧٠٠ کەس هاتبوون. لە پەراوێزی قسەکاندا پرسیارێک هات گوتی باشە ئێوە چۆن پێکەوە هاوکاری دەکەن؟ ئێوە حیزبی بۆرژوازی و کۆمەڵە حیزبی چینی کرێکار؟ ئەمن گوتم نە ئێمە بۆرژوازی - یەکەی جارانین و نە کۆمەلەش کرێکارەکەی جارانە (بە پێکەنینەوە). ئیدی ئەو سنوورە ئیدئۆلۆژییانە بە راستی زۆر شکاون و

کەمرەنگ بوونەتەوە. ئێستا زۆر لە رێکخراوە چەپەکان رەنگە هێندێک بونیادی فیکری و ئابووری یان هەبێ، بەڵام هێندێ سازمان کە پێشتر چەپی کومونیستی بوون ئێیستا هەوڵیانە ئەمە لە بیر خەڵکی بەرنەوە. کەواتە کۆسپی ئیدئۆلۆژی ئەگەر بە تەواوییش لە نێو نەچووبێ زۆر کەمرەنگ بۆتەوە. بەڵام مەسەلەن دووری لە وڵات بە داخەوە هەتا ئێستا لە جێگای خۆیەتی. بەوحاڵەش دەتوانم بڵێم ئێستا شتەکە جیاوازیی هەیە. ئێستا پێکنەهاتنی شتێک وەک هاوکاری و وەک ئیئتیلاف یان هەرچی دیکە هۆیەکەی هێندێ شتی دیکەیە. نە ئەو جیاوازی یە ئایدئۆلۆژی یە کوسپە نە ناکۆکی لە سەر بەرنامە سیاسی یەکان و ئامانجە سیاسی یەکان.

ئەوەی راست بێ کە باسی شتی سیاسی دەکەین هیچ ناکۆکیمان لە سەری نیە. رەنگە جاروبار شتێک رابگەیەندرێ ئەویش شتێکی کاتی یە بە ئاسانی دەتوانی بە سەری دا باز بدەی. مەسەلەن ئێستا هەموومان وەک یەک واین، هێزێک نیە لە ئێران داوای خۆدموختاری بکا و لە هەمان کاتیشدا هێزێک نیە داوای جیابوونەوە بکا. هەموو پێیان وایە فیدرالیزم سیستەمێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەی میللی لە ئێراندا. هێزێکمان نیە موخالیفی دێموکراسی بێ یان هێزێکمان نیە ئیددیعای دێموکراسی نەکا. هێزێکی سیاسیمان نیە کە بڵێ موخالیفی بەرابەریی ژن و پیاوم. کەسمان نیە موخالیفی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێ. لە زۆر شتدا لە یەک دەچین. ئەوەندەی ئەمن هەستم پێکردبێ ناکۆکی زیاتر لە سەر ئەوەیە کە یەکەم پێکهاتەی ئەو ئیئتیلافانە لە کێ و لە چی بێ ؟ دووهەم پێکهاتەکە چ سروشتێکی هەبێ؟ چۆن پێک بێ؟ سەلاحییەتی چۆن بێ؟ ئەرک و پۆستەکانی چۆن دابەش بکرین؟ ئەمن زیاتر ئەوەم بە کۆسپ دیوە تا مەسائیلی ئیدئۆلۆژیکی یان سیاسی.

**پرسیار**: بە نیسبەت پێکهاتەی ئەو بەرەیە ئێستا کۆمەڵێک هێزی سیاسیی دیکە هاتوونەتە گۆرەپانەکەوە لە پاڵ ئەوەش دا باس لەوە دەکرێ کە کۆمەڵە و دێموکرات "بەرە"یان لە نێوان خۆیاندا قۆرغ کردوە. ئەم دوو هێزە یا بە تایبەتی حیزبی دێموکرات تا چەند هێزە سیاسی یەکانی تازەی دیکە لە بەرەدا بە بەشدار دەزانێ؟

**وەڵام**: دەڵێن مەلای مەشهوور خۆی مراندبوو دەیان برد بۆ سەر قەبران. دەبوو لە چۆمی بپەڕنەوە ناکۆکی یان لێ پەیدا بوو کە کوێ بوارە لێی بپرنەوە، بە ئاکام نەگەیشتن، مەلا لە سەر تابووتێ گوتی هەتا مەلا مەلا بوو فلانە جێ بوار بوو. ئەمنیش ئێستا باسی ئەو کاتە دەکەم کە زیاترلە بڕیاری سیاسیی حیزبی دێموکرات نیزیک بووم و ئێستا نازانم چیە. بەڵام ئەو وەختە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتەوە ئەوە نەبوو کە حیزبی دێموکرات و یەکی دیکە بیانهەوێ ئیئتیلافی کوردستانی لە پاوانی خۆیاندا بنێن. بە پێچەوانە لەگەڵ ئەوەی بایەخی کۆمەڵەی هەست پێکردبوو، ئەو کاتی کە کۆمەلە یەک پارچە بوو ئێمە گەلاڵەیەکمان هەبوو کە هەر ناویشی نرا "گەلاڵەی هاوکاری"، چەند ساڵ لە گەڵ ئەوان کارمان لە سەر کرد، بۆ

**بەشی: یەکەم**

ئەوەی لە گەڵ ئەوان بە کۆمەڵێک رای هاوبەش بگەین و پاشان لە گەڵ لایەنەکانی دیکە باسی لێوە بکەین. بەڵام لە گەڵ هەمووی ئەوانە ئێمە پێمان وابوو کە نابێ کەس حەزف بکرێ. جێی سەرنجە کە بڵێم لەو "بەرە"یە کە ساڵی ١٩٧٧یش پێک هات لەوێش دا یەکێک لە خاڵەکان ئەوەیە کە نابێ هیچ هێزێکی واقیعیی مەوجوود حەزف بکرێ. رەنگە یەکێک بۆ خۆی نەیە. لێرەش رامان وابوو کە نابێ کەسێک حەزف بکرێ. بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە کە هەر کۆڕێک پێک دێ لە یەکەوە دەست پێ دەکا و دەبێ بە دوو و پاشان زیاد دەکرێ. واتە یەکێک بە فیکری دا دێ کە با "بەرە"یەک پێک بێنین کە بە فیکری دا هات حەتمەن هێزێک هەیە کە لە پێش دا دەیەوێ لە گەڵ ئەودا باسی لێوە بکا. ئەولەویاتێک هەیە، ئێستا رەنگە سبەینێ بە تایبەتی ئەگەر هەلومەرجێک وەک ساڵی ١٣٥٧پێک بێ چەندین رێکخراوی دیکە سەر هەڵ بدەن، خۆ کوردستان لە پاوانی هیچ کەس دا نیە. حەقی خۆیانە. پێت باشە یان نا ئەوە قەزاوەتێکی دیکەیە. کەواتە حەق وایە بە باوەڕی من لە سەرەتاوە جەمعێک لە هێزە سیاسی یەکان کە یەکتر دەناسن، سابیقەی تێکۆشانیان هەیە، بە جیاوازی حەجم و قورسایی خۆیان کە بۆ خەڵکیش ناسراون لە سەر ئەوانە دانیشن و لە سەر هێندێک شت پێک بێن. با ئەوان موشاوەرە بکەن و بریار بدەن کە چ هێزێکی سیاسیی دیکە بێتە نێوەوە. لە شەخسییات کێ دەبێ بەشدار بێ؟ پێموایە کە دەست پێکردنەکە لە گەڵ کۆتایی - یەکەی دەبێ جیاوازیی هەبێ.

**پرسیار**: کە باس لە بەرەی کوردستانی دەکرێ، دیدگای جیاوازیش دێتە گۆڕێ. هێندێ پێیانوایە کە ئەندامانی "بەرە" دەبێ مافی وەک یەکیان هەبێ. دیدگای واش هەیە دەڵێ نا، هەر حیزبێک دەبێ بە پێی قورسایی و توانا و مێژووی خۆی بەشدار بێ لەم پێکهاتەیەدا. پێشنیاری تۆ چیە؟

**وەڵام**: ئەمن کە باس لە "بەرە"ی کوردستانی دەکرێ سەرەتا دوو تێ بینیم هەیە: یەکێکیان لە سەر ئەو ناوەیە، واتە "بەرەی کوردستانی". لە کوردستانی عێراق پێیان دەگوت "بەرەی کوردستانی" (الجبهة الكردستانية). بۆیە لە باری وشەوە پێموایە دەبێ بگۆترێ"بەرەی کوردستان". "بەرەی ئێران"، بەرەی نازانم فەرانسە. ئەو"ی"یەی ناوێ و ئەوە "ی"یە زیاتر عەرەبی یە. ئەوەی دیکە ئەمن لەجێ دا شتێک بە ناوی "بەرەی کوردستانی" بە دروست نازانم. ئێمە وەدوای ئیحساسات نەکەوین، هێزی سیاسیی دەبێ مەسئوول بێ.

جیاوازیی "بەرە" لە گەڵ ئەو ناوانەی دیکە کە بۆ پێکەوەکارکردنی هێزە سیاسی یەکان دادەنرێ لە چی دایە؟ ئەرێ بۆ ناوی "یەکگرتن" نەبێ؟ بۆ ناوی"یەکیەتی" نەبێ؟ بۆ ناوی"تشکل" نەبێ؟ بۆ ناوی"هاوبەندی" نەبێ؟ بۆ ناوی "بەرە" بێ؟ جیاوازیی "بەرە" چیە؟ زۆر کەس کە دەڵێن "بەرە" دەبێ "بەرە" شتێکی هەبێ کەسیش پێم ناڵێ "بەرە" چیە؟ بەڵام ئەمن پێت دەڵێم "بەرە" چیە؟ "بەرە" کە لە عەرەبی یان فارسی دا "جبهە"ی بۆ بەکار دەبەن، جیاوازیی ئەساسیی لە گەڵ



سەرچاوە
Serchawe

شتەکانی دیکە ئەوەیە کە "جبهە" دەبێ وێڕای ئەو پرەنسیپانە کە دایان دەنێن بۆ هاوکاری، وێڕای ئەو ئامانجانە، دەبێ بەرنامەی بۆ حکوومەتی دواتر هەبێ. جیاوازی یەکەی ئەوەیە ئەوانی دیکە ئامانجیان هەیە، بەرنامەی کاریان هەیە، بەڵام بەرنامەی سیاسی یان بۆ حکوومەتی داهاتوو نیە، لەحاڵێکدا "بەرە" (جبهە) هەیەتی. کە ئەوەمان دانا و گوتمان "بەرە" یان (جبهە) ئەوەیکە بەرنامەی بۆ حکوومەتی دوای وەزعی مەوجوود هەبێ، ئەو کات "بەرەی کوردستانی" هیچ مانای نیە. لە بەر چی؟ چونکە وەک گوتم دروشمی هەموو هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندەی ئەمن بزانم وەدیهێنانی فیدرالیزمە. واتە لە چوارچێوەی ئێراندا کێشەکە چارەسەر دەکەن. ئێستا یەکی دیکە بلێ ئەمن لە ئێران جیا دەبمەوە مافی خۆیەتی "بەرە"ی بۆ پێک بێنێ. دەڵێ کوردستان لە ئێران جیا دەکەمەوە ئەوەش بەرنامەکەمە بۆ سیستەمی حکوومەتی کوردستان. بەلام کە دەڵێی لە ئێراندا دەمێنمەوە، بەرنامەی حکوومەتی ئێران بە تو دانانرێ. دەبێ هەموو ئێرانی یەکان یان هێزە سیاسی یە گەورەکانی ئێران دابنیشن جبهەیەک پێک بێنن و بەرنامەش بۆ حکوومەتی دوای کۆماری ئیسلامی کە ئەوان بێنە سەر کار دابنێن. ئەتۆ ناتوانی بەرنامەی حکوومەتی کوردستانیش دابنێی، چونکە ناکرێ لە ئێران سیستەمێک لەسەر کار بێ و لە کوردستان سیستەمێکی دیکە دابنێی. ناکرێ ئێران سەرمایەداری بێ، کوردستانیش سوسیالیستی بێ. راستە لە فیدرالیزم دا هێندێک تایبەتمەندیی ناوچەیی لە هێندێک قانوونی (احوال شخصی) لە بەرچاو دەگیرێ، بەڵام بە گشتی ناوچەی خودموختار سەر بە حکوومەتی فیدراڵە (کە دە-ڵێم ناوچەی خودموختار مەبەستم ئەوە نیە شیعاری خودموختاری بژێنمەوە) لە فیدرالیزمیش دا ناوچەکان پێیان ناڵێن فیدراڵ. ئێستا ئەوەی کە لێرە (کوردستانی عێراق) دەڵێن کوردستانی فیدراڵ ئیستیلاحێکی دروست نیە. کوردستان فیدراڵ نیە، عێراق فیدراڵە، ئەوانە هەر پێیان دەڵێن ناوچەی خودموختار. کەوابێ لە جێ دا باسی "بەرە" زۆر وارید نیە باسی "یەکگرتن"، "هاوپێوەندی"، ئیئتیلاف" و " هەڤگرتن" و شتی ئاوا بە باوەڕی من دروستە.

بەڵام ئەوە کە پێوەندیی ئەندامانی ئەو یەکگرتنە دەبێ چۆن بێ؟ ئەمن پێموایە کە حەق ئەوەیە هەر ئیئتیلافێک پێک دێ، شێوەی کارکردن و ئیدارەکردنی وا بێ کە هەموو لا لە ئەرک و لەماف دا بەرانبەر نەبن یان لە راستی دا بەرانبەر بن. ئەوەی کە دەڵێ "هر کە بامش بیش برفش بیشتر" دروستە. واتە ئەوەی حقووقی زیاتر وەردەگرێ ئەرکی زیاتریشی هەبێ. ئەوەی کە قورسایی یەکی زیاتری هەیە دەسەڵاتی زیاتری هەبێ. ئەمن هەر لە تیئۆری دا دەڵێم، بەبێ ئەوەی مەبەستم هیچ هێز و حیزبێک بێ. وای دانێین ٤ئەندام لە بەرەیەک دا هەن. یەکێکیان ٥٥%ی خەڵکی ولاتەکەی خۆی (وا دابنێ باسی بولیڤی دەکەم نەک کوردستان) لەگەڵ دایە، یەکێکیان ٢٠%، یەکیان ١٥%، یەکیان ١٠%، ئێستا "بەرە"یەک پێک دێنن. ئایا دروستە هەموویان بە قەد یەک سەلاحییەتیان لەو جبهەیەدا هەبێ ؟ باشە وا دانێین ناکۆکی یەک هەیە لە سەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوان سێن ٤٥% ن و یەکیان کە گەورەیە ٥٥% ە . ئەوان ئەگەر رایان جۆرێک بوو دەنگی ئەوان سەر دەکەوێ. باشە ئەوە لە راستی دا قوربانی کردنی زۆرایەتی یە لە بەرامبەر کەمایەتی دا، ئەو ٥٥%ەی خەڵک بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

لە گەڵ ئەو حیزبەن کە سیاسەتەکانی ئەویان قبووڵە. بە چ حەقێک دەچێ دیدگای زۆربەی خەلکی فیدای دیدگایەک دەکا کە کەمایەتی یە. پاشان وا دابنێین حیزبێکی چووکە و حیزبێکی گەورە لە جەبهەیەک دا هەن. باشە ئەو جەبهەیە ئەگەر فعال بێ هەزینەی دەوێ. ئایا ئەوانی دیکە دەتوانن هەر یەکەیان مەسەلەن مانگێ ١٠٠٠٠ دولار بدەن بۆ خەرجەکەی. یان جاروبار وەک شیعاریش دەڵێن با کەسایەتیی سەربەخۆی تێدابێ بە مافی وەک یەکەوە. ئەمن پێموایە ئەوە جۆرێک گاڵتەیە بە ئیحساساتی خەڵک. مەسەلەن وا دابنێین جەبهەیەک لە کوردستانی ئێران پێک دێ. حیزبی دێموکراتی تێدایە، کۆمەلەی تێدایە، ٥٠ کەسایەتییشی تێدایە. ئەگەر وا دانێین ئەوکەسایەتی یانە رایان لە گەڵ حیزبەکان یەک نیە. ئەو حیزبانە دەبێ هەزینەی ئەوبەرەیە تەئمین بکەن و هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ ئەو جەبهەیە، ئەگەر خەباتی چەکدارانەیە خوێنەکە ئەوان بیدەن، بەلام کەسایەتی یەکان بریار بدەن کە چارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە چۆن دەبێ؟ بە جۆرێکی دیکە بۆی بچین. کەسایەتی یەک هەیە کە سەر بە هیچ حیزبێک نیە، باشە ئەی ئەندامانی ئەو حیزبانە، ئەندامانی بە ئەزموونی ئەو حیزبانە ئەوان کەسایەتی نین؟ بۆچی حیزبێک بە خۆی و سەد کەسایەتیی هاوتەرازی ئەو کەسایەتی یانەوە کە لە دەرەوەی حیزبەکان هەن یەک دەنگی هەبێ بەلام کەسایەتی یەکی دیکە هەر چونکە حیزبی نیە بە تەنیا دەنگێک بێ؟ ئەوە بەرابەری نیە، ئەوەی زێدەخوازی یە بۆ ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیی کەمایەتی یەک لە کۆمەڵگاکەی خۆیان دا دەکەن. بۆیە پێموابێ هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە نیە کە تەرکیبەکە وا دابنرێ کە بە پێی وەزنی هەر حیزبێک سەلاحییەت لە نێو رێبەریی ئەو یەک گرتنەدا کە پێک دێ دابەش بکرێ. ئەمن پێموایە عەکسی ئەوە عەداڵەت بەرقەرار ناکا.

**پرسیار**: تۆ لەگەڵ ئەوەدای کە جیاوازی و قورسایی حیزبەکان لەو یەکگرتنەدا وەک خۆیان ببینرێن، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە ئەحزابی ئێمە هەر هەموویان لە تاراوگەدان، بەلام لە سیستەمگەلی دێموکراتیک دا شوێن و جێگای هێزەکان لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دیاری دەکرێ. واتە ئەوە هەڵبژاردنەکانە بە تۆ دەلی کام هێز یەکەم و کام هێز دووهەمە. لە نەبوونی هەلبژاردنێکی ئازاد لە کوردستان ئەو وەزنەی کە باست کرد بە چی هەڵ بسەنگێندرێ؟

**وەلام**: پرسیارەکەت بە جێ یەو کارەکەش موشکیلە. بەلام ئەگەر بمانەوێ پێوانەی دیکە دابنێین پێوانەی دیکە هەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان قابیلی هەڵسەنگاندن (سنجش)ن. مەسەلەن کام حیزب هەر ئێستا ژمارەی ئەندامانی پترە. کام حیزب شەهیدی زیاترە؟ کام حیزب لە رابردوودا لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرترین دەنگی هێناوە. ئەمن لێرەدا مەجبوورم شتێک بڵێم کە بە قازانجی حیزبەکەی منە. حیزبی دێموکرات لە مێژووی سیاسیی خۆی دا سێ جار بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردوە. جارێکیان ساڵی ١٣٣١ بوو کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لە سارم خانی سادق وەزیری کرد یادی بەخێر بێ، هەڵبژاردنەکانی بردەوە. جارێکیان دوکتۆر قاسملوو کاندیدا بوو بۆ مەجلیسی خوبرەگان کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێکرد و بردیەوە. جارێکیان لە یەکەم مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا کە ئەو کات ناوی شوورای میللی بوو بەشدار بووین لە

هەر جێ یەک نوێنەرێک سەرکەوت سەر بە حیزبی دێموکرات بوو. لەوانەش کە کەوتنە دەوری دووهەم جگە لە مەریوان لە هەموو جێگایەک نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پێشەوە بوون. باشە ئیستا بەڵگەیەک نیە کە نفووزی حیزبی دێموکرات وەک خۆی مابێ. هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمەپەسندمان نیە. بەڵام ئایا بەڵگەی مەحکەمەپەسندی دیکە هەیە نیشان بدا کە یەکی دیکە جێگای وی گرتبێتەوە؟ ئەویش نیە. کەوابێ مەجبوورین بە شتێکی دیکە بگەین. با بڵێم ئەو ئیددیعایانەی کە ئێستا هەن ئەو کاتیش هەبوون.

ئەمن لە بیرمە لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم(ی مەجلیسی ئێران) ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی لە ماڵی مامۆستا شیخ عێززەدینی حوسینی کۆبووینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن کاندیدا معرفی بکەین، چۆن بچینە نێو ئەو هەڵبژاردنانەوە. ئەمن بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بووم. گوتم با هەر کامەمان کاندیدای خۆمان هەبێ، لە دەوری یەکەم دا لایەنگرانی هەر لایەکمان دەنگ دەدەین بە کاندیدای خۆمان،بەڵام لەئێستاڕا تەوافوق دەکەین کاندیدای هەر لایەکمان لە دەوری یەکەم دا دەنگی زیاتری هێنابوو هەمووڵا ڕاگەیەندراو دەربکەین و داوا لە لایەنگرانی خۆمان بکەین کە لە دەری دووەم دا دەنگ بەو بدەن واتە چیدی خۆمان کاندیدا نەکەین. مەسەلەن لە حەوزەی هەڵبژاردنەکانی سەقزدا کاندیدای چریکی فیدایی لە هەمووان زیاتری دەنگ هێنا و کەوتە دەوری دووهەم، ئیدی حیزبەکانی دیکە بەیاننامە دەربکەن و بڵێن ئێمە کاندیدمان نابێ و کاندیدی ئێمە فلان کەسە کە کەوتوتە دەوری دووهەم. ئەوان گوتیان نا با بە سەر یەکەوە کاندیدا بدەین. ئەمن گوتم سوودی نیە و بە ئاکام ناگەین. گوتیان بۆ بە ئاکام ناگەین؟ گوتم چونکە دەبێ کاندیداکان بەش بکەین، چەندیان هی حیزبی دێموکرات و چەندیان هی کۆمەڵە و چەندیان هی دیکە بن؟ بۆیە لە سەر ئەوە بە تەوافوق ناگەین. گوتیان بۆ ناگەین؟ گوتم چونکە ئەگەر ئەمن بڵێم نیوەی کاندیداکان لە حیزبی دێموکرات بن ئێوە قبووڵی ناکەن. گوتیان جا بۆ نیوە لە حیزبی دێموکرات بن؟ ئەمنیش گوتم جا ئیشکالەکە لەوەدایە کە ئەمن بە نیوەی ڕازی نابم، چونکە ئەمن پێموایە حیزبی دێموکرات زیاترلە نیوەی کاندیداکانی سەر دەکەون کەچی ئێوە بە نیوەکەش ڕازی نین. گوتیان جا هەڵبژاردن دەری دەخا، گوتم با دەری بخا. وابوو حیزبی دێموکرات بە تەنیا کاندیدای ناساند بەڵام ئەوان ئیتلافیان کرد (مامۆستا و کۆمەلە و چریک و تەنانەت سەربەدارانیش لەگەڵیان کەوت) بەڵام لە نەتیجەدا ئێمە لە زۆربەی جێگاکان سەرکەوتین، ئەوان تەنیا لە مەریوان دەنگیان زیاتر هێنابوو. باشە ئێستا چ گۆڕانێک رووی داوە؟ ئەمن ناڵێم نەگۆڕاوە و وەک خۆیەتی و دەلیلێکم نیە بۆ ئەوەی وەک خۆی بێ. خەڵک دەڵێن وەک خۆیەتی و زیاتریشە بەڵام ئەمن ئیددیعای ئەوە ناکەم بەڵام ئیدی چی دەری دەخا کە ئەو تەوازونە (بە قازانجی لایەنێکی دیکە) گۆڕاوە، ئەویش وا نیە.

**پرسیار**: باشە مامۆستا قسەکانت ئاماژەیە بە قورسایی حیزبی دێموکرات لە رابردوودا، بەڵام ئەمە رەسالەتێکی زیاتر دەخاتە سەر حیزبی دێموکرات بۆ لێک نیزیک کردنەوەی هێزە کوردی یەکان لە دەوری یەک. باشە حیزب بۆ نەیتوانیوە ئەم

**ڕەساڵەتە بە جێ بگەیەنێ؟**

**وەڵام**: عەرزم کردی کە هۆیەکەی هەر ئەوەیە لایەنەکانی دیکە ئاوا دەکەن. ئێستا کۆمەڵە هەمیشە گوتوویەتی و حەقی خۆشیەتی بیڵێ. دەڵێ ئەمن بە موو کەمتر لە حیزبی دێموکرات ڕازی نیم. حیزبی دێموکراتیش ئەوەی قبوول نەکردوە، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتیی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەکا. ئەمن بۆخۆم لە گەڵ دوستانی کۆمەڵە دانیشتووم دەڵێن ئێمە نامانەوێ ئیمتیاز داوا بکەین، بەڵام پێمانوایە ئێمە حیزبی یەکەمین لە کوردستاندا. جا ئەو ئیختیلافە هەیە کە ناهێڵێ ئەو ئیئتیلافە پێک بێ، ئەگینا ئیختیلاف لە سەر مەسائیلی سیاسی نیە. بە داخەوە زۆریش ئاسۆکە نیزیک نابینم. هەرچەند ئەمن پێموایە ئەوە پێویستی یەکە بۆ فیداکاری دەبێ. ڕەنگە زەوابیتێک هەرباش بێ هەبێ. ئێستا لە هێندێک جێ دا ئەو زەوابیتەیان دانەناوە. لە کوردستانی عیراق ماوەیەک جەبهە هەبوو کە پارتی و یەکیەتی تێیدا بوون. ماوەیەکی درێژتر لەو ماوەیە هاوپەیمانی هەبوون. پارتی یەکی هەبوو، یەکیەتی یەکی هەبوو بێ ئەوەی بنووسرێ، لە هەر دوو هاوپەیمانی یە کە هەموو لایان ڕێبەریی حیزبە گەورەکەیان قبووڵ بوو یانی هاوپەیمانیی کوردستان لە سلێمانی چەند ئەندامیان هەبوو هەموویان ڕێبەریی یەکیەتی یان قبووڵ بوو و هی هەولێریش تێکڕا ڕێبەریی پارتی یان قبوول بوو. بەڵام لە کوردستانی ئێران وەک گوتت هەڵبژاردنێک نیە کە پێشانی بدا و ئەوەی پێشووشیان قبوول نیە. کەواتە زەوابیتێکیان دەوێ.

**پرسیار**: تو بۆخوت بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە حیزبەکان بە پێویست دەزانی بۆ قۆناغی ئێستای خەباتی کوردەکان؟

**وەڵام**: گوتم ئەمن پێموایە لە جێ دا ناوی "بەرە" باش نیە. چونکی هێندە تەبلیغاتی بۆ کراوە لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک بۆتە "معجزە". یانی ئێستا خەڵک پێیان وایە کە ئەمڕۆ بەرە پێک هات، سبەینێ کوردستان ڕزگار دەبێ. لە حاڵێکدا بە داخەوە ئەمن وا تێدەگەم و ئێستاش ڕاکەم بە دروست دەزانم ئەمڕۆ بەرەیەک ئیعلان بکرێ سبەی و دووی و سێ مانگی دیکەش هیچ شتێک ناگۆڕێ. چونکە ئێمە لە بارودوخێکدا نیین کە حەرەکەتێک دەست پێبکەین کە دەسکەوتێکی لێ بەرهەم بێ. ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەژیین. باشە ئەو تاقە هیوایە بۆ لە خەڵک بستێنین؟ بڵێین ئەوە بەرەش پێکهات و هیچشی نەکرد؟ بۆیە بە ناوی بەرە پێموایە پێکهێنانی باش نیە، بەڵام پێویستە ئێمە هەڵوێستەکەمان یەک خەین. پێویستە پێکەوە کار بکەین. پیویستە ئێمە ئوسوولێکمان هەبێ کە سبەی گەڕاینەوە نێو وڵات چۆن لەگەڵ خەڵکی ڕەفتار بکەین و چۆن لەگەڵ یەکتر ڕەفتار بکەین. ئەگەر هەلومەرجێکی وەک ساڵی ٥٧ی ئێران پێکهات یان هەلومەرجێکی وەک دەیەی ٩٠ی کوردستانی عێراق پێکهات چۆن ئەو وڵاتە پێکەوە ئیدارە بکەین. هەر کەس بۆ خۆی حکوومەتێکی هەبێ؟ هەر کەس ناوچەی



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی خۆی هەبێ یان پێکەوە و بە یەکدەست و یەک قانوون وڵات بەڕێوە بەرین. ئێمە تەجروبەی ئەوەمان هەیە. زۆرجار قانوونێکی باش جێ بە جێ نەدەبوو چونکە حیزبێک دەیگوت ئەوە هی فلان حیزبە ئەمن بە قسەی ناکەم. مەسەلەن حیزبی دێموکرات ژن بە ژنەی قەدەغە کردبوو فلان حیزب دەچوو بە لایەنگرانی خۆی ژن بە ژنەی دەکرد. دەیگوت خۆ حیزبی دێموکرات حاکم نیە و هەر بۆ شکاندنی حاکمییەتی حیزبی دێموکرات مجوزی دەنووسی بۆ ژن بە ژنە. ئێمە دەمانگوت دارستانەکان مەبڕن، حیزبێکی دیکە دەهات دەیگوت بابە بیبڕن خۆ ماڵی حیزبی دێموکرات نیە و ماڵی خۆتانە. بۆیە پێویستە هەر لەئێستاوە کاربکەین و هەر لە ئێستاوە ئوسوولێکمان هەبێ کە ڕەنگە ئەو کات دەسکاریی بوێ. بەڵام با ناوی جەبهەی لە سەر دانەنرێ.

**پرسیار**: کەواتە تۆ دەترسی لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو هیوایەی کە ڕەنگە ئەم حیزبانە لە دانانی بەرە بە خەڵکی بدەن و بۆیان جێ بەجێ نەبێ؟

**وەڵام**: بەڵێ ئەورۆکە وایە، ئەگەر بەرە پێک بێ چی دەکا؟ بە خۆی و دە هەزار پێشمەرگە دەتوانێ ناوچەیەک رزگار بکا؟ لە لایەکی دیکەشەوە جەبهە ڕێکەوتنی چەند ڕێبەر نیە. دەبێ بەدەنەی ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ئەو زەمینەی هاوکاری کردنە لە نێوانیان پێک بێ یانی ببێتە شتێکی جیگای قبوولی هەمووان. لە هەمووی گرنگتر ئێمە ئێستا کاری پراکتیکیمان بۆ ناکرێ. بە تایبەتی ئەو کارە پراکتیکی یەی کە خەڵک دەیانەوێ.

سەرچاوە وێبلاگی کاک خالید - ڕێکەوتی : ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## وردەکارییەکانی شەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە نەغەدە

### لە وتوویژ لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادەدا

### هەڤپەیڤین: مێهدی مێهرپەروەر

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە لە میتینگێکی گەورەی شاری مەهابادا، خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەو چەشنە میتینگانە لە لایەن حیزبەوە بەڕێوە چوون، کە لەگەڵ پێشوازیی بێوێنەی خەڵک بەرەوروو بوون. ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ویستی لە شاری نەغەدەش، میتینگێک پێک بێنێ کە سەرەڕای باس لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی حیزب، بناخەیەکی نوێ بۆ هاوخەباتیی دوو گەلی کورد و ئازەربایجانی دابمەزرێنێ، بەڵام، بەداخەوە شەڕێکی نەخوازراو رووی دا کە بە سەدان کەس لە رۆڵەکانی دوو گەلی کورد و ئازەری بوونە قوربانی و بە هەزاران ماڵی کورد بە ناچار ماڵی خۆیان بەجێ هێشت.

**شەڕی نەغەدە بە دەرچوونی بەیاننامەیەکی هاوبەش کۆتایی پێهات و لەو پێوەندییەدا هەیئەتی" حسن نیت" پێکهات. سەبارەت بە نێوەرۆکی بەیاننامەکە و پێکهاتەی هەیئەتی "حسن نیت" و رۆلی کوردەکان لەو پێوەندییەدا، رووی پرسیارمان کردە بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، کە ئەوکات نوێنەری حیزب و ئەندامی هەیئەتی "حسن نیت" بوو، بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی:**

**وەڵام**: لەراستی دا ئەگەر بمانەوێ لە باری شەڕی نەغەدەوە قسە بکەین، دەبێ کەمێک پتر بگەڕێینەوە، هەروەک دەزانن شەڕی نەغەدە، نتیجەی پیلانێک بوو کە پاشماوەکانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی و ئاژاوەگێرانی سەر بەجمهوریی ئیسلامی کە لەراستیدا هەر لە چەند عونسووریکدا خۆیان دەنواند بەعەمد بەسەر دوو میللەتی کورد و ئازەرییاندا سەپاند، بەبۆنەی رێکخستنی میتینگێکی ئاشتیخوازانە کەلەتەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سازکرابوو. ئەمن بەئینسافەوە دەڵێم کەحیزبی دێموکرات لەرێکخستنی ئەو میتینگەدا بێ دیققەتییەکی کردبوو، یەعنی ئیمە نەمانتوانیبوو حەساسیەتی وەزعی نەغەدەی بەو جۆرە کە هەیە، تێبگەین و یان ئەو میتینگە وەڕێ نەخەین، یان ئەو میتینگە چووکتر وەڕێ بخەین، یان

هیچ نەبێ ئیجازە نەدەین کە خەڵک بە چەکەوە بچێتە ئەوێ. ئەمە هەڵەیەک بوو کە لە رووی نیازپاکی‌یەوە، ئێمە تووشی بووین. چونکە بەراستی حیزبی دێموکرات هیچ نیازێکی نەبوو غەیری ئەوەی کە لەشارێکی وەکوو نەغەدەدا کە دەیویست بیکاتە شاری برایەتی و تەبایی تەئکید بکاتەوە و پێدابگرێ لەسەر پێوەندیی برایانە و خەباتگێرانەی دوو میللەتی کورد و ئازەری کە لە لەو شارە دەژین.

بەڵام ئەوانە کە چاویان بە برایەتیی کورد و ئازەری هەڵ نەدەهات، هاتن ئەو بەزمەیان رێکخست، ئەو شەڕەیان بەسەر هەر دوو میللەتدا سەپاند. بۆیە دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری قوربانی‌یەکان لە هەر دوو لاوە قوربانیی ئەو پیلانە دژی ئینسانییە بوون، کە بەنیازپاکییەوە واریدی بوون، بەڵام بوونە قوربانیی پیلانێک و دەسیسەیەک کە دوژمنانی هەر دوو میللەت وەرێیان خست. رەنگە لەو نێوەدا کەسانێکیش هەبووبن کە ئەگەر کوژراون شیاوی ئەو سزایە بوون کە وەرەیان گرتوە بە بێ شک لەوانەش کە ئاژاوەکەیان وەرێ خست هەندێ کەس کوژران. بەهەرحاڵ شەڕی نەغەدە لە رۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا وەرێ کەوت. ئەو بەیاننامەیەی کە پرسیاری لێ‌دەکەی رۆژی ٢ی بانەمەڕ دەرچوو، کۆبوونەوەیەک لە مەحمەدیار پێکهات، لەو کۆبوونەوەیەدا لە تەرەف شاری مەهابادەوە و لە تەرەف بڵێین رێبەرایەتیی کوردەوە کە ئەو وەختەی جارێ رێبەرایەتییەکی وا مونسەجیم نەبوو. بەڵام حیزبی دێموکرات هەبوو وەکوو تەرەفێک شوورای شاری مەهابادێ هەبوو، کەیخوداو ریش‌سپی و عولەمای دینی و ئەوانە هەبوون هەیئەتێک رێکخرا کەبچن، لەوێ دەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی نەغەدە و هەروەها لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەت، هەم لە ئوستان و هەم لە شارستانی نەغەدەی، دابنیشن بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە. ئەوەی لە بیرم بێ رەنگە تەواوتەواو هەموو ناوەکانم بەبیر نەیەن، لە لایەن کوردەکانەوە، خوالێخۆشبووان مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلاخدری مەولانی یان مامۆستا مەلاخدری سارتکێ کەوا مەشهوورە وەکوو رووحانی بەشدار بوون، فەرمانداری مەهابادێ، مەرحوومی حەسەنی بابا تاهێری بەشدار بوو، کاک رەحیم خەڕرازی یان ئێستا حاجی رەحیمی خەڕرازی بەشدار بوو وەک نوێنەری ئەسناف و بڵێین پیاوماقووڵانی شاری مەهاباد، ئەمنیش وەکوو نوێنەرێ حیزبی دێموکرات بەشدار بووم، چەند کەسێکیش دەگەڵ بوون. دیارە هەیئەتی ئێمە هەمووی بێ چەک بوون، بێ-موحافیزو ئەوانە، تەنانەت هەندێ پێشمەرگەمان دەگەڵ بوون کە لە قاوەخانەیەک کە بە قاوەخانەی "حاجی حوسێن" دەناسرا بەجێمان هێشتن، بۆ ئەوەی بەبێ چەک بچینە ئەوێ و وەکوو هەیئەتێکی بە تەواو مەعنا بێ‌چەک و هەیئەتی حوسنی نییەت واریدی ئەوێ بین. لەوێ باسێکی دوورودرێژ کرا لەسەر ئەو شەڕە و عەوامیلی هەڵگیرسانی و ئەمن زۆر چاکم لە بیرە کە بە فارسیمان قسە دەکرد چونکی هەموومان لێک حاڵی نەدەبووین، ئەگەر بە فارسیمان قسە نەکردبایە، فارسی زمانی موشتەرەکی هەموومان بوو، ئەمن گوتم لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین جەنگی نەغەدە، حەق وایە پێی بڵێین، نەنگی نەغەدە، چونکی ئەو شەڕە لە بەینی دوو میللەتدا هەڵگیرساوە کە بران و چارەنووسی موشتەرەکیان هەیە و وەک یەک غەدریان لێ‌کراوە، حەق وایە پێکەوە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان خەبات بکەن. ئەمن پێمخۆش بوو ئەوەش بڵێم

لە ئوستانداری‌یەوە، هەم ئوستانداری ئازەربایجانی غەربی، کە دیارە مەنتەقەی کوردستان هەمووی ئەو بەشەی هەمووی هەر دەگرێتەوە، ئاغای عەبباسی، بەشدار بوو هەم ئاغای قورەیشی، لە رووحانیونی خەڵکی ورمێ بەشدار بوو و هەم مەلا برایمی موحەررير کە وا بزانم ئیمامجومعەی بەشی ئازەری‌نشینی شاری نەغەدەی بوو، هەم ئەوان بەشدار بوون. باسێکی زۆر کرا لەسەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە، هەموو تەئکیدیان کردەوە لەسەر ئەوە کە ئەو شەڕە خراپە و دەبێ کۆتایی پێ-بهێنرێ، ئەمن زۆر چاکم لەبیرە کە ئوستاندار هەرچەند عومرێکی زۆری هەبوو لە ئوستانداری‌دا، بەڵام وا تێگەیشتم پیاوێکی بە حوسنی نییەتە، چەند جار بەڕاستی لە نەقشی کوردەکان و، بەتایبەتی لە حوسنی نییەتی حیزبی دێموکرات تەشەککوری کرد. بەیانیەکە بەو موناسەبەتەوە دەرچوو، ئێمە هەر لە مەحمەدیار دانیشتبووین کە بەیانیەکە لە رادیۆ تاران خوێندرایەوە، چونکی بەیانی گەیشتینەوە وێ و، نەهاریشمان لەوێ کرد و پاش نێوەرۆیە ڕۆیشتین. بەیانیەکە هەر ئەوەندی تێدا بوو کە ئەو شەڕە، شەڕێکی براکوژی‌یە، شەڕێکە بە قازانجی هیچ یەک لەو دوو نەتەوەیە تەواو نابێ و، دەبێ هەرچی زووترە تەواو بکرێ. بەناوی نوێنەرانی هەر دوو نەتەوە داوا کرابوو کە تەرەفەین دەست لە شەڕ و دەرگیری هەڵبگرن و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، کە لەو بارەوە لایەنی کوردی هەتا شەڕکەرەکانیش بە راستی بە حوسنی نییەتەوە بە دەنگی ئەو بانگەوازەوە چوون، بەڵام ئەوەی کە جێی داخ بوو، ئەوە بوو کە نوێنەرانی دەوڵەت لە واقیعدا هەر ئەو کەسانە بوون کە شەڕەکەیان هەڵایساندبوو، دەگەڵ ئەوەی بەناوی ئەوە کە دەیانەوێ شەڕەکە دامرکێنن، هێزی نیزامیی نارد، هێزە نیزامی‌یەکە کە هات بەراستی یەکتەرەفە عەمەلی کرد، عەمەلەن بۆ سەرکوتی کوردەکان هات، ئێمە کە لەوێ دانیشتبووین، هاتن خەبەریان دا کە ئەوە هێزی نیزامی گەیشتێ، لە سێڕای مەحمەدیار لەو سێڕایەیە، بەڵام کوردەکان پێشیان پێگرتوە، گوتیان بەڵکوو، بچن پێیان بڵێن، ئەمە چووین، ئەمن، مەرحوومی مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی و مامۆستا مەلا خدر بوو و حاجی رەحیمی خەڕڕازی، چووینە وێ، تەماشامان کرد نەخەیر، ئەوە تانکەکانن بەدەوروبەری خۆیاندا دەڕشێنن بێ‌ئەوەی بزانن داخوا کێ لەو ناوەیە، یەعنی وەکوو لەمەیدانی شەڕدا بن ئەو دەشت و دەرەیان دەکوتا، ئەو باخانەیان دەکوتا. لەوێ خەڵکێکی زۆریان دوچاری زەرەروزیان کرد. لەهەمووی تاڵتر، ئەوە بوو ڕەفیقێکمان دەگەڵ بوو کە هیچ مەسئوولییەتێکی نەبوو، وا دیار بوو هەر دەبوو ئەم چارەنووسەی بەسەر بێ، چارەنووس هەڵی گرتبوو، مەرحوومی عوسمانی کەریمی، برای کاک هاشمی کەریمی و قاقای کەریمی هات دەگەڵمان، بەبێ ئەوەی نەزەرێکی هەبێ هات، لەوێ لە ئێمە جودا بووەوە، وەختیکی گەڕاینەوە بێینەوە بۆ مەحمەدیاری، ئەرتەش هات رەت بوو، رۆیی، هەرچی کردمان تەماشامان کرد، کاک عوسمان نەماوە، دوای ئەوە دەرکەوت رفاندوویانە و کەسێکی بێچەک کە هاتووە بۆ حوسنی نییەت. رفاندوویانە بردوویانە بیکوژن، پاش سێ رۆژان، جەنازەی بێگیانی لە چۆمی "گادەر" دا بینرایەوە. شتێکی دیکەش کە زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو، هەر ئەو وەختی دیسان هەر ئەوانەی کە شەڕەکەیان هەڵایساندبوو، شتێکیان دەرکرد بوو جێی سەرنج بوو، دەڵێن، هەر لە زەمانی شا عەبباسەوە کە ئێلی قەرەپەپاخ هاتۆتە سندووسی، کوردانی تەجزیەتەڵەب و ئاژاوەخواز وایان رەفتار کردوە. زۆر جالیب بوو، بۆخۆی دەڵێ، کە ئێمە هەموو ٤٠٠ تا ٥٠٠ ساڵە هاتووینە ئەو مەنتەقەیە، بەڵام بە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: یەکەم

کوردەکانیان دەگوت تەجزیە تەلەب، ئەمن جارێکی دیکە بە نووسین نووسیومە، نەقشێکی مەنفی کە پیاوێکی حقووقزان و وەکیلی دادگوستەری بەناوی ماشەڵڵاخانی بوزچلوو یاریی کرد قەت لە بیرم ناچێ کە لە جیاتی ئەوەی هەیئەتی سولح بێ لەواقیعدا دەیویست سوڵح نەکرێ، کابرایەکی پیری ئازەریی هێنا، زۆرم پێ سەیر بوو، وەک بارانێ بەهارێ فرمیسکی هەڵدەڕشتن، ئەو کابرایە کە دەگریاو لەخۆی دەدا، گوتی ئەمن ئێستی لە (مەحمەشە)ڕا هاتووم، تەنیا بۆخۆم دەرچووم، هوجووم کراوەتە سەر مەحمەشەو هەرچی ماڵ و منداڵی ئەو خەڵکەیە قەتلوعامیان کردوە، یەک لەوانە من نە ژنم ماوە، نە کوڕم ماوە و نە کچم ماوە، ماشەڵڵاخان هێنایە ژوورێ، گوتی بابە بە خوڕایی سەری خۆتان دێشینن ئەوە حیزبی دێموکرات حەملەی کردۆتە سەر مەحمەشەی و ئاوا قەتلوعامی لە خەڵکی خستوە. ئەمن وەکوو یەکێک لە غەیبەوە پێم بڵێ، تێگەیشتم کە درۆیە، گوتم ئەو قسەیە درۆیە، ئەمن حازرم ئێستا بچمە مەحمەشەی. یادی بەخێر، حاجی ڕەحیمی خەڕڕازی گوتی. ئەمنیش دێم، ماشێنی پێ بوو، جیپی پێ بوو، بە جیپەکەی هەستاین، چووین لەوێ چووینە بەر دەرکی مەدرەسەی تەماشامان کرد کە حاڵەتێکی تەبیعیە. وادیار بوو دەرس تەواو بووبوو، موعەللیمەکان سێ موعەللیمی لێبوون. چەند کەسی کەیخودای دێیان بە دەورەوە ڕاوەستابوون، زۆریان حورمەت لێگرتین، زۆریان خوڵق کردین کە بچینە ماڵ و نێوەڕۆیان لەکن بین، گوتمان ئێمە نەهاتووین، لێرەوە وەمێنین، بەڵام بۆ شتێکی ئاوەها هاتووین، خەبەرێکی وامان بیستوە و بۆیە هاتووین هیچ بووە، لێرە؟ گوتیان نەوەڵڵا، هیچ نەبووە. سورەت جەلەسەیەکمان پێ ئیمزا کردن و بردمانەوە کە بەڵێ لەو شەو ڕۆژەی ڕابردوودا، لە مەحمەشە هیچ نەقەوماوە. دواتر کە فەزای کۆبوونەوەکەی کەمێک ئارام کردەوە، دیسان ماشەڵڵاخان، چووە دەرێ و هاتەوە گوتی ئەرێ بابە بە خوڕایی سەری خۆتان بۆ دێشێنن، سولحی چی لەگەڵ کوردان؟ هەر ئێستی منداڵێکی سێ مانگەی ئازەرییان دیوەتەوە، بەسەربڕاوی، کەبەچۆمی گادەریاندا داوە، هێندە بە تەئسیرەوە قسەکەی کرد، ئوستاندار ئاغای عەبباسی زۆر بەنارەحەتی‌یەوە ڕووی لەمن کرد، گوتی توخوا ئاغای حەسەنزادە ئەوە کارە! دووبارە وەک لە غەیبەوە پێم بڵێن، زانیم درۆیە یانێ لەواقیعدا تەبیعی بوو کە درۆیە هەر زیرەکییشی نەدویست، گوتم ئاغای ئوستاندار، شەڕ هەر بۆ خۆی خراپە و شتی خراپیشی لێ دەبێتەوە، بەڵام دەبێ لێکرا ئافەرین لە ئاغای بوزچلوو بکەین کە ئەوەندە زیرەکە منداڵێکی سێ مانگە، ئەویش بە سەربڕاوی تەشخیس دەدا کە کوردە یان عەجەمە، کە وامگوت ئەو پیاوە، کە پیاوێکی بەراستی هەر ئەو جارەم، دی پیاوێکی بە ئینسافم هاتە بەرچاو، زۆر عەجایب کەوتە ژێر تەئسیر. ئیدی دووبارە ئەو بڵێین ئەو بەدنییەتی‌یەی بوزچلووی خونسا بووەوە، جابۆیە دەڵێم ئەو کابرایە پیاوێکی بە حوسنی نییەت بوو کە ئێمە چووین، گویا نەیەڵێن کوردەکان پێشی هاتنەپێشی ئەرتەش بگرن. ماوەیەک لەوێ بووین، بە دوایدا ناردین گوتی: با بێنەوە تانگەکانیش پێش ئەوەی ئێمە بێین هاتن ڕۆیشتن، هێزەکە هات و بەرەو مەحمەدیار و بەرەو نەغەدە ڕۆیشت. کە چووینەوە گوتی، بۆیە بەدوامدا ناردوون، دەبێ بێن پێکەوە بڕۆین، چونکی ئەگەر ئێوە بە جودا بگەڕێنەوە یان لێرەوە بچنەوە مەهابادێ، حەتمەن لێتان دەدەن. لە بیرمە تەنانەت بەڕێی ئیسفاڵتەشدا نەڕۆیشتین، شوێنێک ئەوان بەڵەد بوون، ڕێگەیەکی خاکی بوو. ڕێیەکەی زۆر ناخۆشیش بوو، بەوێدا ڕۆیشتین لە پردی حەیدەرئابادێ چووینەوە سەر



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

جادەی ئیسفاڵتە و، چووینە ورمێ. شەوێ لەورمێ بووین، بەیانی دووبارە چووینەوە، ئوستانداری، پێشوازیی کردین و بە حورمەت و بە حوسنی نیبەتەوە. دوایە مەجبوور بووین بە ڕێگای بەندێدا و بە مەنتیقەی مەرگەوەڕێدا هاتینەوە شنۆیە و لە شنۆیەڕا هاتینەوە پیرانشاری، نەک خودی پیرانشار، هاتینەوە جەڵدیانێ و بەڕێی"پەسوێ"دا ئەوەی پێی دەڵێن سەری مەیدانێ، بەوێدا چووینەوە مەهابادێ. دەنا خەتەری لە سەداسەد ئێمەیشی دەخستە ژێر هەڕەشەی خۆیەوە، ئەوە بیرەوەری-یەکی زۆر تاڵ و جێی عیبرەتە کە لە شەڕی نەغەدە هەمە. بەهەرحاڵ ئەوەی مەربووت بە کوردەکانە، نە لە ئەوەڵەوە نیازی شەڕفرۆشتنیان هەبوو، غەیری ئەوەی کە باسم کرد، گوتم ڕەنگە لە دەرک و تەشخیسی هەلومەرجەکەدا، بەهەڵە چووبین، نەخوازیاری درێژەدانی ئەو شەڕە بوون، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەی بوو، کە هەرچێ زووتر ئەو شەڕە تەواو بێ، کە بەداخەوە خەسارەتێکی زۆری بەدوادا هەبوو، هەیئەتی کورد نەقشی زۆر باشی هەبوو بۆ پێکهێنانی ئەو فەزایەی کە ئاگربەسەکەی تێدا بە وجوود هات. بەڵام بەداخەوە کوردەکان بێجگە لەوەی خەڵکێکی زۆریان لێ کوژران و ماڵویران بوون و تالان کران، خەڵکێکی زۆریشیان ئاوارەی شارەکانی دیکە بوون، کەهیندێکیان چەندین ساڵ هەر لەئاوارەییدا ژیان. ڕەنگە پیاو ئامارەکەی نەزانێ، ڕەنگە ئێستەش هی وا هەبێ کە نەگەڕابێتەوە سەر جێ و ڕێی خۆی. (هیوادارم بەهەرحاڵ ئەو ڕووداوە ببێتە دەرسی عیبرەتێک کە لە ئایندەدا هەم هەموو لایەنەکان بەوردی هەلومەرجەکان هەڵسەنگێنن، و هەم ئیجازە نەدرێ کە ئەوانە دوژمنانی ئازەری و دوژمنانی ئاشتی و تەبایی لە نێوان میللەتاندا، ئاوری شەڕی ئاوا خۆش کەن.)

زۆر سوپاس

سوپاست دەکەم

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٤٣٦ - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٠٦

## دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و رزگاریخوازی‌یەکانی کوردەوە

**وتووێژی "پەیکی کوردستان" لە گەڵ سیاسەتمەداری گەلەکەمان بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە.**

**هەڤپەیڤین: سەلاح عەبدوڵڵاپوور**

**پرسیار:** بەرێز مامۆستا عبدالله حسن زادە، وەک ئاگادارن لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک باسی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ سنووری جوغرافیایی کوردستانی ئێران هاتۆتە پێش کە زۆرتر لە ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێت دا دەبینرێتەوە. پێمان خۆش بوو جەنابتان وەک تێکۆشەرێکی دێرینی جووڵانەوەی کورد رای خۆتان لەسەر چوارچێوەی ئەو باسە کە پێوەندیی بە سنوورەکانی کوردستانی ئێرانەوە هەیە دەرببڕن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەگەڵ سڵاو لە خوێنەرانی "پەیکی کوردستان" و دەستخۆشی لە کارگێڕانی ئەم بڵاوکراوە نوێیە، سەرکەوتنتان لە پەرەپێدانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بووژاندنەوە و قووڵترکردنی وشیاریی نەتەوەیی‌دا بە ئاوات دەخوازم. وەڵامی پرسیارەکەتان ئەگەر بمانەوێ هەقی خۆی بدرێتێ، پێویستیی بە وەخت و دەرەتانێکی زۆر و کارێکی کارناسانە و زانایانە و مێژوویی هەیە کە لانی کەم لەم دەرفەتە تەنگەدا لە توانای من بەدەرە. بەڵام ئەمن پێم خۆشە لە روانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم:

وەک دەزانین حیزبی دێموکڕات لە بەرنامەی سیاسیی خۆی دا لەجیاتی ئەوەی سنوورێکی روون و دیاریکراوی بۆ کوردستانی ئێران کێشابێتەوە، هێندێ پێوانەی بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان داناوە. لەوانە هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک. تەنانەت نێوەرۆکی ناوچەش بە وردی شی نەکراوەتەوە و دەتوانێ بەپێی دابەشکردنی وڵات (تقسیمات کشوری) بەخش، شارستان، یان ئوستان بگرێتە خۆی. بەو پێیە دیاریکردنی وردی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان پێویستیی بە هەلومەرجێکی لەبار و لێکۆڵینەوەیەکی جوغرافیایی، مێژوویی، ئابووری، فەرهەنگی، ئیتنی و باس و راوێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلانی دراوسێی کوردستان و تەنانەت نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی، یان دەوڵەتی فیدراڵ هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

بەو حاڵەش هەر وەک لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات لە کۆنەوە تا ئێستا دەردەکەوێ، لە روانگەی ئەم حیزبەوە سەرزەمینی کوردستانی ئێران هەموو ئەو شار و شارۆچکە و گوند و پێدەشت و چیا و چۆڵانە دەگرێتە خۆی کە لە دابەشکردنی ئێراندا چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلامیان لێ پێکهاتوە. رەنگە هێندێک کۆچ و کۆچباری زۆرەملیی کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و کۆچی پێچەوانەی گەلانی دیکە بەتایبەتی لە دەورانی پاشاکانی سەفەویدا و هەروەها هێندێ ئاڵوگۆڕی سروشتی یان دەسکردی دێمۆگرافی لە هێندێ شوێن، لێک جیاکردنەوەی سنوورەکانی دژوار کردبێ، کە ئەمە دەبێ بە راپرسی لە دانیشتووانی ناوچەکان چارەسەر بکرێ. بەڵام لەسەر یەک ئەو چوار ئوستانە بەماڵی کورد و سەرزەمینی کوردستان دەناسرێن.

**پرسیار**: وەک دەزانن رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ شێواندنی دێمۆگرافیی کوردستان کۆمەڵێک سنووری دەستکردی ئیداری و دەوڵەتی‌یان داناوە، بەشێوەیەک کە لە هێندێ ناوچەدا بە تایبەت لە موکریانی هەمیشە کوردستان کە ناویان ناوە"ئازەربایجانی رۆژئاوا" بۆتە کێشەیەکی نەتەوەیی لەنێوان کورد و ئازەریدا. تکایە بفەرموون ئێوە وەک یەکێک لە کەسایەتی یە سیاسی یەکانی رۆژهەڵات کە ماوەیەکی زۆر ئەندامی سەرکردایەتی و سکرتێری حیزبی دێموکڕات بوون، لە ماوەی تێکۆشانی جەنابتان لە سەرکردایەتیی حیزب و لە دەورانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوودا سیاسەتی حیزب سەبارەت بەم شوێنانە چۆن بووە و ئێستا چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر لە کۆنەوە حکوومەتەکانی ئێران کە لە بەشی هەرە زۆری مێژووی ئێراندا رێژیمی پاشایەتی بوون، سیاسەتی نکوولی کردن لە فرەنەتەوەبوونی ئەم وڵاتەیان رەچاو کردوە و قەت نەیانویستوە دابەشکردنی نێوخۆیی ئێران سروشتی جۆراوجۆریی نەتەوەیی پێوە دیار بێ. بۆیە ئەگەریش ئوستانێک بە ناوی فارس هەیە و یەک بە ناوی کوردستان و یەکی دیکە بە ناوی ئازەربایجان یان تەنانەت بەلووچستانیش، هەرگیز رێگە نەدراوە ئەو ناوچانە کە نەتەوەیەکی تایبەتی یان لێ دەژی هەموویان وەک یەکەیەک بە ناوی نەتەوەکەوە بناسرێن و ئەمجار بە چەند ئوستان دابەش بکرێن. خۆ کاتێک مەسەلەکە پێوەندی بە کوردەوە پەیدا دەکا، ئەو نیازە نارەوایە روونتریش دەردەکەوێ و دەبینین کە بەشێکی کوردستان تەنیا ناوچەی ئێرانە کە نەک هەر بە ناوی خاوەنانی خۆیەوە ناودێر نەکراوە بەڵکوو ناوی نەتەوەیەکی دیکەشی لەسەر دانراوە.

پێویستە بگوترێ کە مەبەستی ئەم وەڵامە بە هیچ جۆر ئەوە نیە کە نکوولی لە بوونی رۆڵەکانی نەتەوەکانی دیکە لەسەر خاکی کوردستان بکرێ. بەتایبەتی لەو بەشەی کوردستان کە بە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەناسرێ سەدان ساڵە کورد و تورکە ئازەرییەکان پێکەوە دەژین و مێژوویەکی دوورودرێژیان لە خۆشی و ناخۆشی و خەباتی هاوبەش و چارەنووسی

هاوبەش هەیە. ئازەربایجانی یەکان برا و هاوماڵی کوردن و لە داهاتووی کوردستانیش دا خاوەنی هەموو مافێکی هاونیشتمانین، بەڵام بە باوەڕی من کە دیارە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشە ئەمە هیچ لەو راستی یە ناگۆڕێ کە خاکەکە خاکی کوردە و ناوی واقیعی و شیاوی خۆی کوردستانە نەک ئازەربایجان. نە ناوچەی قووچان لە خوراسان بە بوونی زۆرایەتیی کورد بۆتە کوردستان و نە ئەم بەشەی کوردستانیش بە بوونی خوشک و برا ئازەری یەکانمان دەبێتە ئازەربایجان. خاکی مێژوویی کورد هەر ناوێکی لەسەر دابنرێ هەر کوردستانە و هەر کوردستان دەمێنێتەوە. ئەمە بە کورتی روانگەی حیزبی دێموکرات بووە و پێم وانیە ئێستاش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ.

**پرسیار**: ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە حیزب بە روونی سیاسەتی جوغرافیایی خۆی لە کوردستانی ئێراندا روون بکاتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموایە هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتردا گوتم سیاسەتی حیزب لەبارەی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستانەوە روونە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە خەتکێش سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دیاری بکرێن. بە باوەڕی من روونکردنەوەی زیاتری ئەم چوارچێوەیە و دوا بڕیار لەم بارەیەوە دەبێ هەڵبگیرێ بۆ وەختی موناسیبی خۆی، واتە بۆ کاتێک کە دیکتاتۆری رووخاوە و روانگەی یەک نەتەوەبوونی ئێران بە مێژوو سپێردراوە و حکوومەتێکی فیدراڵ و پلووراڵ و دێموکراتی لە ئێراندا دامەزراوە. بۆ هەموو ئێرانیش تەنیا لە هەلومەرجێکی وادایە کە چوارچێوەی جوغرافیایی بۆ سەرزەمینی هەر کام لە نەتەوەکان دیاری دەکرێ و گەلانی ئێران چ لەسەر خاکی خۆیان بژین و چ لەسەر خاکی گەلێکی برایان ماف و ئازادییەکانیان بە یەکسانی بۆ دەپارێزرێ.

**پرسیار**: جووڵانەوەی شەهید سمکۆی شکاک بەشێکە لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو جووڵانەوەیە و جەنابتان چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە کوردی یە و سنووره ئیدارییەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گومان لەوەدا نیە کە بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ یەکێک لە رەسەنترین و رادیکاڵترین بزووتنەوەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادیدایە. لەگەڵ ئەوەی شەهید سمکۆ بۆخۆی سەرۆک عەشیرەت بووە، ناوبراو خاوەنی روانینێکی نەتەوەیی بووە و هەوڵی داوە هەموو کوردستان رزگار بکا و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنێ. لەو بارەیەوە بە راشکاوی دەڵێم کە ئامانج و دروشمی بزووتنەوەی سمکۆ لە دروشم و ئامانجی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادیکاڵتر بووە. جگە لەوە سمکۆی شەهید روانگەیەکی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە؛ رۆژنامەی دەرکردوە، هەوڵی پێوەندیی دیپلۆماسیی داوە و لە رێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانەی کۆمەڵایەتیدا تێکۆشاوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەو پێیە ئاشکرایە کە دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و رزگاریخوازیەکانی کوردەوە. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی سمکۆ دەسەڵاتێکی کورتخایەن بوو. نە ئامانجەکانی خۆی کە رزگارکردنی هەموو خاکی کوردستان بوو وەدی هێنا و نە تەنانەت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەکەشیدا دەسەڵاتێکی سەقامگیر و دامەزراوی بۆ پێکهات. لەو حاڵەدا ناکرێ بە شێوەیەکی روون ئاماژە بە سنووری ئیداریی دەسەڵاتی سمکۆی نەمر بکەین.

**پرسیار**: وەک دەزانین لەم دواییانەدا کەسێکی شۆڤێنیست بەناوی نەزمی ئەفشار کۆمەڵێک بابەت و ئیهانەتی لەسەر خاکی کوردستان، نەخشەی کوردستانی گەورە و شەهید سمکۆی شکاک بڵاو کردۆتەوە. نەزەری جەنابتان لەسەر ئەو دەستدرێژی‌یەی نەزمی ئەفشار بۆ سەر خاکی کوردستان و بێحورمەتی بە نەخشەی کوردستان و شەهیدانمان چیە؟ هەروەها ئەگەر بتانەوێ لە چەند دێڕێک دا وەڵامی ئەو دەستدرێژی یە بدەنەوە چی دەفەرموون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن روانگە و بۆچوونەکانی ئاغای نەزمی ئەفشارم خوێندۆتەوە. وا تێدەگەم ئەو پیاوە کە تا بڵاوبوونەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بۆ زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران و تەنانەت ئازەربایجانی یەکانیش نەناسراو بووە، ویستوویەتی بە وروژاندنی ئەو باسە شۆڤێنیستی و مەزنیخوازانەیە ناو و ناوبانگێک بۆخۆی پەیدا بکا. ئەوە راستە کە بەداخەوە ئەمرۆ کوردستان پارچە پارچەیە و بەشی هەرە زۆریشی لە ژێردەستەیی و ژێرچەپۆکەیی‌دا دەژی. بەڵام کوردستان وەک واقعییەتێکی مێژوویی و جوغرافیایی هەیە و نەخشەی کوردستانیش وەک نەخشەی هەموو وڵاتێک هەیە و پیرۆزە و بۆ هیچ کەس لە هیچ پلە و پایەیەک دا نەهاتوە نکوولیی لێ بکا یان بێحورمەتیی پێ بکا.

هێرشی نارەوا بۆ سەر سمکۆی نەمریش دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد کە بۆ هیچ کوردێک قابیلی لێ خۆش بوون نیە. نە ئێمە و نە کەسی دیکە چاوەڕوانی ئەوە نیە هەموو گەلان بە یەک چاو بڕواننە رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان و سێمبولە ناسراوەکانی ئەو گەلانە. بەڵام ئەوانەی رێز بۆ رێبەرانی نەتەوەی خۆیان دادەنێن هەرگیز هەق بە خۆیان نادەن هێرشی بێ‌ئەدەبانە بکەنە سەر رێبەرانی گەلانی دیکە. هەر لە نموونەی ئێستاماندا ئەگەر سمکۆ و راپەڕینی سمکۆ لە شەڕ و بەرەنگاری دا چەند کەسێکیان لە رۆڵەکانی نەتەوەی تورک لە دەست کوژرابێ، مستەفا کەماڵ پاشا بە دەیان و بگرە بە سەدان هەزار کوردی بە ناهەق کوشتوە یان لە زێد و نیشتمانی خۆیان ئاوارە کردوە. بەڵام پێموایە هەر کوردێک رێزی قسە و قەڵەمی خۆی بزانێ ناچێ بەو زمانە کە نەزمی ئەفشار بەکاری هێناوە ناوی ئەتاتورک بەرێ. ئەمەش بەو مانایە نیە کە کورد مێژووی خۆی لەبیر دەباتەوە و بیر لە رزگاریی یەکجاریی خۆی ناکاتەوە.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: وەک ئاگادارن نەزمی ئەفشار کورد لەسەر خاکی خۆی بە عەشایری لێواری مەرزی ناو دەبا و ئەوە لە حاڵێک دایە کە مێژوو دەری دەخا کام نەتەوە پێشتر لەسەر ئەو خاکە پیرۆزە نیشتەجێ بووە و کامەیان موهاجیرە، جەنابت قسەکانی کەسێکی وەک نەزمی ئەفشار کە خۆی بە دڵسۆزی نەتەوەی کورد و ئازەری دەزانێ بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆنی شۆوێنیسمی لێدێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئاغای نەزمی ئەفشار لەم بەشەدا ناشیگەری یەکی بەرچاوی کردوە. چونکە لە حاڵێکدا هەوڵ دەدا خۆی وەک دۆستی کورد و لایەنگری پێوەندیی برایانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک نیشان بدا، بە ئاشکرا هەموو شانازییەکانی کورد دەشواتەوە، خاکی کورد و تەنانەت پێتەختی کۆماری کوردستان بە ئازەربایجان دادەنێ و تەنانەت هەڕەشە لە کورد دەکا کە ئەگەر بێت و کوردستان بە خاکی کورد دابنێ بە خۆی و هەموو دەوڵەتانی تورکی دەوروبەرەوە هێرش دەکاتە سەر کوردستان و کورد قڕانی دەورانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و مستەفا کەماڵ تازە دەکاتەوە.

کورد و بەرپرسانی بزووتنەوەی کورد زۆر زۆر دڵسۆزی پێوەندیی برایانە و خەباتگێڕانە لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی برا و دراوسێی ئازەربایجانن. بەڵام ئاشکرایە کە هیچ کوردێک بۆ هیچ کەسێک و هیچ نەتەوەیەک واز لە هیچ بستە خاکێکی کوردستان ناهێنێ و ئەگەر لە بەرامبەر دوو ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانیدا خۆی راگرتوە و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی پاراستوە، مومکین نیە چاوی لە چاو و ڕاوی شۆوێنیستانەی کەسێکی وەک نەزمی ئەفشار بترسێ و واز لە غیرەتی نەتەوەیی و هیچ زەڕڕە خاکێکی کوردستان بێنێ:

"زەڕڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری،
جۆگەلە و کانیی وەکوو کەوسەر، هەوای وەک جەننەتە."

زۆر سپاس بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عبدالله حەسەن زادە لەوەی کە کاتی خۆت تەرخان کرد بۆ ئەم وتووێژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

## دووپات بوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان و عیراق لە ئێران، لانیکەم لە داهاتووی نزیکدا بەدوور دەزانم

وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە

گۆڤاری ڕێژوان

بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەران دەربارەی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و ئێران، هەروەها باسگەلێکی دیکەی پێوەندیدار بە ڕەوتی جووڵانەوەی حیزبە کوردی یەکان و ڕۆڵ و کاریگەری یان، لە ڕووداوەکان دا. وتووێژێکی تایبەتیمان بۆ ئامادە کردوون لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عبدالله حەسەن زادە، سیاسەتمەدار و بیرمەندی سیاسیی کورد.

بەڕێز حەسەن زادە، لەلایەن کارگێڕانی گۆڤاری ڕێژوانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ وڵاتی سوئێد، هیوادارین سەفەرێکی خۆشتان هەبێ. زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم گفتوگۆیەدا، ڕێگە بدە بەم پرسیارە دەست پێ بکەین.

**ڕێژوان**: بێگومان لە سیاسەت دا، وەڵامێکی تەواو، واتا ١٠٠% بۆ ڕووداوەکان نیە، بەڵام بەپێی ئەزموون و پێشبینی کردن دەتوانرێ بگەینە وەڵامێک کە تا ڕادەیەک لە ئەنجامی کۆتایی کێشەکان تێبگەین. کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێشنیاری وڵاتانی ئورووپایی بۆ گفتوگۆکردن ڕەت دەکاتەوە و بەردەوام لە ڕاگەیەنە گشتی یەکانی دا ڕادەگەیەنێ کە دەسبەرداری، پرۆژە ئەتۆمی یەکەی نابێ، ئێوە پێتان وایە لە کۆتایی دا ئەم کێشەیە بە گفتوگۆ چارەسەر دەبێ یان هاوپەیمانان و ئەمریکا پەنا دەبەنە بەر هێزی سەربازی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بە باوەڕی من کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەلومەرجەکەیان باش هەڵسەنگاندوە بۆ ئەوەی بە هێندێ چاووڕاوی بێ بناخە سەری لایەنگرانی خۆیان گەرم بکەن و وا بنوێنن کە ڕێژیمەکەیان دەتوانێ بەرامبەر بە گەورەترین هێزە سەربازییەکانی جیهان ڕاوەستێ و تەنانەت بەچۆکیشیان دا بێنێ. ئەوان دەزانن ئەمریکا وەک گەورەترین بڕیاردەری سیاسەتی جیهانی ئێستا لە هەلومەرجێکی وادا نیە کە حەز بکا جەبهەیەکی تازە بۆ بەشەڕدانی هێزە سەربازییەکانی بکاتەوە چونکە لەلایەک لە ئەفغانستان و عێراق نەیتوانیوە وەزعەکە بەلایەکدا بخا و بەتایبەتی لە

بەشی: یەکەم

عێراق لەگەڵ دوژمنێکی نادیار و بەهێز و بێبەزەیی بەرەورووییە و لە لایەکی دیکەش لەژێر تەوژمی بیروڕای گشتیی جیهانی و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دایە.

هەربۆیەش بەکەیفی خۆیان مانۆڕدەدەن و دروشمی قەبە و بریقەدار بەرز دەکەنەوە، ئەگینا تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە ئەمانە هەتا سەر درێژە بەم بەرەنگارییە نادەن و هەرکات دیتیان کار گەیوەتە جێگایەکی ناسک و چارەنووس‌ساز تەسلیم دەبن و خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەپارێزن. ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی بەرامبەر بە هێزێکی بچووکی ناوچەیی پاشەکشەی کرد و بە قەولی خۆی پیاڵەی پڕ لەژاری هەڵقووڕاند، ئاشکرایە کە جێنشینەکانی زۆر بە ئاسانی با دەدەنەوە و مەرجەکانی ئەمریکا و ئورووپا قبووڵ دەکەن. بەتایبەتی کە ئەزموونی عیراقیشیان لەبەر چاوە و دەزانن کە هێزەکانیان تەنیا بەرامبەر بە خەڵکی ئێران و لە سەرکوتی ئازادیخوازان دا کارلێهاتوون، ئەگینا لە بەرامبەر هێزی بێ ژماری هاوپەیمانان دا کارێکیان لەدەست نایە.

بەوپێیە دووپات بوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان و عیراق لە ئێران، لانیکەم لە داهاتووی نزیکدا بەدوور دەزانم. بەوحاڵەش پێم‌وانیە فشاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە قبووڵکردنی پێشنیاری وڵاتانی ئورووپایی کۆتایی پێدێ. چونکە دنیا تێگەیشتوە کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ناتوانێ واز لە ئاژاوەگێڕی و یاغیگەری بێنێ و بەرنامەکانی بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییش بەنهێنی درێژە پێدەدا.

**ڕێبوار:** **ڕەوتی ڕووداوەکان، بەشێوەیەکی زۆر لە ڕووداوەکانی پێش لێدانی عێراق، دەچێ. ئاگادارکردنەوەکان، مۆڵەت پێدان، داوای هاوکاری کردن و ... هتد. لەگەڵ ئەوەش دا، کارەکانی ئەمریکایی یەکان، چ لە عێراق و چ لە ئەفغانستان، نەگەیشتوونە ئەنجامی کۆتایی خۆیان. بەڕێزت پێتوایە کە ئەمریکایی یەکان هێزوتوانای دەست پێکردنی شەڕێکی دیکەیان، هەیە؟ مەبەستم ئەوەیە ڕای گشتی پشتیوانیی ئەمریکایی یەکان دەکا، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی یەکان لە نێوان ئێران، ئەفغانستان و عێراقدا، چین؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ڕاستە کە ڕەوتی ڕووداوەکان کەم و زۆر وێکچوونێکیان لەگەڵ هەلومەرجی پێش پەلاماری نیزامی بۆسەر عیراق هەیە. بەڵام لەبەرامبەر ئەوەش دا هێندێ فاکتەر هەن کە هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران لە کورتخایەن دا دوور دەخەنەوە. وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ شەڕێکی درێژخایەن و پشووبڕ لە عێراق و ئەفغانستان بەرەوروون و بە قازانجیان نیە جەبهەیەکی تازەش بکەنەوە. جگەلەوە لە عێراق دەکرێ بڵێین هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لایەنگری هێرش بۆسەر ڕێژیمی صدام حسین بوون، کەچی لە ئێران زۆربەی هەرەزۆری



سەرچاوە
Serchawe

هێزەکان دژی پەلامارێکی لەو بابەتە بۆسەر ئێرانن. لە لایەکی دیکەوە هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەشێوەی خۆی دەست لە کاروبــاری زۆر وڵاتــی دوور و نزیکــی جیهــان وەردەدا، بــەڵام بەشێوەی ڕەسمی وڵاتێکــی داگیــر نــەکردوە تــا یەکدەنگیـیـەکی جیهانی لە دژی خۆی بوروژێنێ و هێرشێکی نیزامی بۆسەر خۆی پاساو بدا. بێگومان نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەمریکا و تاڕادەیەکی کەمتر وڵاتانی دیکەی بەشداری شەڕیش کۆسپێکی دیکەی سەر ڕێگای پەلاماری نیزامیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئێرانە.

ئەگینا ئەگەر لە ڕوانگەی توانای نیزامیی ئەمریکاوە سەیری مەسەلەکە بکەین. پێموایە دووهێرشی گەورەی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق تەنیا بەشێکی بچووک لە توانای سەربازی و جبەخانەی ئەو دەوڵەتەیان لێخەرج کراوە کە لەمێژە قەرەبوو بۆتەوە و ئەم بەشەی بۆ زلهێزێکی وا کارێکی نیە. بەتایبەتیی پێموایە سەرەڕای هەمووی ئەو چاوەڕوانە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی پەلامارێکی بەرینی نیزامی دا کەمتر لە ڕێژیمی تاڵیبانی ئەفغانستان و بەعسی عێراق وەخت دەبا. بەڵام تاقیکردنەوە بۆهەمووانی دەرخستوە کە ڕووخاندنی ڕێژیمێک ئەویش بۆ هێزێکی بەتوانای وەک ئەمریکا زۆر ئاسانترە لە سەقام گیرکردنی ڕێژیمێکی دیکە.

**ڕێژوان**: ئەمریکایی یەکان، بێگومان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یە تایبەتی-یەکانیان لەم ناوچەیە دان و ڕۆڵی کاریگەریان لە گۆڕانکاری یەکان دا هەیە، ئایا هاوپەیمانی و هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمریکایی یەکان لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی کورددایە یان بە پێچەوانەوەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە بەتەواوی ڕاستە کە ئەمریکا لەبەرچاوی کاڵی کورد و هیچ نەتەوەیەکی زۆرلێکراوی دیکە نەهاتۆتە ئەم ناوچەیە و بەدوای قازانجی ستراتیژیی خۆیدا عەوداڵە. بەڵام لەبیرمان نەچێ کە ئەگەر لە ڕابردوودا ئەمریکا بەهەموو توانایەوە پشتی ڕێژیمە زۆردارەکانی ناوچەی دەگرت و ئەوانی لەسەرپێ ڕادەگرت و هەربۆیەش هێزە کوردستانییەکان دروشمی دژی ئەمریکایان دەدا، ئێستا دەیەوێ ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا، بڕووخێنێ یان بگۆڕێ. ئەمن باسی هاوکاریی کورد لەگەڵ ئەمریکا ناکەم، بەڵام بزووتنەوەی کورد بۆدەبێ لە هەلومەرجی ئێستادا ئاڵای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەرز بکاتەوە؟ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێو خۆیان دا دابەش کردوە، چ ماف و ئازادی یەکیان بۆ کورد دابین کردوە کە بە پەلاماری ئەمریکا و ڕووخانی ئەو دەوڵەتانە لەدەستی بچێ؟

بۆ نموونە دیفاع لە کۆماری ئیسلامی بۆ دیفاع لە کورد یان تەنانەت بۆ دیفاع لە ئێرانیشە؟ جارێکیان لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دۆستێکی دژی هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچە گوتی: دێمۆکراسی بە مووشەکی کرووز و فڕۆکەی فانتۆم دابین ناکرێ و

بەشی: یەکەم

نانێردرێتە وڵاتان. لە وەڵامدا گوتم بەتەواوی ڕاستە، بەڵام لەبیرت نەچێ کە دیکتاتۆری بە مووشەکی کرووز و فڕۆکەی فانتۆم دەڕووخێ. کەوایە بە باوەڕی من بزووتنەوەی کورد نەک هەرنابێ لەکاتی پەلاماری ئەمریکا بۆسەر ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا بەدژی ئەمریکا بچێتە سەنگەرەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدا چەندی بکرێ لەهەلومەرجێکی وا بەقازانجی دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان کەڵک وەربگرێ.

**ڕێژوان: لە ئێراندا، چاوەڕوانیی گۆڕانکاری یان لانی کەم پێشبینیی گۆڕانکاری، دەکرێ. ئێوە بەپێی ئەزموونی کارکردن و زانیاریتان لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان، پێتان وایە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان ئامادەی پێکهاتنی گۆڕانکارین لە ئێراندا، وە دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ڕووبەڕووبوونەوەی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان خستۆتە قۆناخێکی تازەوە. ئەم قۆناخە دەکرێ بە قۆناخی ڕەوینەوەی گومانەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی و قۆڵە جۆراوجۆرەکانی و قۆناخی یەکدەست بوونەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و تەمابڕاویی کۆمەڵانی خەڵک لە بەناو ڕیفۆرمخوازانی نێو تاقمی فەرمانڕەوا دابنرێ. بەو پێیە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئێران دەکەوێتە بەر پەلاماری سەربازیی بێگانە یان نا، ئاڵوگۆڕ بەڕێوەیە و ناش توانێ بەڕێوە نەبێ هەرچەندیش ئەو ئاڵوگۆڕە خێرا نەیەتە بەرچاو. چونکە نە ڕێژیم دەتوانێ تاسەر بەم جۆرە حکوومەت بکا و نە خەڵکیش تاسەر لەگەڵ ئەم مەینەتە دەردەبەن. بەڵام داخوا هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ ئاڵوگۆڕێکی لەو بابەتە ئامادەن یان نا؟ وەڵامی من ئەمەیە:

لەسەریەک پێموایە وشیاریی سیاسی لە کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زیاترە و لە باری ڕێکخراویشەوە وەزعی کورد لە هی هەموو نەتەوەکانی دیکە لەپێشترە. هەربۆیە ئامادەیی بۆ ئاڵوگۆڕیش لە کوردستان پترە تا ناوچەکانی دیکەی ئێران. بەوحاڵە واقیع بینانە دەڵێم هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئامادەیی تەواو و پێویستیان بۆ ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو نیە. چونکە ئەوان هەقیان نیە هەر بە ئامادەبوون بۆ ئاڵوگۆڕەکان ڕازی بن، بەڵکوو دەبێ لە هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا بن و ئەو ئاڵوگۆڕە خێراتر بکەن. جا پێم‌وایە بەداخەوە هێزە کوردستانی‌یەکان ئامادەیی تەواویان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەرکەکانی قۆناخێکی وا نیە و پێویستە هەوڵێکی زیاتر لەم بوارەدا بخەنە کار. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، حیزب و ڕێکخراوە کوردی‌یەکان نەک هەر هاوکاریی پێویستیان لەگەڵ یەکتر نیە، بەڵکوو لەباری پێوەندی‌یە تەشکیلاتی‌یە نێوخۆیی یەکانیشەوە لە وەزعێکی دڵخوازدا نین.

بەشی: یەکەم

**ڕێژوان**: فیدراڵیزم، کە ئێستا دروشمی زۆربەی هێزە کوردیەکانە، زۆر ناڕوونە، نە لەباری یاسایی یەوە نە لە پێکهاتەی دەوڵەتدا، هەتا ئێستا پێناسە نەکراوە، بەڕێزتان پێتان وایە کە ئامادەبوونێکی تەواو بۆ هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە گۆڕێ دا بوو؟ یان بەشێوەیەک لە شێوەکان چاولێکەری و کەوتنە ژێرکاریگەریی هەلومەرجی باشوور بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەندی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، فیدرالیزم زۆر لەمێژە وەک باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران چاوی لێکراوە. ئەوەش کە تا دووساڵ لەمەوبەر نەبۆتە دروشمی ستراتیژیی حیزب هۆیەکەی بە موناسیب نەزانینی هەلومەرجی خەبات بۆ هەڵگرتنی ئەم دروشمە بووە. کەوابێ ئەگەریش لە هەڵگرتنی فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژی شوێنەوارێکی هەلومەرجی باشووری کوردستان یان بیروڕای گشتیی خەڵکی پێوە دیار بێ، لە باوەڕپێبوون دا شوێنەواری کەسی بەسەرەوە نیە و حیزبی خۆمان پێش ئەوانی دیکە ناسیویەتی و تەنانەت داواشی کردوە (وەک لە پەیامی هاوینی ١٣٥٨ی دوکتور قاسملوو بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی دا هاتوە).

لەبارەی ڕوونی و ناڕوونی و پێناسەکردنیشەوە لەو باوەڕەدام ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزب دا هاتوە، وەک دیاریکردنی دروشمەکە لەباری سیاسیەوە تەواوە. بەرنامەی حیزب قانوونی دەوڵەتی فیدراڵ دانانێ. لەبیرمان نەچێ ئێمە فیدرالیزم بۆ ئێران داوا دەکەین نەک بۆ کوردستان. لە عێراقیش ئەوە دەوڵەتی مەرکەزیە کە بۆتە فیدراڵی و کوردستان هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵەدایە. دیاریکردنی ورد و ڕوونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمە ئۆتۆنۆمەکان لە ئێرانیش دا کاری شارەزایان و کارناسانی بواری حقوقی، ئابووری، جوغرافیایی و مێژوویی و فەرهەنگیی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە کە لە هەلومەرجی موناسیبی خۆی دا گەڵاڵەی بکەن و بۆ پەسەندکردن بیخەنە بەرچاوی پارلمانی دەوڵەتی فیدراڵ. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە نابێ ئێستا لەسەری بنووسرێ یان پێشنیاری بۆ بکرێ. هەروەک بەخۆشی یەوە تا ئێستا چەند هەوڵێکی بەسوودیش لەو بوارەدا دراون.

**ڕێژوان**: لەم دوایی یانەدا، زۆر باس لە پێکهێنانی بەرەیەک دەکرێ. دیارە کە زیاتر جۆش و خرۆشی هەستی نەتەوەیی یە بۆ یەکگرتنی هیزە سیاسیە کوردی-یەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵام لە کردەوەدا گرفت و کێشەی گەورە هەن بۆ پێکهێنانی بەرە. بەڕێزت پێتوایە کە لە کاتی ئێستادا، پێکهێنانی بەرە بۆتە پێویستی یەک و لە هەمان کاتدا هیزە سیاسی یە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵات، ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ پێکهێنانی بەرە؟ سەرئەنجام ئێوە پێکهێنانی بەرە، یان شێوەیەک هاوکاریکردن لە نێوان هیزە سیاسیە کوردی یەکانی ڕۆژهەڵات دا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بیروبۆچوونی خۆم لەبارەی بەرەوە لە وتووێژێک دا کە لەگەڵ گۆڤاری "تیشک" کردبووم دەربڕیوە

بەشی: یەکەم

و ئەم وتووێژە بێجگەلەوەی چاپ کراوە لە هێندی سایتی ئەنتەرنێتیش دا هەیە و کەسێک پێی خۆش بێ نەزەری من بزانێ دەتوانێ سەری سایتی حیزبی دێموکرات بدا و بیخوێنێتەوە. لێرەدا هەرئەوەندە دەڵێم کە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران پێویستە زیاتر لەسەر گەیشتن بە نوختە نەزەری هاوبەش و پێکهێنانی هاوپەیمانی‌یەک کاربکەن. چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ئەوکارە نەکرێ، سبەینێ درەنگ دەبێ.

**ڕێژوان**: کوردبوون یان ئێرانی بوون؟ ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لەلایەن فارسەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێ، بە شێوەی سیاسی و یاسایی ئێرانی بوون واتا فارس بوون. جووڵانەوەی کوردەکان بەتایبەت لەم سەدەیە و سەدەی ڕابردوودا خەباتێکی نەتەوەیی بووە، واتا بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی سیاسی و یاسایی کوردی لەو هەرێمەی کوردستاندا کە بە ئێرانەوە لکێنراوە. بەڕێزت پێت دروستە کوردێک بڵێ ئێرانیم یان بڵێ کوردی ئێرانم یان کوردی کوردستانی ئێرانم، بەگشتی ئێوە لەم بارەیەوە چۆن بیردەکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ساڵی ١٩٩٣ ڕۆژنامەنووسێکی فەڕانسەیی لێی پرسیم: ئەتۆ لەپێش دا کوردی یان ئێرانیی؟ لەوەڵام دا گوتم: ئەمە هیچ مەسەلەیەک حەل ناکا. ئەمن هەر لەوکاتەدا کە کوردم ئێرانیم و هەرلەوکاتەدا کە ئێرانیم کوردم.

ئەوانەی شارەزای ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات و نووسینەکانی منن دەزانن کە تا ئێستا چەند جار بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا گوتوومە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە، کەوایە کورد هەقی هەیە وڵاتی یەکپارچە و سەربەخۆی هەبێ.

بۆیە هەق بەکەس نادەم خۆی لە من بەکوردتر یان کوردستانیتر بزانێ. بەڵام هەق و ئارەزوو شتێکە و واقیعییەت شتێکی دیکەیە. یەک نەتەوەبوونی کورد و یەک وڵاتبوونی کوردستان هیچ لەو واقیعییەتە ناگۆڕێ کە ئێستا وڵاتێک بە ناوی "کوردستان " لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان نیە و لە بەرامبەردا "تورکیە"، "ئێران"، "عیراق" و "سووریە" هەن کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەش کراون. بەو پێیە هیچ بە نادروستی نازانم کە کوردێک بڵێ کوردی تورکیە یان کوردی ئێران، یان کوردی عێراق یان سووریەم یان تەنانەت بڵێ ئێرانیم یان عێراقیم. چونکە لە پاسپۆرتی هیچ کوردێکدا - بەداخەوە - تەنانەت هی کوردی عێراقیش نەنووسراوە "کوردستانی" و بەوەش کەس لە کوردایەتی نەشۆراوە. هەروەک لە پاسپۆرتی هیچ عەرەبێکیش دا کە ٢٢ دەوڵەتیان هەیە نەنووسراوە عەرەب یان عەرەبی، بەڵکوو نووسراوە میسری، لوبنانی، کووەیتی و هتد. بەوەش ئەوان لە عەرەب نەشۆراون.

بەشی: یەکەم

**ڕێژوان:** بەشێک لە ڕۆشنبیرانی فارس کە خۆیان بە دۆستی کورد یان لایەنگری مافی مرۆڤ دەزانن، کاتێک باس لە کێشەی کورد و مافی کوردەکان لە خاکی خۆیان دا واتا کوردستان دا دەکرێ، بە جۆرێک هەستی ناسیونالیزمی یان- ئێرانیستی‌یان دەجووڵێ و لە مافی هاووڵاتی لە ئێرانی گەورەیان، زیاتر پێ ڕەوا نابینن. ئایا لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرانی فارس دۆستی کوردن؟ لێرەدا ئەرکی ڕۆشنبیرانی سیاسیی کورد چیە؟ هەڵوێستی هێزە سیاسی یەکان دەبێ چۆن بێ؟ لانی کەم پێویست نیە بڵاوکراوەیەک بڵاو بکەنەوە و وەڵامێکیان هەبێ !

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو بۆچوونەی فارسی زمانەکان بەداخەوە جگەلەوەی هەڵەیە، بۆسەردەمی ئێستا کەمێکیش شوورەیی‌یە. تائێستا کورد لە ئێراندا داوای جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەکردوە - کە هەقی خۆشیەتی - بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە فارسی زمانەکان هەقیان هەیە حاشا لە پێناسەی نەتەوەیی کورد یان گەلانی دیکەی "غیر فارس" ی ئێران بکەن.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کەوایە یەکێک فارسە و ئێرانی‌یە، یەکێک کوردە و ئێرانی‌یە، یەکێک تورکە و ئێرانی‌یە و هتد ... ئەرکی ڕووناکبیرانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لەو پیوەندی‌یەدا ئەوەیە کە چەندی بکرێ زیاتر لەسەر ڕوونکردنەوەی زەینی فارسی زمانەکان و تێگەیاندنیان لە حەقیقەتی فرە - نەتەوە بوونی ئێران کار بکەن. ئەوەی دڵسۆزی ئێران بێ ناتوانێ حاشا لە بوونی گەلانی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا بکا و یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش ئەگەر تا ئێستا بەزەبری قورقوشم و باڕووت پارێزراوە لە دنیای پێشکەوتوودا تەنیا بە دیموکراسی و بەڕەسمی ناسینی بوون و مافەکانی یەکتر دەپارێزرێ، نەک بە زەبر و زەنگ و کوشت و کوشتار.

**ڕێژوان:** ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە هەریەک لەم ناوانە قسەمان بۆبکەن، قەوم، میللەت و نەتەوە. ئایا کوردەکان لە ئێراندا نەتەوەن؟ جیاوازیی نێوان نەتەوە و قەوم چی‌یە؟ لە سروودی ئەی ڕەقیب دا دێرێکمان هەیە ئاوا نووسراوە: "قەومی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر تا بەخوێن نەخشی بکا تاجی ژیان" ئایا لێرەدا قەوم لەجیاتی نەتەوە بەکار هاتوە؟ ئەگەر نا پێتان وانیە دەبوو نووسرابا نەتەوە لە جیاتی قەوم؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** وابزانم لە ساڵی ١٩٩٨ دا بوو کە ئەم بابەتەم لە وتارێکی درێژدا کە بۆ کۆنفرانسێک لەسەر کورد لە واشینگتۆن ئامادە کرابوو، هێنابۆ گۆڕێ. ئەم وتارە لە "ڕۆژنامەی کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکرات دا بڵاو بۆتەوە و کەسێک بیهەوێ دەتوانێ وەی بینێ. بۆیە لێرەدا هەربەکورتی ئەوەندە دەڵێم کە هەم وشەی "قەوم" هەم وشەی "ملت" لەجێ دا عەرەبین و لەکوردی و فارسی و تەنانەت لە تورکی دا بەکارهاتوون و ماناکەشیان تووشی گۆڕان بووە. ئێستا لە زمانی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

عەرەبی دا بە هەموو عەرەبەکان دەڵێن "الأمة العربية" ئوممەتی عەرەبی بەڵام بۆنموونە کە باس لە ئەمنیەتی نەتەوەی عەرەب دەکرێ، دەڵێن " الأمن القومي العربي" واتە ئەمنیەتی قەومیی عەرەب.

کەوایە قەوم بە مانای نەتەوە هاتوە و هەربۆیەش لە سروودی "ئەی ڕەقیب"دا گوتراوە "قەومی کورد زمان" یان 'قەومی کورد هەستایە سەرپێ". بەڵام لە ئەدەبیاتی سیاسی بە زمانی فارسیدا وشەی "قوم" بۆ قۆناخێک پێش دروست بوونی نەتەوە بەکار دەبرێ، یان بڵێین بەکار براوە. بەهەرحاڵ، پێموایە گیروگرفتی گەورە ئەوە نیە کە لە ئێراندا بە بە کورد و ئازەری و ئەوانی دیکە دەگوترێ قەوم. مەسەلەکە ئەوەیە کە مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلانە بە ڕەسمی نەناسراون و سەرزەمینەکانیان بەڕەسمی دانی پێدا نەنراوە. ئەگەر ڕۆژێک گیروگرفتی نێوەرۆک چارەسەر بکرێ گیروگرفتی ناوەکە نابێتە کۆسپ.

**ڕێژوان**: سوپاس و ڕێز، بۆ ئێوە و سوپاس لەوەی کە وەختی پڕبایەخی خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان تەرخان کرد. هیوای تەندروستیت بۆ دەخوازین، لە کۆتایی دا ئەگەر شتێکتان هەیە، تکایە بفەرموون.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: سوپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

**ئامادەکردنی: خالید موحەممەدزادە**

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەواڵی تیرۆر کرانی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەڕاندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتی یەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پڕکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامە و پراگماتیستە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندی چڕو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ ساڵەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم بارەیەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش بینی یەکەی ئێمەش وەڕاست گەڕا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێکەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتوە:

**پرسیار**: مامۆستا با لە ماڵەباوانی د. قاسملووەوە دەست پێ بکەین، دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟

**وەڵام**: باوکی د. قاسملوو "موحەممەدئاغای وسووق" یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆداڵەکان و ئاغایەکی گەورە" بووە و تایفەیەکی گەورەش بووە، دیارە ناوی "قاسملوو"ش لە کوڕ و کچەکانی موحەممەدئاغای وسووقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە دۆڵی قاسملووش هەڵکەوتوە، بۆیە ئەو ناوە لەوەڕا هاتوە، ئەگینا با ب و باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە.

**پرسیار**: ئێستا ئەو بنەماڵەیە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟

**وەڵام**: دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە ڕەنگە تەمەنی ئێستا



سەرچاوە Serchawe

لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ ساڵدا بێ، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتۆر عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێموایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

**پرسیار**: ئەی دوکتۆر قاسملوو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟

**وەڵام**: جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە رۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێدەپرسی راستە ئەتۆ کوڕەکەتت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ ئەمن هەر کوڕم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پراگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوڕی هەن لە مێردەکەی.
کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدی یە. کچێکی هەیە کە رەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

**پرسیار**: ئەی دوکتۆر قاسملوو چۆن ئاشنا دەبێ لە گەڵ هێلین قاسملوو؟

**وەڵام**: پێموابێ هێلین خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆخۆی باسی کردوە، لە وتووێژێک دا. لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بڕیاری ئیزدواج دەدەن.

**پرسیار**: ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێیە و کاری چیە؟

**وەڵام**: نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوە و مێردی نەکردەوە. ئێستا رەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بەهەرحاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەرایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و رەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.

**پرسیار**: باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە یە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان چۆنە؟ ئایا دانەبڕاون؟

**وەڵام**: وەک دابڕان پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبووە. نەسرین خانم

بەشی: یەکەم

ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە. ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهێنی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یان تەڕڕاحیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی "کوردستان و کورد"یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی، لە دەستی دا نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بلێم ئەو پێوەندی یە وەک جاران گەرمە، ڕەنگە موبالەغەم کردبێ. پێوندی یەکەی زیاتر پێوەندی یەکی عادی و لە گەل هێندێ کەسیش لە نێو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەروەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە رێگای ئەوەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەل دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لەگەڵ دانیەل میتران بێ تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دوورودرێژیان پێکەوە هەیە. لە گەل زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسی یەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو نووسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکرابێتەوە؟

**وەڵام**: پێموانیە شتێکی وای هەبێ کە بڵاو نەکرابێتەوە.

**پرسیار**: ئەی کتێبی"چل ساڵ خەبات" گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە راستە؟

**وەڵام**: چل ساڵ خەبات" بۆ خۆی لە پێشەکی یەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بڵاو کردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو "چل سال خەبات". بڕیار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنووسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆ تەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسڵی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسڵە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

**پرسیار**: ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟

**وەڵام**: (وتاری زۆرن بەڵام وەک کتێب) پێم وانیە هەبێ.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: باشە تۆ چۆن وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟

**وەڵام**: باشترین شت ئەوەیە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆر قاسملوو ئەو رستەیەی لە بارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت" نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە". قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانی یەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی رێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر بن. پیاوێکی بە فەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بە قەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحاڵە بە قەد سەدان کەس لە ئێمە موتاڵای دەکرد، هەمیشە لە حاڵی فێربوون دا بوو.

**پرسیار**: مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟

**وەڵام**: ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دوودا بەرنامە و ئەساسنامەیەکمان هەبوو کە زۆر دورودرێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی دا بە راستی نزم بوو. ۱۹۷۰ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەڕە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دایڕشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێیدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک موحەممەدئەمین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەڵام ئەوە راستی یەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاری یەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ۱۳ هەر چەند لەویش دا دەستم هەر هەبوو.

**پرسیار**: باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاری یانە تۆی قبووڵ نەبێ؟

**وەڵام**: دیارە شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. ساڵی ۱۹۸۵ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاریی منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەڵم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دووبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە ی لەگەڵ من دەیکێشی، گوتی کاکە ئەتۆ ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چیە؟ خۆ من بۆ توی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەرخوانەخواستە سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەی نووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێرایەوە بۆ ئەوە بوو کە بڵێم ئەمن لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە شتێکم لە بیر نیە کە ئەمن

نووسییبێتم و ئەو رەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بە من دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقاڵ بوو. راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بە من سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لە راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر، بە منی سپارد کە بیان نووسم. پاشان بە راستی زۆر بە گەورەیی یەوە دەی‌ڕوانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی"چل ساڵ خەبات"ی کە نووسی ئەمن لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی ناردبووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با رۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خۆت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لە چاپی دووهەم نوسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی رێبەری کە نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی "چل ساڵ خەبات" هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نووسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆخوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تەماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا تۆ رۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟

**وەڵام**: ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو رۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لەماڵ دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوینم دا. کە پێمانی گوت دوکتۆر قاسملوو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە کە لە بارەی دەوڵەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەوڵەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵڵا شتێک هەیە (ئەوکات ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە رەنگە ئاگات لێ نەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتوویژ. ئەوکات تێگەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**پرسیار**: دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنەکە بووە؟

**وەڵام**: بەڵێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتووێژە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و ئاخیری ساڵی ٨٨ جارێک رووی داوە. لەوێدا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێموایە کاک نەوشیروانیش بەشدار بوون لە دانیشتنەکەدا و راپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لە پاشان بۆ جاری دووهەم کە لە ژووئیەدا بوو جمهوریی ئیسلامی بە ناوی ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی زار بەهاوارە و شت دەدرکێنێ، یەکیەتی نیشتمانیی لابرد لە دانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بووایە ئەوان نەیان دەتوانێ تیرۆری

بەشی: یەکەم

بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتیی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەیان کردوە. بۆیە ئەوان تێگەیشتوون ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە، دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تاڵەبانی زاربەهاوارە و یەکیەتیی نیشتمانی زاربەهاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەڵ بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیانویستوە بیکوژن.

**پرسیار**: باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچێتە ئەو وتووێژەوە؟

**وەڵام**: دیارە رەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چۆن دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزمونەوە لە گەڵ ئەوان دابنیشێ. لەو نێوە دا کەسی دووهەم دوکتۆر فازیل رەسووڵ دەبێ کە قسەیان لەگەڵ کردوە و ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بڵێم هێندێک کەس دەڵێن رەنگە دوکتۆر فازیل رەسووڵ تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازیل بە تەواوی ئێنسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناو و ناوبانگ بوو. کاتێک کۆمۆنیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی"الحوار" کە ئەفکاری ئیسلامیی بلاو دەکردەوە و لەگەڵ بەنی سەدر دۆستایەتیی هەبوو. پاشان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەڵام دوکتۆر فازیل رەسووڵ بە هیچ جۆر وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نیەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنی یەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆر فازیل رەسوول مابایە حەتمەن نهێنی یەکانی ئاشکرا دەکرد.

**پرسیار**: باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدکرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیاباران کردنی هەلەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندی یەدا؟

**وەڵام**: جارێک ئەمن لە رانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری "کل العرب "دا بوو. ئەمە هەڵڵای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نووسیبوی:" دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە"بەلام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆر قاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیخوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەمجار نەبوو. جارێک رێژیمی بەعس

بەشی: یەکەم

زیندانی حیزبی بۆمباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. راگەیەندنێکمان دەرکرد کە بە توندی مەحکوومان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمان کرد. لە کەرکووک دەعوەتێک بۆ دوکتۆر ساز کرابوو کە دەبووایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملوو کە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئێنسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عەرەب گوتی ئەوە راگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمباران کردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەقاودەق وشەکان بوون کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆر قاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چۆن ئەتو ئیجازە بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکوژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام ئیجازە بەمن نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبووڵ ناکا.

**پرسیار**: ئەم پێوەندی یە سالمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پێدەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندی یە هەر هەبووە؟

**وەڵام**: لەواقیع دا ئەوە دەگەرێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی "نێوە سەدە تێکۆشان"یش دا ئیشارەیەکم پێکردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار دەرچووبوو و کورد لەگەڵ دەولەتی عێراق رێککەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندی یانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین کە مەحدوودیەتێکمان لەسەر بووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵبگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی رێنوێنیی کردین کە لەگەڵ دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەڕ بکە ئێمە وا حاڵی بووین کە بارزانی گۆمانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لەگەل دەوڵەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندی یەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە. لەواقێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ راستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەروبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەرایەوە و ئەو پێوندی یەش بەرقەرار بوو. ئەمن لە کتێبەکەم دا روونم کردۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بی خوێنێتەوە کە ئەم پێوەندی یە چۆن بووە.

**پرسیار**: باشە مامۆستا دوکتۆر قاسملوو چ رۆڵێکی هەبوو لە هێورکردنەوەی شەری نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات؟



سەرچاوە Serchawe

**وەڵام**: ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەڵە دەناسرا و خەڵکێکی زۆری کۆمەڵەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یان تەسلیم دەبن یان دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بلێم کە ئیدی تەقییەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەو دێ یە بەرەڵڵا بکەن. چما قەتلوعامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یان دەفتەری سیاسی موقاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەر ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە رێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا ١٧ ساڵ بە سەر تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملوودا رادەبرێ، ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟

**وەڵام**: دەزانی چۆنە؟ شتەکە نابێ بە "مطلق" چاو لێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆخوی مابا دەیگۆڕین. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەلام هیندێ شتی نەگۆڕ هەیە نابێ بگۆڕدرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆر قاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆڕێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆڕین بە فیدرالیزم لەلایەن هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پڕ کردبوو لە تەبلیغات کە ئەها ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆر قاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ دا قانیع بوون کە نەخەیر دەبێ بگۆڕدرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەمووەمان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆر قاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆر قاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئینسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت .

**پرسیار**: مامۆستا تو زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە گەڵ د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بلێی چی لای تۆ بە جێ هێشتوە و چ کاریگەری یەکی لە سەرخوت هەبووە؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەموومان هەبوو. رەنگە هێندێکان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبووە کە دەتوانم بلێم لە باری سیاسی یەوە منی دروست کردوە. وانیە کە هەوڵێکی زیاتری

لەگەڵ من دابێ. بەڵام ئەمن باوەڕم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو ڕەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سەلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی لە دنیای سیاسەت دا فێری بووم زۆربەی لە دوکتۆر قاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بڵێم مامۆستام بووە و دروستیکردووم.

**پرسیار**: باشە مامۆستا تۆ بیست ساڵ لەگەڵ د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نووسین و وەرگێران و داڕشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبی یەکان دا، ئێوە پرستان بە یەک دەکرد و ئاگاداری زۆر شتی نووسراو لە حیزبی دێموکراتی، بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکاری یەکیش پێک بێنیت کە کامانە نووسینی دوکتۆر قاسملوویە و کامە نووسینی تۆ یا ئەندامێکی دیکەی حیزبی یە؟ ئێستا جۆرێک تێکەڵی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نووسین هەیە دیار نیە لە نووسینی کێ یە؟

**وەڵام**: ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەلەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە ئەمن دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یان هی من نیە. ئەوە کە کێ نووسیویەتی ئاسان نیە. ئەمن بۆ خوم نووسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر ڕێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی یان پێخوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یان یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیڵێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای گوتوە. ئەمن ئەگەر بێم ئەوانە دەستنیشان بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملووەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەڵام کابرا بۆخوی وای پێ باشە. دیارە ئەو کارە هەر بۆ دوکتۆر قاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

**پرسیار**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسیەتنامەی هەبووە؟

**وەڵام**: وەسیەت نامە وەک ئەوشێوەیە کە باوە نا. بەڵام یەک وەسیەتی هەبووە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئورووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسیەتنامەیەکی نووسیبوو کە دەڵێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی مەنقوول و غەیرە مەنقوول هەمەوی هی حیزبی دێموکراتە. دەشلێ ئەگەر من شتێکم بەسەرهات ئەرکی خێزانمە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملوو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## "ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

**سازدانی دیمانە: خالید محەممەدزادە**

عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری ئەم پارتە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو لەم ڕۆژانەدا دەخرێتە پاڵی. ئەو گوتی:" نەگوتراو و نەبیستراوم زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو". ئەو کە دەڵێ:" ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو" نەیارانی خۆی بە "شەمشەمە کوێرە" ناو دەبا لە هەمان کات دا داوایان لێ دەکا:" ڕۆژێک دەمامک لە سەر ڕووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە."

**پرسیار**: ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە تو لە سەردەمی سکرتێربوونی خۆت لە حیزبی دێموکرات دا عەکسی دوکتۆر قاسملووت قەدەغە کردبوو. ئەمە تاچەندە ڕاستە؟ دیارە ئەمەش وەک پرسیارێک لەم ڕۆژانەدا لە نامەیەکی سەرئاواڵەش لە یەکێک لە سایتەکان دا ڕووبەڕووت بۆتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

**وەڵام**: ئەوەندەی وەپاڵدرانی تۆمەتی نارەوای کوێرکردنەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو بۆ من ناخۆشە، زۆر لەوە زیاتر بۆ من تاڵە کە لەو بارەیەوە دیفاع لە خۆم بکەم. کورد گوتەنی "مەبارەک نەبێ" پاش بیست ساڵ هاوسەنگەری و هاوخەباتی و هاوکاریی نزیک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئێستا بە قسەی کەسانێک کە تەنیا وەک ئامراز کەڵک لە ناوی بەرزی دوکتوری شەهید وەردەگرن، ئەمن دەبێ بێم پاکانە بکەم کە وا نەبووە و وانیە؟ بەڕاستی دژوارە.

دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە ئەمن لە وتارێک دا بۆ سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب باسێکم لەو بابەتە کرد کە بیستوومە ئەم دواییانە (بەداخەوە) کەوتۆتە سەر سایتەکانیش. ئێستا لەبیرم نیە لەوێ دا چیم گوتوە. بەڵام دووپات کردنەوە بێ یان شتی تازە، لەو بارەیەوە هێندێک دەدوێم. ئەوەندەی پێوەندیی بە عەکسی دوکتور قاسملوو یان دوکتور سەعیدەوە هەیە داستانەکە بەم جۆرە بووە کە زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمن پێشنیارم کرد کە لە جیاتی ئەوەی عەکسی هەر سێ ڕێبەر لە ژووری کاری هاوڕێیان هەڵواسین، وەک هەموو حیزبەکانی دیکە یەک عەکس دابنێین، جا هەر



سەرچاوە Serchawe

کامێکیان بێ قەیدی نیە، بەڵام بۆخۆم عەکسی پێشەوا وەک دامەزرێنەری حیزب و کۆمار و یەکەمین ڕێبەری حیزب و یەکەمین سەرکۆماری شەهید پێشنیار دەکەم. بەڵام هاوڕێیان گوتیان باشتر وایە هەر سێکیان هەڵاوەسین و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کە پێموایە سێ ساڵ و نیو دەبێ عەکسی ئەو سێ ڕێبەرە لە ژووری کاری تەواوی بەرپرسانی حیزب بە دیوارەوە دەبینرێ.

بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس وەک فارس دەڵێ تا ئێستاش "استفاده ابزاری" لەو مەسەلەیە دەکەن و ئەو بوختانە ناڕەوایە دەڵێن و دەڵێنەوە. ئەگینا ئەوە ژووری کارەکەی من و ژووری کاری هەموانیش دەبینی کە عەکسی هەر سێ ڕێبەریان لێ هەڵاوەسراوە و ئەگەر بێیە ماڵەکەشم دەبینی کە سێ عەکسی دوکتور لە ژووری دانیشتنم دا هەن جگە لە دەیان عەکس کە لە ئاڵبۆمی عەکسەکانم دا راگیراون.

**پرسیار**: باشە، مەبەست لە "کوێرکردنەوەی ڕێبازی قاسملوو" کە باست کرد و گوایە خراوەتە پاڵت چیە؟

**وەڵام**: ئەو کەسەی بڕیاری داوە درۆ بکا و بوختان هەڵ بەستێ کاری بەوە نەداوە راستییەکە چیە؟ هەروەک وەختی خۆی بۆ دوکتوری شەهیدیان هەڵبەست کە نۆ میلیۆن دۆلار پووڵی لە ناتۆ وەرگرتوە، ئێستاش ئەو تۆمەتە بێ شەرمانەیە دەدەنە پاڵ من، بێ ئەوەی لە هیچ کامیان دا خۆیان ناچار بزانن کە بەڵگەیەک بۆ ئیددیعاکەیان بێننەوە. ئەگینا ئەمن دەپرسم ئەو کاتەی دوکتوری شەهید لە نێومان دا مابوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو. جارێکیان بۆ خۆم لە سەفەر بووم، دوکتور بە سەفەر چووبوو. لە سەر پێشنیاری وی ئەمن کرابوومە جێگر. ئەو کاتە جێگری سکرتێر لە پێڕەوی نێوخۆدا دانەنرابوو. دووجارەکەی دیکە ئەمن و شەهید دوکتور شەرەفکەندی کاندیدا بووین، هەردوو جار ئەمن هەڵبژێراوم و هەردوو جاریش دوکتور قاسملوو دەنگی بە من داوە. لەو بارەیەوە پێمخۆشە هێندێ بەڵگەی دیکەش بێنمەوە:

نێزیکیی فیکریی من لە دوکتۆری شەهید بە رادەیەک بوو کە لە بەرەبەری کۆنگرەی چواردا ئەوکاتە کە دەبوو راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە بنووسێ و زۆریش پڕکار بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم داوای لە من کرد چەند بەشێکی راپۆرتەکەی بۆ بنووسم و ئەمن تەنیا کەس بووم کە لەو بارەیەوە یارمەتیی دا. لە ڕۆژانی پێش کۆنگرەی پێنجەمیش دا کە ئەوکاتە ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، نووسینی تەواوی راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بە من سپارد و کاتێک بۆم بردەوە بێ ئەوەی یەک دێڕی دەسکاری بکا دای بە کومیتەی ناوەندی و پاش پەسندی کومیتەی ناوەندی هەر بە خەتی من پێشکێشی کۆنگرەی پێنجەمی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی شەش مانگ وەک نوێنەری حیزب لە پاریس بووم. کاک رەسووڵ قادری دایک برای شەهید دوکتور شەرەفکەندی یەکجار زۆری رێز لێ دەگرتم و زەحمەتی پێوە دەکێشام. ئەمنیش زۆرم سوپاس دەکرد. جارێکیان کە لە گەڵم دەهات بۆ لای دوکتوری چاو دیسان داوای لێبووردنم کرد و گوتم نازانم چۆن سوپاسی ئەو زەحمەتانەت بکەم. کاک رەسووڵ گوتی: ئەرێ ئەو سوپاس سوپاسەت لە چیە؟ خۆ ئەمن بۆتۆی ناکەم، بۆ حیزبی دەکەم. گوتم جا ئەوە کاری بەسەر حیزبەوە چیە؟ گوتی کاک سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوانەخواستە ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو شەهید بێ و هەرچی ئەدەبیاتی حیزبیش هەیە بفەوتێ، مەسەلە نیە، چونکە فلانکەس (عەبدوڵلاحەسەن زادە) هەمووی دێنێتەوە سەر کاغەز. کەوایە ئەمن لە بەر خاتری حیزب یارمەتیی تۆ دەدەم.

پاش کۆنگرەی هەشت لە خزمەت دوکتور قاسملوودا لە مەجلیسێک دانیشتبووین کە زۆر کەسی دۆستی حیزبی لێ بوو. روویان کردە دوکتورو پرسیان چۆنە فلانکەس (واتە ئەمن) نەبۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی! فەرمووی جا لە خۆی بپرسن. قسە هات و قسە چوو. لێکرا گوتیان پێویستە بچیەوە نێو رێبەری. ئەمنیش گوتم جا خۆ بە گۆترە نابێ. ئەگەر وابێ ئەمنیش وەک هاورێیانی "رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ" داوای کۆنگرەی نائاسایی دەکەم. دوکتور قاسملوو هاتە جواب و فەرمووی ئەتۆ قەول بدە بێیەوە ئەندامی رێبەری، بە شەرتی پیاوان هەتا مانگێکی دیکە کۆنگرەی نائاسایی پێک دێنین.

تەنانەت کاتێک شەهیدیش بوو، دوکتور سەعیدی شەهید داوای لە من کرد کە وەک نیزیکترین یاری دوکتۆر قاسملوو بچمە پاریس و لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی دا بەشدار بم. ئەگەرچی ئەوکاتە ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم و کاک حەسەنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەندامی دیکەی هەیئەتی دەفتەری سیاسی بوو. بەڵام نووسین و خوێندنەوەی وتار لەسەر گڵکۆی شەهیدان و وتووێژی چاپەمەنی و هەر شتێکی لەو پێوەندییەدا دەهاتە گۆڕێ بە پلەی یەکەم رووی دەمن بوو.

وتارێک کە لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو خوێندمەوە ئەوەندە لە دڵەوە هەڵقوڵیبوو و لە دڵان دا جێی خۆی کردەوە کە جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە تەرجەمە کرا و بڵاو کرایەوە. لەبیرمە خانمێکی فەرانسەیی بە کۆمەگی هاورێیەکی حیزبی وتارەکەی کردە فەڕانسەیی و دوایەش کردی بە ئینگلیسی. لێم پرسی گوتم: ئێمە سەلیقەی ئوروپاییەکان ناناسین. بە باوەڕی تۆ ئەم وتارە بۆ ئوروپاییەکان چۆن بوو؟ خانمەکە بە یەک رستە وەڵامی دایەوە: "وتارێکی مێژوویی بوو لە بۆنەیەکی مێژوویی دا."

**پرسیار: ئەی ئەم قسانە چیە پشت سەری تۆ دەکرێن؟**

بەشی: یەکەم

**وەڵام**: بە کورتی تا دوکتۆر لە ژیاندا مابوو ئەمن نیزیکترین یار و یاوەر و هاوبیر و هاوسەنگەری دوکتور قاسملوو بووم. نازانم لەو سێ چوار ساڵەی دوایی دا و ١٤ - ١٥ ساڵ پاش شەهید بوونی چ ناکۆکییەک لە نێوانمان دا سەری هەڵداوە!! ئاواتی من ئەوەیە ئەو شەمشەمەکوێرە شەوپەرستانە کە هەر لە پشت پەردە و لە ژووری داخراودا قسە دەکەن، ڕۆژێک دەمامک لەسەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە "تا سیه روی شود هرکه در او غش باشد".

نەگوتراو و نەبیستراوم لەو پێوەندییەدا زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو رۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو.

**پرسیار**: یانی ئێوە بە هەموو بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو وەفادارن؟

**وەڵام**: ئەمن وەفا بۆ دوکتور قاسملوو بەوە نازانم کە لە حیزب و سیاسەتەکانی دا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهێنین. چونکە ئەگەر بۆخۆشی مابا، ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە هەموو ئەندامانی ئێستای حیزب کەس بە قەد من لە دوکتور نزیک نەبووە، کەس هێندەی منی لەگەڵ نەژیاوە، کەس بەقەد منی لێ فێر نەبووە، کەس هێندەی منی لە سەر نەنووسیوە و هێندەی منی لەسەر نەگوتوە و کەسیش هێندەی منی پێ وەفادار نەبووە و نیە. دوکتور قاسملوو لە گەڵ خوێن و گۆشتی من تێکەڵ بووە. هەمیشە یادی لە ویژدانم و ناوی لەسەر زمانم حازرە. تەنانەت چەند جار کەسانێک کە خۆیان لە دوکتور بە نزیک دەزانن، سوپاسیان کردووم کە چۆن ئەوەندە لەسەر یادی دوکتور حوزووری زەینم هەیە و ئەوەندە یادی دەکەم و ئاموژگارییەکانی وەبیر دێنمەوە.

**پرسیار**: کەواتە تۆ ئەمانەی لە سەرت دەگوترێ ڕەد دەکەیتەوە؟

**وەڵام**: بە تەواوی. نامەوێ روونتر بدوێم. بەڵام زۆر لە خەتە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو هەن کە ئێستاش دروست و بەجێن و ئەگەر پێ داگرتنی من نەبووایە لە لایەن هێندێک کەسەوە کە خۆیان بە پارێزەری ڕێبازی قاسملوو دەناسێنن (ناڵێم دەزانن) لەمێژ بوو سڕابوونەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە حەیف بۆ ناو و یادی گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە لایەن هێندێ کەسی قاسملوو نەناس و قاسملوو نەدیوەوە بکرێنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بەسەر رێبوارانی راست و بێ رووکێشی ڕێبازی دوکتوری شەهید و ئامۆژگارییە هەمیشە زیندووەکانی دا. ئەمن دەڵێم هەموو موخالیفانی قاسملوو و هەر کەسێکیش کە هەوڵ بدا کەڵکی خراپ لە ناوی قاسملوو وەربگرێ مەحکووم دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦

## تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە.

**پرسیار:** بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە! لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی کاک دوکتور سەعیددا دەربارەی تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی و شێوەی مودیریەتی کاک سەعید بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بە کورتیش بێ، بدوێن؟

**وەڵام:** زۆر بەخێر بێن، لەم فورسەتە ئیستیفادە دەکەم بۆئەوەی سڵاوێک بۆ گیانی شەهیدی لەیادنەچوو کاک دوکتور سەعید و هەموو شەهیدانی کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی رێبەرمان بەرێ بکەم. بۆ ئەوەی واریدی بەحسەکە بم، دەبێ بڵێم دوکتور سەعید یان وەکوو ناوی ئەسڵیی خۆی بڵێین "دوکتور موحەممەد سادیق شەرەفکەندی" ئینسانێکی بێئەندازە زیرەک بوو، بێئەندازە بەهۆش بوو، حافیزەیەکی ناڵێم بێوێنە، بەڵام بەڕاستی کەم وێنەی هەبوو، شتی لەبیر نەدەچوو، لەعەینی حاڵدا ئینسانێکی موتەوازیع، ئینسانێکی خۆش بەرخورد لەگەڵ رەفیقانی، ئینسانێکی خاکی و ئینسانێک بوو کە زۆر زوو دەی توانی لەگەڵ خەڵک ببێتە ئاشنا و خەڵکی جەزب بکا. شتێکی دی کە لە دوکتور سەعیددا زۆر بەرجەستە بوو، ئەو سیفەتە بوو کە دوکتور سەعید پیاوێکی ئازا بوو، ئازایەتی زۆر جار خەڵک بە ئازایەتیی لە مەیدانی شەڕدا لە بەرابەر خەتەردا دەبینێ، ئەمن ئازایەتی هەر لەوێ دا خولاسە ناکەمەوە، بەڵام لەو سیفەتەش دا ئینسانێکی بەڕاستی بەورە بوو، لەوەختی هجومی دوژمن دا، لەوەختی بۆمباران و تۆپ باراندا، لەو وەختانەدا کە مەرگ نیزیک دەبۆوە دوکتور سەعید بە هیچ جۆر نەدەخەجڵا و دەستوپێی خۆی ون نەدەکرد، حەتا جاروبار دەگەیشتە حەدی ئەوە کە بەبێ موبالاتی حیسابە و بە کەمتەرخەمی حیسابە. بەڵام لەوە زیاتر ئازایەتیی ئەخلاقیی هەبوو، توانای دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی هەبوو. لەکن ئەو کەسانە کە موخالیفی بیروباوەڕی ویش بوون. ئەمن ئەو کەسانە بە ترسەنۆک دەزانم کە نەزەری خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی تەڕەف پێی خۆش بێ. ئینسان کە لە بارەی ئەخلاقەوە ئازا بێ و شەهامەتی هەبێ، دەبێ بیروباوەڕێک کە بۆخۆی پێی قانیعە، بیڵێ، جا با یەکێک موافیقی بێ، یەکێک موخالیفی بێ، لەم بارەیەشەوە ئینسانێکی بەتەواوی شوجاع و ئازا بوو.

دوکتور سەعید دەتوانم بڵێم، لە باری شێوەی کارکردنەوە لەگەڵ خەڵک شێوەکارکردنێکی باشی هەبوو، دەیتوانی لەگەڵ خەڵک بگونجێ، رەنگە جارێک تووڕە بووبێ، ئەو تووڕەبوونە تەڕەف نارەحەت دەکا یان ئازار دەدا، رەنگە جارێک حەق بێ، جارێک ناحەق، چونکە خۆ شەرت نیە هەمیشە حەق لە تەرەفی ئەو کەسە بێ کە گەورەترە. بەڵام لەسەریەک لەگەڵ هاوکارانی رابیتەیەکی دۆستانە و رەفیقانەی بەرقەرار دەکرد. خەسڵەتی باشی زۆر تێدا بوون. دیارە دوکتور سەعید

بەداخەوە زۆر تازە بوو لە کاری رێبەریدا. یانی زۆر لە کاری حیزبیدا نەمایەوە. وەکوو دەزانین مەرحوومی دوکتور سەعید لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆتە ئەندامی رێبەریی حیزب، ساڵی ١٣٧١یش شەهید بووە. هەموو عومرەکەی لە رێبەریی حیزبدا ١٣ ساڵە، بەڵام رێبەری بە مەعنای سکرتێری ماوەیەکی کەمتریش بوو. هەتا جارێک دوکتور مەحموود قسەیەکی خۆشی گێڕایەوە، گوتی ئێرانییەکان لێیان پرسیوم ئەرێ ئەوە پیاوێکی چۆنە و چۆن نیە، گوتوومە بابە، خۆ هێشتا جێی خۆی خۆش نەکردوە، کوێرا خەریکن بیکوژن؟ هەر لە ئێستاوە بەرنامەی کوشتنی هەیە؟ گوتی، گوتیان جا بۆ پێتوایە، دوکتور قاسملوو ئێمە کوشتوومانە، گوتوومە خۆ ئەمنیش نەزانم، ئێوە دەزانن کە بۆخۆتان کوشتووتانە.

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا، وەک هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی دوکتور سەعید شێوەی مودیرییەت و رێبەریی کاک سەعید چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: یەکێک لە نوختە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە ئەمری رێبەری دا، بەڕاستی مودیرییەت و بەرنامە بوو. دوکتور قاسملوو مەعلوومە لە هەموومان و یەک لەوان لە دوکتور سەعیدیش بە چەندین پلە گەورەتر و شارەزاتر بوو. بەڵام لەباری بەرنامەی کارەوە دوکتور سەعید لە دوکتور قاسملوو بەبەرنامەتر بوو. هەموو ئەو کارانە کە دەبوو بیانکا بەرنامەی بۆیان هەبوو، دەینووسی، دەفتەری یادداشتی هەبوو، وەرەقەی یادداشتی هەبوو، موراجەعەی پێدەکرد، لە وەختی پێویست دا دەگەڕایەوە سەریان، بێجگە لەوەی گوتم، حافیزەیەکی وای هەبوو، کە باوەڕم پێبکە زۆر ئیحتیاجی بەو دەفتەر و شتە نەبوو. بەڵام لە عەینی حاڵدا بۆخۆی ئەو خەسڵەتەی تێدا بوو کە شتەکانی لە دەفتەردا یادداشت دەکرد، دەگەڕایەوە سەریان، لێی دەپرسینەوە. کە ئەوە لە مودیریەت دا زۆر موهیممە، کارێک کە بەکەسێک دەسپێردرێ هەروا بەرەڵڵا نەکرێ، وێڵی نەکا بە ئومێدی خودا، جارێکی دیکە لێی بپرسێتەوە، ئاخۆ گەیشتۆتە کوێ، کارەکە لە قۆناغی جێبەجێکردن دا گەیوەتە کوێ؟ چی دیکەی دەبێ بۆ بکرێ؟ دوکتور سەعید هەم بۆ کاری خۆی ئەوەی هەبوو، هەم بۆ رەفیقانی و بۆ هاوکارەکانی. لە باری رێبەری یەوە رێبەرێکی قاتیع بوو. لە موقابیل کەمکاری و ئەوانەدا لە سەر هەست بوو، زۆر حەساس بوو. قبووڵی نەدەکرد، دووبارە ئەوەی دەڵێمەوە، رەنگە جاروبار بەرخوردی توندی لەگەڵ رەفیقان کردبێ بەڵام پێموایە دەتوانم شاهیدیی بۆ بدەم کە رەنگە وەک هەموو کەسێک یەکێکی خۆش ویستبێ و یەکێکی خۆش نەویستبێ، بەڵام ئەو بەرخوردانەی نە لەبەر ئەوە بوو کە کابرای خۆش دەوێ یان خۆشی ناوێ، لەبەر ئەوە بوو کە ئەو کارەی ئەو پێی وایە دەبێ بیکا، کابرا ئەنجامی داوە بە شێوەیەکی باش یان نا، بۆیە بەرخوردی پێکردوە. بەهەرحاڵ دووبارە ئەوەی تکرار دەکەمەوە یەکێک لە نوختە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە کاری حیزبی و بە تایبەتی لە کاری رێبەری دا مودیرییەت و بەرنامە بوو.

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا! ئەوکات دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، دوکتور سەعید چۆن دەی ڕوانیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمان؟

**وەڵام**: جارێ لە پێش دا با بڵێم مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەر چەند هێندێ جار گوتراوە کە مافی چارەنووس بۆ گەلان مەعنای واقیعیی هەر ئەوەیە کە وڵاتی سەربەخۆ، دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێ، بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا ئیستقلال نیە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە میللەتێک ئازادیی پێبدرێ بۆخۆی بەو شێوەیە کە بۆخۆی پێی باشە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. پێی خۆش بێ لەگەڵ یەکێکی دیکە بژی بە شێوەی خودموختاری، فیدرالیزم، کونفدرالیزم، هەر تەعیینی سەرنویشتە، پێی خۆش بێ موستەقیل بێ و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنێ هەر بڕیاردانی چارەنووسە. هەر جۆرێکی بۆخۆی بیهەوێ سیستمێکی سوسیالیستی بێ، بیهەوێ سیستمێکی ئیسلامی بێ، بیهەوێ سەرمایەداری بێ، بیهەوێ هەرچی بێ، مادام ئازادانە بۆخۆی تەعیینی بکا، ئەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسە. بەڵام ئەگەر بڵێین لە نێوان خودموختاری و وەرگرتنی حەقی یەکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا نەزەری چۆن بوو، ئەو وەخت دەکرێ ئاوا جواب بدەینەوە:

دوکتور سەعید ئینسانێکی حیزبی بوو، لە ماوەی حیزبایەتیی خۆشیدا چەند مانگی ئەوەڵ نەبێ، کە هەر ئەندامی سادەی حیزب بوو، دەنا ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاش چەند مانگان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، پاشانیش بۆ ماوەیەک جێگری سکرتێر بووە، دوایی بۆتە سکرتێر، یانی چەند ساڵێک لە سەدری ڕەهبەریدا بووە. کەسێکی ئاوا دیارە تابیعی سیاسەت و شوعاری ئیستراتیژیکیی حیزبەکەی دەبێ و تەبلیغی بۆ دەکا. کەوابێ ئەو موبەللیغی خودموختاری بوو، وەک شێوەیەکی حەقی تەعیینی سەرنویشت، کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆخۆی دیاری کردبوو و ئەو دیاریکردنەش بەبێ شک هەڵقوڵاوی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی و واقیعگەرایانە بووە.

ئەمما ئەوە کە داخوا بیری بۆ یەکگرتنەوەی کورد چۆن بووە؟ دەتوانم بڵێم بە هەموو عومقی ئیمانەوە باوەڕی بەوە هەبوو کە میللەتی کورد یەک میللەتە، خاکەکەی یەک خاکە، دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو خاکە و ئەو میللەتە یەک بگرنەوە، دەوڵەتی موستەقیلیان هەبێ، هەر بۆیە لە پێناوی هاوکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورددا ئامادەی زۆر فیداکاری بوو، ئامادەی زۆر هاوکاری بوو، ئامادەی گوزەران و چاوپۆشی لە مەنافیعی کاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو بە قازانجی بەشێکی دیکە لە بزووتنەوەی کورد. قەت لەبیرم ناچێ، عەکسێکی یادگاریشم هەیە لەگەڵی، لە ئێوارەیەک دا کە خەبەر بڵاو بۆوە کەرکووک ئازاد بووە، دەتوانم بڵێم ئەو پیاوە دەستوپێی خۆی لێون ببوو، لە خۆشحاڵی یان، چونکە کوردستان هەمووی، شاری کەرکووک بە شارێکی هەرە گرنگی کوردستان دەزانێ، لەعەینی حاڵ دا خەتەر لەسەر

بەشی: یەکەم

ئەوەی کە کەرکووک لەگەڵ کوردستانی ئەمڕۆ یان کوردستانێکی یەکگرتوو نەخرێتەوە هەمیشە لە هەموو شارێکی دیکە پترە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ژێرزەمینیی زۆر و بەنرخی تێدایە.

ئەو کابرایە ئەگەر عەکسەکەی ببینی وەکوو دەڵێن لەبنان گوێیان پێدەکەنێ، ئەوەندە خۆشحاڵە، هەمیشە چاوی لەوە بوو کە کورد بگاتە رۆژێکی ئاوا کە بتوانێ خاکەکەی وەسەر یەک خاتەوە و وڵاتێکی موستەقیللی خۆی هەبێ، ئەوەی بە حەقی موسەللەمی خۆی دەزانی، لەعەینی حاڵێشدا وەک گوتم ئەندامی حیزبێک بوو، رێبەری حیزبێک بوو کە شوعارەکەی خودموختاری بوو، تەبلیغی بۆ ئەوە دەکرد.

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا! قوناغەکانی جۆراوجۆری خەباتی گەلەکەمان لەسەر شانی لاوان بووە، دوکتور سەعید چۆن دەیڕوانیە لاوان بە گشتی؟

**وەڵام**: پێموایە خەباتی میللەتی کورد یان هەر میللەتێکی دیکە وا بەش ناکرێ. زۆربەی لەسەر شانی ئەوەیە، رەنگە زۆربەی زۆری لەسەر شانی زەحمەتکێشان بێ، چونکە زەحمەتکێشان زۆربەی جامیعەی ئێمە پێک دێنن. دەنا تەقریبەن لەسەر شانی هەمووانە، یەعنی لاوان رەنگە نەقشی ئیجرائی یان پتر بێ لە موبارزەدا، بەڵام سیاسەت گوزاری مەعموولەن کاری گەورەترەکانە، ئی بە تەجروبەترەکانە. با موبالەغە نەکەین لە نەخشی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتیدا، دیارە لاوان هەم ئێنرژی یان زۆرە، هەمیش بە تایبەتی لە قۆناخی ئەخیری ژیانی میللەتی کورددا، لاوان بەشی زیاتریان بەر دەکەوێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستامان دا. ئەوەی پێی دەڵێن "جمعیت جوان" جەمعییەتی جەوان پترە لە جەمعییەتی پیر. دوکتور سەعید وەکوو هەموو کەس، وەکوو رێبەرێک باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێبایەخ بە لاوان بدرێ، لاوان ئامادە بکرێن، پەروەردە بکرێن بۆ بەعۆدەگرتن و وەئەستۆگرتنی ئەو مەسئوولییەتانە کە دەبێ لە دوارۆژدا ئەوان بیگرنە دەست. لاوان وەسیلەی جێبەجێکردنن لە کاتی لاویدا، وەسیلەی بەرنامەرێزی و رێبەریکردنن لە کاتی بەساڵ داچوون دا. بەڵام ئەوەی کە رەنگە دوکتور سەعیدی لە یەکی دیکە جودا کردبێتەوە، ئەوەیە دەگەڵ ئەوەی فاسیلەی زەمانیی عومری لەگەڵ لاوەکان زۆر بوو . بەهەر حاڵ دوکتور سەعید کە شەهید بوو ٥٦ ساڵی تەمەن بوو . بەڵام لە لاوەکان نیزیک بوو، زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵ لاوان. دەتوانم بڵێم جاروبار موبالەغەشی دەکرد، ئەساسەن لە باری تەوازوعەوە دوکتور سەعید زۆرجار زیادەڕۆیی دەکرد. بۆ وێنە لەبیرمە دوکتور قاسملووی رەحمەتی بە سەفەر چووبوو، ئەویش جێگری سکرتێر بوو، رۆژێکی چووم تەماشام کرد نیگابانی نیە، ئەمنیش گوتم بۆ نیگابانت نیە؟ گوتی وەڵڵا گوتم با بۆخۆیان ئیسراحەت بکەن. گوتم کارێکی زۆر خراپت کردوە، یانی چی؟ بۆ هەر دوکتور قاسملوو خەتەری لەسەرە؟ یانی چی ئەتۆ بەوەی دەڵێی توازوع، ئەوە توازوع نیە، ئەوە بێموبالاتیە. دوایە بانگی برادەری بەرپرسی پێشمەرگەکانی نیگابانم کرد کە ئێستا لێرەیە، گوتم ئەوە بۆ

بەشی: یەکەم

کاک دوکتور سەعید نیگابانی نیە؟ گوتی بۆخۆی گوتوویەتی نامەوێ، گوتم نەخەیر ئێوە بۆخۆتان لەبەهانە بەندن بۆ تەمبەڵی، ئەتۆ برۆ بۆی دابنێوە، جا ئەگەر گوتی نابێ، بڵێ فلان کەس گوتوویەتی، ئەمن دەچم جوابی دەدەمەوە. ئیدی ئەوە بوو بەقسەی کردم و نیگابانیی دانایەوە.

دوکتور سەعید وەسەر خۆی نەهێنا، نەیگوت بۆ ناردووتەتەوە. ئەو بەرادەیەک موبالەغەی لە تەوازوع و فرووتەنی دا دەکرد. دەتدی وەرێ دەکەوت هەر چەند لە باری ئەمنییەتەوە جاروبار ئەوە بە قازانجیشە، بەڵام بەخۆی و دوو پێشمەرگەوە دەچووە سەفەر، لەو هەلومەرجەدا. بە کورتی هەم نیزیک بوو لە لاوان هەم موتەوازێعانە لەگەڵ لاوەکان و خەڵکی دیکە رەفتاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەی وەکوو گوتم ئەو وەختە کە نۆرەی قاتیعییەت دەهات پیاوێکی قاتیع بوو، پیاوێکی بە برشت بوو، پیاوێکی وا نەبوو بڵێی دەستوپێ سپی یەو کاری لەدەست نایە.

رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٢١

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان مێدیا. - رێکەوتی : ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: باس لە جیابوونەوەکەی حیزبی دیموکرات دەکا

### سازدانی هیلال ئیبراهیم

**پرسیار**: ئەمڕۆ بەیانێکتان بڵاوکردوە و تیایدا جیابوونەوەی خۆتان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند، هۆکاری ئەم جیابوونەوە چیە؟

**وەڵام**: ئێمە لەبەیاننامەکەدا نەمانگوتوە جیا بووینەتەوە بەڵکوو لەتبوونمان قبووڵ کردوە. ئێمە جیا نەبووینەتەوە چونکە ئێمە پێمان وانیە حیزبێک هەبێ ئێمە لێی جیا ببینەوە. حیزبێک هەیە کە ئێمە نەمان توانیوە تێیدا ئیدارە بکەین و لەت بووین. لەت بوونەکە دوو ساڵە هەیە و بەشێک حاکم بووە و بەشێکیش مەحکووم. نەگەیشتینە رێککەوتنێک چونکە ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو. ئێمە جیا نەبووینەوە چونکە ئەگەر پێش هەموویان هی ئێمە نەبێ، ئەوا بەشێک بووین لەو حیزبە.

**پرسیار**: لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لەنێو راگەیاندن دا وا بڵاو ببۆوە کە ئێوە کەمینەن و ئەوان زۆرینە، کەواتە ئێوە لەوان جیا بوونەتەوە نەک لەت بوون.

**وەڵام**: ئێمە هەمیشە گوتوومانە، تەنانەت لەیاداشتەکەش دا نووسیومانە کە دەستەواژەی کەمینە و زۆرینە دروست نیە چونکە تا ئێستاش مەعلووم نیە کام لا زۆرینەیە و کام لا کەمینە. پاشان ئەو شتانە هەمیشە قابیلی گۆڕانن بەڵام لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دا ئەوان زۆرینەن و ئێمە کەمینە. ئەوە ڕاستە.

**پرسیار**: ئایا حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی هیچ هەوڵ و ناوبژیوانی یەکیان نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟

**وەڵام**: ئەمە چەندین جارە حکوومەت و لایەنە سیاسی یەکان و سەرکردەکانی کورد و حیزبەکانی دیکە و بەناوی پەرلەمانیشەوە دوو جار هاتوون و ئێمە گوتوومانە کە بەردەوام پێشوازی لەنێوبژیوانی دەکەن بەڵام ئەوان رەتیان

کردۆتەوە و گوتوویانە ئەوانە کێشەی ناوخۆیین و ئێمە بۆ خۆمان حەلیان دەکەین و ئێوە قسەی لێ مەکەن.

**پرسیار**: ئەم لەتبوونە وەک تۆ ناوت لێنا، کار ناکاتە سەر رەوتی بزووتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان؟

**وەڵام**: بێگومان شتێکی باش نیە. ئێمە بەپێچەوانەی مەیلی خۆمان کردوومانە. بەڵام ئێمە گەیشتبووینە بارودۆخێک کە ئەو لەتبوونە باشتر بوو لەو پێکەوەبوونەمان چونکە تواناکانمان لەململانێی یەکتردا خەرج دەکرد. بەهۆی ئەوە بوو کە ئێمە ئەو لەتبوونەمان قبووڵ کرد دەنا نەمان دەهێشت قبووڵ بکرێ. بۆ ئەوەی تواناکانی ئێمە چیتر لەنێوخۆدا خەرج نەبێ هەر کەسەمان بەجیا هەوڵەکانمان ئاراستەی جەمهووریی ئیسلامی بکەین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەتی کورددا.

**پرسیار**: کەمپەکانتان و خێزانەکانتان تێکەڵ بەیەکن، ئەی ئەمە کێشە دروست ناکات، چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەن؟

**وەڵام**: بارەگانمان و کەمپەکانمان تێکەڵن و دەبێ لێک جیا بکرێنەوە. داوامان کردوە کە ئەو رەفیقانە بۆ خۆیان کۆمەک بکەن بەشێوەیەکی زۆر شارستانی یانە و دۆستانە وا بکەین تێکەڵاو نەبن و هەر کەسە و بچێتە جێگایەک. ئەگەر ئەوانیش هاوکاریی نەکەن ئەوا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئێرە و ئێمە داوامان لەحکوومەت و پەرلەمان و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کردوە کە یارمەتیمان بدەن تاکوو بتوانین بەبێ هیچ گیروگرفتێک و رووداوێکی ناخۆش لێک دوور بکەوینەوە.

**پرسیار**: ئەزموون هەیە کە ئەو ناکۆکی یانە پێکدادان و توندوتیژی لێ-کەوتۆتەوە، هەروەک حیزبی دیموکرات و رێبەرایەتیی شۆڕشگێر لەرابردوو یان هەر دوو رێکخراوی کۆمەڵە، تۆ هەست ناکەی ناکۆکیی ئەمجارەش توندوتیژی و پێکدادانی لێ بکەوێتەوە؟

**وەڵام**: بەش بەحاڵی خۆم پێموایە راستە، لەلایەکەوە هەر شەڕ و هەڵڵا هەڵدایسێ بەڵام ئەگەر هەردوو لا ئامادەی شەڕ بن. ئێمە ئامادەی وەشاندنی زللەیەکیش نیین و نامانەوێ هیچ روو بدا. لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە کەمینەین بەڵام بەهیچ جۆر مل بە هیچ جۆرە کارێک و تەنانەت قسەیەکی خراپیش نادەین. هیوادارم کە هیچ شتێکی خراپ روو نەدا بەتایبەتی ئێمە لەسەر زەویی خۆمان نیین و بەگوێرەی ئەو ئەزموونە تاڵانەی هەمانە بۆ نموونە لەگەڵ کۆمەڵەدا کە چەند ساڵێک لەحاڵەتی شەڕدا بووین، بەڵام لەم بەشەی کوردستاندا هیچ کارێکمان بەسەر یەکترەوە نەما.

## بەشی: یەکەم

**پرسیار**: ئایا پارتی و یەکێتی دەوریان نیە لەنزیک کردنەوە و ناکۆکی یەکان - دا؟

**وەڵام**: ئەوەی راستی بێ دەوریان گێڕاوە و هەوڵیان داوە بۆ نزیک بوونەوەمان. ئێمە پێمان گوتوون کە پێمان خۆشە خۆمان چارەسەری کێشەکان بکەین بەپێچەوانەش زۆر پێشوازی لەهەوڵ و یارمەتی یەکانی ئێوە دەکەین و زۆر سوپاسی هاتنە ناوەوەشتان دەکەین. بەڵام لایەنی بەرامبەر هیچ دانێکی پێدا نەناوە بۆ هاتنە ناوەوەی هیچ لایەن و نێوبژیوانێک.

**پرسیار**: بەچ ناوێکەوە درێژە بەچالاکی یە سیاسی یەکانتان دەدەن و ئایا فۆرم و شێوازی کارکردنتان دەگۆڕن یا نا؟

**وەڵام**: ئێستا ئێمە کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیین. دوایەش حەقی خۆمانە ناوێک بۆ خۆمان دیاری بکەین. حەقی خۆشمانە حیزبی دیموکراتی کوردستان بین.

**پرسیار**: یانی هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە؟

**وەڵام**: ئەگەر واش بێ ئاسایی یە بەڵام ئێمە هەر حیزبی دیموکراتی کوردستانین.

**پرسیار**: ئەمە چۆن دەبێ، یەک ناو و یەک دەزگای راگەیاندن و یەک رێکخراو، هەست ناکەی ئەمە بەرەو توندوتیژیتان بەرێت؟

**وەڵام**: هەندێک شت هەیە لێکمان جیا کاتەوە. با لێت نەشارمەوە کاتی خۆی کە حیزبی دیموکرات و رێبەرایەتی شۆڕشگێر هەبوو، ئەمن وەکوو خۆم هەمیشە لەدژی ئەوە بووم کە نابێ ناوەکەیان وەک یەک بێ، ئێستەش هەروایە. بۆ نموونە کۆمەڵە و کۆمەڵە. چریکهای فیدایی هەبوون بە چەندین ناوەوە. بۆیە شتێکی ئاسایی یە.

**پرسیار**: لەرۆژهەڵات دا رێکخراوێک نەبووە جیا ببێتەوە و تەجاوزی ئەو حاڵەتە بکا کە بەفۆرم و شێوازێکی نوێوە بێتە مەیدان؟

**وەڵام**: با نەبێ، بەڵام مومکینە لەئایندە شتی وا روو بدا. لەگەڵ ئەوەش دا هیچ گوناهێکی تێدا نیە. هیچ کەسێک بۆی نیە موحاسەبەی ئەو کەسە بکا کە ناوی کوڕێکی بنێ بەڵام ئەو ناوە هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**پرسیار**: ئێستا زۆربەتان لەکۆیەن، ئایا داوای ئەوە ناکەن کە باڵی زۆرینە کۆیە بەجێ بهێڵێ و بڕوا بۆ هەولێر؟

**وەڵام**: بۆ داوای ئەوە بکەین. ئێمە هەموومان لەژێر سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا دەژیین. ئێمە هەوڵەکەمان ئەوەیە بۆ خۆمان بتوانین ماڵەکانمان و بنکەکانمان لێک جیا بینەوە. ئەگەر نەمان توانی داوای هاوکاری لە حکوومەتی هەرێم دەکەین لەم بارەیەوە هاوکاریمان بکەن. ئەگینا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە لەکوێ بین. ئێمە لێرە بین یان لە هەولێر، ئەوان لێرە بن یان لە هەولێر، هیچ کێشەیەکمان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێنێسانس نیوز - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

## کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە"

### ئامادەکردن: هێژا مەنگوڕ.

کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ١٣ی دیسەمبری ٢٠٠٦ی زایینی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بە بەشداریی راگەیەنەرە کوردستانی و دەرەکی یەکان لە شاری هەولێر (هوتێل هەورامان) بۆ بەڕێز، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، (ئەندامی هەیئەتی بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان)سەبارەت بە دووکەرت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساز درا،

### ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:

سەرەتا بەرێزیان بە ناوی کورد و کوردستان و بە ناوی خوێنی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕیزی پێشەوە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، قسەکانی خۆی دەست پێکرد و وێرای بە خێرهێنانی پەیامنێر و راگەیێنەرەکان، وتی: هەر وەک لە ڕاگەیەندراوی ٦ی دیسەمبری ٢٠٠٦ دا هاتوە، بەشێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی، جێگران و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕەسمەن بەجیا کارکردنی حیزبی خۆیان لە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاند و چالاکیی حیزبی خۆیان لە ژێر ناوی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)دا دەست پێکرد !!. با هەموو لایەک ئاگادار بن کەس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان جیا نەبۆتەوە! نە ئێمە نە برایانی دیکەمان!. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە داخێکی گرانەوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی هێندێک لە پرێنسیپە دێموکراتیکەکان، کە (هەم جێی شانازیی حیزب و هەم جێی شانازیی دۆستان و بزوتنەوەی گەلی کورد بوون) نەیانتوانی بە یەکەوە درێژە بە خەبات بدەن، لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیوی رابردوودا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕیزی هەرە پێشەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەر ئەو بۆچوونە بیرتەسکانەی پاوانخوازان دا خرابوونە پەراوێز و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ئەو بەشەی کە بە ناوی ئۆپۆزسیۆن ناوی دەرکرد! بە ئاکام نەگەیشت. نێوبژیوانیی بەشێکی زۆر لە ئەحزابی کوردستانی لە نێوانیان دا دوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەم بەشە لە کوردستان (پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان) و زۆر لە ئەحزابی دیکەی ئەو بەشەی کوردستان و هێندێک لە ئەحزابی کوردستانی کوێستان (ڕۆژهەلات) و هێندێک کەسایەتیی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب و ئەندامانی پارڵەمانی هەرێمی کوردستان، هەمووی ئەوانە لە ئاکامی گوێ ڕانەگرتنی بەشی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی بێ ئاکام مانەوە. کار گەیشتبووە جێگایەک کە



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

هەر وەک لە بەیاننامەی ئەوان دا هاتبوو بەکردەوە حیزب دوو کەرت ببوو. حیزب وای لێ هاتبوو لە جیاتی هەوڵەکان و تواناکان بۆ بەربەرەکانی بە دژی دوژمنانی ماف و ئازادی یەکان و وەدیهێنانی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد خەرج بکرێن، سەرفی بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دەکران، دەکرێ بگوترێ کە ئەو حیزبە لە زۆر بارەوە فەلەج ببوو. کاتێک ئێمە لە هەوڵەکانمان نائومێد بووین، پێمان باش بوو کە تواناکان و هەوڵەکانمان ئازاد بکەین، بەجودا کار بکەین و لەجیاتی ئەو ململانێیە نارەوایە بکەوینە ململانەیەکی پیرۆز، هەوڵ بدەین هەر لایەنە و بە جودا کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، بۆ خزمەت بە خەبات و گەلی کوردیش وەک دادوەر هەڵبژێرین. ئێمە کارمان خەباتە بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران و رووی خەباتمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو دەوڵەتە داگیرکەر و زۆردارانەیە کە دەسەڵاتی زاڵمانەیان بە سەر گەلی کوردستان دا سەپاندوە. کاری ئێمە بە هیچ شێوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ رەفیقەکان و هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیە. نە لە بواری پڕوپاگەندەدا و نە لە هیچ بوارێکی دیکەدا، ئێمە لە هیچ بوارێک دا دەست پێشخەر نابین. بەو هیوایە کە ئەوانیش ئەو رێگایە بگرنە بەر، بەباوەڕی من ئەگەر ئەوانیش ئەو رێگایە بگرنە بەر ئەو نائۆمێدی یە کە هێندێک لایەنی گرتۆتەوە و ئەو خەمانە کە چوونەتە دڵی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان دەڕەوێنەوە. زۆر کەس گریاوە، بە دڵنیایی یەوە دەڵێم ئەگەر باش کار بکەین ئەو فرمێسکانە دەبنە قاقای پێکەنین. ئەو حیزبە لە مێژ بوو پێویستیی بە نوێ بوونەوە هەبوو، راستە حیزبێکی بە دیسیپلین بووین و شانازی بە رابردوومانەوە دەکەین، بەڵام حیزب نابێ لە سەر رابردووی خۆی بژی، دەبێ بەردەوام لەحاڵی نوێ بوونەوەدا بێ. ئەوە قسەی ئەمڕۆ نیە. پتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا بەرنامەم بۆ ئەو کارە داوە کە لە کومیتەی ناوەندی پەسەندیش کراوە، بەڵام بەدەلایلێک کە لێرەدا مەجال نیە باسیان بکەم جێبەجێ نەکرا. کەواتە باوەڕ بەئاڵوگۆڕ لە نێو ئێمەدا ئەمڕۆ دروست نەبووە و ئەو ململانە نێوخۆیی یە نەی دەهێشت ئاڵوگۆڕ دروست بێ. ئێستا ئێمە لە جیاتی ئەوەی بە دژی لایەنی بەرامبەر خۆمان تەعریف کەین، هەر وەکوو ئەو خاڵانەی کە لە ژێر ناوی هێڵە گشتی یەکان دا بڵاومان کردۆتەوە، ئێمە دەمانەوێ ئاڵوگۆڕ لە شێوەی سیاسەت کردن و بەرێوەبەری و سازماندەهی و بەرنامە و پەیرەودا پێک بێنین. ئەو هەوڵە ڕەنگە بەهیمەتی ئەو چەند کەسەی کە وەک رێبەریی حیزب ناسراون نەیەتە دی. ئێمە لەو بوارەدا پشتمان بە هێزی ئەو لاوانە و ئەو نوخبە و خوێندکارانە بەستوە کە بە رۆحی سەردەم پەروەردە بوونە و دەیانەوێ کۆمەڵگا بەرەوپێش بەرن و چون حیزب وەسیلەیەکە بۆ ئەو کارە دەیانەوێ لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەبات بکەن، بۆ نوێ بوونەوەی حیزبەکەمان. ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی موتڵەق هەیە لە نێو حیزبی دێموکڕات دا، تا ئەو جێگایەی ئازادیی فەردێک نەبێتە مانیعی ئازادیی فەردێکی دیکە یان قازانجی گشتی نەخاتە مەترسی یەوە. ئازادیی بیروبۆچوونی گرووپ لە نێو حیزبدا بەرەسمی دەناسین، باوەڕمان بە زەرورەتی کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب هەیە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ناوچە و ڕەگەز و هەر مەزهەب و دینێک! باوەڕمان بە زەرورەتی موشارەکەتی گشتی لە بریاردان دا هەیە، هەر کەس لە مەوقیعیەتی خۆی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی جۆرێک بەشداری یان هەیە ئەندامانی دیکەش بە جۆرێک، بە واتای ئەوەیە کە دەبێ بریاری



سەرچاوە
Serchawe

ئەم حیزبە لە خوارەوە بۆ سەرەوە خەڵکی تێدا بەشدار بێ. بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە بە دژمنی ماف و ئازادیی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران دەناسین، بە ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر دەناسین، سیاسەتەکانی لە بارەی ئاژاوەنانەوە لەناوچەدا، لە بارەی دژایەتیی ئاشتی نێونەتەوەیی و ئاشتی لە ناوچەدا لە بارەی خۆتەیارکردن بەچەکی ئەتۆمی مەحکووم دەکەین. کۆماری ئیسلامی لەحاڵێک دا بە ملیاردها دۆلار خەرجی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکا کە زۆربەی خەڵکی ئێران هەژار و برسین و نان نیە بیخۆن. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قیمەت لە بازارەکان هەڵدەکشێ و وەدەستهێنانی نانێک بۆ ژیان موشکیلە، ڕێژیمێک کە ڕێژیمێکی گەلی و دڵسۆز بێ لە جیاتی چەکی ئەتۆمی نان بە خەڵکی خۆی دەدا.

لە نێو هێزە کوردستانی یەکان هەڵمان ئەوەیە کە پێوەندی دۆستانە و برایانەمان لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی یەکان دا هەبێ،

لەگەڵ ئەوەش دا هەر لایەنەی بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە، هەر وەک گوتومانە دوو حیزبی گەورە لە کوردستانی گەرمێن جێی تایبەتی یان هەیە ئەوە لەبەر ئەوە نیە کە ئێمە لێرەین، ڕەنگە گلەیی زۆرمان لەو دوو حیزبە هەبێ، بەڵام بە یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شانازی یان بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر بەدەست هێناوە، ئەو بەشە لە کوردستان و ئەو ڕۆڵەی کورد لە بنیات نانی عێراق دا هەیبووە کوردی هەموو جیهانی پێ سەربەرز بووە، بە نیسبەت کوردستانی ئێرانەوە باوەرمان بە پێویستیی لێک نزیک بوونەوەی هێزە کوردستانی یەکان هەیە هەتا دەگاتە پێکهێنانی بەرە یان ئێئتیلاف یان هاوپەیمانی یان هەر ناوێک کە لە سەری ڕێک دەکەون. لە چوارچێوەی ئێران دا باوەرمان بەوە هەیە کە دەبێ هەموو هێزە سیاسی یەکانی ئۆپۆزسیون پێکەوە لەسەر مەسەلەکان کار بکەن بۆ ڕزگاریی ئێران لەو بارودۆخەی کە تێیدایە، لە نێو هێزە سیاسی یەکانی ئێران دا خۆمان لەو کەسانە بەنزیک دەزانین کە باوەریان بە دوو ئەسڵی زۆر بنەرەتیی دێمۆکراسی و مافە نەتەوایەتی یەکان هەبێ لە پاشانیش ئەو ڕێکخراو و حیزبانەی نوێنەرایەتیی گەلانی زۆر لێکراوی ئێرانی دەکەن، چونکە ئەوان هاودەردی ئێمەن. بەرامبەر بە وڵاتانی دراوسێ سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ هۆکاری ئارامی و ئاسوودەیی لە ناوچەدا بین، پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ وڵاتانی دروسێ دا هەبێ بە بێ دەست وەردان لە کاروباریان و بەبێ لەدەست دانی سەربەخۆیی خۆمان.

هەر لەو کاتەدا پێمان وایە زەروورەتی هەیە کە کورد لە هەر بەشێکی کوردستان پشتیوانی لە بەشەکانی دیکە بکا. ئەمە بە هیچ جۆر بە مانای دەست تێوەردانی کاری وڵاتانی دراوسێ نیە. ئێمە میللەتێکین، کوردستان یەک وڵاتە و بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، کەواتە حەقی خۆمانە پشتیوانی لە مافی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. بۆ چی بۆ ئێمە ڕەوایە

بەشی: یەکەم

لێرە پشتیوانی لە خەڵکی گواتیمالا بکەین ئەگەر گرفتێکیان هەبێ، بۆ ڕەوا نیە پشتیوانی لە هاوخوێن و هاورەگەزەکانی خۆمان بکەین، لە بواری نێونەتەوەیی دا هەروەک باسمان کردوە باوەڕمان بە هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیی یانە هەیە کە لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ دا بەستراون و خۆمانی پێ پابەند دەزانین و بە پێویست دەزانین پێوەندیی دۆستانە و چالاکمان لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی پارێزەری ئازادی و دێموکراسی دا هەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتری بکەین. هەر وەک باسمان کرد ئێمە بۆ دوژمنایەتیی لایەنەکەی دیکە ساز نەبووین، پێمان خۆشە هەر دووکمان بکەوینە ململانێیەکی مەشروعەوە بزانین کاممان وەپێش دەکەوین، زەمینەیەک بخوڵقێنین کە بتوانین لە داهاتوویەکی نزیک دا لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی دا هیچ گرفتێکمان نیە، هیچ موشکیلێکمان لە سەر ناویشیان نیە و هیچ مافێکیش بەوان نادەین ناو بۆ ئێمە دیاری بکەن، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئی هەموومانە، مافی هەر دوولایە لەو ناوە کەڵک وەرگرن، بەتایبەتی ئەگەر چاو لە ڕیزەکانیشمان بکەن ئەوانەی ئێسکیان لەو حیزبەدا ورد بووە زۆربەی هەرە زۆریان لە لای ئێمەن، سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەئاوات دەخوازم.

***

تێبینی: (ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا وجوودی نیە و ئەم نووسینە تەنیا نووسەری ئەم ڕیپۆرتاژە نووسیویەتی و مامۆستا وەک کەسانی یەکی سیاسیی گۆڕەپانی خەبات لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا بۆ ڕوونکردنەوە و ڕەوشەنگەری لە سەر لەت بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا بەشداریی کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

# کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە

**خالید موحەممەدزادە**

بەدوای دووکەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕۆژی ١٣ی دیسامبری ٢٠٠٦ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی دیاری ئەم حیزبە، لەشاری هەولێر پێکهات. ناوبراو بە دوای پێشکەشکردنی باسێک لەسەر ئەو دووکەرتبوونەی حیزبی دێموکرات، وەڵامی پرسیاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی بەشداری ئەو کونفرانسەی دایەوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و حەسەنزادەدا هاتوونەتە گۆڕێ.

**زاگرۆس**: لایەنی بەرامبەر ئێوەی وەک لادەر ناو هێناوە. هەڵوێستی ئێوە چیە؟ پرسیاری دواترم لە پێوەندیی لەگەڵ جیابوونەوەی باڵێکی دیکەی حیزبە بە ناوی ئارارات کە ئەمانیش جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. تا چەندە ڕاستە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا ئێوە لە کۆیە دەمێننەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەپێشدا لەسەر ئەو ناوانە پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە ئێمە ئارەزوو ناکەین ببێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتانە سواون و زۆر کۆن بوون. نیزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بۆ جەمعێک کە لە کۆنگرەی هەشتدا ڕیزی خۆیان جیا کردەوە، بەکار دەبرا. ئەو ئیستیلاحە زۆر کۆن بووە و ئیستاش ئەوانە هەوڵیان ئەوەیە بڵێن ئەوە هەر ئەوانن. ئیددیعا دەکەن خۆ ئێستا جیابوونەوەیەک نەبووە، جیابوونەوەیەکی دائیم هەبووە و جارێکی دیکە ئیعلان کراوەتەوە. باشە ئەوان ئەوکات لە چیان لادابوو؟ چووبوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی؟ ئەوانە ئەو کات بەشێک لە سادق ترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. ئەمن نالێم نەدەبوو بیکەین، چونکە تازە کراوە. بە نەدەبوو هیچ عیلاجێک ناکرێ. بەڵام ئەوە مەنتیقێکی باش نیە هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبوو دوژمنمانە. یانی چی؟ ئەو کەسە دوژمنی ئێمەیە کە لەگەڵ دوژمنمانە. نەک هەر کەس لەگەڵمان نەبوو دوژمنمانە. هەر کەس دوژمنمان نەبوو دۆستمانە. ئێمە پێڕەوی لەم مەنتیقە دەکەین، نەک لەو مەنتیقە. ئێستاش ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی خەباتداین. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەک سیاسەت و پرەنسیپ پێڕەویی لێدەکا ئەگەر ڕۆژێک دانیشتین بە داوەری هێندێک داوەری بە ئینسافی بێلایەن سابیتی دەکەین کە

بەشی: یەکەم

پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات پاش ڕێبەرانی شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەموو بەرهەمی ئەو بەشەیە کە ئێستا ئەو بەڕێزانە ئەو ناوەی لەسەر دادەنێن.

لەسەر مەسەلەی مانەوەمان لە کۆیە، ئێمە لە ئەوەڵەوە گوتوومانە نە ئێمە ئەوانمان پێ دەردەکرێ و نە ئەوانیش ئێمەیان لە کۆیە پێ دەردەکرێ. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەوێ حاکمە ئەگەر بیەوێ هەموومان دەربکا خۆ مقابلەی لەگەڵ ناکەین، بەڵام هیچ مەنتیقی تێدا نیە ئێمە بۆ ئەوان دەربکا یان ئەوان بۆ ئێمە دەربکا. لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر بێن دەزانن کە لە کۆیە چەندی لای ئێمەیە و چەندی لای ئەوانە. کەوابێ ئێمە لە کۆیە دەبین و ئەوانیش لە کۆیە دەبن. بەڵام دەبێ لێک جیا بکرێینەوە. تا ئەو کەفوکوڵە دادەمرکێ و شەڕە قسە نەبێ. ماشەڵڵا ئەوان کەمێکیش لەو بارەیەوە ئازان، هەمیشە لە هەوڵی هێرشدان کە ئەوە ئازایەتی نیە. بۆ هیچ کەس شانازی نیە تفەنگ بە ڕۆڵەی کوردەوە بنێ. ئەمن ئێستا و لەبەردەم ئێوەدا دەڵێم:

**نەفرەت لەهەر گوللەیەک دەکەم کە لەدەستی کوردێک دەرچووبێ بەرەو کوردێک.**

**ڕۆژهەڵات تیڤی**: لە بەیاننامەکەتاندا باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتتان کردوە بەو مانایە کە باڵی بەڕێز مستەفا هیجری بە حیزبی دێموکرات دەزانن، کەواتە مەسەلەی ئەندامەتی ئێوە لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بە مافی خۆتان دەزانن یان ئەوان؟ دووەم پرسیار، سیاسەتتان بەرامبەر بە کۆمەڵە چۆن دەبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە پێمانوایە هیچ ناکۆکیەک نیە لەوەی ئێمە حیزبی دێموکرات بین و ئەوانیش حیزبی دێموکرات بن، ئەو ناوە سەبتی هیچ لایەک نیە. هەر دووکمان میراتگری شانازیەکانی حیزبی دێموکراتین. کەوابێ زۆر سروشتیە کە هەر دووکمان لێی ئیستفادە بکەین. ئێمە گوتوومانە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەک بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی خۆمان لەوێدا بەرینە سەرێ. بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەرپرسانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست قسە بکەین کە داخوا هەر دووکمان وەردەگرن بە ئەندام یان یەکێکمان دەناسن، ئەوە مەسەلەیەک نیە کە ئێستا بتوانین بڕیای لەسەر بدەین و ساغی بکەینەوە. لە عەینی حاڵدا مەسەلەیەکی زۆر موهیمیش نیە، بەڵام مەسەلەی پێوەندیی لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان زۆر موهیمە. ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە کوردستانیەکان باوەڕمان بەدۆستایەتی هەیە، باوەڕمان بەهاوکاری هەیە. کۆمەڵەش لەڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانەیە کە لە کوردستانی ئێراندا خاوەنی ڕابردووی سیاسی و نفوزی سیاسین و هەڵوێستیشان بەرامبەر بە ئێمە لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوویشدا دۆستانە و برایانە بووە و پێوەندییشمان بەردەوام دەبێ.

بەشی: یەکەم

**کوردستان ڕاپۆرت:** جەنابی مامۆستا، ئێوە خەتی تیرەتان لە ناوی حیزبەکەتاندا داناوە. ئەمە بۆ تخکردنی خەباتی نەتەوەیی یە یان تەنیا بۆ جیاکاریە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبدا؟ ئایا ئێوە ئەگەر هەڵنەبژێردرێنەوە بە سکرتێر لەگەڵ ئەو حیزبە کار دەکەن؟ پێتان وانیە کەسانێک تووشی نائۆمیدی بوون لەم ڕووداوە. بۆ نموونە خۆلادانی کەسێک وەک بابا عەلی مێهرپەروەر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئێستاش هەر سکرتێری ئەو ڕێکخراوە نیم. کاریشیان لەگەڵ دەکەم وەک سەربازێک. ئەگەر ئەوان لوتفیان لەگەڵم هەیە وەک ئەندامێکی کارا قبووڵیان کردووم، شانازیی پێوە دەکەم. بەڵام وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتیان دام. ئەوەی مەربووتە بە کاک باباعەلی، پێموانیە کاک بابەعەلی نائۆمید بێ، بەڵام ئیعترازی کاک بابەعەلی زۆر بەجێیە چونکە کاک بابەعەلی جگە لەوەی تێکۆشەرێکە ٢٧ ساڵە لەم حیزبەدا ژیان بەخت دەکا، هەوڵێکی یەکجار شەریفیشی دا بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دووچاری ئەوە نەبێ. یەکێک لە چالاکترین دڵسۆزان بوو کە لەو بوارەدا تێکۆشا کە بەداخەوە هەوڵەکانی ئەویش بە هیچ جێگایەک نەگەیشتن و تەنانەت زۆریش بێحورمەتیان پێکرد. ئێمە لە جوابی ئەو کشانەوەی ئەودا شتێکمان نووسی و ئێستاش دەیڵێم کە زۆر بەداخین لەو هەڵوێستەی و هیواداری هەڵوێستی قەتعی نەبێ. زۆر بە شانازییەوە حازرین لە ریزی هەر پێشەوەی ڕێبەریی حیزبدا لە خرمەتیدا هاوکاری بکەین. ئارەزووم ئەوەیە ئەو تووڕەیی یە جێگای خۆی بدا بە گەڕانەوە. خەڵکی دیکەش ڕەنگە دوچاری نائۆمیدی بووبن، بەڵام ئەگەر ئێمە کار بکەین کە بۆ ئەوەش کار دەکەین ئارەزووم ئەوەیە کە ئەو نائۆمیدی یە تەبدیل بێتەوە بە ئۆمید. بەڵام ئەو داشەمان کە داناوە چەند مانا دەتوانێ ببەخشێ، یەکێکیان کە لە هەموویان موهیمترە بۆ ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵ. حیزبی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٠ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو حیزبەی بەدەستی بەتوانای پێشەوا قازی موحەممەد دانرا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هیچی دیکەی لەگەڵ نەبوو. شتێکی دیکەی کە تێدایە ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتوە کە کوردستان وەک کوردستان بناسین. هەڵوێستی دەوڵەتەکان بەرانبەر بە کورد بەوە ناگۆڕێ کە ناوی خۆت بنێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان تورکیا یان سووریە. ئەوان دایاننا‌وە کە ئێمە جیاوازیخوازین. ئەوەی لەگەڵمان کراوە دەیکەن. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێناسە بکەینەوە وەک میللەت و خاکێک. کەوایە ئامانجمان ئەوەیە کەمێک پڕڕەنگ تر بێ.

**کوردستان تیڤی:** دەسەڵاتی سیاسیی ئێرە تا چەند ئاگاداری ئەم جیابوونەوەی ئێوەیە؟ ئەم جیابوونەوەیە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە. هەست دەکرێ پەشیمانبوونەوەیەک هەیە؟ ڕای ئێوە لەسەر ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوانەی پێیان خۆشە هەموو شتێک بە ڕەشبینییەوە ببینن هێندێک شتی خراپ دەڵێن وەک ئەوەی کە

ڕەنگە ئەم لایەن و ئەو لایەن تەئسیریان هەبووبێ لەم کارە. ئەمن لێرە بە مەسئولییەتەوە رادەگەیەنم کە لە هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ ئینسانیک غەیری هەوڵ بۆ یەکپارچەیی هیچمان نەدیوە و ئەوەی دیکە هەمووی بوختانە. دیارە ئێمە ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆمان حکوومەتی کوردستانمان ئاگادار کردۆتەوە، چونکە ئەو برادەرانەی ئێمە بە نەفەسێک چاو لە مەسەلەکە دەکەن کە پێیانوایە کە ئەوان بەتەنیا حیزبی دێموکراتن و ئەوانی دیکە هیچ نین کە هەر ئەو مەنتیقەش بوو حیزبی دێموکراتی دوچاری ئەوە کرد. ئێمە پێمانوایە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبی هەمووان بێ بە مافی وەک یەک و بە ئەرکی وەک یەکەوە و بە بیروباوەڕی جیاوازەوە. حیزبێک یەکدەنگیی تێدا بێ حیزب نیە. چونکە یان دیکتاتۆریی تێدایە یان یەکێک بیر دەکاتەوە ئەوانی دیکەش دەبێ وەدوای بکەون و هەقی بیرکردنەوەیان نیە. ئەوەش حیزب نیە. باسی پەشیمانبوونەوە کرا. شتێک بەناوی پەشیمانبوونەوە لە ئارادا نیە. ئێمە لە ئەوەڵەوە موخالیفی لەتبوون بووین. بەڵام وەزعێک کە پێشهاتبوو حیزبی دێموکراتی فەلەج کردبوو. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕە کە ئەگەر ئەو وەزعە درێژەی هەبێ حیزب هەمووی دەمرێ. بەڵام ئەگەر بەجودا کارەکانمان بکەین سەعی دەکەین ئەو بەشەی خۆمان ببووژێنینەوە. ئارەزوومان ئەوەیە بەشەکەی دیکەش پێش بکەوێ. ئارەزووم ئەوەیە بەشەکەی دیکەش بێتەسەر ئەو بیرە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەی پێکەوە کار بکەین. ئەگەر نەمانتوانی لەنێو حیزبێکدا بین با لە دەرێی حیزب پێکەوە کار بکەین. تەنانەت ئارەزووم ئەوەیە فەزایەک بخوڵقێنین کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە بین. لە یەک کەلامدا ئێمە یەکیەتی‌خوازین، بەڵام یەکدەستخواز نیین، نامانەوێ تەنیا یەک دەنگ هەبێ. دەمانەوێ پلووڕالیزمی فیکری لەنێو حیزبدا هەبێ و ئەو حیزبەش دەتوانی زۆر بیروبۆچوونی جیاوازی تێدا هەبێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاپۆرتی بیکەر هاملتون،ئە من قەت دوچاری نائومێدی نابم، بۆ من زۆر شتێکی تازە نەبوو. پێموابێ شتی وا هەر دەبێ بەڵام مەوقیفێکە زۆر خراپ بوو. نە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمریکاییەکان ڕیک دەکەوێ، نە لەگەڵ مەسلەحەتی عیراقییەکان، نە لەگەڵ کورد و نە لەگەڵ بڕیاری عێراقییەکان کە ساحیبی قەزییەکەن ڕێکدەکەوێ. عێراقی‌یەکان بۆخۆیان ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی کەرکووک بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. ئێستا بۆچی یەکێک لەوسەری ئۆقیانووسەکانەوە بێ و پێشنیار بکا ئەوە دوابخرێ؟

**کوردستان ئۆنلاین**: مامۆستا، ئەمە چەندین جارە حیزبی دێموکرات لەت دەبێ. ئەمە چۆن دەبینی و ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ لەتبوونەکانی دیکە؟ ئایا ئێوە دوای ئەو هەڵوێستانە بەرنامەتان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و کارکردن لەگەڵ ڕووناکبیران و نوخبەی کوردی لە ئێران؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕنگە ئەو شتانەی لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە زیاتر بن لە سێ و چوار جار. هێندێکیان کشاونەوە و دووبارە پەیوەستبوونەوە. لە واقیعدا پەیوەستبوونەوە پەیوەستبوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە ساڵی ١٩٩٦دا بوو. ئەوانەی دیکە وەک فەرد گەڕاونەتەوە. بەڵام ئایا جیاوازی هەیە یان نا؟ لێم گەری با بەشێکی زۆری هەڵگرم

بۆ ئایندە. بەڵام لێرەدا دەمەوێ دوو شت بڵێم: ئێمە گوتوومانە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی. نەمانگوتوە زۆرایەتیی حیزب و کەمایەتیی حیزب. هەتا لە جێگایەکیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیومانە کە ئەوە دروست نیە ئەو ئیسلاحە بەکار بێ. چونکە ئێستا نە ڕوونە و نە مەعلوومە و بۆ داهاتوویش قابیلی گۆڕانە. هەر ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی حیزبی دێموکرات لە زۆر جێگادا بەشی زۆری لای ئێمەیە و لە هێندێک جێگاشدا لەلای ئەوانە بەڵام بێجگە لەوە هێندێک فەرقی دیکەش هەیە کە هیوادارم هاوڕێیانی موقابیلمان دوچاری تەوەهوم نەبن. مەسەلەن ئێستا لەگەڵ ساڵی ١٩٨٨ بەراورد ناکرێ. یەکەم ئەوکات (هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێڕ) هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی مەرکەزی-یان لەگەڵ نەبوو. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیی لەگەڵ نەبوو. چونکە کۆنگرەیەک گیرابوو هیچ کام لەوان خۆیان کاندید نەکردبوو. ٩ کەسیان کاندید بوون بەڵام نەیانکرد. ئەوە فەرقی زۆرە. لە پاشان بلیمەتێکی وەک دوکتور قاسملوو لە مەیداندا بوو. کەسانێکی ئەوکات هەبوون بە وەزنی حیزبی دێموکرات دەناسران لەولایە، بەڵام ئێستا تەماشای وەزنەکان و سیماکانی حیزبی دێموکرات بکەین ئەو کەسانەی شارەزان ڕەنگە قەزاوەتێکی دیکە بکەن. ئارەزووم ئەوەیە هاوڕێیان خۆیان لە جێگای دوکتور قاسملوو دانەنێن. هیچمان ناگەینە قاسملوو، بەڵام ئیتر با ئەو تەوەهومە بۆ ئەوانیش پەیدا نەبێ.

**فەتاح کاویان**: من یەکێک لەو کەسانە بووم کە مامۆستا بووم کە باسی کرد لە حیزب جیابووینەوە. پێمخۆشە ئەوە بڵێم لێرە ژمارەی ئەو برادەرانەی کە ئەوکات لەگەڵ ئێمە بوون و ئێستا لەگەڵ خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستادان لەسەدا پێنج کەمتریشن. کەوابێ سەدا ٩٠ی ئەو کەسانەی کە خەتی مامۆستایان قبووڵ کردوە هەموو ئەو کەسانەن کە وەفادارانە لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید ماونەوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئەوانە کەلیمەی لادەر بەکار بێنن. ئەوکاتیش لە خەتی ئەساسیی حیزب لامان نەدابوو، بەڵام ئێستا هەر کەس ئەوە بڵێ بۆخۆی باش دەزانی سەد لە سەد درۆ دەکا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە بەوانمان دەگوت لادەر، چونکە ئەوان لە بڕیاری کۆنگرەی ٨ لایان دابوو. ئیستا ئەوان دەڵێن لادەر، ٤ جار خۆی لادەرە، بۆ؟ لە کۆنگرەی ١٠ ئێمە قبووڵمان کردوە دەبینەوە یەک حیزب. لە کۆنگرەی ١١ هەر ئەوەیان قبووڵ کردوە و لو کۆنگرەی ١٢ و ١٣یش قبووڵمان کرد کە ئەمانە وەک هەموویان ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەگەر ئێستا کەسێک بەوان بڵێ لادەر لە بڕیاری چوار کۆنگرە لایداوە. لەپاشان بۆ ئەوەی بزانن ئەو وشەیە چەندە نادروستە بزانن کاتی خۆی ئێمە ڕێککەوتننامەیەکمان ئیمزا کرد لەساڵی ١٩٩٦ دا کە لە بەندی ٨یدا هاتوە هەر بڕیارێکی لە ٢ی مارسی ١٩٨٨ بەدواوە لە لایەن هەر لایەنێکمانەوە دەرچووە هەر بەخشنامەیەکی دەرچووە ئەگەر پێچەوانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێ بەتاڵە. کەواتە هەر ئەوکات بڕیارمان دا کە ئەو کەلیمەیە مەحکووم و بەتاڵە. پاشان لەسەر بەرنامەمان بۆنێو

بەشی: یەکەم

ڕووناکبیران؛ جا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین چی دەکەین؟ کاری نوێ بەفیکری نوێ دەکرێ. ئەوە پێویستیی بەهێزی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. کەوابێ دەچینە نێو ڕووناکبیران و ڕووناکبیران دێنە نێو حیزب.

**کۆمەڵ تیڤی: میکانیزمێکتان لەبەرچاو گرتوە بۆئەوەی لە نێوانتاندا شەڕ بەرپا نەبێ؟ دەتانەوێ لە داهاتوودا کۆنگرە بگرن؟ ئایا ئەمە شەڕی دەسەڵات نیە؟ ئەو فشارانەی کە ئێستا لەسەر ئێران هەن دەوریان بینیوە لەسەر ئەو لەتبوونەی حیزبی دێموکرات؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** میکانیزمی ئێمە بۆ ئەوکارە سەبرو تەحەممولە. هەر وەک لەو ڕۆژانەدا هەموو شتێکمان کرد بۆ ئەوەی شتی خراپ ڕوو نەدا و ئەمەش بەردەوام دەبێ. ئارەزوومانە ئەو ڕەفیقانەی دیکەشمان ئەو کارە بکەن و ئاواتمە هێزە کوردستانییەکانی دیکەش چاوەدێر بن بەسەرمانەوە و ئەو لایەنە بە کورد بناسێنن کە خەتابارە. بەڵام بۆ کۆنگرەگرتن، مەعلوومە ئەگەر یەک بوایەتین هەر کۆنگرەمان دەگرت. ئێستا کە بووین بە دوو، حەتمەن کۆنگرە دەگرین، ئێستا دەمانەوێ زۆر ئاڵۆگۆڕ بکەین، ناتوانین بیکەین. دەبێ بچینە کۆنگرە. بۆ نموونە ئێستا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات پێویستی بە گۆڕین هەیە. ئێمە ناتوانین بیگۆڕین تا نەچینە کۆنگرە. کەواتە کار دەکەین تا کۆنگرە. شەرعییەتیشمان هەیە. بۆ؟ چونکە کۆمیتەی ناوەندی لەت بووە. بەشێکی لەگەڵ ئێمەیە و بەشێکی لەگەڵ ئەوانە. بە چەند عەددە کەم و زۆر شەرعییەت لەدەست نادا. کەوابێ شەرعییەتمان هەیە بۆ کۆنگرە و پاشان دەچینە کۆنگرە و ڕێبەرییەکی تازە و خەتێکی تازە هەڵدەبژێرین.

لەسەر شەڕی دەسەڵات دوو شت بڵێم: ئەوەڵەن شەڕی دەسەڵات تاوان نیە. هەر حیزبێک کە دادەمەزرێ بەو ئاواتە دادەمەزرێ بەو جۆرەی کە بۆخۆی بە مەسڵەحەتی میللەت دەزانێ بەرنامەکەی بەڕێوەبەرێ. ئەمە سروشتییە. لە پاشان ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش چوار جار تاوانە. ئیختلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لە دەست خۆیاندا. ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دێموکراسی مانای ئەوەیە کە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە زۆرایەتی بکا. لەحاڵێکدا ئێوە هەمووتان ڕووناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. ئێمە تەنیا دیکتاتۆری و دێموکراسیمان نیە. دیکتاتۆریی فەردیمان هەیە، دیکتاتۆریی کەمایەتیمان هەیە، دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە، دێموکراسیمان هەیە. سەرەتایی ترین ئەلفوبێی دێموکراسی موراعاتی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتییەوە، کە بەداخەوە لە قامووسی ئەو هاوڕێیانەدا هیچ جێگایەکی نیە. بەڵام دەمەوێ بڵێم شەڕی دەسەڵاتی چی؟ ئەوانەی کە ئەو حەرەکەتەیان بەڕێوە بردوە چەند کەسێکن، بەشێکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندین و لەدەسەڵاتدان. چی دیکەیان دەوێ؟ خۆ لەدەسەڵاتدا بوون. بەشێکی دیکەشیان کەسانی وەک منن. ئەمن سەددی پۆلاییینم لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دروست کردوە. لەواقیعدا بە زەبری من بەندێک لەنێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب

بەشی: یەکەم

جێگیر کرا کە ئیجازە بەمن نەدا بۆ جاری سێیەم ببمەوە بە سکرتێر. یانی کەسێک عاشقی دەسەڵات بێ کاری وا دەکا؟ نەخەیر ڕاست بۆ ئەوەی نەبمەوە بە سکرتێر ئەو بەندەم دانا. ئەساسنامەی ئێمە بەندێکی تێدایە دەڵێ: هیچ کەس دوای دوو دەورە سکرتێری ناتوانێ ببێتەوە بە سکرتێر. ئەوە پێشنیاری من بوو. لە کۆنگرەی ١٢ دا دەیانویست لایبەرن، گوتم ئەوەتان پێ بڵێم عومری من لەحیزبدا بەقەد عومری ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئەمڕۆ لای‌بەرن من ئیستعیفا لە حیزب دەکەم و دەڕۆم. کەوابێ مەسەلە شەڕی دەسەڵات نیە.

بەڵام بە نیسبەت ئەو فشارانەی لەسەر ئێران هەن، بۆ ئێمە بەپێچەوانە شکانەوە. دەبوا هەر دوو لامانی هان بدایە کار بکەین(ئێمەی هان دا). ئەمن پێنج ساڵ پێش ئێستا بە نووسین نووسیومە کە هەلومەرجێک خوڵقاوە دەتوانین ئیستیفادەی لێ‌بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ‌بکەین تەنیا یەک ڕێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە بەهێز بین. نووسیبووم ئێمە دەتوانین لە چوار پلەدا خۆمان بەهێز بکەین. ئەوەڵ، ڕیزەکانی خۆمان بەهێز بکەین. دووەم، ڕیزی هێزە کوردستانی‌یەکان پتەو بکەین. سێیەم، ڕیزی خۆمان لەگەڵ ئەو هێزە ئێرانی‌یانە پتەو بکەین کە نوێنەری هێزێکی میللین. دواتریش لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانی‌یەکان. بەڵام وەک دەڵێن دەستێک تەنیا دەنگی نایە منداڵێک بۆی ناکرێ کایە.

**ڕۆژنامەی نوێ:** جەنابت گوتت لەگەڵ برادەران مەسەلەی سیاسیمان نەبووە و مەسایلی ڕێکخراوەیی‌یە زیاتر. پێت‌وانیە هەر چوارچێوەی ڕێکخراوەیی‌یە جۆرێک تێڕوانینی سیاسیی لەپشتە؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە جەنابت لە ڕۆژنامەی چاوەدێر باسی ئەوەت کردوە کە ئێمە تاکەی لەسەر سفرەی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی نان بخوێن. ئەمە چۆنە؟ ئایە ئێوە ڕوانگەتان وەک برادەران وایە بە نیسبەت ڕابردووی حیزبەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر جار خەڵک دەڵێ ئەوە شتی سیاسیی تێدا نیە و شەڕە لەسەر دەسەڵات. ئوسوولەن شەڕە لەسەر ئەوە کە ئێمە بە شێوەی دێموکراتێک ڕەفتار بکەین یان یەکێکمان ببین بە ساحیبی ڕۆحیشیان. ئەوە بۆچوونێکی تەواو سیاسی‌یە. تەنانەت کاتی خۆی کە ئێمە بەرنامەمان هەبوو لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ یەک بگرینەوە ئەوە ئیختلافێکی سیاسی بوو. ئێمە پێمان وابوو یەککەوتنەوەی ڕیزەکانمان باشە. ئەوان پێیان وابوو نەخەیر ئەو ناکۆکی‌یە نیعمەتی خوایە و نابێ لەدەستی بدەین ئەوانەی ئەو کاتەی کە لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بوون ئێستا لە تەرکیبی ئێمە پێنج لە سەدن بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەو سەدی پێنجە. سەدی پێنجێکی بە کەیفیەت و بەوەزن و باشن. دەبێ ئەوە بگوترێ. لە پاشان هەر دوو ئەوانەمانن کە وەحدەت‌خواز بووین. یەکیەتیی ڕیزەکانی ئەو حیزبەمان دروست کرد و پاشان پاراستمان. بەچی پاراستمان؟ بە ئیمتیازدان بە تەرەفی بەرانبەر.

لەسەر مەسەلەی قازی و قاسملوو؛ ئەوە دوو مانای هەیە: یەکیان سروشتی‌یە. ئەو ئەفکارە کە قازی هێنای بۆ کاتی خۆی پێشکەوتووترین بیری سەردەم بوو، بەڵام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێناویەتی کاتی خۆی باش بووە بەڵام مابا دەیگۆڕی.



سەرچاوە
Serchawe

کەوابێ نابێ هەر بەدوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆڕین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆڕی. تەنانەت ئەو ئەفکارەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابن، نابێ دەوڵەمەند بکرێ؟ نابێ شتی دیکەشی بخرێتە سەر. بۆ؟ ئەگەر ئێمە نیمانە با ئەو لاوانە لەگەڵمان بکەون کە منداڵی ئەو عەسرەن. عەرەب دەڵێ: هەر رۆژگارێک دەوڵەتی خۆی و پیاوانی خۆی دەوێ. با بیدەینە دەست ئەو لاوانە. مانای دیکە ئەوەیە کە لە پشت سەنگەری دوکتۆر قاسملوویەوە تەقە لە خەڵکی بکەی. مەسەلەن نووسیان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کوێرکەرەوەی رێبازی قاسملوویە. بە بەشداریی هەموویان گوتم ئەری کێتان بە قەد من لەگەڵی ژیاوە؟ کێتان بەقەد من لێی فێر بووە؟ کێتان بەقەد من لەسەری نووسیوە؟ کێتان بەقەد من باستان کردوە؟ ئەو کاتیش کاک مستەفا هیجری هەستا گوتی سپاس بۆ مامۆستا و لە کەسێکی وەک مامۆستاش هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ. بەرابردوواچوونەوە ئازایەتیی دەوێ، یانی هیچ تاوان نیە هەستی بڵێی ئەو فیکرەم خراپ بوو. ئەوەش دوو مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوکات چاک بووە و ئێستا بەکار نایە. مەسەلەن ئەو کات ئیمە کە جیا بووینەوە و لە کتێبەکەی خۆیشمدا نووسیومە چاو لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە بکە کە زۆری جنێودانە بەوی دیکە. دەباشە بابە بۆ جنێو بەمن دەدەی بڕۆ کاری خۆت بکە. دوکتور قاسملوو دەیگوت وای دادەنێین دوو دوکاندار لە پاڵ یەکەوە میوە دەفرۆشن. هەر دووکیان هەقیان هەیە بڵێن میوەی من تازەیە، بەڵام حەقیان نیە بڵێن میوەی جیرانەکەم کرمۆڵە. با تەعریفی کالای خۆی بکا. ئەوانەی کە هیچیان پێ نیە خۆیان بە جنێودان بە خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن.

**چاوەدێر: باس لەوە دەکرێ لایەنەکەی دیکە خوازیاری بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوون بەڵام ئێوە ڕازی نەبوون. پرسیاری دووەم، هۆکاری دروستنەبوونی بەرەی کوردستان لەچیدا دەبینی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە بارەی پرسیاری ئەوەڵەوە بەڕەسمی ئەو برادەرانە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنگرەی نائاسایی‌یان نەکردوە.

ئەمما ئەگەر پێشنیار بکرایە ئێمە موخالەفەتمان دەکرد. چونکە کۆنگرەی ئاسایی و نائاسایی لەو فەزایەی تێیداین وەک یەکە. ڕەفێقێکی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی وڵاتدا گوتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن، لە ئێستارا دەزانین لە کۆنگرەی ١٤ چ کورسی‌یەک کێی لەسەر دانیشتوە. جا ئەو کۆنگرەیە بە ئاسایی بگیرێ یان نا، مەعلوومە نەتیجەکەی لە کۆنگرەی ١٣ چاکتر نابێ. بۆ ئاگاداریتان هەتا ئێستا ئەو هاوڕێیانە نەیانهێشتوە بە ئازادی لە پشت میکرۆفۆن ئێمە قسەی خۆمان بکەین، قەت ئیجازە نەدراوە. ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیشیانە تەنیا یەک قسەیان بیستوە و ئیجازەیان نەداوە قسەی موخالیف ببیستن. خەڵکێکی ئاوایان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە. پێم باشە ئاماژە بە خاڵێک بکەم. ئاخرین پاراگرفی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی ١٣ ئەوە بوو کە دەڵێ:

بەشی: یەکەم

"هاوڕێیانی خۆشەویست، زامنی سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەی کە باس کران و لەهەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییماندا بەستراوەتەوە بە پاراستن و پتەوتر کردنی ڕیزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەموو کادر و پرسنێلی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بەڕاستی کەم و ناتەواوە هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەرێزی بکا، یان لەوەش خراپتر بیان‌خاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لە دەست هێندێک ململانێی ناڕەوا زۆری چەشتوە و زیانی دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشی‌یە خاشەبڕ بکەین و وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و لەگەڵ گەل و نیشتمان پەیمانی ژنان و پیاوانی بەرپرس تازە بکەینەوە کە نەک هەمووان، هەر کەس لەبەرخۆیەوە هەستی دووبەرکی لەخۆماندا بکوژین، بەڵکوو لەهەر کەسێشمان دی یەکپارچە برگژێدا بچێنەوە " ئەو پاراگرافە بە زۆرایەتی‌یەک کە ئەوان هێنایانە کۆنگرە ڕەد کرایەوە. یانی لە کۆنگرەدا هاوکاری و پێکەوەکارکردنیان ڕەد کردەوە. ئەوە دەردەخا مەسەلەکە چیە.

دەلایلی سەرنەکەوتنی بەرەی کوردستانی یەک و دوان نین، بەڵام ئەگەر تێیدا سەرنەکەوتین هۆیەکەی ئەوە نەبووە کە لە ئامانجەکاندا یەکمان نەگرتۆتەوە. لەسەر ئامانجەکانمان ئەگەر کەمێکیش تەفاوەتمان هەبووبێ کەم بووە زیاتر لەسەر میکانیزمی پێکەوەکارکردنی ئەو بەرەیە تێک چۆتەوە نەی‌توانیوە درێژەی هەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا بە ڕۆحێکی دیکە و بە نەفەسێکی دیکەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین.

**گۆڤاری ژنان**: مامۆستا، بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕیبەری‌دا چی لە بەرنامەدایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: ئەمن هەمیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

**فەتاح کاویان**: زۆڵمیان لێکراوە، بۆیە.

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**: لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێک لە قسەکانی دوکتور قاسملوو کە زۆر بە سەراحەت دەیگوت: پیاوانی حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر مەسەلەی ژناندا کۆنەپەرستن. ئەوە لەنێو حیزبی دێموکرات هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتم دیوە کە ڕازی نەبووە کچەکەی بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرستانە بووە کە لەسەرمان زاڵ بووە. ئێمە گوتوومانە دەبێ میکانیزم هەبێ، پێمخۆش نیە ئەو میکانیزمە زۆر بەوردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێک دروست بکەین کە مەجبوورمان بکا بەشێک لە



سەرچاوە Serchawe

دەنگەکانمان بدەین بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

**هەوێر پۆست:** مامۆستا، ئێوە ئەندامی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەردەگرن؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە هێندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی دەربڕین بۆ ئەو لەتبوونەی حیزب هەیە، ئێوە پەیامتان چیە بۆ ئەو خەڵکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئێمە ئەساسنامەمان تا ئێستا دەڵێ ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکرات، یان کوردی ئێران بن یان دانیشتووی کوردستانی ئێران بن. کەوایە بەپێی ئەو خاڵە حەقی ئەندامووەرگرتن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەخۆمان نادەین. بەڵام یەکپارچەیی و پێکەوەبوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوێدا بە باشی باس کراوە. لەگەڵ ئەوەی لەهەر وڵاتێکدا مەلومەرج و سیاسەتێک هەیە بەڵام خاڵی هاوبەش زۆرن و ئیمکانی هاوکاری لەگەڵ یەکتر زۆرە.

لەسەر ئەو مانگرتن و نارەزایەتی‌یە کە گوایە دەبێ ببێ، ئەمن هێندێک شتم پێگەیشتوە بە ناوی نارەزایەتی لە هەموومان یان گوایا نارەزایەتی لە لایەکمان. بەڵام پەیامی من ئەوەیە ئەو نارەزایەتی‌یە کە هەیانە لەسەر سەرو سەر چاوم. خەتای ئێمەی تێدایە ئەمن لەپشت ئەو تریبوونەوە بە هەموو دڵەوە داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەگەڵ ئەوەی ویژدانی خۆم بە شاهید دەگرم بەشێکی یەکجار زۆر کەم لەو خەتایەم بەر دەکەوێ. ئێستا مەجالی ئەوە نیە کە ئەو شتانە باس بکەم، بریا کاتی هاتبایە.

**ئالای ئازادی:** باشە ئەو جیابوونەوەیە چۆن دوو ساڵ دوای کۆنگرەتان ڕووی دا؟ پاشان لەسەر چ بنەمایەک دەڵێن سەدی ٥٠ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێوەدایە؟ چەندەتان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستی‌دا هەر دوای کۆنگرەی ١٠ کە ئێمە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزبمان دا لەو ڕۆژەوە ئەوان هەوڵیان داوە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە. پێشتر ئەمن لە پێش کۆنگرەی ١٠ کە کاک مستەفا سکرتێر بوو و ئەمن جێگری سکرتێر بووم، دوو جار چوومە لای. پێمگوت یەکگرتنەوەی حیزب داخوازی خەڵکە، خەڵک دەیەوێ. ئەوە شانازی‌یەکی گەورەیە، با ئەو شانازی‌یە بە تۆ ببڕێ. ئەوکات پێی‌وابوو ئەوە خیانەتە؛ ڕاست گوتی "بە خیانەتی دەزانم". بەڵام دواتریش چەند جار باسی کردوە کە "ئەمن تەسلیم بووم، بەڵام پێم کارێکی غەڵەت بووە" هەر بۆیە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هیچ کات ناوی لادەر لە زاری موبارەکیان نەکەوت. هەروەک چۆن ئێستا بەکاری دەبەن.

ئەمن عەرزم نەکردی نیوەی خەڵکمان لەگەڵە، ئەمن عەرزم کردی هەر ئێستا تەماشا بکەین لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا لە جێیەک نیوە زیاترمان لەگەڵە و لە جێیەک نیوە کەمترمان لەگەڵە. ئەووش پاشان داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

ئیددیعای وام نەکردوە چونکە بە زەحمەت نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. خەڵکی کوردستان ڕەنگە یەک لە سێی کاری بە کاری حیزبایەتی نەبێ. هەر چەند حیزبەکانی دیکەش هەن بەڵام بەباوەڕی من هەتا ئێستاش زۆرتری لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەی حیزبەکانی دیکە؟ کەسی دیکەیان لەگەڵ نیە؟ بۆیە واقیعبینانە نیە بڵێین نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. لەسەر ئەوەی چەندەمان توانیوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەین ئەمن دەتوانم بڵێم لە کۆنگرەی ١٠ەوە ئێمە هەوڵمان داوە دێموکراسی لەنێو حیزبدا سەقامگیر بکەین. دیموکراسی لەنێو حیزبدا وەک پێوەندیی حیزبی هەمیشە هەبووە بەڵام یەک شت نەبووە لە نێو حیزبدا، ئەویش حەقی بیروڕای موخالیف بەرانبەر بە سیاسەتەکانی حیزب. لە کۆنگرەی ١٠ دا بڕیارێکمان پەسند کرد کە ئەوە لە شەش مانگ پێش کۆنگرە وەئازادە. لە کۆنگرەی ١١ گۆڕیمان بەوەی کە هەر لە دوای کۆنگرەوە هەموو کەسێک ئازادە لەنێو حیزبدا ڕای موخالیفی حیزب بڵاو بکاتەوە. لە کۆنگرەی ١٢دا کردمانە بڕیار کە دەستەبەندیی نهێنی تاوانە تاسەر حەددی خیانەت بەڵام هەموو کەسێک هەقی هەیەلەسەر هەر سیاسەت و هەر شەخسێک و هەر بڕیارێکی حیزب و ئۆرگانێک ڕایەکی موخالیفی هەیە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکاندا باسی بکا.

**ڕادیۆ نەوا:** باسی کۆنە پەرەستیی نێو حیزبت کرد، بەرنامەی ئێوە چیە بۆ لابردنی ئەم کۆنەپەرستیە و بەشداریی ژنان؟ حیزبی داهاتووتان ناوی دەنێی چی و ئایا خۆتان دەکەن بە سکرتێر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەی کە کارمان نەکردبی، وا نیە، بەڵام گوتم دەبێ میکانیزمیک هەبێ بۆ بەشداریی ژنان لە ئیدارەی حیزب و کۆمەڵدا. ئەوەی دیکە سکرتێریی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەسڵەن ئەو مەسەلەیە. ڕاست نیە. دەنا ئەوانەی لە نیزیکەوە شاهیدن و تەنانەت موخالیفینی منیش دەزانن لەوەتا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردوە و کورسی بەدوای مندا هاتوە. ئەمن قەت بەدوای کورسیدا ڕامنەکردوە.

**فەتاح کاویان:** من بۆ تەئییدی ئەو قسەی مامۆستا یەک شت دەڵێم. کەم کەس لە حیزبدا هەیە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا کە دەیگوت سکرتێری ناکەم نارەحەت نەبووبێ. پێش کۆنگرەی چواریش ئەندامەتیی کۆمیتەی مەرکەزیی نەکرد. لە کۆنگرەی ٨ یشدا نەیکرد. قبووڵاندن و بە تەسویبگەیاندنی ئەوەی کە سکرتێر حەقی نیە زیاتر لە دوو دەورە سکرتێر بێ مامۆستا خۆی بوو باسی کرد. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە قەڵس بووە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا، ئەمن بووم. هەمیشە کورسی بەدوای ئەو کەوتوە.

**ڕۆژهەڵات تیڤی:** مامۆستا، باسی ئەوەت کرد کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. ساڵانی ڕابردوو باسی ئەوەتان



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

دەکرد کە زیاتر لە ٨٠%ی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. چۆنە ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتەکانە؟ پێتوانیە ئەم سیاسەتە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە نەیهێشتوە بەرەی کوردستانی بە ئاکام بگات؟ ئەمە سیاسەتێکی پاوانخوازانە نیە کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا زاڵ بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن پرسیارەکەت ڕاست دەکەمەوە کە ئەمن قەت وام نەگوتوە. گوتوومانە لە هەڵبژاردنێکدا کە ساڵی ١٣٥٩ بەڕێوە چوو حیزبی دێموکرات بەتەنیا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆ کردەوە. ئەو ئامارە هەیە و ماوە. تەنیا شتێکم گوتوە کە دەلیلێک بۆ گۆڕانی ئەوە نیە. نە بە موسبەت نە بە مەنفی.

**ڕۆژنامەی کوردستان**: مامۆستا، لایەنی بەرانبەر ئێوە تاوانبار دەکەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان وەڵام نەداوەتەوە، ئەمە چۆنە؟ گۆیا ئێوە نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەتان ڕەد کردۆتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە گوتوومانە تەوافوقێک کە دەکرێ دەبێ ئیمزا بکرێ. تەنانەت داوامان کردوە کە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبێ و دۆستێکیش لە نێوانماندا هەبێ بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو لایەنەی کە لێی لادەدا بە خەڵکی بناسێنین. لە لایەکی دیکەشەوە لەو ڕۆژەوە کە داخوازەکانمان پێشان داون گوتوومانە خەڵکێکی زۆر دەرکراون لەبەر هۆکاری جیناحی. کەوابێ ئەو بڕیارانە ڕابگرن و بەوانی دیکەشدا بچنەوە. کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان کەسی دیکەیان دەرکردوە بێ هیچ دەلیلێک، جگە لە بۆچوونی جیابیری. بەڵام لە باری نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەوە ڕۆژنامەی چاوەدێر ڕۆژێک پرسیاری لە من کرد کە لەگەڵ نێوبژیوانیی خەڵکی دیکە دەڵێن چی؟ ئەمن بەڕاستی پێشم وانەبوو بۆ چاپکردنە، گوتم ئەمن داوای نێوبژیوانی ناکەم بەڵام نێوبژیوانی بەشتێکی زۆر سروشتی دەزانم و پێم باشە. ئەوە دەستتێوەردان نیە. ئەمن خۆم چووم لە نێوان پارتی و یەکیتیدا نێوبژیوانیم کردوە. ئایا ئەوان سەربەخۆیی یان لەدەست دا؟ لە نێوان پارتی و پەکەکە و لە نێوان پەکەکە و هەر دوو حیزبی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا نێوبژیوانیم کردووە. ئایا ئەو حیزبانە سەربەخۆیییان لەدەست داوە؟ کاک مستەفا هیجری هەر لەو ژمارەی چاوەدێر دا نێوبژیوانیی ڕەد کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نێونژیوانیمان ڕەد نەکردۆتەوە. ئەوان هەوڵی نێوبژیوانییان لە بار بردوە.

**بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە و ئامادە کردنی ئەم دەقە: خالید موحەممەدزادە**

دێسەمبەری ٢٠٠٦  ماڵپەڕی گیارەنگ

## ململانێی ناڕەوا تائێستا حیزبی دیموکراتی ورد کردوە و ئەمجارەش هەر وردی دەکا

### ڕۆژنامەی میدیا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢دا سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە دوای کۆنگرەی ١٣ کە مستەفا هیجری بوو بە سکرتێری حیزب کەوتە باڵی ئۆپۆزیسیۆن و کەمینەوە، کە دواجار ئەو باڵە لە رۆژی ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦ بەیاننامەی کارکردنی خۆیان بەجیا بەناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران) بڵاو کردەوە.

**عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئەوان جیابووبنەوە بەڵکوو دەڵێ حیزبەکە لەت بووە:**

**ڕۆژنامەی میدیا**: نەدەکرا پێکەوە بمێننەوە و حیزبەکە لەت نەکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئێمە هەوڵی دنیامان دا کە ئەو حیزبە لەت نەبێ، بەڵام ئەوان پێکەوە بوونێکیان دەویست کە بەشێک ساحیبی حیزبەکە بن و بەشێکیش بێگانە و بێ دەسەڵات بن. ئیمە قەت باوەڕمان بەهاوبەشیی وا لە حیزبدا نەبووە، هەمیشە گوتوومانە حیزب دەبێ هی هەمووان بێ، بەدەسەڵات و ئەرکی وەک یەکەوە، بەڵام بەبیروباوەڕی جیاوازەوە. دەبێ لە حیزبدا رێگەی دەربڕینی بیروڕا بۆ هەمووان هەبێ، بەڵام ئەوان رێی هیچ ئازادییەکی بیروڕا هەروەها مەجالی هیچ هاوبەشییەکیان لە بڕیاریشدا نەدەدا. لەو بارەشەوە نموونە یەکجار زۆرن بۆ نموونە بە دەیان بڕیاری دەفتەری سیاسی دراون کەچی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەو قۆڵەی ئەوان بەنامەحرەمی دەزانن ئاگایان لێنەبووە. زۆر کار تاکلایەنە کراون. نموونەیەکی دیکە، ئەوانەی شارەزای حیزبی دیموکراتن دەزانن ئەوانەی ئێستا لەگەڵ ئێمە هاوفکرن کەسانی بەتوانایان لە بواری نووسین و کاری رادیۆ و تەلەڤزیۆدا یەکجار زۆر تێدان، بەڵام کە تەلەڤزیۆنی تیشک دانراوە یەک نەفەریشی بۆ نموونە لەو بەشە تێدا نەبووە کە ئەوان بەنامەحرەمیان زانیوە، هەموویان لە خۆیانن. لە زۆر شتی دیکەشدا وایانکردوە کە ئەو حیزبە دەبێ یەکدەست بێ و هەموو شتێک لەوان بێ. لەبەر ئەوەش نەمانتوانی چیتر ئاوا درێژە بە لەگەڵ یەکترمانەوە بدەین، زۆر خەڵکیان سزا دا و زۆر خەلکیشیان ناچار کرد بڕوا. ئەوەندە ئاڵوگۆڕەی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کراون جورج بوش کە بووەتە سەرۆک ئەوەندە ئالوگۆڕەی لە ئەمریکایەکی ٢٠٠ - ٣٠٠ میلیۆن کەسیدا نەکردوە.

بەشی: یەکەم

**ڕۆژنامەی میدیا**: بوونی ئەو کوتلەبەندییە لە ناو حیزبی دێموکراتدا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: دوو جۆر بیرکردنەوە لە حیزبێکی دێموکراتدا شتێکی ئاساییە و، دەتوانم بڵێم لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە هەیە، لە ڕۆژی دامەزرانی پارتی، لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعییەوە و لە ڕۆژی دامەزرانی موجاهیدینی خەلقەوە هەبووە بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ئەمن دوو جار لە جەناحدا بووم، پێش کۆنگرەی ١٠ لە جەناحدا بووم و پاش کۆنگرەی ١٣یش لە جەناحدا بووم، ئەگەر نا هەمیشە وەک کەسێکی بێلایەن ڕەفتارم کردوە، پێش کۆنگرەی ١٠ ئێمە جیاوازییەکی سیاسیمان هەبوو، ئێمە یەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕمان بەکارێکی باش دادەنا، بەڵام ئەوان زۆر جار ئەوەیان بەخیانەت ناو دەبرد. دوای کۆنگرەی ١٣ لە ئەنجامی کردەوە پاوانخوازییەکانیاندا ئەمن لەگەڵ جەناحێک کە لە کەمایەتیدا بوون کارم کردوە، ئەوان لە کۆنگرەی ١٣دا لە هەموو کۆنگرە ٨ کەسیان لە موخالیفانیان دانابوو لەکۆمیتەی ناوەندی و ١٥ کەسیان بۆ خۆیان دانابوو. ئەوانی دیکەش دەیانتوانی لە کۆنگرەکانی دیکەدا وا بکەن، بەڵام هیچ کاتێک لە دوو کەس زیاتر تەفاوەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان دانەناوە لە کەمایەتییەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو حیزبە هی هەمووان بێ.

**ڕۆژنامەی میدیا**: بەڵام حەسەنی شەرەفی دەڵێ ئەو کوتلەبەندییە بەو شێوەیە لە کۆنگرەی ١٠ و لەسەردەمی بوونی تۆ بە سکرتێر دەستی پێکردوە، کاتێک پێش کۆنگرە دەنگۆتان لەسەر مستەفا هیجری بڵاو کردوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بە سکرتێر دەرنەچێتەوە کە دوای تیرۆرکردنی شەرەفکەندی ببووە سکرتێر؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەوە بۆخۆی شتێکی عەنتیکەیە بەوە بڵێی سەرەتای جەناحبەندی، چونکە لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شا دوو جار لەتبوون لە حیزبی دیموکراتدا ڕووی داوە، جارێکیان لە کۆنگرەی چوارەمدا کە کۆمەڵێک خۆیان ناونا (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم) لە حیزب جیا بوونەوە، ئیتر ئینشیعابی تەواو بوو، بەڵام چونکە چوونەوە نێو حکوومەت شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەیان لە دەستدا. جارەکەی دیکەش لە کۆنگرەی هەشتەمدا کۆمەڵێک بەناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕەوە جیا بوونەوە کەسیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا نەبوو، بەڵام شەرعیەتی شۆڕشگێرانەی خۆیان پاراست لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا مانەوە، کە جەناحبازی نەبوو چۆن دوو ئینشیقاقی لێ کەوتەوە؟ لە کۆنگرەی ١٠ یەکگرتنەوە بووە. بەڵام کە ئەوە دەڵێن دان بەشتێکدا دەنێن کە ئەوان دژی یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دێموکرات بوون لەسەردەمی منڕا هەوڵ دراوە حیزبی دێموکرات کە دوو پارچە بوو یەک بگرێتەوە. دواتر جگە لەوەی حەقمانە لەنێو خۆی حیزبدا بەبەرەکانیی یەکتر بکەین، با یەک بەڵگە بێننەوە کە ئەمن لە دەرەوە قسەیەکم دژی کاک مستەفا هیجری یان کاک

بەشی: یەکەم

حەسەنی شەرەفی یان هەر کەسێکی دیکە کردبێ، ئەگەر توانیان هەرچی گوتویانە با ڕاست بێ.

**ڕۆژنامەی میدیا**: تۆ دەڵێی ئێمە حیزبێکی دێموکراتی دوو پارچەمان کردوە بەیەک، کەچی خۆشت کە ئەوکات لە سەرکرایەتیدا بووی بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕتان دەگوت لادەر، ئێستا پێتوایە ئەوە هەڵە بوو کە واتان پێدەگوتن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەو بڕیارە کە بەسەر ئەواندا درا لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەوان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتەم لایان دابوو، دواتریش لادەر هێندە جنێوێکی عەجیب و غەریب نیە دیارە شتی زۆر نارەوامان بەیەکتر گوت، ئەمن ١٠ ساڵ پێش لە کتێبی خومدا وەک خاڵێکی رەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامناوە، ئەوان ئەوکات لە بڕیاری کۆنگرە لایان دابوو، ئەوانیش دیسان لە ماوەی ئەو ١٢ ساڵەدا وشەی لادەریان بۆ ئەوان بەکار هێناوە، ئێستاش بەرامبەر ئێمە بەکاری دەهێنن، کە خۆیان چوارجار لادەرن، چونکە ئەوە بڕیاری کۆنگرەی ١٠ بووە، کۆنگرەکانی ١١، ١٢، ١٣ تەئییدیان کردوەتەوە. ئیمە لەکاتی یەکگرتنەوە دا ڕێککەوتنیکمان ئیمزا کرد کە لە یەکێک لە بەندەکانیدا هاتوە هەر بڕیار و بەیاننامەیەک لە دوای ٢٩ - ١٢ - ١٩٦٦(١٩٨٨) لەلایەن هەرلایەکەوە دەرچووبێ ئەگەر پێچەوانەی نێوەرۆکی ئەم ڕێککەتننامەیە بێ بەتاڵ و بێ ئیعتیبارە. ئەگەر ئێمە بەوانمان گوتوە لادەر بەتاڵە ئەگەر ئەوان بە ئێمەیان گوتوە فراکسیۆن بەتاڵە، ئەگەر ئێمە ئەوانمان لە حیزب دەرکردوە بەتاڵە و بە پێچەوانەشەوە. گرنگیشە بزانرێ کاتی خۆی لە لایەن ئێمەوە حەسەنی شەرەفی ئیمزای کرد و لەلای ئەوانیشەوە فەتاحی کاویان.

**ڕۆژنامەی میدیا**: بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە بەوانمان نەگوتوە لادەر؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەخێر دەیڵێن، هیچ کات ئەو وشەیە لەزاریان نەکەوتوە و ئێستاش دەیڵێن، بە تایبەتییش لەژێر پەردەدا ئێستا پێماندەڵێن لادەری کۆن و نوێ، کەوابێ ئەوانیش لە بڕیاری ٤ کۆنگرە لایان داوە.

**ڕۆژنامەی میدیا**: حەسەنی شەرەفی لە بارەی کەمینەی کۆنگرەکانی پێشوو، دەڵێ کە کەمینە ئەو کات بەبێدەنگی مابووەوە هی ئەوە نەبووە زۆرینە زۆر بە لوتف بووە لە گەڵیان، بەڵکوو هی ئەوە بووە کە کەمینەی ئەو کات پابەندی ڕێبەرایەتی بووە، هەروەها دەڵێ کەمینەی ئەوکات ڕۆژێک وەک کەمینەی ئێستا کێشەکانی نەختستە ناو ڕاگەیاندن و نەختستە سەر سایتەکان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە ماوەی ئەو دوو ساڵو نیوەدا چەندین جار بەو برادەرانەمان گوتوە ئێوە کە لە کەمایەتیدا بوون

خۆتان زۆر بەمەغدوور دەزانن، هەموو هەوڵێکتاندا بۆئەوەی خۆتان لەو غەدرە رزگار بکەن، باشە لەو سێ کۆنگرەیەدا لە کامیان لەهەموان مەغدوورتر بوون ئاوا دەگەڵ ئێمە رەفتار بکەن، هەر کەس پێی خوار دانا بە تاوانبار و خاینی دادەنێین، ئامادە نەبوون بیکەن، ئیمە لە کۆنگرەی ١٢دا بڕیاریکمان پەسەند کردبوو کە دەڵێ کوتلەبەندیی نهێنی تاوانە تاسنووری خیانەت، هەموو کەس دەستی لێهەڵگرت ئەوان دەستیان لێهەڵنەگرت بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی ١٣دا سەرکەون، کۆنگرەی ١٠ کە لە هەولێر بەسترا زۆرایەتییەکی زۆر موتلەق بەبێ دەستەبەندی نهێنی لەدەست ئێمەدا بوو،بەڵام تەفاوەتی زۆرایەتی و کەمایەتی لە کۆمیتەی ناوەندیدا بە سێ کەس دەرچووە، پێش کۆنگرە ٤ کەس لەوان لە مەکتەبی سیاسیدا بوون و ئەمن بەتەنیا لایەک بووم، لەدواییدا بە هەوڵی من ئەو مەکتەب سیاسییە وەکوو خۆی هەڵبژێردرایەوە، لەکاتی کار دابەش کردنیشدا هەرچی کۆمیسیۆن و پۆستی گرنگە درایە ئەوان، ئەوەش وای کرد رووبەرووی نارەزایەتییەکی زۆری هاورێیانم ببمەوە و پێیان دەگوتم بۆ هێندە ئیمتیازیان دەدەیێ، ئەمنیش پێمدەگوتن ئێمە هەموو هەوڵێکمان دا بۆ ئەوەی بەشێک لە حیزب کە لێمان دوور بوو لەگەڵ حیزب یەکبگرێتەوە، ئێستا کە بەشێکمان هێناوەتەوە چۆن وا بکەین بەشێکی دیکە بڕوا. لێرەدا پێمخۆشە ئەو نموونەیەش بێنمەوە جارێک لە نێو خێزانەکاندا باس کرابوو، خێزانی رەفیقێک کە ئەو کات لە کەمایەتیدا بوون گوتبووی: ئێوە بەچییەوە دەنازن، هەتانەو نیتانە سکرتێرێکی رەق و رووق، کەچی بەرپرسی پێوەندییەکانی هەولێر، سلێمانی، بەغدا، فەرانسەو ئورووپا هەموویان لە ئیمەن، راستیشی دەکرد، ئێمە بەو شێوەیە بووین لە گەڵیان، بەڵام ئەوان هەرچی بێرەحمی بوو لە کار دابەشکردندا دەیانکرد، هەروەها هەوڵیان دەدا مرۆڤە بە تواناکان لە لایەنی موقابیل حەزف بکەن نەک مرۆڤە بێتواناکان. پاشتریش وەک مرۆڤی پلە دوو تەماشای کەسانی دیکەیان دەکرد جا لە هەر بەرپرسایەتییەکدا بووبن.

**رۆژنامەی میدیا**: ئەوان دەڵێن ئێمە لە ٢٠ خاڵەکەی ئێوە نزیکەی ١٥ خاڵی ئێوەیان قبووڵ کردن، کەچی دواتر ئێوە (پێش-شەرت)تان بۆ داناون تا لەگەڵیان دابنیشن بۆچی پێشەرتتان دانان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حەسەن شەرەفی لە چاوپێکەوتنەکەی ئێوەدا دەڵێ: عەبدوڵڵای حەسەنزادە گوتی ئەمن پێش شەرتم هەن. بۆخۆی دەزانێ کە وانیە، ئەسڵەن وشەی پێششەرت بەسەر زاری منڕدا نەهاتوە. لە بیست خاڵەکەی ئێمە تەنیا یەک خاڵیان بەتەواوی قبووڵ کردوە کە ئەویش ئەوەیە رێگە بەکادرانی حیزبی بدرێ هەم کاری حیزبی بکەن و هەم بخوێنن. کەچی ١٢ خاڵی دیکە کە باسیان کردوون یان بۆ رەتکردنەوە باسیان کردوون یان بۆ شێواندن. نەمانگوتوە پێششەرت، بەڵکوو گوتمان موافەقەتنامەیەک کە پێیدەگەین دەبێ ئیمزای بکەین چونکە ئێمە متمانەمان بەیەکتر نەماوە، هەتا ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین نێوبژیوانێکی دەرەوەی حیزبیشی تێدابێ. هەروەها لە ماوەی گفتوگۆکاندا بەدەیان کەسیان بەهۆی ئەوە کە لە باڵەکەی دیکەن دەرکرد، گوتمان دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوە ئەو بڕیارانە دەبێ هەڵوەشێنەوە.

بەشی: یەکەم

**ڕۆژنامەی میدیا:** ئەوان دەڵێن ئێوە گوتووتانە پێش گفتوگۆکان دەبێ ئیمزا بکەین کە حیزب دووباڵە، ئەوانیش بە ئێوەیان گوتوە ئێمە گفتوگۆ بۆ ئەوە دەکەین کە نەبێتە دوو باڵ نەک لە ئێستاوە ئیمزا لەسەر ئەوە بکەین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جیاوازی یەکی ئێمە و ئەوان ئەوەیە کە ئێمە شتەکان بەئاشکرا دەڵێین. بەڵام ئەوان بەدزیەوە دەیانڵێن، هەمووکات گوتوومانە جەناحبوون نەتاوانە، نەگوناحەو نەجنێوە. بەڵام وەرن باجەناحەکان بەشێوەیەکی شارستانیانە پێکەوە ڕەفتار بکەن، لەیەکێک لەبیست خاڵەکەدا شتێکیان نووسیوە کەهەر وەکوو ئێوە کاتی خۆی لە کەمایەتیدا بوون حیسابتان بۆ کراوە و قسەتان دەگەڵ کراوە و بە تەرەفێک دانراون، ئێوەش تەرەفەکە بەرەسمی بناسن. مەبەستیش لەو بەرەسمیناسینە ئەوە نەبووە کە بەرەسمی بنووسن بەڵکوو لەوەوە هاتوە کە کاک مستەفا هیجری کەمن لەگەڵی دانیشتووم دەیگوت نە جەمعم قبووڵە، نە جەناحم قبووڵە نە تۆماریشم قبووڵە، تۆماریش لەوەوە هاتوە کە لە یەک تاکە کۆبوونەوە کە قسەی ئازادمان دەکرد، کەسێک هات و بەناوی عرفانی ڕەهنموون دەستی بە جنێوان کرد، ٢٩٧ ئیمزا کۆکرایەوە کە دەبێ ئەو برایە سزا بدرێ. ئەوە تۆمارەکە بوو، هیچ سزایان نەدا و ئێستا کردوویانەتە نوێنەر لە سلێمانی، بۆیە دەمانگوت دەبی قبووڵ بکەن کە جەناحیک هەیە، ئێستا ئینشائڵڵا بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەوەی ئەوان دەیانگوت چەند پێشمەرگە و کادرێک لە حیزب جیا بوونەوە چین و چەندن.

**ڕۆژنامەی میدیا:** ئەوە قسەی ئەوانی دیکە نیە، بەڵام قسەیەکی وا هەیە کە دەڵێ: دەوری یەکیەتی و کۆمەڵە لە جیابوونەوەی ئێوە و دەرکردنی بەیاننامەی جیابوونەوەی ئێوەدا هەبووە. لەو بارەوە چ دەڵێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە قسەی ئەوانە، بەڵام قسەی دزییانە، قسەی ئاشکرایان ئەوەیە کەحەسەنی شەرەفی لە چاوپێکەوتنەکەدا دەڵی کەس نەبوو، ئەوەش ڕاستە، چونکە لەماوەی ئەو دوو ساڵ و چوار مانگو نیوەدا یەک حیزب یەک کەس لەو دنیایەدا قسەیەکی وایان بە ئێمە نەگوتوە کە بۆنی ئەوەی لێبێ، کە پێیانخۆشە ئەو حیزبە لەت بێ، هەموویان هاواریان کردوە کە هەوڵ بدەن ڕێک بکەون، ئەو قسانە هەمووی بوختانە. کە ناتوانن ئیسپاتی بکەن، بەدزیەوە دەڵێن بە قسەی سەلاحی موهتەدیان کردوە.

**ڕۆژنامەی میدیا:** ئێوە ڤەت گوتووتانە ئەوانی دیکە یان خودی مستەفای هیجری تەمایول و هاوسۆزیەکی لەگەڵ پارتی هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمەش تەمایول و هاوسۆزیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، ئێمە هەوڵی یەکجار زۆرمان

بەشی: یەکەم

داوە کە تەنـانەت بە قەدەر میلیمیتـر و میلیگـرامیش جیـاوازی لە پێوەنـدیی رەسـمیی ئـێمە لەگەڵ هەر یەک لە پـارتی و یەکیەتـی وەک دوو هێـزی دەسەڵاتدار نەمێنـێ. بەڵام کـاتی خـۆی کە کـاک مستەفا هیجری وتـووێژێکی لەگەڵ ئێوە کردبـوو دەڵێ: ئێمە هەر لە زەمانی د. قاسملووەوە تەعادولمان لە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو دوو هێزەدا پێکهێناوە، ئێستا کۆمیتەی ناوەنـدی دەیەوێ ئەگەر ئەو تەعـادولە گـۆڕاوە راستی بکـاتەوە، چووم پـێمگـوت ئەوە چیە گوتـووتە، لە یەک قسـەدا دوو ئیـددیعات کـردوە کە هیچـی وانیە، یەکێکیـان ئەوەیە کە تـۆ دەڵێـی لە زەمـانی د. قـاسملووی ئەو تەعـادولە هەبـووە، زۆر بەداخم کە وابووە بەڵام لە زەمـانی د. قاسملوودا ئـێمە شەڕمان دەگەڵ پـارتی هەبـوو، بریـا نەبووایە، بەڵام بـووە، لەگەڵ یەکیەتی شەڕمان نەبوو، ئەوە کوێی تەعـادولە، دوای سـاڵونیوێک لە شەهیدبوونی د. قـاسملوو ئەو جـا پەیوەنـدیی ئێمەو پارتی بەرەسمی دەستی پێکردۆتەوە، حاڵەتی شەڕ و ناخۆشیمان بەخۆشیەوە نەبوو، ٦٠ پێشمەرگەی ئەوان بـۆ مـاوەی دوو هەفتە لە نێو بارەگاکانی ئێمەدا بوون پاراستوومانن لە هێرشی سوپای عێـراق، پێشمەرگەی ئـێمە لە ئێـران چووبـوونە نێـو بارەگـاکـانی ئەوان و پەنـایـان دابـوون و رەتیـانکردبـوون، بەڵام حـاڵەتی رەسـمیی پەیوەنـدییەکە تـا سـاڵونیوێـک دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو نەگەڕاوەتەوە، لەپاشان پێم بڵێ لە کوێدایە ئەو پەیوەندییە تێکچووە، گوتی وەڵڵا مەبەستم ئەوە نەبـووە، گـوتم ئەی بـۆ وادەڵێـی، نەخەیـر دەتەوێ وا نیشـان بـدەی کە گـوایە پەیوەنـدی بەلایەکدا کەوتـوە و مەبەستیشت ئەوەیە پەیوەندیی من لەگەڵ یەکیەتی خوشتر بووە و ئێستا دەتەوێ راستی بکەیەوە. کەنگێ وایە، قەت وانەبووە.

**ڕۆژنامەی میدیا**: ئەوان دەڵێن پێمانگوتن وەرن بـا لە کۆنگرە مەسەلەکان یەکلا بکەیـنەوە ئێوە ئەوەتـان رەت کـردوە، ئێوە بۆچی رازی نەبوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیچ کاتێک پێشنیارێکی وا لەلایەن ئەوانەوە نەکراوە، بەڵام ئەگەر ئەوەشیان گوتبـا ئـێمە رەتمـان دەکـردەوە. چـونکە وەک چـۆن کـۆنگرەی ١٣ یـان ئـامـادە کردبـوو. کـۆنگرەی ١٤ شیان ئامـادە کردبـوو. کـابرا دوو سـاڵ پـێش گوتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن لە ئێستاوە دەزانین چ کورسییەک کێی لەسەر دادەنیشێ. دەیویست بمـانبـاتە ئەو کۆنگرەیە.

**ڕۆژنامەی میدیا**: دەنگۆی ئەوە هەیە کە جەلیلی گادانی گوتـوویەتی ئـێمە دەمـانزانی دەرنـاچینەوە بـۆیە دەبـووا جیـا بێنەوە، حەسەنی رستگاریش گوتبووی ئەو حیزبە لەت دەکەین. ئایا ئەوە راستن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن هیچ ئەو شتانەم نەبیستوە، بەڵام ئەوەی ئەوە دەڵێ با ئیسپاتی بکـا. دوو رۆژ پێش ئیعلانی ئەو مەسەلەیە کاک جەلیل گادانی هەر دوو رۆژ لەسەریەک هاتۆتە لای من گوتوویەتی کورە بزانن رێگایەک پەیدا نابێ،



سەرچاوە Serchawe

دەتوانم بڵێم یەکێک لەوانەی زیاتر لە هەمووانی پێناخۆش بووە جەلیلی گادانی بووە.

**ڕۆژنامەی میدیا**: تۆ دەڵێی دەبێ مومتەلەکاتی حیزب لە نێوان هەر دوو لاتاندا بەش بکرێ، بەڵام ئەوان ڕازی نین و دەڵێن هیچ حیزبێک نیە مومتەلەکاتی لەگەڵ لێجیابووەکانی دابەش کردبێ، وەڵامی ئێوە چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوای لەتبوونەکە دیدارێکمان پێکەوە هەبوو، ئەو قسەیان فەرموو کە لە ناوی حیزبەوە بگرە تا هەموو شتەکانی دیکە هەمووی هی حیزبی دێموکراتە، ئێوەش لە حیزبی دێموکرات ڕۆیشتوون و دەچنە کوێ بڕۆنە ئەوێ. ئەمنیش پێمگوتن هەر ئەو عەقلیەت و مەنتیقەیە حیزبی دێموکراتی گەیاندە ئەو ڕۆژەی. باشە ئێمە دەیبەینە لای دادگا، لای یاسای حکوومەتی هەرێم داخوا چ یاسایەک ڕێ بەوە دەدا حیزبێک کە لەت بووە مومتەلەکاتی ئەو حیزبە لای یەکێک بێ. شەریفترین و مرۆڤانەترین کاریش ئەوەیە کە تۆ لە جیاتی ئەوەی بۆخۆت تۆڵە بستێنێ بچی موراجەعە بە یاسا بکەی.

**ڕۆژنامەی میدیا**: بەڵام ئێوە حیزبێکی باشووری کوردستان نین و لێرە مۆڵەتتان نیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جا چیە، خۆ کۆمەڵە کەسێک هەین. ئەوجارە جیاواز لەئینشیقاقەکانی پێشوو ٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ٥ ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی و ٢ ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەگشتی دەکاتە ١٣ کەس لەگەڵ ئێمەن. پاشان با ببێن تەماشا بکەین لە قاعیدەی حیزبدا چ نەخش و نیگارێکە، داخوا کێ لەولایە کێ لەملایە. بەڵام ئێمە ئەوە دەدەینە دەست یاسا.

**ڕۆژنامەی میدیا**: دەگوترێ گوایە تۆ داوات کردبوو بکرێی بە سەرۆکی حیزبی یان سەرۆکی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی حیزب؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەخەیر ئەوە لە بنەرەتەوە ڕاست نیە و، هەموو ئەو تۆمەتانەش ئەوان دروستیان دەکەن. هەرچەندە شتێکی خراپیشە، بەڵام ئەمن لەتەواوی ژیانی خۆمدا لە بەر کورسی هەڵاتووم. ئەگەر وێڵی دەسەڵات بام چۆن لە کۆنگرەی ١١دا پێشنیارم دەکرد نابێ هیچ کەس زیاتر لەدوو دەورەی لەسەریەک خۆی بۆ سکرتێرایەتی حیزب بپاڵێوێ، لەکۆنگرەی ١٢ دەیانویست ئەو مادەیە لاببەن، گوتم کەیفی خۆتانە، بەڵام عومری من لەحیزبی دێموکراتدا بەقەد عومری ئەو مادەیەیە، ئەمڕۆ لایبدەن ئەمنیش هەر ئەمڕۆ ئیستیقالە دەکەم لە حیزبی دیموکرات.

بەشی: یەکەم

**ڕۆژنامەی میدیا**: ئێستا تۆ دەتوانی بڵێی من قەتعەن نابم بە سکرتێر و سەرۆکی ئەو باڵەی کە جیا بووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: با رۆژان و رووداوەکان ئەوە نیشان بدەن، بەڵام بۆ قەتعەن نەبم ئەگەر میللەتی کورد و ئەو بەشەی حیزبی دیموکرات کە منی تێدام پێیوابوو زەرووره ببم بۆ بڵێم نابم. جارەکانی دیکەش هەروا بوومێ. لە کاتی کۆنگرەی ١٢دا ئەمن گوتبووم خۆم بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنابژێرمەوە، رازی ببون، مابووەوە پایەی سکرتێری، دوو باڵ بوون لەسەر ئەوە رێکنەکەوتن. هەر دووکیان یەک لەوان جەنابی کاک مستەفای هیجری و کاک حەسەنی شەرەفی نەجارێک دە جار هاتنە لام دەیانگوت نابێ بکشێیەوە دەبێ ئەو حیزبە و یەکگرتوویی ئەو حیزبەی رزگار بکەی. دواییش کاک حەسەنی شەرەفی بەدەستی خۆی گوڵێکی گەورەی سازکرد و کاک مستەفای هیجرییش پێشکێشی کردم وەک رێزگرتنێک لە رۆڵی من لە رزگارکردنی یەکریزیی حیزب لە تێکچوون.

**ڕۆژنامەی میدیا**: پارە و حیسابی بانکییەکانی حیزب لەدەست ئێوەدان یان ئەوان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە کاک حەسەنی شەرەفی لەو رووەشەوە خۆی لە راستییەکان لاداوە، کە دەڵێ ئاگام لە هیچ نیە لەو بارەوە، ئەوە راست نیە. ئێمە کاتی خۆی هەیئەتێکمان بۆ دروست کرد، بەڵام خەرجکردن و دەرهێنانی پارە لەو حسابە بانکییانە بەدەست سکرتێر و جێگری سکرتێر و کەسێک کە لە ئوروپایە، بە ئیمزای ئەوان دەبێ، کەوابێ بەدەست ئەوانەوەیە.

**ڕۆژنامەی میدیا**: ئەی ئێوە پارە لەکوێ دێنن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: داوا دەکەین ئەو پارەیەی کە هەمانە بەشی بکەین، ئینجا ئەوان لە کوێی پەیدا دەکەن ئێمەش لەوێی پەیدا دەکەین.

**ڕۆژنامەی میدیا**: ئەوان دەڵێن نە پارتی و نە یەکیەتی هاوکاریی دارایی نادەنە حیزبی دێموکرات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر ئەوەندە دەڵێم کە لێرەشدا راستییەک نەگوتراوە، بۆجارێکیش بووایە دەبووا راستی بگوترابایە، بەوە دەگوترێ ناسپاسی.

بەشی: یەکەم

**ڕۆژنامەی میدیا**: ئەوان دەڵێن بەکارهێنانی ناوی حیزبی دیموکرات و ڕۆژنامەی کوردستان و لە ئایندەدا بە کارهێنانی ناوی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، ناوی بەکێشەن لە نێوان ئێمە و ئەواندا ئەگەر ئەو ناوانە هەڵگرن لەسەر خۆتان ئامادەین وەک دوولا هاوکاری و هاوپەیمانی‌یان بکەین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئیمەش بەهەمان شێوە دەڵێین ئامادەین هاوکاری‌یان بکەین ئەگەر ئەوان ئامادە بن ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر خۆیان لابەرن.

**ڕۆژنامەی میدیا**: بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە زۆرینەین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەی جا چیە ئەوان زۆرینەن. ناوی حیزبی دیموکرات لەسەر کەس تاپۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو عەقلیەتە دوچاری کێشە نەبین ئێمە هاتووین گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵی حیزبەکەمان کە ئەو حیزبە لە سەرەتاوە کە دامەزراوە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا ژمارە: ٢٧١ - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## دیمانەیەکی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

### دیمانە: عومەر عەلی

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: نووسەر و سیاسەتوانی ناسراوی کوردستانی ئێران، سکرتێری پێشووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە لەم دواییەدا دوچاری لەتبوون هات، لە دیمانەیەکی کە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس(ئاکانیوز) لەگەڵی ساز کرد، پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەو لێکترازانەی لە نێو حیزبە کوردیەکاندا روو دەدات بەپلەی یەکەم بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب و جۆری پێوەندیی کەمینەو زۆرینە لە حیزبەکاندا دەگەڕێتەوە.

**پرسیار**: دیاردەی لەتبوونی حزبە کوردییەکان، بەجیاوازیی ئایدیۆلۆجیاکانیانەوە، دیارەیەکی بەرچاوە لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا و تا ئێستەش درێژەی هەیە، ئێوە وەک قاڵبوویەکی دنیا سیاسەت و سەرکردەیەکی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران، هۆکاری ئەم دیارەیە بۆچی دەگێڕیەوە؟

**وەڵام**: ڕینگە دیاردەی لەتبوون تەنیا تایبەت بە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان نەبێ، ئێمە برینی خۆمان دێشێ بۆیە زیاتر ئەوان دەبینین، ئەگینا لەنێو حیزبە ئەوروپایی و ئەمریکایی و عەرەب و فارسەکانیشدا دیاردەی لەتبوون بووە و هەیەو ڕەنگە لە داهاتوویشدا هەربێ.

لەبارەی حیزبە کوردییەکانەوە ڕەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبێ، بەڵام مەرج نییە ئەوەی من دەیڵێم هەموو حیزبەکان بگرێتەوە. بگرە زیاتر پێوەندیدارە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەوبارەوە وەک دەڵێن ڕێکوردی شکاندووە، چونکە هەندێ لەتبوون لەنێو حیزبی دێموکراتدا هەبوون کە ئێستەش خەڵک نایانزانێ، بۆ نموونە وەختێک کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لێ دروست بوو، وەختێک بەڕیوەبەرایەتیی کاتی لێ دروست بوو، ئەوەی مەشوورە "قیادەی موەقەت" لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست بووە لە کاتیکدا زۆر پێش ئەوە لە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست بوو کە نیوی "ڕێبەرایەتیی کاتی" کە ئەو کات ناوی ئێرانی هەر لەگەڵ نەبوو.

ئەوەی من لە حیزبی دێموکراتدا دەیبینم بەشی زۆری ناگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ناکۆکیی بیروباوەڕ لەسەر پرسە سیاسییەکان

هەبێ، بۆ نموونە دواین لەتبوون لە حیزبی دێموکرات کە روویداوە، ئێمە لە کۆنگرەیەک هەستاوین کە هەموو ئەو شتانەی پەسند کراون لەوێ، یەکێک لەو لایانەی کە دوای لەتبوون ئامادەی کردووە، ئێمە لەوبارەوە بە رێکەوتنێکی فیکری گەیشتووین.

لەبەرئەوە بابەتەکە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مودارا کردن لەگەڵ یەکترو شێوەی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی ئەندامانی حیزب لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبەوە، یان بڵێین گوێڕایەڵیی کەمایەتییە بۆ زۆرایەتی، کە من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بەو کەمایەتی و زۆرایەتییە نییە، یان لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتییە لەلایەن زۆرایەتییەوە.

من باورەم بە زۆرایەتی و کەمایەتی نییە، چونکە کەمایەت و زۆرایەتی ئەگەر هەمیشەیی بێ لە حیزبدا شتێکی زۆر ترسناکە، کەمایەتی و زۆرایەتی هەیە، یاسایەکی بۆ دانراوە، بەو پێیە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە بڕیاری زۆرایەتی بکات، بەڵام ئەوە نابێ هەر دووکیان لە قالب کرابن ئەم دەستە کەمایەتی و ئەو دەستەیەکی زۆرایەتییە، بۆ نموونە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک ٢١ کەسن، جارێکیان ١٥ یان دەبنە زۆرینەو شەشەکە دبنە کەمینە، جارەکەی تر ٥ لەم شەش کەسە و ١٠ لەو ١٥کەی پێشوو دبنە زۆرینە و بەو شێوەیە.

**پرسیار**: ئەگەر لە ئەزموونی حیزبی دێموکرات دەرچین و بە گشتی سەیری دیاردەی لەتبوونی حیزبە کوردییەکان بکەین، بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق، هۆکارەکەی بە رای ئێوە چییە، جیاوازیی بۆچوون و مەبادینە، بەرژەوندییە، یان دەستیوەردانی دەرەکییە؟

**وەڵام**: ئەوەی من دەیزانم بەشی هەرە زۆری هۆکارەکە جۆری بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی حیزبە، ئەگینا نەک لەنێو لەتبوونی حیزبەکاندا بگرە لەنێو حیزبەکانیشدا ئەگەر تەماشا دەکەی ئەو لێکدووری و جیاوازی بیروباوەڕ نییە، بۆ نموونە دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان وەرگرین پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا هەردووکیان یەک شتیان دەوێ، چی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە کە ئەم دووانە تێیدا کۆک نەبن.

**پرسیار**: راستە بە گشتی وایە، بەڵام ئەی بۆچی دوو حیزب هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆجیان، حیزبێکیان لەت دەبێ، کەچی ئەوی تریان کە ڕەنگە گەورەترو بەتەمەنتریش بێ درزی تێناکەوێ؟

**وەڵام**: کام حیزبی گەورە هەیە تێی نەکەوتووە؟ پارتی دیموکرات کەمی تێکەوتووە؟ ئایا گەورەترین و بەرابردووترین

بەشی: یەکەم

حیزبی باشووری کوردستان تێی نەکەوتووە؟ هەموو تێی کەوتووە، ڕەنگە هەندێ حیزب ماوەیەکی پتری بوێ، لەپاشان هەندێ شت ڕۆڵی خوی ببینێ، بۆ نموونە لە پارت یدا، شتێک هەیە لەزمانی بیانیەکاندا پێی دەڵێن "ئۆتۆریتە"، سەرکردایەتیی پارتی ئۆتۆریتەیەکی تایبەتی هەیە، وەختی خۆی بەرجەستە بووە لە خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و ئێستەش بەخودی کاک مەسعوودەوە، ئەوە ناوی لێ نانێم دەسەڵات سەپاندن، بۆ خۆی مەرکەزییەتێک هەیە خەڵکەکە گوێڕایەڵیی زیاتری بۆ قسەکانی ئەو هەیە.

**پرسیار**: واتە مەرکەزییەتی حیزب ئەو سوودەی هەیە یەکپارچەیی حیزب دەپارێزێ، بەڵام بەدیوێکی تردا بوونی رای جیاواز و ململانەی ئاراستەکان لە نێو حیزبیکدا، کە ڕەنگە لەتبوونیشی لێ بکەوێتەوە، گەرموگوڕی و کێبەرکێ لەنێو ئەو حیزبەدا دروست دەکات، کە شتێکی ئەرێنییە، چۆن ئەو دوو خاسییەتە ئەرینییەی ئەو دوو مۆدێلە لە حیزب کۆ بکەینەوە؟

**وەڵام**: پێموایە نەبوونی حیزبگەلی جۆراوجۆر نەبوونی کوتلە جێی مەترسییە، ئەگەر نەبیتە دەستەبەندی لە بەرامبەریدا، هەردووکیان نیشانەی پێگەیشتنی فیکری و فرەیی و کرانەوەن، هەموویان شتی باشن، ئەوەی خراپە پێکەوە هەڵنەکردنە.

**پرسیار**: ئەگەر لەتبوون دیاردەیەکی باو بێ لە کوردستان و دنیادا، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە هەر حیزبیک دروست بوو چاوڕێ بین ئەمڕۆ یان سبەی تووشی لەتبوون ببێ؟

**وەڵام**: پێموایە مەرج نییە هەمیشە تووشی لەتبوون ببن، هەق وایە لە دەروونی حیزبیکدا هەوڵ بدەین ئەو پێوەندییانە وابن خەڵک ناچار نەبن لەبەر ئەوە بیروڕایان جیایە لە حیزبەکە جیا ببنەوە یان وابکەن لەت ببێ، ئەوەیش ڕووبەرووی ڕێبەرایەتییەکە دەبێتەوە. با بواری ساز ببێ ئەوەی رای جیاوازی هەیە لە نێو حیزبدا بیخاتە ڕوو، بانگەشەی بۆ بکات، با لە کۆنگرەیەکی تردا ئەو ببێ بە زۆرینە و سەرکردایەتی بەدەستەوە بگرێ و ئەوانی تر پێڕەوی لێبکەن.

**پرسیار**: پێت وانییە پێویستە بیرو بەرژەوەندیی هاوبەش لەباریاندا بێ بەسەر ناکۆکییەکانی نێوخۆی حیزبدا زاڵ بن؟

**وەڵام**: دەبێ وابی، دەبێ وابێ.

**پرسیار**: چێ بکەین بۆ ئەوەی وابێ؟

**وەڵام**: دەبێ قبووڵ بکەین ئێمە مرۆڤین، بوونەوەری زیندوو بیرکەرەوەین، لەقالب نەدراوین هەموو وەک یەک بیر بکەینەوە، دەبێ ڕێ بدرێ لە نێو حیزبدا بیروباوەڕی جۆراوجۆر بخرێتە روو، بێ ئەوەی کەس لەسەر ئەوە دەربکرێ.

**پرسیار**: ئەری ڕۆڵی توێژی رووناکبیری نێو حیزب لەو کێشەیەدا چییە؟

**وەڵام**: پێموایە رووناکبیر دەبێ زیاتر ئەفکاری نوێ بینێ و بەقەناعەت پێکردن بڵاوی بکاتەوە.

**پرسیار**: چەندە لەگەڵ ئەوەی نابێ رووناکبیر لە نێو حیزبدا بێ؟

**وەڵام**: من ئەسڵەن لەگەڵ ئەو رایە نیم کە رووناکبیر لە بەرامبەر حیزبییەکان دادەنێ و پێموایە کەسێک کە دەبێتە حیزبی بۆ خۆی رووناکبیرە، جونکە رووناکبیری رێژەییە، حیزبییەکان رووناکبیرن ئەوانیش رووناکبیرن، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن رووناکبیری پابەند(مولتەزیم) نابم ئەوەیان رەحەتترە.

**پرسیار**: کامیان ڕۆڵی زیاترو گرینگترە، ررووناکبیری پابەند یان ناپابەند؟

**وەڵام**: پێموایە رووناکبیری پابەند گرینگترە و پتر کاری پێ دەکرێ لەوەی دەیەوێ ئازاد بێ و هەر قسان بکات چونکە رووناکبیرانی دەرەوە ئەگەر هەموو یەک بن ئەوە حیزبین، ئەگەر یەک نابن تاکەکەس دەبن، تاکەکەسیش ناتوانێ کاریگەری دابنێ، ئێستە هەزار رەخنە دەگرن لە حیزبەکان بە تایبەت لە باشووری کوردستان لە دوو حیزبی گەورە، باشە خوانەخواستە مەترسییەک رووی لە وڵاتەکە کرد، لە هەموو رووناکنیرێکی ئازاد دەپرسم: کێ بەرگری دەکات و بەرگری رێک دەخات، حیزبەکان یان رووناکبیرەکان؟ زۆر ناخۆشە بڵێین "رووناکبیرەکان و حیزبییەکان" ئەی بۆ حیزبەکان تاریکبیرن؟ ئایا لەوە خراپتر دەڵێن "رووناکبیرەکان و سیاسییەکان" ئایا رووناکبیر هەیە سیاسی نەبێ؟ دەتوانی بڵێ من رووناکبیری ئازادم و حیزبی نیم، بەلام ناتوانی بڵی سیاسی نیم، هەر ئەوەی کە دەڵێ سیاسی نیم بۆ خۆی سیاسەتە، ئاخر لە نێو میللەتی زۆرلێکراو دا دەتوانی بڵێیت کەس نییە سیاسی نەبێ. هەندێ دەربڕین بەکار دینن کە تەماشایان دەکەیت ڕەنگە جوان بن و کارێگەریشیان لەسەر گویگر هەبێ، بەڵام کە لێیان دەکۆڵێتەوە وانییە.

**پرسیار**: زۆرێک لە حیزبە کوردییەکان لە رابردوودا لە خەباتی سیاسییاندا شوێنکەوتووی ئایدیۆلۆجیای مارکس بوون، ئێستەیش حیزبی کوردی هەن پیرەوی لە ئایدیۆلۆجیای ئایینی دەکەن، پێتانوایە ئایدیۆلۆجا چەندە خزمەتی بزووتنەوەی

بەشی: یەکەم

**سیاسیی کورد دەکات؟**

**وەڵام**: ئایدیۆلۆجیا بەواتای واقیعیی خۆی، کەشتی فیکرییە، بەبڕوای من هیچ وەختێک باش نەبووە ئێستەش هەر باش نییە، نە مارکسیزمم پێ باشە ببێتە ئایدیۆلۆجیای حیزبێک، نە ئیسلامیزمم پێ باشە، هەرکەس موسڵمانە کەیفی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئایدیۆلۆجیا بەواتای بیروبۆچوونی سیاسی، ئەوە حیزبایەتی و سیاسەت بەبێ ئەوە مومکین نییە و هەر دەشمێنێ.

------------

عەبدوڵڵا حەسەن زادە جگە لەوەی یەکێک بووە لەسەرکردە کوردییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران، نووسەر و وەرگێڕێکی ناسراویشە، یەکێک لە کارە دیارەکانی بەکوردیکردنی ڕۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمال، ڕۆماننوسی ناسراوی کوردی تورکیایە. (ئاکانیوز)

ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس



سەرچاوە Serchawe

## حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون

### دیمانە: فەرەیدوون بێوار

**فەرەیدوون بێوار**: حیزبە کوردی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەنی بەرەی چەکداری کەمتر چالاکن، ئەمەش دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، خوێندنەوەیەک کە پێی وایە پارتی و یەکێتی ڕێگا نادەن ئەو شێوازە خەباتکردنە بەکار بهێنن، ئەوەی تریان پێی وایە، حیزبەکان بەخۆیان قەناعەتیان بە بەردەوامیی خەباتی چەکداری لاوازە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمانە هەردووکیان ڕاستن، سەبارەت بە ئێمە هەر لەسەرەتاوە شێوازی خەباتی مەدەنی و ئاشتی یانەمان پێ باشتر بووە، هیچ میللەتێک حەز ناکا هەر بکوژێ و لێی بکوژرێ. بەشێکی دیکەی وەڵامەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان شوێنی حەوانەوە و پەناگەی ئێمەیە نابێ گیروگرفتی بۆ دروست بکەین، حەز ناکەم ناو لەو مەسەلەیە بنێم فشاری پارتی و یەکێتی، چونکە هیچ کاتێک بارودۆخە کە بەوە نەگەیشتوە کە ئەوان فشارمان بۆ بێنن تا واز لە خەباتی چەکداری بێنین. ڕەنگە بە داخوازی یەکی برایانە داوایان لە ئێمە کردبێ کە موراعاتی وەزعی ناسکی کوردستان بکەین، جارێکیان لەبیرمە چەند نوێنەرێکی حکوومەتی ئێران هاتبوون بۆ سەلاحەدین، منیش هەر لەوکاتەدا بە نوێنەرایەتی حیزب لەوێ ئامادە بووم، ئەوکات هەردوو سەرۆکی کورد لەوێ بوون، بە مام جەلالم گوت: هەر ڕێکەوتنێک کە لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەیکەن یەکەم خاڵی با ئەوە بێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا هەموو چالاکی یە سەربازی یەکانی حیزبی دیموکرات ڕاگرێ، ئێمە بۆخۆمان ڕای دەگرین. مام جەلال گوتی ئەتۆ دەزانی چ دەڵێی؟ گوتم: بەڵێ، ئەوە قسەی خۆم نیە بەڵکوو بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبە، مادام حکوومەتی ئێران ئامادە بێ ڕێککەوتن لەگەڵ "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" مۆر بکا، ئێمە ئەو هەڵوێستە وەردەگرین و بڕیاری خۆمان دەکەینە قوربانی، ئەوە هەر ئێستا نیە کە ئێمە شێوازی خەباتی مەدەنیمان هەڵبژاردوە تەنانەت بڕیاری ئاشتیخوازانە یان هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی مەدەنی وای لە هەندێک لایەن کردبوو کە خەڵک هان بدەن تا خۆپیشاندان دژی ئێمە و پارتی بکەن، بڵێن دیموکرات و قیادە ڕەنجی کوردیان بەبا دا، چەندین جار ئێمە ڕامان گەیاندوە کە ئەگەر حکوومەت ئامادە بێ تەنیا خودموختاری بە کوردستان بدا پێشمەرگەکانمان دەنێرین شان بەشانی سوپای ئێران شەڕی سەربازانی عێراق بکات، ئەوەمان چەند جار لەکاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران دا گوتوە.



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

**فەرەیدوون بێوار:** باشە بۆچی هەوڵتان نەدا لە سەردەمی خاتەمی کە ئەوکات سیاسەتی ئێران کەمێک کراوەتر بوو، پرۆژەی خودموختاریی کوردستان زیندوو بکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** موحەممەد خاتەمی ئەدیبە، قسەی جوانی کردوە، بەڵام هیچ کاتێک باسی لە خودموختاری یان خودگەردانی نەکردوە، خودگەردانی پرۆژەیەک بوو کە حیزبی توودە گەڵاڵەی کرد، بەڵام هیچ کاتێک خاتەمی لەو سەردەمە نەهاتوە ئیشی لەسەر بکا، ئەوان هەمیشە لەدوای فرسەتێک دەگەڕان، تەنانەت قسەیەکی خوالێخۆشبوو "خومەینی" ئەو کاتە زۆر باس دەکرا کە گوتبووی، یەکەمجار گەمارۆیان بدەن ئەو جا قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەوان نەیان دەویست گفتوگۆ لە گەڵ کورد بکەن، بەڵکوو تەنیا دەیانەویست کورد بخافڵێنن.

**فەرەیدوون بێوار:** پەیوەندیتان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵقی ئێران چۆنە، ئایا تاچەند لەگەڵ بیروڕای حیزبە کوردستانی یەکانن کە ئەو ڕێکخراوە بە یارمەتیدەری بەعس دژ بە خەڵکی کوردستان لە قەڵەم دەدەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە موجاهیدین بەهێزێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەزانین، بەڵام هێزە سیاسییەکانی کوردستان کەمتریان پەیوەندی یان لەگەڵ هەیە، پێموابێ ئەو شتە بەو جۆرە نیە، دەڵێن لە سیاسەت دا نەدۆستایەتیی یەکجاری و نە دوژمنایەتیی یەکجاری هەیە، چەند لەو هێزانە کە پێشتر لە یەکتریان دەکوشت و یەکتریان بە خائین ناو دەبرد ئەمڕۆ هاوپەیمانی یەکترن، ئێستا ئەمریکا موجاهیدینی لە لیستی تیرۆریستان نەهێناوەتە دەرەوە و پارێزگارییشیان لێ دەکا، تەنانەت سەبارەت بە پەکەکەش ئەمریکا بەجۆرێک لە جۆرەکان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو هێزە دەکا کەچی لە لیستی تیرۆریستانیش دای ناوە.

**فەرەیدوون بێوار:** بۆچی تاوەکوو ئێستا حیزبە سیاسی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پرۆژەیەکی چارەسەری نەتەوەیی یان نەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پرۆژە هەبووە بەتایبەتی لەلایەن حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە کە هێشتا لەت نەببوون، بەڵام بەڕای من کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەو حیزبانە لە دەرەوەی وڵاتن و لەسەر خاکی خۆیان نین، لەنێو خەڵکی خۆیان نین، ئەو زەروورەتە بەو جۆرەی کە هەیە سوودی لێ نابینین، هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون لە مەیدانی خەباتەکەدا نین کە ئەو زەروورەتە هەست پێ بکەن، و فشاریان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەسەر نیە، مەبەستم دەرەوەی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە واتا کوردستانی عێراقیش.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**فەرەیدوون بێوار:** هەست دەکرێت کە کەمتر حیزبە کوردی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات جەماوەریان هەیە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە حکوومەتی ئێران گرنگی یەکی تەواو بە دێهاتەکان و شارە کوردی یەکان دەدات و خزمەتگوزاری یان بۆ دەبات بۆیە کەمتر خەڵک ڕوو لە پێشمەرگایەتی دەکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نازانم ئەندامی حیزبەکان بۆ کەمن، ئەگەر ئەندامانی حیزبەکان هەر ئەوەندەن کە لێرەن بابڕۆن بارەگا داخەن و خواحافیزیان بێ، ئێمە بەشی هەرەکەممان لە دەرەوەین، بەشی هەرە زۆریشمان لە نێوەوەی وڵاتین، تەعبیرێکی دیکە بەکار دێنین: ئەوانەی ترساون هەڵاتوون و ئەوانە کە ئازان لەوێ ماون.

بەڵام بۆ دەبێ پێمان وابێ میللەتێک هەر دەبێ برسی بێ ئەوسا حیزبی سیاسیی هەبێ، خۆ گەلانی تێریش هەر حیزبی موعارەزیان هەیە، بەڵام خەڵک بەژیری و وشیاریی خۆی توانیویەتی دەوڵەت بەرێوە ببا نەک بە بەرنامەداری دەوڵەت، سەرەڕای ئەوەش بەپێی ئامارەکانی وڵاتی ئێران ٣٥%ی خەڵکی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، خەڵکێک هەیە لە کوردستان حەزیان لەکاری حیزبایەتی و سیاسی نیە، بەڵام ئەوانە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان پێک دێنن.

**فەرەیدوون بێوار:** لە کوردستانی ئێران چەندین ڕۆژنامەو بڵاڤۆک بە زمانی کوردی دەردەچن، خوێندن لە زانکۆکان بە زمانی کوردی هەیە، ئایا ئەمە جۆرێک نیە لە دەرفەتدان بە ئازادیی ڕادەربڕین؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەپێش دا با ئەوەتان بۆ ڕوون کەمەوە کە تاوەکوو ئێستا لە کوردستان زانکۆی کوردی نیە، بەڵکوو دوو بەش هەیە کە بە زمانی کوردی بخوێندرێ نازانم دەست پێکراوە یان نا، پێنج شەش ساڵە بڕیاری لێدراوە و زۆریش بە دەسکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دراوە، لەحاڵێکدا لە زەمانی شادا لە کوردستانی ئێران دوو بەشی زمانی کوردی دە خوێندرا، ئەوانە زانکۆ نین بەڵکوو کۆلێژی زمانی کوردین کە بەتەمان بخوێندرێن، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی یانەش کە دەردەچن بەڕاستی بە دەسکەوتی خوێنی چەندین ساڵەی گەلی کوردی دەزانم، لەگەڵ ئەوەش دا نابێ حاشا لەوە بکەم کە ڕێژیمێک چەندە دژی ئازادییش بێ ئەگەر خاڵی ئیجابیی هەبوو دەبێ باس بکرێ.

**فەرەیدوون بێوار:** پاش کەرتبوونەکەی حیزبی دیموکرات باس لەوە دەکرا کە هەر لایەکتان لەو دووباڵە یەکێک لە حیزبە سەرەکی یەکانی کوردستان پاڵپشتیتان دەکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن نائێم خەڵک ئەو قەزاوەتە ناکا، بەڵام ئەوە دەڵێم ئەوەندەی لەنێو ئەو حیزبەی خۆماندا بوومە



سەرچاوە Serchawe

بەشی: یەکەم

بە تەواوی ئەوە ڕەت دەکەمەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان نەسەر بەپارتی یە و نەسەر بە یەکێتی یە، و نەسەر بە پارتی دەبێ و نە سەر یەکێتی دەبێ، بەڵام دۆستی هەردوو لایانە. جا خەڵک بۆخۆی چ دەڵێ خۆ زاری خەڵکی توورەگە نیە ئەمن بی بەستم، ئەمن دیسانەوە دەڵێم نە لەپێش لەتبوونێ نە لەپاش لەتبوونێ نە لە سەرەوە نە لەخوارەوە قسەیەکم نەبیستوە باس لە پێ خۆشبوونی لەت لەت بوون بکەن، هەوڵی زۆریش درا لەلایەن هەردوو لاوە تاوەکوو نەهێڵێن ئەو لەت بوونە دروست بێ، بەڵام لەیەک دوور بووین.

**فەرەیدوون بێوار:** پاش هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و هاتنەئارای قسەوباسی لێدانی ئێران لەلایەن ئەمریکا هیچ بەرەیەکتان پێک نەهێناوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێمە لە کۆنەوە هەوڵمان داوە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێ لەکۆنەوە لەساڵەکانی (١٩٩٤ - ١٩٩٥)ەوە، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، مەسەلەی هاوکاریش لەگەڵ ئێمەدا، هاوکاری ماددی تائێستا شتی وانەبوو، ڕاستی یەکەی، ئەمریکا ئەو نیازە جددی یەی کە بۆ ڕوخانی ڕێژیمی عێراق هەیبوو بۆ ڕێژیمی ئێرانێ نەیبووە، ئەوان نایانەوێ دەوڵەتی ئێرانی بگۆڕن بەڵکوو دەیانەوێ سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بگۆڕن، جا بۆیە تائێستاش گەمارۆی ئابووری و ئەو فشارە سیاسی یەیان بەکار هێناوە.

**فەرەیدوون بێوار:** پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا چۆنە ئایا هاوکاریتان دەکەن لەهیچ ڕوویەکەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی حیزبیمان هەیە، نوێنەرایەتیمان هەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکان و پەرلەمانتارەکان هەیە، بەڵام دیارە پشتیوانیی ئەو وڵاتانە هاوکاریی سیاسی و مەعنەوی یە، هاوکاریی عەمەلی ناکەن، ڕەنگە لەهەلومەرجێکی دیکەدا هاوکاریی عەمەلییش بکەن، لە کوردستانی باشووریش تا ئەو گۆڕانکاری یە ڕووی نەدا هاوکاریی عەمەلی یان نەکرد.

**فەرەیدوون بێوار:** ڕەوشی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لێرە ناهەموار.ە هەوڵی ئێوە بۆ چاکترکردنی ئەو بارودۆخە چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەبووایە ئەو پرسیارە لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بکەی، ئەمن لەکاتی خۆیدا نامەم بەدەست و خەتی خۆم بۆ هەردوو سەرکردەی حیزبە کوردی یەکان ناردوە، باسی بارودۆخەکەم کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە مەمنوونی حکوومەت دەبین، بۆ نموونە ئێستا بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک یان ئەو بایەعی یەی کە دەدرێ شموولی

بەشی: یەکەم

ئێمەش دەکا، وەک هاونیشتمانێکی کوردستان لە کارەبا و ئاو و نیشتەجێبونی ئەو وڵاتە سوودمەندین ئێمەش ئەوەمان لەبەرچاوانە، بەڵام گەر هەوڵ بدرێ، زیاتر ژیانیان باشتر بکرێ دیارە ژمارەیان گەلێک زۆرنیە و دەکرێ چاک بکرێ.

**فەرەیدوون بێوار**: زۆرجار سیاسەتوانانی کورد باس لە خەونی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دەکەن، بۆچی ئێوەش نەبوونەتە بەشێک لە دروست بوونی ئەو پڕۆژەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جا نامان کەنە بەشێک لەو پڕۆژەیەی کوردستانی گەورە، گەر ئێستا سەیری "پژاک" بکەین دەبینین دەڵێ ئێمە بۆ بستە خاکێکی کوردستان شەڕ ناکەین، دەنا پڕۆژەی کوردستانی گەورە ئەگەر لەخەمی چوارچێوەیەک دا بیگری، ئەمڕۆ لەهەلومەرجی ئێستامان دا لەدەیەی ئەخیردا، دەبێ دەست پێشخەری یەکی کوردستانی باشوور بێ بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکی یەکە، ئەو موبادەرەیە بە ئێمە ناکرێ ئەگینا ئێمە بە ڕەسمی ڕامان گەیاندوە کە لەگەڵ یەکپارچەیی کوردستان داین.

**فەرەیدوون بێوار**: ڕەوشی کوردستانی باشوور چۆن دەبینی، پێتوایە لە بەرنامە و ستراتیژیەتی ئەمریکا هیچ پڕۆژەیەک هەیە بەناوی کوردستانی گەورە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەباری سیاسی یەوە پێموایە هەلومەرجێکی سیاسیی گونجاو لە کوردستان هەیە، لە باشووری کوردستان. ئەمن نالێم کورد و ئەمریکا هاوپەیمانن، بەڵام ئێستا ئەو دوو لایەنە بەرژەوەندی یان پێکەوەیە، بەڵام ئەگەر بڵێین هاوپەیمانی یەکی ڕەسمی هەیە ئەمن شتی وا نالێم، چونکە پێم خۆش نیە قسەکانم لەمانای خۆیان گەورەترن، بەڵام دەرفەتێکی باش بۆ کورد ڕەخساوە کە گەورەترین هێزی دنیا هێزی لەم وڵاتە هەیە، قازانجەکانیشی لەگەل قازانجی کوردستان یەکتر دەخوێننەوە، پێشموایە ڕێبەرایەتیی کورد خراپ سوودی لەو هەلومەرجە وەرنەگرتوە، لەبارەی ئەوەش کە ئەمریکا نەخشەی کوردستانێکی گەورەی لە جانتاکەی دا بێ ئەمن شتی وا نابینم، جارێکیان شتێکی وام بەرگوێ کەوت کە بەرپرسێکی ئەمریکایی گوتوویەتی تا ئەمریکا لە عێراق دا بێ ناهێڵێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، جا ئەگەر ئەوان ئامادە نەبن پارچەیەکی وا بچووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان چۆن دەوڵەتێکی کوردی گەورە دروست دەکەن.

**فەرەیدوون بێوار**: پێتوایە لەڕووی نەرمی نواندان و سەلماندنی مافی کورد ڕێژیمی ئێران باشتر بووە یان عێراق؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "نە بووک بێ و نە خەسوو" لەبارەی حکوومەتەکانی حاکم بەسەر

بەشی: یەکەم

کوردستان دا، ئەمن هەمیشە وام گوتوە کە ناکرێ هەر کامێکیان بگری و حوکمی موتڵەقیان لەسەر بدەی، بۆ نموونە لەبارەی ئەوەی کە حاشا لە کورد و ناو نەکراوە ئێران لە پێش هەموانەوە بووە، لەبارەی هەندێک مومارەساتی دیموکراتیکەوە تورکیا لە پێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی ئیعترافیش بە کورد و زمانی کوردی یەوە عێراق لە پێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی کەمتربوونی زەخت سووریا لە پێش هەمووانەوە بووە.

**فەرەیدوون بێوار**: رووی داوە لەکاتی شەڕکردن دا لە سەنگەردا بیرت لە خۆشەویستەکەت کردبێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەبێ هەم لە سەنگەر و هەم لە خۆشەویستی بزانین مەبەستمان چیە، ئەگەر مەبەست ئەو سەنگەرەیە کە تۆ دانیشتوو تفەنگی لێداوێ، ئەمن قەت نەچوومە ئەو سەنگەرەوە، بە حەیاتم تفەنگم بەڕووی دوژمنەوە نەهاویشتوە، بەڵام لەگەڵ هێرشی تانک و فڕۆکە و تۆپ ڕوو بەڕوو بوومە و ئێستا پێم سەیرە کە ماوم، ئەگەر خۆشەویستییش ئەوە بێ کە کوڕێک کچێکی خۆش بوێ، ڕەنگە ئەوەش هەر درەنگ بێ، چونکە لەو کاتە ژنم هەبووە و لەو مەسەلانە چوومەتە دەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان



سەرچاوە Serchawe

## حیزبێک ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە

### وتووێژی کاوان عومەر سەلامی

**کاوان عومەر سەلامی: حیزبی دیموکراتی کوردستان بەنیازە بەم نزیکانە کۆنگرە ببەستێت ئایا کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەی ریفۆرم دەبێت یا خود کۆنگرەیەکە بۆ ڕزگار بوون لە قەیرانی ڕێبەرایەتی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە هیچیان بەو دەقاوەقیە باس نەکەین باشتر بێ، چونکە زۆر باوەڕم بەشتێکی وا نیە کە پێی دەڵێن قەیرانی ڕێبەری، لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، جگە لە هەردوو ڕێبەر پێشەوا قازی موحەممەد و دوکتۆر قاسملوو، ڕەنگە ڕێبەرانی دیکە کەموکووڕیان هەبووبێ لەچاو ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لەسەر شانیان بووە، دیارە ئەگەر ئەوە بە قەیران دابینێن، پێموایە بێئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێم کەم و زۆر حیزبە کوردیەکان تووشی ئەو قەیرانە هاتوون، تەنانەت ئەگەر بڵێین ئەو قەیرانەش هەیە خۆ ئێمە ڕێبەر هەر لە نێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات هەڵ-دەبژێرین، خۆ ناچین ئابراهام لینکوڵن یان میتران بکەین بە ڕێبەری حیزب، کەواتە بەو مانایەش قەیرانی ڕێبەرێ چارەسەر ناکەین.

ئەگەر باسی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بکەین، ئەوا حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە هەموو کۆنگرەیەکدا ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا هێناوە، بەڵام لەڕاستیدا دەورانی ئێمە، تاڕادەیەکی زۆر دەورانێکی نوێیە و هەندێک نێوەرۆک و چەمکی سیاسی هەبوون کە ئێستا کاتیان بەسەر چووە و ڕەنگە لەکاتی خۆیدا باشمان نەپێکابێ، بۆیە دەبێ ئێستا بیانگۆڕین و دەبێ حیزب چاو بەسەر ئەو شتانەدا بخشێنێ و بیانگۆڕێ.

لە هەمان کاتیشدا دونیای ئەمڕۆ جیاوازی زۆرە لەگەڵ دونیای دوێنێدا کە هەندێک لەو چەمکانەی پێشتر کاریان پێکراوە، ئێستا کاریان پێناکرێ بە جۆرێکی دیکە بڵێین دونیای ئێستامان لەگەڵ دونیای پێشکەوتوویی ئەمڕۆ زۆر یەکتریەوە نزیکە، بۆیە مەفهوومی نوێ هەن کە دەبێت بێنە ناو کاروباری سیاسیمانەوە، دیارە ئەمانە وا دەکەن کە هەندێک ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەکانماندا بێنین، بەڵام دیسان نامەوێت ناوی لێ بنێم کۆنگرەی ریفۆرم، چونکە تەنانەت ئەگەر لە تواناشماندا هەبێ، ڕەنگە هەمووی لە توانای ئێمەدا نەبێ بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵەکەمان ئەو شتانەی بەسەردا سەپاندووین و خۆ

ڕزگارکردن لەوانە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ڕێبەری بەهێز بکەین بەتایبەتی ئێمە بەدوای لەتبوونێکدا ئەو کۆنگرەیە دەبەستین، کە لەو لەتبوونەدا لە ڕێبەریی حیزب بەشێکی کەمی لای ئێمەیە هەرچەندە لە نێو کادرەکانی حیزبدا ڕادەکە بەتەواوی پێچەوانەیە، بەتایبەتی کاتێک چاو لەو کەسانە بکەین کە حیزبی دێموکراتیان پێ دەناسرێت ئەوانە بەشێکی زۆر زۆر بەرچاویان لەلای ئێمەن، کە ٧٠% دەبێ، کەواتە لەو بارەیەشەوە بەهێزتر و بەتواناتر دێینە ئاراوە.

**کاوان عومەر سەلامی**: عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەک کەسێکی کاریزما چاوی لێدەکرێت لە حیزبدا، جەنابت پێتوانیە کاریزمایی کۆمەڵێک ئاستەنگ دروست بکات لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڵێنتان داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەشبەحاڵی خۆم ئەوە وەک لوتفێکی جەنابت وەردەگرم، چونکە خۆم بە کەسایەتییەکی کاریزماتیک نازانم، بەڵام بێگومان جێگایەکی خۆمم هەیە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە هەوڵ و تێکۆشان و هاوڕێیەتییە لە خزمەت ڕێبەرانی شەهیدماندا کە لەوانەیە ئەوانە شتێکیان پێکهێنابێ، بەڵام پێموایە ئەوە هیچ جۆرێک ئاستەنگ دروست ناکا، چونکە عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەگەر یەک هونەری هەبێ ئەوەیە کە هەموو کاتێک باوەڕی بە گۆڕان و دەستاودەست-کردنی دەسەڵات و دیموکراسی هەبووە.

پێمناخۆشە ئەوە بڵێم، بەڵام ڕەنگە خەڵکی دیکە شاهیدیم بۆ بدا کە ئەو کاتەی نەبوومە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بۆ یەکەمجار، بۆ دووهەمجار، بۆ سێیەمجار لە کۆنگرەکاندا هەندێک مەفهوومی تازەم هێناونەتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات کە تا ئەو سەردەم لەنێو حیزبدا نەبوون و هەموشیان لە خزمەتی پەرەپێدانی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات و ئازادی و دەربڕینی بیروڕای جیاواز بووە لە نێو حیزبی دیموکراتدا، پێموایە گەورەترین ئەرکێک کە لەم کۆنگرەیەدا لەسەر شانم دەبێ ئەوەیە کە دیسان هەوڵ بدەم ئەو مەفهوومانە جێگیر بکرێن، کەواتە ئەمن نەک هەر کوسپی سەر ڕێگای ئاڵوگۆڕ نابم، بەڵکوو هیوادارم و دڵنیاشم یەکێک لەو کەسانە دەبم کە گۆڕانکاری پێکدێنن.

**کاوان عومەر سەلامی**: دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵێک هەیە بەڕێبەرایەتیی مەلا حەسەن ڕەستگار ئەمە تاچەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە حیزبێک ئەگەر بیروڕای جیاوازی تێدا نەبێ حیزب نیە و دیکتاتۆری بەسەریدا زاڵ دەبێ.حیزبێک تەنیا یەک دوو کەسی شت بزانن و ئەوانی دیکە هەموویان نەزان بن و چاویان لەدەمی ئەوان بێ، بەحیزب نازنم، کەواتە

بەشی: یەکەم

ئەمن لەگەڵ مەلا حەسەن رەستگار یان هەر رەفیقێکی دیکە لەنێو حیزبدا جیاوازیی بۆچوونمان دەبێ، دیالۆگ دەکەین بە دۆستانە و رەنگە رای من سەرکەوێ یان رای ئەو، دیارە لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر خەڵک تەوافوقیان کرد ئەوە باشە، دەنا ئەوکات خەڵک بڕیار دەدا. ئەمن بەتەواوی رەدی دەکەمەوە و هەرکەسیش لە دۆست و دوژمن کیسەی بۆ هەڵدووریوە دڵنیای دەکەمەوە کە بەو ئاواتە ناگا.

**کاوان عومەر سەلامی**: لەم کۆنگرە دا چۆن باس لەوە دەکەن کە پەیوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەلقی ئێران دروست بکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێموانیە ئەوە ببێتە قسەو باسێک کە ئەم کۆنگرەیە خۆی پێوە خەریک بکا، لەگەڵ موجاهیدین هیچ دوژمنایەتییەکمان نیە، هیچ ناکۆکیمان نیە، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ پەیوەندییەکیشمان نیە، ئێمە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەماشایان دەکەین و لەریزی هێزە نیشتمانپەروەرەکان دامانناون، بەڵام کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ ئەواند لە شوورای نیشتمانیی بەرگریدا بووین، دیارە هەندێک بیانوویان ساز کرد بەڵام لە ناوچەکەدا ئێمە هێزێک بووین کە نایاندەتوانی بمانسڕنەوە و پێیان وابوو کۆسپێکین لەسەر ریگایان، هاتن دەریانکردین لە شووراکە و بەپێی نێوەرۆکی شووراکە ئەو دەرکردنە نارەوا بوو، هەر بۆیە ئێمە لە شوورا هاتینە دەرێ، دواتر ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵدا گرتن و پێمان راگەیاندن کە ئەگەر نەمانتوانیوە لەشوورادا پێکەوە هاوکاریمان هەبێ، پێمانخۆشە وەکوو دوو هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاوکاریی یەکتری بکەین، ئەوان هاتن بۆ ئەو دۆستایەتییە مەرجیان بۆ ئێمە دانا، ئێمە گوتمان دۆستایەتی بەمەرج لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک ناکەین.

**کاوان عومەر سەلامی**: مەرجەکانیان چی بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: یەکێکیان ئەوە بو کە هێرش بکەینە سەر یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و مەحکوومیان بکەین بەو ئیختیلافانەی کە لەگەڵ موجاهیدین هەیانە. دووهەمیش ئێمە بەڵێن بدەین هەتاهەتایە لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دانیشتن نەکەین، دیارە لەو کاتەوە پێوەندیمان نیە.

**کاوان عومەر سەلامی**: بۆ ژمارەیەک لە کادرەکانی ئێوە لە کۆنفرانسەکانی کوردستانیان بایکۆت کردوە"

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێم شک نایە تەنیا یەک نەفەر نەبێ کە ئەویش نەیگوتوە تەحریمی دەکەم بەڵکوو نەهاتۆتە ناو کۆنفرانسەکەوە ئەگەر ناوت لایە حەز دەکەم بزانم، چونکە شتی وام هەر نەبیستوە، تەنیا یەک نەفەر نەهاتوە و بەس.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: یەکەم

**کاوان عومەر سەلامی**: بۆچی لەدوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسی، بەرنامە و پێڕەوی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد کە لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵێک خوێندکاری سەربەخۆی کورد دانرابوو پەسەند نەکرا لەکاتێکدا بەڵێنی ئەوەتان دابوو پەسەندی بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ڕەنگە هیچیان وا نەبێ هیچ بەڵێنێک نەدراوە کە ئێمە شتێک پەسەند بکەین، لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کە لەگەڵ خوێندکارەکاندا گرتبوومان ئەوان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ حیزبی دیموکرات کە باوەڕی بەوە نیە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری هەبێ، ئەمن گوتم ئەگەر یەکێک هەبێ کە باوەڕی بە ڕێکخراوی سەربەخۆ نەبێ ئێوەن و ئێوە دەتانەوێ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری دروست بکەن بۆ دێنە لای حیزبی دیموکرات، خۆتان بەرنامە دابنێن و سیاسەت دارێژن و باسی حیزبی دێموکرات مەکەن. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ڕێکخراوێک دروست بکەن بۆ خوێندکاران، سبەینێ بۆ مامۆستایان بۆ قوتابییان و لەسەر حیزبی دیموکرات حیساب بێ و حیزبی دیموکرات مافی خۆیەتی لەسەریان بۆچوونی هەبێ.

**کاوان عومەر سەلامی**: پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق بۆچی بارەگای پێوەندییەکانی ئێوەی لە هەولێر داخست؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پارتی بارەگای پێوەندییەکانی ئێمەی دانەخست بەو مانایە دروست نیە، بەڵام نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێش لەتبوون، ڕەفیقێک بوو ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئێمەیە و ماڵەکەشی لەوێ بوو، ماڵەکەش ماڵی حیزبە، ئێمە پێمان وابوو دەسەڵات دەبێ کۆمەک بکا بە شێوەیەکی عەقڵانی و دۆستانە ئەو سەروەت و سامانەی کە هەمانە لەوێ بەش بکرێ لەگەڵ تەرەفی بەرانبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی نەکرد و بەناوی ئاسایشەوە کرا، دیارە ئاسایش لە خۆوە کار ناکا و فەرمانی پێدراوە، بۆیە هاتنە نێو ماڵەکەوە و بەو ڕەفیقەی ئێمەیان گوت ماڵەکە چۆڵ بکا بەڵام بۆ وا؟ ئەوە پرسیارێکە ئەگەر بۆتان دەکرێ پێمخۆشە بچن لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرزترین پلەیەوە تا نزمترین پلەی بپرسن.

**کاوان عومەر سەلامی**: ئۆرگانەکانی ئێوە لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا هێشتا دابەش نەکراون وەک جەژنیکان و دیگەڵە، چارەنووسیان بەکوێ دەگا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر جێگای داخە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە ئاسان و ئینسانییەی جێبەجێ نەکردوە چونکە لەوێ مەسەلەکە زۆر ئاسانە، ئێمە لەوی دوو کەمپمان هەن یەکێکیان جەژنیکان و ئەوی دیکەیان دێگەڵە.

بەشی: یەکەم

دێگەڵە لە جەژنێکان بچووکترە لەوێدا ئەوان لە ئێمە زۆرترن بە پێچەوانەی کۆیە کە دوو بەرابەری ئەوانین ئێمە لەوێ بەهەر دوو کەمپەکەوە ڕەنگە ٢٥ بۆ ٣٠ ماڵ بین و ئەوان لە نێوان ٥٠ بۆ ٨٠ ماڵن، ئێمە هەر زوو پێشنیارمان دا کەمپە بچووکەکە بۆ ئێمە و گەورەکە بۆ ئەوان بێ، دیارە لەکەمپە گەورەکەشدا ئەوەندی هەیانە جێگایان دەبێتەوە و زیاتر لە ٥٠ خانووی بەتاڵیشیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام نەکراوە هیوادارم پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوکارە وەک کارێکی ئینسانی ئەنجام بدا. دەبێ وای دابنێین کە حیزبیش نین و خەڵکی ئەو وڵاتەن خۆ دەبێ لە شوێنی خۆیاندا بن و جێگاورێگایێکیان هەبێ. ئێستا لە شوێنەکانی خۆیان دەرکراون و لە دوو بینای حکوومەتیدا نیشتەجێ کراون کە هیچ پێداویستییەکی تیدا نیە بە شێوەیەک کە ٦ سەر خێزان لە ژوورێکدا دەژین و تەنانەت ژوری تیدایە کە پەنجەرەی تێدانیە. ئەمە دوورە لە مرۆڤایەتییەوە، هیوادارم چارەسەری بکەن.

**کاوان عومەر سەلامی**: تاچەند راستە کە دەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر دیاری ناکا و دەیەوێت بە شێوەی شوورایی کارەکانی بەرێوەبەرێت و دەنگۆی ئەوەش هەیە خالیدی عەزیزی وەک بەرێوەبەری شوراکە دابنرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمە بۆ یەکەم جارە دەیبیستم و باسێک لەوە نەکراوە کە ئەم حیزبە لە داهاتوودا بە شێوەی شوورایی ئیدارە بکرێ، دیارە شوورا هەر هەیە. چونکە کۆمیتەی ناوەندی هەر هەیە و ڕێبەری بەشێوەی بەکۆمەڵە بەڵام وەک ئەوەی بڵێن سکرتێری نەبێ بە هیچ شێوەیەک باسی لێنەکراوە.

**کاوان عومەر سەلامی**: میکانیزمی ئێوە بۆ گۆڕانکاری نێو کۆنگرە چیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گۆڕانکاری لە کۆنگرەدا نابێ. دیارە وەک هەموو کۆنگرەی دونیا دەبێ لەپێشدا ئامادە بکرێ وەک تیۆری و لە کۆنگرەشدا پەسند بکرێ، بەڵام چاوەڕوان دەکەین ئاڵوگۆڕەکان بەرچاو بن بەتایبەتی لەباری گەشەی دیموکراسی، سپاردنی ئەرکەکان و دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵات لە نێوان ڕێبەریدا تەنانەت لە نێوان ڕێبەری و ئەندامانی حیزبدا پێوەندییەکی باشتر دروست بکرێ، پاشان بەشدارییەکی زیاتری ژنان لە کاروباری حیزبیدا بەتایبەتی لە ئۆرگاکانی بەرێوەبەریدا.

**کاوان عومەر سەلامی**: واتە لەم نوێبوونەوەدا مەجالی زیاتر بە ژن دەدرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەتەئکید وادەبێ.



سەرچاوە Serchawe

# بەشێک لە وتووێژە کانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**بەشی: یەکەم**

**کاوان عومەر سەلامی:** لە کۆنگرەدا ناوی حیزبی دیموکرات وەک خۆی دەمێنێتەوە یان گۆڕانی بەسەردا دێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ناتوانم پێش کۆنگرە بڕیار بدەم چونکە لە جیاتی کۆنگرە ناتوانم قسە بکەم بەڵام من باسی خۆم دەکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ناوی خۆی دەمێنێتەوە نە زیاد دەبێ و نەکەم دەبێ چونکە یەکێک لە شانازییەکانی ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو ناوەی کە رۆژی یەکەمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێ ناو نراوە ئەو وشەی ئێرانە لەبەر بەعزە هۆکارێک لە سیوچوارەمین ساڵی تەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتە نێو حیزبەوە.

**کاوان عومەر سەلامی:** پێوەندیی ئێوە لەگەڵ پژاکدا چۆنە؟ بەتایبەت دوای دانیشتنەکەی مەلا حەسەن رەستگار لەگەڵ حاجی ئەحمەدی دا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە یەکەم دانیشتن و ئەخیر دانیشتنمان نیە ئێمە دانیشتنمان لەگەڵ هەموو کەس دەبێ بەڵام وەک بڵێین هاوپەیمانیمان هەیە شتی وا لە ئارادا نیە. دیارە هەندێک کەس یان هەندێک خەتی سیاسی بۆخۆمان بڕیار دەدا، ئەمە حیزب نیە ئەوە قسەیەکی سیاسی نیە چونکە ئەگەر چەند کەس پێکەوە هاوڕا و هاوبیر نەبوون و رایانگەیاند کە ئێمە رێکخراوێکین دیارە ئەوە حیزبن و بە ئیرادەی من نابنە حیزب و بە ئیرادەی منیش لە حیزبایەتی ناشۆرێنەو دیارە نە گرفتمان لەگەڵیاندا هەیە و نەهاوپەیمانیشمانن بەڵام تێبینیمان لەسەریان هەیە کە ئەوەیش ئەمەیە پژاک تائێستا وەک حیزبێکی سەربەخۆ لە پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی نیشان نەداوە ئەگەر سەربەخۆبن لە پارتی کرێکارانی کوردستان رێگای هاوکاری زیاتر دەبێ.

-----------------------------------------

* عەبدوڵڵا حەسەنزادە ساڵی (١٩٣٨) لە گوندی سیسێر لە نزیک سەردەشت لە دایکبووە.
* مەدرەسەی علومی دینی لە مەهاباد تەواو کردوە و بڕوانامەی دیپلۆمی ئیلاهییاتی لە زانکۆی تاران وەرگرتوە.
* ساڵی(١٩٥٢) لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.
* بۆ سێ خول جێگری سکرتێری حیزبی دیموکرات بووە.
* سێ خولیش سکرتێری حیزب بووە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشێک لە وتووێژە کانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**بەشی: یەکەم**

**⁕ زیاتر لە(١٣) کتێبی لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە و (٢) کتێبیشی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات بە ناونیشانی (نیوسەدە تێکۆشان) نووسیوە و چەندین وتار و بابەتی لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە.**

**⁕ خاوەنی (٤) کوڕ و (٣) کچە.**

**⁕ ئێستا کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوە.**

**ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٦٤٧ "ئاسۆ" دا بڵاو بۆتەوە.**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی - فێبریویەری ٢٠٢٤ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو ئامادەکارانی وتوویژەکان، و وەڵامدانەوەی ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە،**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین و تەمەن درێژ بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

